حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# لێکسیکۆ سینتاکسی دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوردیدا

تێزێکە

سیروان سمین احمد

پێشکەشی کولێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.د. شیلان عمر حسێن

(2723)کوردی (2023) زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی(لێکسیکۆسینتاکسی دروستەی ئارگومێنت لە زمانی کوردیدا) بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتورا لە زمانی کوردیدا .

پ.د.شیلان عمر حسین

سەرپەرشت

ڕۆژ:١٤/ ٥ /٢٠٢٣

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ٣/ ٧/ ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگو و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگومان دەربارەی ناوەڕوک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا ، کە بڕوانامەی دکتورای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.عبدالله حسین رسول

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٢

ناو: پ.د.بکر عمر علی

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٢

ناو: پ.د.ئازاد احمد حسین

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٢

ناو: پ.د. صباح موسا علی

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٢

ناو: پ.د.شیلان عمر حسین

ئەندام و سەرپەشت

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٢

ناو: پ.ی.د. دڵشاد محمد غریب

ئەندام

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسندکرا

پ.د.شاخەوان جەلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان

ڕۆژ: ٢٠٢٣/٨/٢١

**ئەم تێزە پێشکەشە بە...**

- دایک وباوکم.
- هاوسەر و جگەرگۆشەکانم.
- خوشک و براکانم.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- بەڕێز (پ.د. شیلان عمر حسین)، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەپەرشتیکردنی تێزەکەی گرتە ئەستۆ هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایی زانستی کردووم.
- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و راگرایەتی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتی بەشی زمانی کوردی، کە دەرفەتی خوێندنیان پێدام.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە قۆناغەکانی خوێندن زانست و زانیارییان پێبمبەخشیوە.
- مامۆستا (ئارام ڕەشید) لە سەرەتاوە تاکۆتایی تێزەکە هاوکارم بوو.

| لیستی زاراوەکان | |
|---|---|
| ئـ | |
| Argument | ئارگۆمێنت |
| Obligatory argument | ئارگۆمێنتی خورتیی |
| External argument | ئارگۆمێنتی دەرەکیی |
| sentential argument | ئارگۆمێنتی ڕستەیی |
| path Argument | ئارگۆمێنتی ڕێرەو |
| Semantic argument | ئارگۆمێنتی سیمانتیکیی |
| Syntactic argument | ئارگۆمێنتی سینتاکسیی |
| Optional argument | ئارگۆمێنتی سەرپشکیی |
| Implicit argument | ئارگۆمێنتی شاراوە |
| core Argument | ئارگۆمێنتی ناووکی |
| Internal argument | ئارگۆمێنتی ناوەکیی |
| Explicit argument | ئارگۆمێنتی ئاشکرا |
| Thematic function | ئەرکی بابەتانە |
| Conceptual level | ئاستی چەمکییانە |
| Expression level | ئاستی دەربڕین |
| | ئاستی ئاماژەییانە |
| Referential | ئاماژەییانە |
| Goal | ئامانج |
| Instrument | ئامێر |
| Predicative adjective | ئاوەڵناوی پریدیکاتی |
| پ | |
| Process | پیۆاژۆ |
| Lexical process | پیۆاژۆ فەرهەنگییەکان |
| Thematic relation | پەیوەندیی بابەتانە |
| ت | |

| | |
|---|---|
| Experiencer | تاقیکەرەوە |
| Theta grids | تۆڕی بابەتانە |
| Saturated | تێرکراو |
| Theta theory | تیۆریی سیتا |
| Impossible incorporation | تێئاخنینی ناچار/مەحال |
| Noun incorporation | تێئاخنینی ناو |
| Incorporation | تێئاخنیین |
| | ج |
| Non-argument position | جێکەوتەی نارگۆمێنتی |
| Argument position | جێکەوتەی ئارگۆمێنتی |
| | د |
| Thematic structure | دروستەی بابەتانە |
| Conceptual structure | دروستەی چەمکیی |
| Lexical conceptual structure | دروستەی چەمکییانەی فەرهەنگیی |
| Argument structure | دروستەی ئارگۆمێنت |
| Pronunciation | دەربڕین بەدەم/ گۆکردن |
| | ڕ |
| Proposition | ڕستە- ناوەڕۆک |
| Phrasal approaches | ڕێبازە فرێزییەکان |
| Lexical approaches | ڕێبازە فەرهەنگییەکان |
| Lexical-Functional Grammar (LFG) | ڕێزمانی فەرهەنگیی ئەرکی |
| Constructional grammat | ڕێزمانی پێکهاتوویی |
| Vision | ڕوانیین |
| | س |
| Benefits | سودمەند |
| Feature | سیما |
| Adjunct | سەربار |
| Source | سەرچاوە |
| category features | سیماکانی پۆلەڕەگەز |
| selectional features | سیماکانی هەڵاوێرکردن |

| | |
|---|---|
| | ش |
| Decompositional | شیتەڵکارییانە |
| | ف |
| Argument features | سیماکانی ئارگۆمێنت |
| Mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| | ک |
| Patient | کاتێکراو |
| Agent | کارا |
| causative verb | کرداری کۆزەتیڤی |
| Content verb | کرداری ناوەڕۆکدار |
| Cognizer verb | کرداری درکپێکەر |
| Perceiver verb | کرداری هەستکردن |
| Emoter verb | کرداری سۆز و هەڵچوون |
| Lexical Operations | کردەی لێکسیکیی |
| Lexical operations | کردە فەرهەنگییەکان |
| Clitic | کلتیک |
| Selectional constraint | کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن |
| Constraint | کۆتوبەند |
| Lexical constraints | کۆتوبەندی فەرهەنگیی |
| Elements | کەرەستە |
| | گ |
| Argument checking hypothesis | گریمانەی پشکنینی ئارگۆمێنت |
| Lexico-syntax endocentricity hypothesis | گریمانەی ناوەندێتی لێکسیکۆ سینتاکس |
| Variable | گۆڕاوەکان |
| Argument Structure variation | جۆرجیاوازەکانی دروستەی ئارگۆمێنت |
| | ل |
| Framing | لە چێوەدان |
| | م |
| Morphosyntax | مۆرفۆسینتاکس |

| | |
|---|---|
| | نـ |
| Un-saturated | ناتێرکراو |
| Non-argument | نائاڕگۆمێنت |
| Representation | نواندن |
| Transcription | نوسینی فۆنەتیکیی |
| Category features | نیشانەی پۆلە رەگەزییانە |
| Selectional features | نیشانەی هەڵاوێرکردن |
| Mapping | نەخشاندن |
| Passive mapping | نەخشاندنی بکەرنادیاری |
| Argument Structure Mapping | نەخشاندنی دروستەی ئاڕگۆمێنت |
| Morphosyntactic mapping | نەخشاندنی مۆڕفۆسینتاکسیی |
| | هـ |
| Entity | هەبوو |
| theta absorption | هەڵمژینی سێتا |
| Morphosyntactic absorption | هەڵمژینی مۆڕفۆسینتاکسیی |
| | و |
| Dictionary | وشەنامە |
| Sub-categorization | وەچەپۆلدیاریکردن |
| Recipient | وەرگر |
| | یـ |
| Linking rules | یاساکانی بەستنەوە |
| Conceptual formation rules | یاسای پێکهێنانی چەمکییانە |
| Syntactic formation rules | یاسای پێکهێنانی سینتاکسیی |
| Phonological formation rules | یاسای پێکهێنانی فۆنۆلۆژی |

# هێما و کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| NP | فرێزی ناویی |
| VP | فرێزی کرداریی |
| PP | فرێزی پێشناوی |
| X | سەرە |
| P | فرێز |
| GB | دەسەڵات و بەستنەوە |
| Spec | دیاریکار |
| A' | نائارگۆمێنتی |
| A | ئارگۆمێنتی |
| AGR | ڕێککەوتن |
| T | شوێنپێی |
| DS | دروستەی قوول |
| SS | دروستەی ڕووکەش |
| / | یان |
| J,k,i | نیشانەکانی هاونیشانەیی |
| * | نارێزمانی |
| Pro | پرۆی بچووک |
| LFG | ڕێزمانی ئەرکی فەرهەنگیی |
| LCS | دروستەی چەمکیی |
| X , Y, Z | گۆڕاوەکان |
| UTAH | پلەبەندی جیهانیی بەخشینی سێتا |
| PSR | فرێزپێکهێنان |

## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژ | هێڵکارییەکانی بەشی یەکهەم | لاپەرە |
|---|---|---|
| هێڵکاریی ژمارە(١) | نواندنی ڕستە ناوەڕۆک | ٩ |
| هێڵکاریی ژمارە(٢) | بنیادی دروستەی ئارگۆمێنت | ١٢ |
| هێڵکاریی ژمارە(٣) | پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی | ١٤ |
| هێڵکاریی ژمارە(٤) | پەیکاڵبوونی سینتاکس و سیمانتیک | ١٥ |
| هێڵکاریی ژمارە(٥) | نواندنی دروستەی سینتاکسیی | ١٧ |
| هێڵکاریی ژمارە(٦) | پێکهاتەی بەپریدیکاتکردن | ١٨ |
| هێڵکاریی ژمارە(٧) | ئاستەکانی بەپریدیکاتکردن | ١٩ |
| هێڵکاریی ژمارە(١١) | پێکهاتەکانی سەربار | ٣٥ |
| هێڵکاریی ژمارە(١٤) | نواندنی ڕستە بە پێی ڕۆڵی بابەتانە | ٤٤ |
| | هێڵکارییەکانی بەشی دووهەم | |
| هێڵکاریی ژمارە(١) | نواندنی توخمە فەرهەنگییەکان | ٥٧ |
| هێڵکاریی ژمارە(٢) | فەرهەنگ پەیکاڵبونی ئاستەکانی زمان | ٥٩ |
| هێڵکاریی ژمارە(٣) | دروستە سینتاکسییە کۆتاییەکان | ٦٩ |
| هێڵکاریی ژمارە(٤) | گواستنەوە سینتاکسییەکان | ٧٠ |
| هێڵکاریی ژمارە(٥) | نەخشاندنی دروستەی ئارگۆمێنت | ٧٨ |
| هێڵکاریی ژمارە(٦) | بەستنەوەی بکەر بە سێتارۆڵەکان | ٨٥ |
| هێڵکاریی ژمارە(٧) | بەستنەوەی بەرکاری ڕاستەخۆ بە سێتارۆڵەکان | ٨٦ |
| هێڵکاریی ژمارە(٨) | بەستنەوەی بەرکاری ناڕاستەخۆ بە سێتارۆڵەکان | ٨٧ |
| | هێڵکارییەکانی بەشی سێهەم | |
| هێڵکاریی ژمارە(١٨) | جێکەوتەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی | ١٥٥ |
| هێڵکاریی ژمارە(١٩) | پریدیکات و ئەرکە ڕێزمانییەکان | ١٥٨ |
| هێڵکاریی ژمارە(٢٠) | جێکەوتەی ئارگۆمێنت و ئەرکە ڕێزمانییەکان | ١٥٨ |
| هێڵکاریی ژمارە(٢٢) | نواندنی پرۆژەی لێکسیکۆ سینتاکس | ١٧٩ |

## پێڕست

| | |
|---|---|
| پێشەکیی | ١-٤ |
| ٠-١) ناونیشانی لێکۆڵینەوە | ١ |
| ٠-٢) گرنگیی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٠-٣)ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٠-٤) گرفتی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٠-٥) سنوری لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٠-٦)ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٠-٧) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| بەشی یەکەم: پەسنکردنی ئاڕگۆمێنت لە زماندا | ٦-٥٦ |
| ١) پەسنکردنی ئاڕگۆمێنت لە زماندا | ٦ |
| ١/١) ئاڕگۆمێنت | ٦ |
| ١/١-١ ) ئاڕگۆمێنت لەڕووی زاراوەوە | ٦ |
| ١/١-٢) سەرهەڵدانی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٧ |
| ١/١-٣) ئاڕگۆمێنت لە لۆژیک و زماندا | ٨-١١ |
| ٤.١/١) دروستەی ئاڕگۆمێنت | ١٢-١٨ |
| ٢/١) بەپریدیکاتکردن | ١٨-٢٠ |
| ١.٢/١) پریدیکات | ٢٠-٢٥ |
| ٢.٢/١) جۆرەکانی پریدکات | ٢٥ |
| ١.٢.٢/١) کردار | ٢٥-٢٧ |
| ٢.٢.٢/١) ئاوەڵناو | ٢٧-٢٨ |
| ٣.٢.٢/١) پێشناو | ٢٨-٢٩ |
| ٤.٢.٢/١) ناو | ٢٩-٣٠ |
| ٣/١) ئاڕگۆمێنت و جۆرکانی ئاڕگۆمێنت | ٣٠-٣٤ |
| ٢.٣/١) نائاڕگۆمێنت | ٣٤-٣٦ |
| ٣.٣/١) جێکەوتەی ئاڕگۆمێنت و نائاڕگۆمێنت | ٣٦-٣٧ |
| ١.٤/١) وەچەپۆل دیاریکردن | ٣٧-٣٩ |
| ٢.٤/١)کۆتوبەندی هەلاوێرکردن | ٣٩-٤٢ |

| | |
|---|---|
| ٣.٤/١) ڕۆڵی بابەتانە و دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٤٢-٤٤ |
| ٤.٤/١) پەیوەندییە بابەتانەکان | ٤٤-٤٩ |
| ٥.٤/١) هەڵمژینی سێتا | ٤٩-٥٢ |
| ٥/١) لە دروستەی چەمکییەوە بۆ دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٥٢-٥٥ |
| بەشی دووهەم: نواندنی فەرهەنگیی  دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٥٦-١٣١ |
| ١/٢) فەرهەنگ | ٥٧ |
| ١.١/٢) فەرهەنگیی ئاوەزیی و دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٥٧-٦٠ |
| ٢.١/٢) نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٦٠-٦٣ |
| ٣.١/٢) کۆتوبەندی فەرهەنگیی | ٦٣-٦٧ |
| ٤.١/٢) ڕێبازە فەرهەنگییەکانی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٦٧-٧٥ |
| ٢/٢) نەخشاندنی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٧٥-٧٨ |
| ١.٢/٢) پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا | ٧٨-٨٠ |
| ٢.٢/٢) پلە بەندیی هەرەمی ڕۆڵی بابەتانە | ٨٠-٨٨ |
| ١.٣/٢) گۆڕاوەکانی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ٨٨-١٠١ |
| ٢.٣/٢)  پێواژۆ و کردەفەرهەنگییەکانی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ١٠١-١٠٣ |
| ٤/٢) تێئاخنیین | ١٠٣-١٠٨ |
| ١.٤/٢) تێئاخنینی ناو | ١٠٨-١٠٩ |
| ٢.٤/٢) دروستەی ئاڕگۆمێننت لە تێئاخنییندا | ١٠٩-١١٢ |
| ٥/٢) دروستەی ئاڕگۆمێنت لە پێواژۆی هەڵگواستندا | ١١٢-١٢٣ |
| ٣.٥/٢) دروستەی ئاڕگۆمێنتی کرداری کۆزەتیڤیی | ١٢٣-١٢٥ |
| ٤.٥/٢) دروستەی ئاڕگۆمێنت لە کردارە فرە واتاکاندا | ١٢٥-١٣٠ |
| بەشی سێهەم: نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئاڕگۆمێنت لە زمانی کورییدا | ١٣١-٢١٢ |
| نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئاڕگۆمێنت لە زمانی کورییدا | ١٣٢ |
| ١/٣) پڕۆژەسازدان | ١٣٢-١٣٥ |
| ١.١/٣) لە دروستەی ئاڕگۆمێنتەوە بۆ پڕۆژەسازدان(فریزەکان) | ١٣٥-١٤٣ |
| ٢.١/٣) پڕۆژەی ڕستە بە پێی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ١٤٣-١٤٨ |
| ٢/٣) نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئاڕگۆمێنت | ١٤٨-١٤٩ |
| ١.٢/٣) ئاڕگۆمێنتی سینتاکسیی | ١٤٩-١٥٤ |
| ٢.٢/٣) ئاڕگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی لە سینتاکسیدا | ١٥٤-١٥٧ |

| | |
|---|---|
| ٣/٣) جێکەوتەی ئارگۆمێنت و ئەرکە ڕێزمانییەکان | ١٥٩-١٥٧ |
| ١.٣/٣) بکەر | ١٦٤-١٥٩ |
| ٢.٣/٣) تایبەتمەندییەکانی بکەر | |
| ٣.٣/٢) بەرکار | ١٦٩-١٦٤ |
| ٤.٣/٣) پەیوەندی نێوان سێتاڕۆڵ و ئەرکە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوردییدا | ١٧٠-١٦٩ |
| ٤/٣)پریدیکات و تەرزەکانی ڕستە | ١٧١-١٧٠ |
| ١.٤/٣) جۆرەکانی پریدیکات و تەرزەکانی ڕستە | ١٧١ |
| ٢.٤/٣) تەرزەکانی ڕستە بەپێی جۆری ئارگۆمێنتەکان | ١٧٦-١٧١ |
| ٥/٣) لێکسیکۆسینتاکس | ١٨٨-١٧٦ |
| ٦/٣) جێگۆرینی ئارگۆمێنت (بەلوتکەکردن ، باسمەند.. | ١٩٠-١٨٨ |
| ١.٦/٣) دروستەی ئارگۆمێنت لە بکەرنادیاردا | ١٩٢-١٩٩٠ |
| ٢.٦/٣) تایبەتمەندییەکانی بە بکەرنادیاریکردن | ١٩٥-١٩٢ |
| ٣.٦/٣) هەڵمژین لە بکەرنادیاردا | ١٩٩-١٩٥ |
| ٤.٦/٣) دروستەی ئارگۆمێنت لە مۆرفۆسینتاکسدا | ٢٠٣-١٩٩ |
| ٥.٦/٣) نەخشاندن لە بکەرنادیاردا | ٢٠٥-٢٠٣ |
| ٦.٦/٣) نەخشاندن لە مۆڕفۆسینتاکسدا | ٢٠٨-٢٠٥ |
| ئەنجامەکان | ٢٠٩-٢٠٨ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٢١٩-٢١٠ |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | ٢٢٠ |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | ٢٢٢ |

# پێشەکی

## پێشەکی

**٠/ ١) ناونیشانی تێزەکە:**

ئەم تێزە بە ناونیشانی ( لێکسیکۆ سینتاکسی دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوردیدا)یە، بـۆ پەسـنکردن و شـیکردنەوەی تایبەتمەنـدییە لێکسـیکییەکانی سـیما سینتاکسـییەکانی یەکە پێکهێنەرەکانی دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە.

**٠/ ٢) گرنگی و بایەخی تێزەکە:**

لایەنێکی دیار و گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو هەنگاو و ڕێکارانە دەخاتەڕوو، کە بۆ بەستنەوەی دروستە سینتاکسییەکان بە دروستە سیمانتیکییەکانەوە پەیوەستن، واتە چۆن ئاستی سیمانتیک لە ڕێگەی دروستەی ئارگۆمێنتەوە بە ئاستی سینتاکس دەبەستریتەوە، یەکێکی تر لە گرنگییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، فەرهەنگ دەکاتە بنەما بۆ پەسنکردنی دروستەی ئارگۆمێنت و لە ڕێگەی دروستەی ئارگۆمێنتەوە پەیوەندیی سیمانتیکیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی و پەیوەندیی سینتاکسی و جۆری ئارگۆمێنتەکان دیاریدەکات.

**٠/ ٣) ئامانجی تێزەکە:**

ئامـانجی ئەم تێـزە چـۆنیەتیی دروسـتبوونی پـرۆژەی لێکسـیکۆ سـینتاکس لە زمـانی کوردیـدا دەخـاتەڕوو، کە لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات لە سینتاکسـدا کۆتـایی دێت و ئامـانجێتی چـۆنێتیی پۆلینکردنی داڕشتەی ڕستە لە ڕووی سیمانتیکییەوە دەستنیشاندەکات.

**٠/ ٤) گرفتی تێزەکە:**

سینتاکس و سیمانتیک ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن لە تێڕوانینی سیمانتیکییەوە پریدیکاتەکان پێویستییان بە ئـارگۆمێنتی جیـاواز هەیە، بـۆ ئەوەی ڕۆڵـی سـیمانتیکیی دیاریکراویـان پێبەخشـێت، هەر ئەو ئارگۆمێنتـانە لە تێڕوانینـی سینتاکسـدا، ئەرکـی ڕێزمـانیی دیـاریکراو و جیاوازییـان پێدەبەخشـرێت، دیاریکردن و هەڵاوێکردنی سینتاکسیی و سیمانتیکیی پریدیکاتێک لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات،

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیەوێت ئەو گرفتە چارەسەربکات، کە چۆن زانیارییە فەرهەنگییەکان بۆ پرۆژەی لێکسیکۆسینتاکس لە ڕێگەی دروستەی ئارگۆمێنتەوە بەکاردەهێنرێن، هەروەها چۆن هەردوو لایەنی دروستەی ئارگۆمێنت لایەنی سینتاکسیی و سیمانتیکیی بەیەکەوە دەبەسترێنەوە.

**٠/ ٥) سنوری تێزەکە:**

سنوری تێزەکە لە ئاستەکانی (مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتیک)دایە واتە نموونەکانی لەو سێ ئاستەوە وەرگیراون.

**٠/ ٦) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم تێزەدا ڕێبازی پەسنی شیکاریی بۆ پەسنکردن و شرۆڤەکردنی داتاکان بەکاربراوە .

**٠/ ٧) ناوەڕۆکی تێزەکە:**

ئەم تێزە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە:

لە بەشی یەکەمدا کە بە ناونیشانی (پەسنکردنی ئارگۆمێنت لە زماندا)، لە پێنچ پار پێکهاتووە:

لە پاری یەکەمدا باس لە ئارگۆمێنت لە ڕووی زاراوە و سەرهەڵدان و دروستەی ئارگۆمێنت و ئارگۆمێنت لە لۆژیک و زماندا کراوە، لە پاری دووەمدا باس لە بەپریدیکاتکردن و پریدیکات و جۆرەکانی پریدیکات کراوە، لە پاری سێیەمدا باس لە جۆرەکانی ئارگۆمێنت و نائارگۆمێنت و جێکەوتەکانی ئارگۆمێنت نائارگۆمێنت کراون، لە پاری چوارەمدا باس لە وەچەپۆلدیاریکردن و تیۆریی سێتا پەیوەست بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە کراون، لە پاری پێنچەمدا باس لە دروستەی چەمکیی و پەیوەندیی بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە کراون.

لە بەشی دووەمدا، کە تایبەتە بە فەرهەنگ و دروستەی ئارگۆمێنت لە پێنچ پار پێکهاتووە، لە پاری یەکەمدا باس لە فەرهەنگ و نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئارگۆمێنت و کۆتوبەندی فەرهەنگیی و ڕێبازە فەرهەنگییەکان کراون، لە پاری دووەمدا باس لە نەخشاندنی دروستەی ئارگۆمێنت بەپێی دوو پلەبەندی، کە ئەوانیش پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا و پلەبەندیی هەرمیی ڕۆڵی بابەتانەیە کراون. پاری سێیەم بۆ دوو بابەت تەرخانکراوە، کە ئەوانیش گۆڕاوەکانی

دروستەی ئارگۆمێنت و کردە فەرهەنگییەکانی دروستەی ئارگۆمێنت، لە پاری چوارهەمدا بۆتێئاخنین تەرخانکراوە باس لە تێئاخنین و تێئاخنینی ناو دروستەی ئارگۆمێنت لە تێئاخنین کراون، لە پاری پێنجەمدا باس لە دروستەی ئارگۆمێنت لە پێواژۆی هەڵگواستن و کرداری کۆزەتیڤیی و کردارە فرەواتاکان کراون.

لە بەشی سێیەمدا، کە بە ناونیشانی (نواندنی سینتاکسی دروستەی ئارگۆمێنتە) لە شەش پار پێکهاتووە، لە پاری یەکەمدا باس لە پرۆژەسازدان و پرۆژەسازدانی فرێزەکان لە دروستەی ئارگۆمێنتدا و پرۆژەی ڕستە لە دروستەی ئارگۆمێنتدا کراون، لە پاری دووەمدا باس لە نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئارگۆمێنت و ئارگۆمێنتی سینتاکسیی و ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی لە سینتاکسدا کراون، لە پاری سێیەمدا تایبەتە بە ئەرکە ڕێزمانییەکان وەکو بکەر بەرکار و تایبەتمەندییەکانیان پەیوەست بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە کراون، لە پاری چوارەمدا باس لە پریدیکات و دروستکردنی تەرزەکانی ڕستە بە پێی جۆری پریدیکات و ئارگۆمێنتەکان کراون، لە پاری پێنجەمدا باس لە پرۆژەی لێکسیکۆ سینتاکس کراوە لە لە پاری شەشەمدا باس لە بەلوتکەکردن و مۆرفۆسینتاکس و بکەرنادیاریی کراون.

# بەشی یەکەم/پەسنکردنی دروستەی ئارڕگۆمێنت لە زماندا

## ١) پەسنکردنی ئارگۆمێنت لە زماندا

### ١/ ١) ئارگۆمێنت

### ١/ ١-١ ) ئارگۆمێنت لە ڕووی زاراوەوە

زاراوەی ئارگۆمێنت لە بنەڕەتدا لە "چاوگی لاتینی (Argunmentun) وەرگیراوە، بۆ واتای پاڵپشتیکردن/ هۆکارهێنانەوە/ هۆکارێکی لۆژیکی/ پاساودان لە سەدەی چواردەدا بەکارهاتووە، ڕەگی ئەم زاراوەیە لە کرداری (Arguer) لاتینی وەرگیراوە، بەواتای ڕونکردنەوە/ ناساندن / بەڵگە هێنانەوە بەکارهاتووە، لە فەرەنسی کۆندا زاراوەکە بووە بە Argument بەهەمان ئەو واتایانە سەرەوە بەکارهاتووە' (online etymology Dictionary:nd)، لە زمانی ئینگلیزیدا ڕەگی Argue بەواتای قسەکردن بە شێوەیەکی توند، لەگەڵ کەسێکدا کاتێک لەگەڵیدا هاوڕانەبیت و پێچەوانەی بیت، یان بۆ مەبەستی پاساو و پاڵپشتیکردن بۆ بۆچوونەکەی خۆت بهێنیتەوە(Cambridge advanced learne s dictionary,2004,56)، Argu بە واتای هاوڕانەبوون لەگەڵ کەسێکدا بەتایبەتی کاتێک هۆکارێکی ڕوون بۆ کەسێک سەبارەت بە بۆچوونەکانت بهێنیتەوە بەکاربراوە (Le grand Robert dictionnair langue,1989,533)، لە زمانی عەرەبییدا زاراوەکانی (الحجاج، الموضوع) بەکارهاتووە و لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا بە واتای (سەلماندن)هاتووە، کاتێک لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە بەرامبەرەکەت ڕازیبکەی( ابن منضور،1997 :30)، لە زمانی فارسیدا زاراوەکانی (موضوع،استدلال،برهان)ی بۆ بەکارهێنراوە، زاراوەی (موضوع) پەیوەستە بە زمان و زاراوەکانی (استدلال و برهان) پەیوەست نیین بە زانستی زمانەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی بەڵگەهێنانەوە/ پەیوەستبوون بەشتێک / هێنانەوەی بەهانەیەک/ بیانوویەک بە مەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەربەکارهاتووە (مهند، ١٣٩٥، ٢٠٠).

لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی (ئارگۆمێنت،ئارگۆمێنت- داواکراو، کەرەستە، قەوارە) بەکارهێنراون[1]، لەم لێکۆڵینەوەیەشدا بۆ ئەوەی چەمکە جیهانییەکە وەربگرین زاراوەی ئارگۆمێنت بەکارهێنراوە .

---

[1]بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە:( مەحویی،٢٠٠١: ١٦٧) (محەمەد،٨٢:٢٠٠٩) (حسین،٢٠١١، ١٩٨) (حەسەن،٢٠١١، ٢٦) (مەحویی،قادر و حسین،٢١١:٢٠١٠).

**١/ ١-٢) سەرهەڵدانی دروستەی ئارگۆمێنت**

چەمکی دروستەی ئارگۆمێنت بۆ یەکەمجار لە سەرەتا و ناوەڕاستی (١٩٨٠)کاندا لە ئەمریکا سەریهەڵدا و لایەن لێکۆڵەرانی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) دروستەی ئارگۆمێنتیان بۆ چەمکێک بەکارهێنا، کە ماوەیەکی زۆر بوو لە زانستی زمان لە ئەوروپادا بە تیۆریی (بەبڕشتیی valence ) ناسرابوو[2].

زاراوەی دروستەی ئارگۆمێنت بە درێژکراوەی زاراوەی وەچەپۆلدیاریکردن دادەنرێت، کە لە سالآنی (١٩٦٠) ەکانەوە، لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا بەکاردەهێنرا، بەتایبەتی لە کتێب و بڵاوکراوەکانی لێکۆڵەران و زمانەوانانی وەکو (Gruber:1965 وFilmore:1968 و Chomsky:1970) و لە دیاریکردنی ئەو زانیارییانەوە دەستیپێکردووە، کە ئاخێوەری هەر زمانێک سەبارەت بە وشەیەکی دیاریکراو بەتایبەتی (کردارەکان) دەیزانێت، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یاساکانی دروستەی فرێز (فرێزپێکهێنان PSR) درک بەوەکرا، کە یاساکانی دروستەی فرێز پێویستییان بە یەکەی فەرهەنگییە بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتە سینتاکسیەکان بەمەرجێک تایبەتمەندیە لێکسیکیەکان لەگەڵ دەوروبەرە سینتاکسیەکاندا بگونجێت( Chomsky:1957,1965)، هەروەها لە کارەکانی (Jackendoff:1972,1975) بەتایبەتی لە کتێبەکەی (یاساکانی دووبارەکردنەوەی فەرهەنگییانە)دا ئەو بەرهەم و بڵاوکراوانە بە شێوە و تەرزێکی گشتیی و ناوەکیی بوونیان بۆ فەرهەنگ نواند، هەرچەندە (Chomsky) خۆی لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا نەبوو، بەڵام هەنگاوێکی چاوەڕوانکراو و سروشتیبوو بۆ ئەنجامی کارەکان، (Chomsky) لە کتێبی دروستە سینتاکسییەکاندا لە ساڵی (١٩٥٧) دا و لە کارەکانی دواتریدا بایەخی بە واتا نەدابوو، هەر بۆیە دواتر (Jackendoff) لەساڵی (١٩٧٢) دا لە کتێبی (یاساکانی دووبارەکردنەوەی فەرهەنگییانە)دا، دەڵێت "پێویستمان بە هەندێک گۆڕانکاریی شێوازبەندانە هەیە، (Chomsky) بێئەوەی تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی، هەریەک لە N و V دیارییبکات، کە لەیەکیان جیادەکاتەوە پێیوایە هەردوو توخمی سینتاکسیی N و V یەک دەروازەی زانیاری پێکدەهێنن، بێئەوەی هیچ بەهانەیەک (ئارگۆمێنتێک) بۆ

[2] ئەم زاراوەیە (Valency) بۆ یەکەمجار لە لایەن زمانەوانی فەرەنسیی (Lucien Tesniere) خراوەتەڕوو، کە زیاتر لە ڕێزمانی وابەستەیی لە ئەوروپادا بەکارهێنراوە، زاراوەکە لە زانستیی کیمیاوە وەرگیراوە و دواتر لە زانستی زماندا بۆ ئاماژەدان بە ژمارە و جۆری ئەو توخمە سینتاکسییانە بەکارهێنراوە کە وابەستەن بە توخمێکی ترەوە . تیۆرەکە لە ئەلمانیا لە سالآنی( ١٩٦٠) ەکاندا پەرەپێدراوە، بە پێی تیۆرەکە کردارەکان سەری ڕستیلەکانن و ژمارە و جۆری فرێزەکانی ڕستیلەکە کۆنترۆڵ دەکات، هەروەها ڕۆڵەسیمانتیکییەکانی فرێزەکانیش دیاریدەکات بڕوانە Brown& miller, 2013:461) (Crystal,2008:507)، هەروەها بڕوانە (کانەبیی،٢٠١٣: ٩٧ )

ئەم کارەی بهێنێتەوە (Jackendoff) پێیوایە، هەر توخمێکی N و V دەروازەی فەرهەنگیی جیاوازیان هەیە، بەڵام پەیوەندییان پێکەوە هەیە' (Jackendoff,1975:56) پاشان دروستەی ئارگۆمێنت وەکو تیۆرییەک لە چەندین تیۆریی ڕێزمانیدا بەکاردەهێنرێت لەوانە ڕێزمانی (بەرهەمهێنان و گوێزانەوە) و (لێکسیکیی ئەرکی) و (پێکهاتووییەکان.....)هتد.

**١/ ١-٤) ئارگۆمێنت لە لۆژیک و زماندا**

لۆژیک و زمان وابەستەی یەکترن ناتوانین بەبێ یەکێکیان لەویتریان بدوێین، بە جۆرێک زمان و لۆژیک بە شێوەیەکی تێکچڕژاو پەیوەستن بەیەکەوە، چونکە زمان واتا بەبۆچوونە لۆژیکی و دەربڕاوە لۆژیکییەکان دەبەخشێت، لۆژیک وەکو ڕێبازێک پشت بەو ڕێسایانە دەبەستێت و بۆ پاساو هێنانەوە و پاڵپشتیکردنی بۆچوونەکانی لە ڕووی ڕاستی و دروستییەوە پشت بە زمان دەبەستێت.

زاراوەی ئارگۆمێنت لە لۆژیکی بیرکارییانەوە وەرگیراوە، بۆ نموونە لە هاوکێشەی (P(X,Y گۆڕاوەکانی (X,Y) هەردووکیان ئارگۆمێنتن بۆ پریدیکاتی (P)، کە دوو جێکەوتەی بۆ ئارگۆمێنت هەیە(Mathews,2007,42)، واتە ئارگۆمێنت لە لۆژیکدا هەر هەبوویەک، کە دەربارەی دەدوێین پێکدەهێنێت، لۆژیکناسان بۆ ماوەیەکی زۆر بایەخیان بەوە دا، نواندن بۆ دروستەی سیمانتیکی ڕستە یان دروستەی ڕستە_ناوەڕۆک گەڵاڵەبکەن.

ڕستە_ناوەڕۆک لە فەلسەفە و زانستی زماندا ئەو واتا بنەڕەتییەیە کە ڕستە دەریدەبڕێت و ئارگۆمێنت لە خۆدەگرێت، بە واتا ئارگۆمێنت لە ڕستە- ناوەڕۆکدایە، جگە لە ئارگۆمێنت ڕستە_ناوەڕۆک پریدیکاتیش لەخۆ دەگرێت.

لە هێڵکاریی ژمارە (١)دا، ئەو پۆلەوشانە دیاریدەکرێن، کە دەبنە پریدیکات و ئارگۆمێنت کە پێکەوە ڕستە- ناوەڕۆک پێکدەهێنن.

ڕستە_ناوەڕۆک

**ئارگۆمێنت (فرێزی ناوی/  فرێزی پێشناوی)**　　　　**پریدیکات (کردار،پێشناو،ئاوەڵناو،ناو)**

هێڵکاریی ژمارە (١) نواندنی ڕستە ناوەڕۆک

بەپریدیکاتکردن پێواژۆیەکە، کە پریدیکات بە بکەرەوە دەبەستێتەوە، واتە یەکگرتنی پریدیکات و بکەر بۆئەوەی ڕستە_ناوەڕۆک پێکبهێنرێت (Radford,2009,399)  واتە دروستەی ڕستە-ناوەڕۆک لە پێکهاتەکانی ئارگۆمێنت و پریدیکات پێکهاتووە و لەم خشتەیەدا خراوەتەڕوو

| دروستەی ڕستە_ ناوڕۆکی ڕووکەش | دروستەی ڕستە۔ ناوەڕۆکی ژێرەوە / قوڵ |
| --- | --- |
| کاوەی هاوڕێی فەرهاد، کە کرێکارە وەکو شێرە. | ۔ فەرهاد هاوڕێیەکی هەیە.<br>۔ هاوڕێکەی فەرهاد ناوی کاوەیە<br>۔ کاوە کرێکارە.<br>۔ کاوە وەکو شێر وایە. |

لە نموونەی سەرەوەدا ئەوە خراوەتەڕوو، کە دەکرێت دروستەی یەک_ ڕستە ناوەڕۆکی ڕووکەش چەندین دروستەی ڕستە ناوەڕۆکی قوڵی هەبێت، هەروەها ئارگۆمێنت لە زماندا دەربڕاوێکە، کە دەبێتە هۆی تەواوکردنی واتای پریدیکات، پریدیکاتیش یەکەیەکی زمانییە داوای ئارگۆمێنت دەکات، وەکو تەواوکەر دەشێت، پریدیکات بەپێی هێزەکەیان(بەبڕشتی) یەک یان دوو یان سێ ئارگۆمێنت وەربگرێت، وەکو تەواوکەر پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی دروستەیەک پێکدەهێنن، کە پێیدەگوترێت دروستەی پریدیکات (oxford bibliographies ).

بەپێی لۆژیکی شێوازبەندیی ڕستەی(١) لە (٢) نواندنی بۆ دەکەین:[3]

١ . لەند کاوەی بینی.

٢. p(x,y)

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (حسین، ٢٠١١ و حمەکریم ،٢٠١٥) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدراون.

P= بینی x= کاوە y = لەند

لەڕستەی (١) دا دوو NP هەیە، (لەند) و (کاوە)، واتە دوو هەبوو (کەس و شت) بوونیان هەیە، پریدیکاتێک هەیە ( بینی)ە، پریدیکاتەکە ئاماژە بە (کەس، شت) دەکات، پەیوەندیی نێوان هەردوو (NP) لە نواندنە لۆژیکییەکەی (٢)دا دەردەخات، دەبینین پریدیکاتی (بینی) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، کە بە پیتەکانی X بۆ (کاوە) و Y بۆ( لەند) نواندنیان بۆ کراوە، لە لۆژیکدا هەر پریدیکاتێک دوو ئارگۆمێنت وەربگرێت، پێیدەگوترێت پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی، لە ڕێزمانی نەریتیدا کردارە تێپەڕەکان کە دوو جێکەوتەیان بۆ فرێزە ناوییەکان هەیە، لەگەڵ ئەو پریدیکاتانەدا پەیکاڵن، کە لە لۆژیکدا بەکاردەهێنرێن و دوو جێکەوتەیان هەیە، هەروەها کردارە تێنەپەڕەکان لە ڕێزمانی نەریتیدا، کە یەک جێکەوتەیین لەگەڵ پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی لە لۆژیکدا پەیکاڵن(Haegman,1994:43).

چەمکی دروستەی ئارگۆمێنت یەکێکە لەو چەمکانەی، کە لە جەبردا لە چەمکی پەیوەندیی بیرکارییانە و ئەرکدا هەیە، ئەمەش بەستنەوەی پەیوەندیی بیرکارییانە و زمانە، پەیوەندیی بیرکارییانە و ڕستەکانی زمان دەتوانرێت، هەردووکیان وەکو (تێرکراویی) سەیربکرێن، دەربڕاوی تێرکردن، واتە پەیوەندیی بیرکارییانە و ڕستەکانی زمان دوو بەشیان هەیە، کە ئەوانیش پێکهاتەی پەیوەندیی و لیستی ئارگۆمێنتەکانن، تێرکردن ئەوە دەردەخات، کە هیچ ئارگۆمێنتێک نییە، بەهای نەبێت، ئارگۆمێنتەکان، لەگەڵ پێکهاتەی پەیوەندییدا، ڕستە- ناوەڕۆک پێکدەهێنن و دەشێت ڕاست یان ناڕاست بێت، بڕوانە ئەم نموونەیە، چۆن پێکهاتەی پەیوەندیی و ئارگۆمێنتەکان دەنوێنن:

٣. 7 >5 .

٤. ½=0.5

هێمای بچوکتر لە (٣)دا و هێمای یەکسان لە(٤)دا، پێکهاتەی پەیوەندیین، لە (٣)دا ئارگۆمێنتەکانی پەیوەندیی(> )پەیوەندیی هەریەک لە (5، 7) ن و هاوکێشەیەکی ڕاستە، بە هەمان شێوە لە (٤)دا پەیوەندیی (=) ئارگۆمێنتکانی(0.5=½) ن، دەربڕاوێکی ڕاستە ئەو نواندنە بۆ پەیوەندیی و ئارگۆمێنتەکانی ڕستەش چونییەکە .

٥ . کاوە ئێمەی بانگکرد.

بانگکرد( کاوە، ئێمە)

لە ڕستەی (٥)دا پەیوەندیی (بانگکردن) ئارگۆمێنتەکانی (کاوە، ئێمە)یە، بە ڕستەی (٥) دەگوترێت تێرکراو، چونکە هەموو ئارگۆمێنتەکانی پەیوەندییەکە، بەهای دیاریکراویان هەیە، هیچ ئارگۆمێنتێک نییە دەرکەوتوو نەبێت و بەهای نەبێت (pustejovsky&Batiukova,2019,204) بەشێوەیەکی ئەنالۆژییانە دەتوانین بڵێین: ئەگەر هەر ئارگۆمێنتێک لە دەربڕاوی بیرکارییانە یان لە زماندا بەهای نەبوو بە دەربڕاوی ناتێرکراو دادەنرێت بڕوانە (٦، ٧):

$x^2$ = Y . ٦

Z = هێنا .٧

لە (٦)دا، لەبەرئەوەی بەهای (y) دیاریکراو، نییە دووجاری (x) یەکسانە بە بەهایەکی دیارینەکراو، بۆیە بە دەربڕاوێکی ناتێرکراو دادەنرێت، بەهەمان شێوە لە (٧)دا، (هێنا) بە دەربڕاوێکی ناتێرکراو دادەنرێت، چونکە بەهای (z) دیارینەکراوە، یەکێک لە سیماکانی زمانیش ئەوەیە، کە پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و فرێزەکان بە شێوەی ناتێرکراو خۆیان دەردەخەن و داوای ئارگۆمێنت دەکەن بۆ پڕکردنەوەی بەها گۆڕاوەکان، بۆ نموونە ئاوەڵناوی (گەورە)، وەکو پریدیکاتێک لە ڕووی لێکسیکییەوە ناتێرکراوە، کاتێک دەبێتە تێرکراو، ئەگەر لە چوارچێوەیەکدا دەربکەوێت و ئارگۆمێنتەکانی پڕکرابێتەوە، بڕوانە (٨، ٩):


٨ . گەورە (x)

.٩ ژوورەکە گەورەیە.

لە (٨)دا ئاوەڵناوی (گەورە) وەکو پریدیکاتێک بۆ تێرکردنی واتاکەی داوای ئارگۆمێنتێک دەکات، کە فرێزی ناوی ژوورەکەیە لە شوێنی بەهای X ی دەربڕاوی (ژوورەکە) دانراوە، کەواتە بەپێی ئەو داتایانەی کە لەسەرەوە خرانەڕوو، ئارگۆمێنت لە بنەڕەتدا، وەکو زاراوەیەک لە لۆژیکدا بەکارهێنراوە، بەڵام بەهۆی چونییەکی لە نێوان لۆژیک و زماندا زاراوەی ئارگۆمێنت بۆ گۆڕاوەکانی پریدیکاتێک لە زماندا بەکارهێنراون، وەکو چۆن گۆڕاوەکان لە هاوکێشەی لۆژیکیی بیرکارییانەدا بەکارهێنراون.

### ١/ ١-٣) دروستەی ئارگۆمێنت

تیۆریی دروستەی ئارگۆمێنت لە لایەن (Williams:1981) ئاماژەپێدراوە و دواتر (Girnshaw:1990) پەرەپێدراوە، بەپێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان دروستەی ئارگۆمێنت لە دوو پێکهاتەوە دەستنیشانکراوە، کە واتاو فۆرمی ئاخاوتنی پێپەسندەکرێت، ئەوانیش پێکهاتەکانی کەرەستەی فەرهەنگیی و یاساکانی نواندنی دروستەیە لە فۆرمدا (سینتاکس)، لەمەشەوە جووتەی فۆرم و گۆکردن، کە واتای ئەبستراکت بە ڕێزمان دەبەخشن بونیادی دروستەی ئارگۆمێنت پێکدەهێنن، زاراوەی دروستەی ئارگومێنت بۆ ئاماژەدان بە نواندنی فەرهەنگییانەی پریدیکات بەکاردەهێنرێت، یان دروستەی ئارگۆمێنت گۆکردنێکی ڕێزمانییانەی کەرەستە زمانییەکانە(Bresnan,2001:5).بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢)





هێڵکاریی ژمارە (٢) بنیادی دروستەی ئارگۆمێنت

دروستەی ئارگۆمێنت وەک بزوێنەری بچوکترین پەسندکردنی جیاکاری واتایی لە لیستی پارامێتەری[4] کردارەکاندا دەستنیشانکراوە، یان دروستەی ئارگۆمێنتی وشەیەک، وەک سادەترین خەسڵەتی سیمانتیکیی وشەکە پەسنکراوە، کە ئاماژە بە جۆری پارامێتەری پەیوەستکراو بە کەرەستەی فەرهەنگیی وەک (پریدیکات) دەدات

[4] لە تیۆریی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوەدا، زاراوەی پارامێتەر بۆ ئەم مەبەستانە بەکارهێنراوە و هەر زمانێک لە نێو چەندین هەڵبژاردەی ڕێزمانییدا ژمارەیەکی کەم لە هەڵبژاردە بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە پارامێتەری (سەر ، هاوسێیەتی، بکەرخراوی Pro-drop) بڕوانە (L.R.Trask,2007:198)

پریدیکاتەکان (کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو)ەکانن ، دروستەی ئارگۆمێنت لە دروستەی قووڵی سینتاکسەوە دروستدەبێت/ پێکدێت(Rapoport,T, 1987:12) هەموو پریدیکاتێک ئارگۆمێنتێک یان چەند ئارگۆمێنتێک داوادەکات، ژمارە و سروشت و جۆری ئەو ئارگۆمێنتانەی داوایاندەکات پێیاندەگوترێت دروستەی ئارگۆمێنت، ئەمەش لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و "دەروازەی فەرهەنگیی دروستەی هەر پریدیکاتێک ئەو ڕۆڵە بابەتانە لەخۆدەگرێت، کە ئارگۆمێنتەکانی هەڵیانگرتوون، ئارگۆمێنتەکان هەڵگری نیشانەی واتایین بەپێی ئەمە سروشت و جۆری ئەو داواکراوانە دەزانرێت، کە پریدیکات داوایاندەکەن'( مەحویی، قادر و حسەین، ٢١١:٢٠١٠)، یاخود دروستەی ئارگۆمێنتی کردار یان ئاوەڵناو، کردەی ڕێکخستنی ئەو ئارگۆمێنتانەیە، کە پێویستە پریدیکاتەکان وەریانبگرن، ئەمەش بەشێکی پەیوەستداری بنەڕەتییە بە بڕشتی کردارەوە (مەجید،٨:٢٠١٦)، واتە دروستەی ئارگۆمێنتی کردار دەبێتە پڕۆژەی ڕاستەوخۆ، کرۆکی دروستەی سینتاکسی ڕستە پەیوەندییە سینتاکسییەکانی نێوان ئارگۆمێنتەکانی ڕستەیەک بە تەواوەتی لە لایەن کردارەوە دیاریدەکرێت، هەر بۆیە کردار لەم ڕوانگەیەوە دەبێتە سەری ڕستیلەیەک یان ڕستەیەک (clause)(Babby,2009,12). ئارگۆمێنت فرێزێکی ناوییە کە لە پەیوەندییەکی ڕێزمانیی یان سیمانتیکیی دیاریکراودایە پەیوەست بە کردارەکەوە، واتە دەگونجێت ئارگۆمێنت لە ڕوانگەی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانەوە (بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ...) دیاریبکرێت، هەروەها دەگونجێت لە ڕوانگەی ڕۆڵی سیمانتیکییەوە، وەکو (کارا، کارتێکراو، سودمەند.....) دیاریبکرێت

لە دروستەی ڕستەدا، کردار پریدیکاتی سەرەکییە و ئەو فرێزە ناوییانەی بەبڕشتیی کردار داوایاندەکات بە ئارگۆمێنت ناودەبردرێن، ئەو ئارگۆمێنتانەی لە VPن، بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی ئەو ئارگۆمێنتانەی لە دەرەوەی VPن بە ئارگۆمێنتی دەرەکی ناودەبردرێن. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٣)




هێڵکاریی (٣)پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی

ئامانجی دروستەی ئارگۆمێنت پەسنکردنی پەیوەندیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتە لە ڕستەدا (Williams,2015,3)، لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی سەرەکیی دروستەی ئارگۆمێنت بریتییە لە دیاریکردنی:

١. ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتێک.

٢. ئەرکی سینتاکسییان.

٣. پەیوەندیی سیمانتیکییانەیان بە پریدیکاتەوە.


واتە دروستەی ئارگۆمێنت دوولایەنی هەیە: سیمانتیک و سینتاکس، کاری دروستەی ئارگۆمێنت پەیکاڵبوون و بەستنەوەی سیمانتیکی فەرهەنگییە بە دروستە سینتاکسیەکانەوە (Bresnan,1978,5)، بە واتایەکی تر دروستەی ئارگومێنت لە دوو جۆری هەڵاوێرکردنەوە دروستدەبێت :

(١) هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی .

(٢) هەڵاوێرکردنی سینتاکسیی.

هەردوو جۆرە هەڵاوێرکردنەکە فەرهەنگ بە بنەما دادەنێن، واتە بۆ هەر پریدیکاتێک لە فەرهەنگەوە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی و سینتاکسیی بۆ ئارگومێنتەکانی دەکرێت، لە ئەنجامی

هەڵاوێرکردنە سیمانتیکییەکەوە تۆڕی بابەتانە بەدەستدەهێنرێت و لە ئەنجامی هەڵاوێرکردنە سینتاکسییەکەوە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن دروستدەبێت، دواتر لە ڕێگەی نەخشاندنەوە هەردوو لایەنە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکە لە دروستەی ڕستەدا پەیکاڵدەبن. بڕوانە هێڵکاریی (٤)




هێڵکاریی(٤)پەیکاڵبوونی سینتاکس و سیمانتیک

**دروستەی ئارگۆمێنت لە ڕووی سیمانتیکەوە** لەوە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن وابەستەکان (ئارگۆمێنتەکان) پەیوەندییان بە پریدیکاتەوە هەیە، واتە لە ڕووە سیمانتیکییەکەیدا دروستەی

ئارگۆمێنت بەشداربووەکانی (ئارگۆمێنتەکان) لە ڕووداوێکدا دەینوێنێت، واتە لە هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیدا پریدیکاتەکان کۆتوبەند دەخەنە سەر ئارگۆمێنتەکان بە جۆرێک پریدیکات دەتوانێت بە پێی ئەو ڕۆڵەبابەتانەی لە تۆڕی بابەتانەکەیدایە هەڵاویکردنی چەند ئارگۆمێنتێک بکات، بۆ نموونە:

١٠أ) لەند کتێبەکەی هێنا.

ب) *لەند شاخەکەی هێنا

لە(١٠)دا ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتەکە (هێنا) دوو ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت، ڕۆڵی کارایی بە (NP1) دەبەخشێت و ڕۆڵی بابەتانەش بە (NP2) دەبەخشێت، بەڵام ئارگۆمێنتی (کارا) دەبێت نیشانەی واتایی (+ زیندوو + مرۆڤ/ گیانلەبەر)ی هەبێت، هەروەها ئارگۆمێنتی (بابەتیش) دەبێت نیشانەی واتایی (+ لەباربێت بۆ هێنان/ شتێک، کە بتوانرێت بهێنرێت)، بە هۆی ئەوەی نیشانە واتاییەکانی فرێزی ناوی (لەند و کتێبەکە ) لەگەڵ ڕۆڵی واتایی کارا و بابەت ڕێککەوتوون، بە جۆرێک فرێزی ناوی لەند (+ زیندوو + مرۆڤ/ گیانلەبەر)ە و فرێزی ناوی کتێبەکە، (+ لەبارە بۆ هێنان) بۆیە لە ئەنجامدا ڕستەیەکی واتا دروست بەرهەمهاتووە، بەڵام لە(١٠ب)دا، لە ڕووی سینتاکسییەوە، ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی تەواوە، بەڵام لە ڕووی جۆری ئەو ئارگۆمێنتەی، کە هەڵبژاردووە واتاکەی دروست نییە، چونکە ئارگۆمێنتی دووەمی پریدیکاتی (هێنا) نیشانە واتاییەکانی ناگونجێت، لەگەڵ ڕۆڵی واتایی (بابەت) دەبێت نیشانەی واتایی (+ لەباربێت بۆ هێنان)، بەڵام نیشانە واتاییەکانی فرێزی ناوی (شاخەکە)، لەگەڵ ڕۆڵی واتایی بابەت ڕێکناکەوێت، (– لەبارە بۆ هێنان) بۆیە لە ئەنجامدا ڕستەیەکی واتا نادروست بەرهەمهاتووە.

**لە ڕووی سینتاکسییەوە** دروستەی ئارگۆمێنت زانیارییە لێکسیکییەکان سەبارەت بە ژمارەی ئارگۆمێنتەکان و جۆرە سینتاکسییەکانیان بەکۆد دەکات،[5] واتە دروستەی ئارگۆمێنت نواندنێکی

---

[5]بەکۆدکردن: پێواژۆی گۆڕینی پەیام/بیر/واتایە بۆ هێما، وەکو بەشێک لەکردەی پەیوەندیگرتن .

کۆد لێکدانەوە: پێواژۆی هەوڵدان و تێگەیشتن لە واتای وشە، فرێز، ڕستە یاخود لێکدانەوەی کۆدە بە هەڵوەشاندنەوە و کردنەوەی کۆدەکان، بە واتا گۆڕینی هێما بۆ واتا، بڕوانە(Richards,2002,145) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدادراون

هەڕەمییانەی/ قوچەکییانەی ئەو ئارگۆمێنتانەیە، کە لە لایەن پریدیکاتەوە داوادەکرێن لە سینتاکسدا(Aarts,2001,99)، بڕوانە هێڵکاریی (٥)

یەکە لێکسیکییە بنەڕەتییەکان/ سەرەتاییەکان

لێکسیکۆن

دروستەی سینتاکسی بنەڕەتیی

گواستنەوەی سینتاکسی

دروستەی سینتاکسیی کۆتایی

هێڵکاریی ژمارە(٥)نواندنی دروستەی سینتاکسیی (bresnan,1978,4)

دروستەی ئارگۆمێنت لە سەر و تەواوکەر دەکۆڵێتەوە و توخمە وابەستەکانی سەر دیاریدەکات، توخمە وابەستەکانی دروستەی ئارگۆمێنت تایبەتمەندیی ئەوەیان هەیە، دەتوانرێت لەبریدانییان بۆ بکرێت، واتە هەر توخمێکی وابەستە دەکرێت بە توخمێکی تری وابەستە بەکاربهێنرێت ( (Alixander W,2014:68)

بۆ نموونە : هێنا : ١١. ئاسۆ نامەکەی هێنا .

١١ب. ئاکۆ کتێبەکەی هێنا .

لە نموونەی سەرەوەدا لەبری (NP) ئاسۆ (NP) (ئاکۆ)بەکارهێنراوە و (NP) (نامە) لەبری (NP) (کتێب) بەکارهێنراوە.


واتە دروستەی ئارگۆمێنت گریمانەی ئەوە دەکات، کە نواندنی بنەڕەتیی(کرۆک) پرۆژەیەکی ڕاستەوخۆی نواندنی کۆتایی دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری سەرەکی بێت، پەیوەندییەکی نەخشەیی و پەیکاڵبوون لە نێوان نواندنی جێکەوتەکان لە پرۆژە سینتاکسییەکاندا دیاریدەکات، بە واتایەکی تر ئەو گریمانەیەی ئەم تیۆرە پشتیپێدەبەستێت ئەوەیە، کە کرۆکی ڕستە و پەیوەندییەکانی نێو توخمەکانی ڕستە لە ئەنجامی پرۆژەی ڕاستەوخۆی پەیوەندییە ناوەکییەکانی دروستەی ئارگۆمێنتی کۆتایی کرداری سەرەکییەوە بەرهەمدێت (Babby,2009:1)، کەواتە

توخمە بنەڕەتییەکانی ڕستە، کە پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانێتی بەپێی پەیوەندیی نێوان توخمەکان دروستدەبێت.

### ١/ ٢) بەپریدیکاتکردن :


هەر ڕستەیەک لە هەموو زمانێکدا زانیاری سەبارەت بە گەردوون، یان دەوروبەر دەردەبڕێت، کە دەشێت ڕاست، یان ناڕاست بێت و هەموو ڕستەیەکیش بەپریدیکاتکردن لایەنی بنەڕەتیی دروستەکەیەتی، لە زانستی زماندا بەپریدیکاتکردن ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان بکەر و پریدیکات دەکات لە ڕستەدا بەپریدیکاتکردن پێواژۆی خستنەتەکیەکی بکەرە لەگەڵ پریدیکاتدا بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی تەواو، کە ڕستە_ ناوەڕۆکێک دەردەبڕێت، بەپریدیکاتکردن "پێواژۆیەکە، کە پریدیکات بە بکەرەوە دەبەستێتەوە واتە یەکگرتنی پریدیکات و بکەرە بۆ ئەوەی ڕستە_ناوەڕۆک پێکبهێنرێت، کەواتە ڕستە_ناوەڕۆک ئەنجامی بەپریدیکاتکردنە'.(Radford,2009,399) بڕوانە هێڵکاریی ژمارە ( ٦ )

١٢ . ئاوەکە گەرمە.




هێڵکاریی ژمارە (٦) پێکهاتەی بەپریدیکاتکردن

ئاستەکانی بەپریدیکاتکردن لە ڕێگەی ناوەوە، لەم نموونەیەی خوارەوە ڕوندەکەینەوە (Lobner,2013,109) بڕوانە هێڵکاریی (٧):




هێڵکاریی ژمارە (٧)ئاستەکانی  بەپریدیکاتکردن

زاراوەی پریدیکات و ئارگۆمێنتەکان لە ئاستی دەربڕینەکاندان، بەڵام پریدیکات و ئارگۆمێنت چوونیەک نیین، پریدیکاتەکان چەمکن و ئارگۆمێنتەکان ژێدەری/ سەرچاوەی هەبوون/  شتن لە جیهاندا.

کردەی بەپریدیکاتکردن سێ ئاست لەخۆدەگرێت:

(١) ئاستی دەربڕینی زمانیی زاراوەکانی پریدیکات و ئارگۆمێنت لەخۆدەگرێت.

(٢) ئاستی چەمکییانە واتای زاراوەکانی پریدیکات و زاراوەکانی ئارگۆمێنت لەخۆدەگرێت.

(٣) ئاستی ئاماژەبەندییانە ئارگۆمێنتەکان لەخۆدەگرێت

لە ڕێگەی کرداری (پاراستبوو) ئاستەکانی بەپریدیکاتکردن بەم شێوەیە دەخەینەڕوو.

بانکەکە پارەکەی پاراستبوو. **<u>ئاستی دەربڕین</u>**


زاراوەی ئارگۆمێنت زاراوەی ئارگۆمێنت زاراوەی پریدیکات

NP NP V

پەسنکردنی پەسنکردنی پریدیکات **<u>ئاستی چەمکییانە</u>**

ئارگۆمێنت ئارگۆمێنت

<بانک> <پارە> <پاراستن>



ئارگۆمێنت ئارگۆمێنت **ئاستی ئاماژەبەندییانە**

(بانک (پارەکەی)

هێڵکارییەکە سێ ئاست بۆ پریدیکات، کە کردارێک دەریدەبڕێت لەخۆدەگرێت، دوو هێڵە ئاسۆییەکە ئاستی چەمکییانە لە ئاستی جیهان (ژێدەرییانە) جیادەکاتەوە، هێڵەستوونییەکان دەربڕینەکان لە ڕیزی یەکهەمەوە (ئاستی دەربڕین ) بە واتاکانیانەوە لە ڕیزی دووهەمدا دەبەستێتەوە، هێڵە بڕاوەکان چەمکەکان بە ئاماژەبەندییەکانیان (فریزە ناوییەکان) دەبەستێتەوە، هێڵە تیرەکان پەیوەندیی نێوان کردارە پریدیکاتەکە و ئارگۆمێنتەکانی نیشاندەدات. زاراوەی پریدیکات زۆر جار بەلایەنی کەمەوە یەک ئارگۆمێنتی ئاماژەبەندییانەی هەیە .

## ١/ ٢-١) پریدیکات

پریدیکات وەکو زاراوەیەک لە لۆژیکەوە وەرگیراوە بۆ یەکەمجار فەیلەسوفی گریکی (ئەرستۆ) ڕستەی بۆ بەشی بکەر و بەشی پریدیکات دابەشکرد، لە لۆژیکدا لە ڕێگەی پردیکاتەوە بۆچوونە ئالۆزەکان دەردەبڕدرێت، دواتر ئەم زاراوەیە لە زانستی زماندا بەکارهێنرا و پریدیکات ئەو بەشەی ڕستەیە کە بکەر نەبێت، واتە پریدیکات فریزی کرداریی لەخۆدەگرێت (Trask,2007,228) لێکدانەوەی جیاواز بۆ پریدیکات کراوە بە جۆرێک ئەو پێناسانەی بۆ ڕستە


کراون ڕەنگدانەوەی لەسەر پێکهاتەی پرێدیکات هەبووە، هەر لەم ڕوانگەیەوە بەشە کردار بە پرێدیکات دانراوە، پرێدیکات ئەو بەشەی ڕستەیە کە شتێک دەربارەی بکەر دەردەبڕێت، دەشێت پرێدیکات بەرکار، تەواوکەر، ئاوەڵکردار لە خۆبگرێت یا نا(Richards,2002:412) بۆ نموونە:

١٣. ئاسۆ ماندووە.


١٤. ئاسۆ نان دەخوات .

١٤ب. ئاسۆ بەپەلە نان دەخوات .

لەڕستەی (١٣)دا تەنها پرێدیکات و بکەر ئاماژەپێکراوە لەڕستەی (١٤، ١٤ب)دا، جگە لە بکەر و پرێدیکات بەرکار و ئاوەڵکرداریش لە خۆدەگرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی پرێدیکات لە ڕێزمانی نەریتیدا بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٨، ٩) :





هێڵکاریی ژمارە (٨) پرێدیکات لەڕێزمانی نەریتییدا




هێڵکاریی ژمارە (٩)پریدیکات لەڕێزمانی نەریتییدا

لە هێڵکاریی ژمارە(٧، ٨)دا بە هۆی ئەوەی (VP) بە پریدیکات دانراوە، هیچ بایەخێک بە کردارەکە نەدراوە کە کردارێکی یەک هێزی یان دوو هێزی یان سێ هێزییە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونە نوێیەکان کردار، پێشناو، ئاوەڵناو و ناو بە پریدیکات دادەنێن و پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی و دوو جێکەوتەیی و سێ جێکەوتەییان جیاکردۆتەوە، بڕوانە هێڵکاریی(١٠):




هێڵکاریی ژمارە(١٠)پریدیکات لە ڕێزمانی نوێباو

کەواتە پریدیکات پەیوەندیی نێوان ئارگۆمێنتەکان دەردەبڕێت و ئەو بەشەی ڕستەیە کە ئاماژە بە هەبووەکان دەدات، هەبووەکانیش ئەوانەن، کە پریدیکات داوایاندەکات، کە ئارگۆمێنتەکانن دروستەی ناوەکیی سادەترین جۆری ڕستە_ناوەڕۆک، کە پێیدەگوترێت ڕستە ناوەڕۆکی (ئەتۆمیی/ گەردیلەیی) لە پریدیکاتێک و ئارگۆمێنتەکانی پێکدێت (kearn,2011,31)، وەک:

١٥. ئامانج لە ئاسۆ گەورەترە .

١٦. ئامانج لایەنگری ئاسۆیە.

١٧. ئامانج لەنزیک ئاسۆیە.

١٨. ئامانج خزمی ئاسۆیە .

دەتوانرێت دارشتەی ڕستەکانی سەرەوە بەم شێوەیە بنوێنرێت:

١٥. گەورەتر ( A,B)

١٦. لایەنگری (C,D)

١٧. نزیک (E,F)

١٨. خزمی(G,H)

لە نموونەکانی سەرەوەدا چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی سەبارەت بە پریدیکات دەخەینەڕوو:

١. لەڕووی سیمانتیکییەوە پریدیکات ناتەواوە ئەگەر بە تەنها دەربکەوێت، ناتوانرێت واتای پریدیکاتێک ڕوونبکرێتەوە یان بە ئاوەڵفریزی بۆبکرێت بێئەوەی ئاماژە بە ئارگۆمێنتەکانی بکرێت.

٢. هەر پریدیکاتێک ژمارەیەک ئارگۆمێنتی جێگیری هەیە، هەر پریدیکاتێک دوو ئارگۆمێنتی هەبوو، ئەوا تەنها پێویستیی بە دوو ئارگۆمێنتە بۆ ئەوەی ڕستە. ناوەڕۆکێک دروستبکات نە زیاتر نە کەمتر بەو جۆرە پریدیکاتەش دەگوترێت پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی.

٣. جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکان بە بەشێک لەواتای پریدیکات دادەنرێن .

٤. ڕیزبوونی یەک بەدوایەکداهاتنی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکات بە گشتی گرنگە، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێک ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان لە نواندنی لۆژیکیدا لەگەڵ ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکانی ڕستە، کە پریدیکات وەردەگیرێت پەیکاڵبن بڕوانە (١٩):

B    A

١٩. ئامانج لە ئاسۆ گەورەترە.

A    B    پریدیکات

پریدیکات (A، B)

٢٠. ئاسۆ لە ئامانج درێژترە.

B    A    پریدیکات

پریدیکات(A B)

پێویستە ئەوە بزانین، کە ڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان پەیوەندیی بە سیمانتیکی پریدیکاتەوە هەیە، وەک:

١٩ ب.  ئاسۆ لە ئاکۆ گەورەترە.

B   A

نابێت (ئاکۆ لە ئاسۆ گەورەتر) بێت

واتە نابێت (B لە A) گەورەتر بێت بۆ هەمان ڕستە_ناوەڕۆک، پەیوەست بە سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکات بڕوانە، (٢١)

٢١ . شێرەکە ئاسکەکەی خوارد.

لە ڕووی سیمانتیکییەوە پریدیکاتی (خواردن) ڕێگە بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(شێرەکە) دەدات لە سەرەتاوە بێت و (ئاسکەکە) بخوات، بەڵام پێچەوانەکەی ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمدێت، بڕوانە

٢١ب*ئاسکە شێرەکەی خوارد.

ئەو پریدیکاتەی، کە بەیەک ئارگۆمێنت واتاکەی تەواو دەبێت و ڕستە_ ناوەڕۆکێکی تەواو پێکدێنێت، پێیدەگوترێت پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی و لە ڕێزمانی نەریتییدا زۆربەی ڕستەکان بەپێی ئەم جۆرە پریدیکاتە لێکدراوەتەوە، کە لە (بکەر + پریدیکات ) پێکدێت، وەک:

٢٢. سێوەکە سوورە.

٢٣. براکەم ئەندازیارە.

٢٤. مناڵەکە پژمیی.

کەواتە لە کۆی ئەو تایبەتمەندییانەی پریدیکات دەتوانین بڵێین پریدیکات بەتەنها ناتوانێت ڕستە_ناوەڕۆکێکی تەواو پێکبهێنێت، بەڵکو لەگەڵ ئارگۆمێنتەکانی، کە ژمارەیان جێگیرە پێکیدەهێنن، بەڵام ڕیزبوونیان بەپێی جۆری پریدیکاتەکە دیاریدەکرێت و ڕستە_ناوەڕۆک بەرهەمدێنن.

**١/ ٢.٢) جۆرەکانی پریدیکات:**

پریدیکات ئەو پۆلەڕەگەزەیە لە دروستەکەیدا داوای ئارگۆمێنت دەکات و جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی دیاریدەکات، هەیانە یەک جێکەوتەیی یان دوو جێکەوتەیی یان سێ جێکەوتەیی و چوار جێکەوتەیی، واتە پریدیکات ڕۆڵپێدەرو حوکمکەری کەرەستە زمانییەکانی تری ڕستەکەن، هەر ئەمانەن چۆنیەتیی و جۆری کەرەستە لە ڕستەدا هەڵدەبژێرن و دیاریاندەکەن، دیارترین جۆرەکانی پریدیکات ئەمانەن:

**١/ ٢.٢-١) کردار:**

کردار کەرەستەیەکە، یەکێک لەمانە دەردەبڕێت (ئەنجامدان، پەسنکردنی دۆخێک، ڕوودان...)و گرنگترین جۆری پریدیکات کردارە و لە تیۆری سینتاکسییدا هەموو ئارگۆمێنتێکی سینتاکسیی کردار خورتیین و پێویستە لە ڕستەیەکی فۆرمدروستدا بنوێنرێن، چونکە لابردنی هەر ئارگۆمێنتێکی ڕستەکە دەکاتە فۆرم نادروست(kearn,35,2011)، وەک:

٢٥. ئازاد سێوەکەی خوارد.

ب.*ئازاد خوارد.

واتە بەپێی سروشت و داواکارییەکانی خۆی، ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکان هەڵدەبژێرێت و جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی دیاریدەکات، هەیانە یەک جێکەوتەیی یان دوو جێکەوتەیی یان سێ جێکەوتەیی و چوار جێکەوتەیی بڕوانە (٢٦–٢٩):

٢٦. کۆترەکە فڕی.

٢٧. لەند کۆترەکەی فڕاند.

٢٨. لەند دەرگاکەی لە کۆترەکە کردەوە.

٢٩. لەند کۆترەکەی لە کاوە بە پەنجا هەزار کڕی.

لە نموونەی (٢٦)دا کرداری (فڕی) تەنها یەک ئارگۆمێنتی داواکردووە بە پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی ناودەبرێت، لە (٢٧)دا کرداری (فڕاند) دوو ئارگۆمێنتی داواکردووە پێی دەگوترێت پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی، لە (٢٨)دا کرداری (لێکردنەوە) داوای سێ ئارگۆمێنتی کردووە وەرگرتووە و بەپریدیکاتی سێ جێکەوتەیی ناودەبرێت، لە (٢٩)دا گریمانەی ئەوە دەکرێت کرداری (کڕین، فرۆشتن، پێگۆڕینەوە، پێلێکردنەوە) لە پریدیکاتی چوار جێکەوتەیی بن، بۆ کرداری کڕین و فرۆشتن لە ڕووی سیمانتیکییەوە پێویستی بە چوار ئارگۆمێنتە، لە نموونەی (٢٩)دا ڕوونکراوەتەوە چونکە لە (کڕین و فرۆشتن)دا پێویستە ئەمانە هەبن:

ا/ کڕیار / فرۆشیار

ب/ شتێک بۆ فرۆشتن/ کڕین

پ/ نرخی شتەکە

ت/ فرۆشیار/ کڕیار

بەڵام لە ڕووی سینتاکسییەوە (کڕین/ فرۆشتن) تەنها پێویستییان بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، چونکە بە هەردوو ئارگۆمێنتەکە ڕستە۔ ناوەڕۆکێکی تەواو و دروستدەبێت، بڕوانە (٣٠، ٣١):

٣٠. <u>کارزان</u> <u>کتێبەکەی</u> کڕی .

٣١. <u>کارزان</u> <u>کتێبەکەی</u> فرۆشت.

### ١/ ٢-٢-٢) ئاوەڵناو:

ئاوەڵناو: وشەیەکە دەبێتە دیارخەری ناوێک، یان ناوئاسایەک پەسنی ناو، یان ناوئاساکە دەکات، هەروەها زانیاریی سەبارەت بە چۆنییەتی و تایبەتمەندیی ناوەکان دەخاتەڕوو و دەشێت وەکو پریدیکاتێک لە ڕستەدا دەربکەوێت، کەواتە ئاوەڵناوەکان بە شێوەی گشتی پریدیکاتی یەک جێکەوتەیین، بەڵام لە پلەی بەراورد و باڵادا جیاوازن، لە ڕووی ڕێزمانییەوە ئاوەڵناوەکان بە سێ جۆر بەکاردەهێنرێن:

(١)ئاوەڵناوی بەکارهێنانی پەسنیی/ وەسفی.

(٢)ئاوەڵناوی پریدیکاتی .

(٣)ئاوەڵناوی بەکارهێنانی ئاوەڵکردار ئاسا.

پەیوەست بەم بابەتەوە تەنها جۆری یەکەم و دووەم گرنگن، بەڵام ئەو ئاوەڵناوانەی، کە بەکارهێنانی ئاوەڵکردارئاسایان هەیە، بەهۆی ئەوەی توخمی سەربارن و پەسنی هیچ ئارگۆمێنتێک ناکەن بۆیە نابنە پریدیکات.

لە بەکارهێنانی پەسنیدا ئاوەڵناوەکان لە چێوەی فرێزە پەسنکراوەکەدان. بڕوانە (٣٨)

٣٢. کۆتری سپی هێمای ئاشتییە.

لەڕستەی (٣٢)دا ئاوەڵناوی (سپی) نابێتە ئارگۆمێنت، بەڵکو لە چێوەی فرێزەکەدا (کۆتری سپیی) پێکەوە دەبنە ئارگۆمێنت (lobner,2013,117) .

بەکارهێنانی دووەم بەکارهێنانی پریدیکاتییە لە زۆربەی بەکارهێنانەکاندا، کە ئاوەڵناو دەبێتە پریدیکاتی، ئاوەڵناوەکان لەگەڵ کەپولا لە پرۆسەی کرداربەندیدا پێکەوە دەبن بە پریدیکات، یان لەگەڵ ئەو کردارانەی هاوشێوەی ئەون، بۆ ئەوەی (VP) پێکبهێنن. لەم جۆرەدا ئاوەڵناوەکە پریدیکات دەردەبڕێت جۆری بکەرەکە دیاریدەکات .

٣٣. کوڕەکە باڵابەرزە.

٣٣ب*خانوەکە باڵابەرزە.

هەندێک ئاوەڵناو هەن کاتێک وەکو پریدیکات بەکاردەهێنرێن پێویستییان بە فریزێکی پێشناوی، وەکو ئارگۆمێنت هەیە، بۆ نموونە (جیاواز، دڵخۆش)

٣٤أ. چیرۆکەکە جیاوازە . (لە چی)

٣٤ب. چیرۆکەکە جیاوازە لە ڕۆمانەکە.

NP پریدیکات PP

٣٥. باوکەکە دڵخۆشە. (بە چی)

٣٥ب. باوکەکە دڵخۆشە بە کوڕەکەی .

NP پریدیکات PP

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد لەو جۆرە ئاوەڵناوانەن، بە پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی دادەنرێن(lobner,2013,118).

٣٦. ئاسۆ لە ئاکۆ گەورەترە.

٣٦ب. ئاسۆ لە هەمووماں گەورەترە.

١/ ٢-٢-٣) پێشناو:

وشەیەکە پەیوەندیی نێوان ناو، یان ناوئاسایەک لەگەڵ توخمەکانی دیکەدا دەخاتەڕوو، پێشناوەکان سینتاکس بنەمان بە شێوەی گشتیی پریدیکاتی دوو جێکەوتیین، دەشێت لە ڕستەدا یەک جێکەوتەیش بن، بۆ نموونە:

٣٧. ئۆتۆمبێلەکە لە گەراجەکەدایە.

لە ( A گەراجەکە)

فریزە پێشناوییەکان پێکەوە لەم ڕستانەدا، وەکو ئارگۆمێنت لە سینتاکسدا دەردەکەون:

٣٨. ئەو نهێنییەکەی به ئێمە گوت.

٣٩. ئەو نامەکەی به ئێمەدا .

ئەگەر فرێزە پێشناوییەکانی ڕستەی (٣٨، ٣٩) لاببرێن ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانیی، کەواتە پێشناوەکان دەشێت خۆیان لە ڕستەدا دوو جێکەوتەیی بن یان دەشێت خۆیان وەکو فرێزی پێشناوی بەشێک بن لە پریدیکاتێکی تردا، واتە پێشناوەکان هەمیشە پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی نین(Kearn,39,2011).

**١/ ٢.٢.٤) ناو:**

ناو وشەیەکە یەکێک لەمانە دەنوێنێت (کەس، شت، شوێن، بیر....)، دەشێت لە ڕستەدا وەکو پریدیکاتێک دەربکەوێت و داوای ئارگۆمێنت بکات، واتە ناو وەکو پریدیکات پێویستیی بە یەک یان دوو ئارگۆمێنت هەیە، کەواتە پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی و دوو جێکەوتەیین، تەنها ناوەگشتییەکان دەتوانن ببنە پریدیکات، داوای ئارگۆمێنت بکەن، بەڵام ناوە تایبەتییەکان نابنە پریدیکات(Resi,2014:164-165)، پریدیکاتی سێ جێکەوتەیی و چوار جێکەوتەیی پەیوەستن بە کردارەوە، خۆ ئەگەر لە جۆرەکانی تردا هەبێت، لە ڕێگەی ئەو ناوانەوە دەردەبڕدرێت کە لە کردارەوە هەڵگوێزاون، بڕوانە (٤٠)

٤٠. کاوە مامۆستایە.

لە ڕستەی (٤٠)دا NP (مامۆستا) لەگەڵ کەپولا دەبنە پێکهاتوویەک فرێزی (مامۆستا) پریدیکات دەردەبڕێت، بەڵام لەگەڵ کەپولاکە (VP) پێکدەهێنن، واتە کەپولا بە تەنها خۆی نابێتە پریدیکات، چونکە ناتوانێت، هیچ دەرببڕێت و هیچ پەیوەندییەک دەرناخات، هەروەها دەشێت لە شێوەی پێکهاتەیەکدا لەگەڵ کەپولا دەربکەون، ناو، وەکو پریدیکاتێک دەشێت، داوای زیاتر لە ئارگۆمێنتێک بکات .

٤١. هەڵگەڕانی پیاوەکە بە شاخەکەدا سەختبوو.

له ڕستەی (٤١)دا ناوی کراری (هەڵگەڕان) پێویستیی بە دوو ئارگۆمێنت هەیە، یەکهەمیان کەسێک کارەکە ئەنجامبدات، دووهەمیان شاخێکە کە کەسەکە پێیدا هەڵدەگەڕێت، هەندێک سەرناوی دیاریکراو هەن، وەک (سەر، ژێر، خوار، تەنیشت) بە هەمان شێوە پریدیکاتن و داواکراویان هەیە، نیشانە واتاییەکانی ئەم سەرناوانە لە نیشانە واتاییەکانی سەرناوەکانی تر جیاوازن، ئەمانە ناوی ئاوەڵکردارییین و داوای ناوێکی نائاوەڵکرداریی دەکەن، بۆ ئەوەی پێکەوە ناوێکی ئاوەڵکرداریی دروستبکەن لەڕێی پێشناوێکەوە لە ڕستەدا، وەک ئاوەڵکردار بەکاربهێنرێن (مەحویی،قادر و حسەین،٢٠١٠، ٨٤).

## ١/ ٣) ئارگۆمێنت و جۆرەکانی

ئارگۆمێنت وشەیەکە یان فرێزێکە دەبێتە تەواوکەری واتای پریدیکات، کەواتە ئارگۆمێنت فرێزێکی ناوییە، کە هەڵگری پەیوندییەکی ڕێزمانی یان سیمانتیکییە پەیوەست بەکردارێکەوە، ئارگۆمێنت دەشێت لە ڕووی پەیوەندیی ڕێزمانییەوە بە (بکەر، بەرکار، ...) دیاریبکرێت، یان لە ڕووی ڕۆڵی سیمانتیکییەوە بە (کارا، کارتێکراو، سودمەند، ...) دیاریبکرێت(Trask,2007,20)، واتە ئارگۆمێنت ئاماژە بە جێکەوتەی بەتاڵی پریدیکات یان ئەرک دەکات و ئەو جێکەوتانەی، کە پریدیکات یان ئەرکەکان داوایدەکەن بەپێی ژمارەی ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە پریدیکاتەکان داوایاندەکەن ژمارەی جێکەوتە بەتاڵەکان دەگۆڕێت، بەگشتی پریدیکاتی (یەک جێکەوتەیی، دوو جێکەوتەیی، سێ جێکەوتەیی) هەن(Bussmann,1998,85)، جێکەوتەی بەتاڵی پریدیکات لەگەڵ بەبڕشتی سینتاکسییدا پەیکاڵە، پۆلەڕەگەزی ناو سەرەکییترین پۆڵەڕەگەزە کە دەبێتە ئارگۆمێنت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرێزی پێشناویی لەگەڵ هەندێک جۆری پریدیکاتدا دەبێتە ئارگۆمێنت، بڕوانە (٤٧، ٤٨)

٤٢. ئاسۆ وانەکەی خوێندووە .

٤٣. ئاسۆ نامەکەی بەئێمە دا

لە ڕستەی (٤٢)دا NP یەکانی (ئاسۆ) و (وانەکە) ئارگۆمێنتن و لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیاندا لە لایەن سەرە ڕێزمانییەکەیانەوە دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتاییان پێدراوە، لە ڕستەی (٤٣ )دا بەهەمان شێوە جگە لە NP یەکانی (ئاسۆ) و (نامە) ئارگۆمێنتن و لە جێکەوتەی بنەڕەتی خۆیاندا لە لایەن سەرە ڕێزمانییەکەیانەوە دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتاییان پێدراوە، لە هەمانکاتدا فرێزی پێشناوی (بە ئێمە) ئارگۆمێنتە دۆخی ڕێزمانی و ڕۆڵی واتایی وەرگرتووە.

### ١/ ١.٣) جۆرەکانی ئارگۆمێنت

گرنگترین جۆرەکانی ئارگۆمێنت ئەمانەن[6]:

### 1. ئارگۆمێنتی سینتاکسی

ئارگۆمێنتی سینتاکسیی ئاماژە بە وەچەپێکهاتەیەک دەکات لە ڕستەدا لەلایەن یاسایەکی ڕێزمانیی، یان پێکهاتەیەکەوە داوادەکرێت، واتە ئەو ئارگۆمێنتانەن لە دروستەی ڕستەدا ئەرکە ڕێزمانییەکانی (بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ) دەبینن. کرداری ناوەڕۆکدار جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتە سینتاکسیەکان دیاریدەکات، کە دەتوانن یان پێویستە، دەربکەون و ئەرکی سینتاکسییان بەسەردا جێبەجێدەکات .

٤٤. کاوە سێوەکەی خوارد

### 2. ئارگۆمێنتی سیمانتیکی

ئـارگۆمێنتی سـیمانتیکیی ئەو ئـارگۆمێنتەیە لە ڕووی واتـاییەوە بە پریـدیکاتەوە پەیوەسـتە و کردارەکان جۆر و ژمارەی ڕۆڵەبابەتانەکان بۆ ئارگۆمێنتەکانیان دیاریدەکەن، دەبنە ئارگۆمێنتی سیمانتیکی، واتە لەوە دەکۆڵێتەوە، کە چۆن (ئارگۆمێنتەکان) پەیوەندییان بە پریدیکاتەوە هەیە .

٤٥. کاوە هات.

٤٥ب *بەردەکە هات.

### 3. ئارگۆمێنتی ناوەکیی

هەندێک تیۆریی ئارگۆمێنتی سینتاکسی سەر بۆ دوو پۆل دابەشدەکەن: ١. ئارگۆمێنتی ناوەکیی ٢. ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە ساڵی ١٩٨١ لە لایەن (William,E) ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی خرانەڕوو، ئەو ئارگۆمێنتانەی لەناو فرێزی کرداریدان پێیاندەگوترێت ئارگۆمێنتی ناوەکیی (Bussmann,1998,86)، واتە ئەو ئارگۆمێنتانەی دەچنە جێکەوتەی بەرکارییەوە ئارگۆمێنتی ناوەکیین.

---

[6] بڕوانە (Borer,2005:22, Baker,1988:47)

٤٦. لەند رۆمان دەخوێنێتەوە .

لە ڕستەی (٤٦)دا (ڕۆمان) ئارگۆمێنتی ناوەکییە، لە چوارچێوەی (VP)دایە بە شێوەیەکی دروستەییانە لە پریدیکاتەکەوە نزیکە.

### 4. ئارگۆمێنتی دەرەکیی:

جێکەوتەی ئارگۆمێنتی پریدیکات، ئەگەر ڕۆڵی بابەتانەکەی لە دەرەوەی پرۆژەسازدانی مەزنی پریدیکاتەکە بێت، ئەوە لە ڕووی سینتاکسییەوە دەرەکییە، هەر بۆیە بکەر بەپێی یاساکە لە دەرەوەی فرێزی کرداریيدا دەردەکەوێت، دەبێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی. پێویستە یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە ڕستەدا هەبێت، هەموو ئارگۆمێنتەکانی تر دەبنە ئارگۆمێنتی ناوەکیی بڕوانە نموونەی (٤٧)

٤٧. ئازاد سێوەکەی خوارد .

لە ڕستەی (٤٧)دا ئازاد بکەری ڕستەکەیە لە دەرەوەی (VP) دایە، بۆیە بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی دادەنرێت، بڕوانە (Borer,2005:22, Baker,1988:47) ئەگەر سەرێک هەردوو جۆرە ئارگۆمێنتەکەی هەبوو ئەوا ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە هەموو ئارگۆمێنتەکانی دیکە بە شێوەیەکی دروستەییانە لە پریدیکاتەکەوە دورترە، ئارگۆمێنتی دەرەکیی دوو تایبەتمەندیی سەرەکی هەیە:

١. بکەر(ئارگۆمێنتی دەرەکیی) لە دەرەوەی فرێزی کرداریيدا بەرهەمدێت .

٢. لە ڕووی سیمانتیکییەوە بە ڕووداوی کردارەکەوە پەیوەستە/ پەیوەندیی هەیە.

### 5. ئارگۆمێنتی ڕێرەو :

فرێزە پێشناوییەکان پێکەوە وەکو ئارگۆمێنت لە سینتاکسدا دەردەکەون، بڕوانە (٤٨/ ا) بە لابردنیان ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروستدەبێت (٤٨/ ب)، کەواتە پێشناوەکان خۆیان بەشێکن لە فرێزی پێشناوی(٤٨پ).

٤٨/ ا . من دیارییەکەم بە هیوا دا.

٤٨/ ب *من دیارییەکەم دا.

٤٨/ پ *من دیارییەکەم هیوا دا.

## 6. ئارگۆمێنتی ئاشکرا

ئەو ئارگۆمێنتانە دەگرێتەوە، کە بە شێوەی ڕوون و دیار وئاشکرا دەردەکەون.

٤٩. هیوا وانەکەی خوێندەوە.

## 7. ئارگۆمێنتی نائاشکرا/ شاراوە

ئەو ئارگۆمێنتەی، کە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەرنابڕدرێت پێیدەگوترێت ئارگۆمێنتی نائاشکرا/ شاراوە، کاتێک کارای ڕستەی بکەرنادیار ئاماژەی پێناکرێت و دەرنابڕدرێت(crystal,33

٥٠. نانەکە خورا.

## 8. ئارگۆمێنتی ڕستەیی

جۆرەکانی تری ئارگۆمێنت لە ڕێگەی فریزی ناوییەوە دەردەبڕدران، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە لە ڕێگەی ڕستەوە دەرببڕدرێن پێیاندەگوترێت ئارگۆمێنتی ڕستەیی، وەک:

٥١. دەزانم، کە ئاسۆ سەردەکەوێت.

## 9. ئارگۆمێنتی خورتی

ئەو ئارگۆمێنتەیە، کە ناتوانرێت لە ڕستەدا لاببردرێت، کەرەستەی بنجی و سەرەکیی ڕستەیە، بۆ نموونە:

٥٢. هیوا کارەکەی تەواوکرد.

## 10. ئارگۆمێنتی سەرپشکیی

ئەو ئارگۆمێنتەیە لەلایەن ڕستیلەوە دیاریکراوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا دەتوانرێت، لاببردرێت، بۆ نموونە:

٥٣/ ا. تاوانبارەکە دەستگیرکرا .

٥٣/ ب. تاوانبارەکە لەلایەن پۆلیسەکەوە دەستگیرکرا.

### 1 1 . ئارگۆمێنتی کرۆکی

ئارگۆمێنتی کرۆکی ئەو ئارگۆمێنتەیە کە دەبێتە بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆی کردار (glossary of linguistic terms)، بۆ نموونە:

٥٤. فرهاد کتێبەکەی بە ئاسۆ دا .

### ١/ ٢.٣) نائارگۆمێنت :

نائارگۆمێنت بەو کەرەستانە دەگوترێت کە لە ڕستەدا بوونیان خورتیی نییە، لابردنیان کار ناکاتە سەر لایەنی ڕێزمانی ڕستەکە، بەڵکو زانیاریی زیاتر لەبارەی کردەی کارەکانەوە دەخەنەڕوو، سەربارەکان وەکو نموونەی نائارگۆمێنت کەرەستەی داواکراوی کردارنیین و دۆخیان نییە، لە جێکەوتەی نائارگۆمێنتدا دۆخی ڕێزمانی نادرێت "چونکە شوێنی ئارگۆمێنتێک نییە لەلایەن کردارەوە داواکراو بێت تا بە خورتەکی کەرەستەکە بگوازرێتەوە بۆی ( قادر،٢٠٠٤: ٦٦)، سەربار ئەو جێکەوتەیەیە بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی کارێکەوە، بۆ نموونە لە (ئاوەڵکردارەکانی کات، شوێن، چۆنییەتی..) دەردەکەوێت، واتە ئەو زاراوەیەیە، کە ئاماژە بە وەچە پێکهاتەی سەرپشکی دەکات کە بە وەچەپێکهاتەیەکی دیکەوە هەڵواسراوە(زیادکراوە) بۆ ئەوەی وەچە پێکهاتەیەکی گەورەتر لە هەمان چەشن پێکبهێنێت (Radford,2006,321)، وەک:


٥٥/ ا. من ئەمرۆ وانەکانم خوێند.

٥٥/ ب. من ئەمرۆ لە زانکۆ وانەکانم خوێند .

٥٥/ پ. من ئەمرۆ لە زانکۆ بەجوانی وانەکانم خوێند .

له نموونه‌كانی (٥٥/ ا، ب، پ)دا ئاوەڵكردارئاساكانی (ئەمرۆ له زانكۆ بەجوانی )،لابردنیان كاریگەریی ڕێزمانی ناكاتە سەر ڕستەكان، بەڵكو سیمانتیكییانه بۆ پێدانی زانیاریی زیادە پەیوەست بە كردارەكەوە بەكارهێنراون .

سەربار له ڕووی سینتاكسییەوە له ڕێگەی ئەركە ڕێزمانییەكانەوە دیاریدەكرێت، بە هۆی ئەوەی سەربار بە هەمان شێوەی ئەركە ڕێزمانییەكانی دیكە (بكەر، بەركار....)، بە ئەركی ڕێزمانی دادەنرێت، چونكە ئەركەكانی ئاوەڵكردار ئاسا و دیارخەریی خۆیان وەكو دوو ئەرك سەربارن، بە واتایەكی دیكە سەربارەكان خۆیان ڕاستەوخۆ ئەرك نیین، بەڵكو ئەرك لەخۆدەگرن كە گرنگترینیان ئەركی ئاوەڵكردار ئاسا و دیارخەرییە، فرێزە سەرپشكییەكانی وەكو( فرێزی پێشناوی و فرێزی ئاوەڵكرداری ) ئەو ئەركانە دەبینن(Ernst,2004:78) بڕوانە هێڵكاریی ژمارە (١١)




هێڵكاریی ژمارە(١١) پێكهاتەكانی سەربار

له ڕووی سیمانتیكیشەوە لەبەئەوەی سێتاڕۆڵەكان پەیوەندیی نێوان پریدیكات و ئارگۆمێنت دەردەخەن و له دروستەی قووڵدا بە ئارگۆمێنتەكان دەدرێن، بەڵام سەربارەكان ئارگۆمێنت نین و له دروستەی قووڵدا دەرناكەون و سێتاڕۆڵ وەرناگرن[7] (Haegeman,1994,118)

---

[7] هەندێک تیۆری ڕێزمانی پێیانوایە سەربارەكان سێتاڕۆڵ وەردەگرن، بەڵام لە سنورێكی دیاریكراودا، لەوانە (ڕێزمانی لێكسیكی ئەركی ، ڕێزمانی ڕۆڵ و ئاماژە)، بەڵام هەندێک تیۆریی ڕێزمانی تر پێیانوایە سەربارەكان سێتاڕۆڵ وەرناگرن لەوانە (ڕێزمانی دەسەڵات وبەستنەوە، مینیماڵیرۆگرام)، بڕوانە (Bresnan,2001)(Chomsky ,1981)( Van Valin&Lapolla.1997)

٥٦/ ا. هیوا هات .

٥٦/ ب. هیوا بۆ زانکۆ هات.

له ڕستەی (٥٦/ ا، ب)دا پریدیکاتی (هات) دەتوانێت تەنها یەک ڕۆڵی واتایی بدات، ئەویش ڕۆڵی کارایی بە (هیوا) بەخشیوە، ( بۆ زانکۆ ) هیچ ڕۆڵێکی واتایی وەرنەگرتووە، چونکە کەرەستەی داواکراوی کردارەکە نییە.

**١/ ٣.٣) جێکەوتەی ئارگۆمێنت و نائارگۆمێنت :**

جێکەوتەی ئارگۆمێنت ئەو جێکەوتەیە، کە سێتاڕۆڵی پێدەبەخشرێت، جێکەوتەی ئارگۆمێنت بە جێکەوتەی سێتاش ناودەبرێت، جێکەوتەی بەرکار هەمیشە جێکەوتەی سێتایە، چونکە جێکەوتەی NPی بەرکار لەلایەن $V^-$ ەوە حوکمدەکرێت، جێکەوتەی بکەر دەشێت جێکەوتەی سێتاش بێت، جێکەوتەکانی ئارگۆمێنت لەگەڵ ئەو جێکەوتانەدا پەیکاڵن کە لەگەڵ ئەرکە ڕێزمانییەکاندا هاوبەشن، بەڵام جێکەوتەکانی نائارگۆمێنت ئەو جێکەوتانەن، کە جێکەوتەکانی ئارگۆمێنت نین، بۆ نموونە spec ی فرێزی تەواوکەری / لێکدەری، هەروەها جێکەوتەکانی بار دەگرن(Haegeman,1994,115)، بڕوانە نموونەکانی (٥٧أ ـ ٥٧ب)

٥٧/ ا. ئاخۆ هاتبێتەوە؟

٥٧/ ب. جاکوا هاتبێتەوە !

٥٨/ ا. ئیف کە بەلەزەتە!

٥٨/ ب. تیاح کە ناشرینە!

"شوێنی دیاریکار spec لە نموونەکان، بە وشەکانی (ئاخۆ، جاکوا، ئیف، تیاح) پڕکراوەتەوە، وشەکان پرس و دوودڵی دەنوێنن، هاوکات هەست دەربڕین لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بەرامبەر بە شتێک یان دیاردەیەک دەگۆڕێت' (قادر، ٢٠٠٤٣، ٢٠٠)، پەیوەست بە جێکەوتەی بکەرەوە، لە زمانی ئینگلیزییدا ئەگەر جێکەوتەی بکەر بە (it) یان (there) پڕبکرێتەوە ئەوە نابێتە جێکەوتەی سێتا، بەڵام ئەگەر جێکەوتەی بکەر بە ئارگۆمێنتێک پڕبکرێتەوە، ئەوە جێکەوتەی سێتایە. pro بە

ئارگۆمێنت دادەنرێت، بۆیە جێکەوتەی بکەر/ جێکەوتەی سێتا پڕدەکاتەوە (Tandon,2017) بڕوانە (٥٩/ ا، ٥٩/ ب )

٥٩/ ا. کاوە نانەکەی خوارد.

٥٩/ ب. pro نانەکەی خوارد.

جێکەوتەی سێتا ـ ڕاستەقینە، به جێکەوتەی A ناودەبرێت، بەڵام جێکەوتەی ئەی باڕ A بەو جێکەوتەیە دەگوترێت، کە هیچ سێتارۆڵێک بە NP ەکە نەبەخشراوە (Spec,IP)، واتە جێکەوتەی ئارگۆمێنت ئەو جێکەوتەیەیە لەلایەن ئارگۆمێنتەوە پڕدەکرێتەوە، نەک لەلایەن نائارگۆمێنتەوە، لە پراکتیکدا زاراوەکە ئاماژە بە جێکەوتەی بکەر یان جێکەوتەی تەواوکەری فەرهەنگیی دەکات، تەواوکەری فەرهەنگیی ئەم وەچە پێکهاتەیەیە کە تەواوکەری سەری فەرهەنگییە، "بوونیان لە ناو فرێزی کرداریدا خورتییە لە جێکەوتە بنەڕەتییەکەی خۆیاندا لەلایەن سەرە ڕێزمانییە حوکمکەرەکەیانەوە ڕۆڵی بابەتانە و دۆخیشیان پێدەدرێت' (سەعید،٢٠٢٠: ٣٠٢)بۆ نموونە:

٦٠. <u>هیوا</u> <u>ڕۆمان</u> دەخوێنێتەوە.

لە ڕستەی (٦٠)دا، لە ڕێگەی پریدیکاتی (دەخوێنێتەوە) دۆخی ڕێزمانی بکەری بە (هیوا) دراوە و دۆخی بەرکاریش بە (ڕۆمان) دراوە، هەروەها ڕۆڵی بابەتانەی کارا و کارتێکراویش بە (هیوا) و (ڕۆمان) دراوە.

**١/ ١.٤) وەچەپۆلدیاریکردن:**

ئەم زاراوەیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بۆ دیاریکردنی ئەو پۆلە وشانە بەکاردەهێنرێت، کە کردار یان (توخمەکانی دیکە) لە دروستەی قووڵدا هەڵیدەبژێرن هەردوو چەمکی نیشانەی پۆلەڕەگەزییانە و نیشانەی هەڵاوێرکردنییانە پەیوەندییان بە وەچەپۆلدیاریکردنەوە هەیە، پۆلەڕەگەزی کردار لە ڕێگەی گرێی خوشکەکانی لەناو فرێزی کردارییدا وەچەپۆلدیاریکردنی بۆدەکرێت. بۆ نموونە:

٦١. هەڵگرتن / NP- NP [ V ـــــ،ـــــ]

لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردندا ئەو فۆرمانەی یان پۆلەڕەگەزە سینتاکسییانەی توخمە وابەستەکان دیاریدەکەن، دەبنە ئارگۆمێنت، بۆ نموونە، دەشێت ئارگۆمێنتەکە پێویستیی بە ئەوە بێت، کە

فۆڕمەکەی فریزی ناوی یان پێشناوی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئارگۆمێنتەکە بنوێنرێت، ئەوەی لە نموونەی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنی سەرەوەدا خراوەتەڕوو بۆ کرداری (هەڵگرتن) دوو ئارگۆمێنت لیستکراون، کە پێویستە هەردووکیان لە پۆلەڕەگەزی ناودابن لە بەرامبەر تۆڕی بابەتانەدا، ئارگۆمێنتی سینتاکسیی وەکو ئارگۆمێنتی سیمانتیکی نیشانە دەکرێن/ مارکەی لێدەدرێت، واتا وەکو ئارگۆمێنتێک لیستدەکرێت، کە پریدیکات سێتاڕۆڵی پێبەخشیوە، هەر ئارگۆمێنتێکیان ئەوەی بۆ دیاریدەکرێت کە سێتاڕۆڵەکەی چییە (کارا، کارتێکراو....)، کاتێک دەربڕاوێک بە ئەو سێتاڕۆڵانەی پێیەتی دەبێت بەسەری ڕستەیەک سێتاڕۆڵەکانی لەگەڵ توخمە وابەستەکاندا دەبەسترێنەوە بەپێی ئەو سەرەوڕیزبوونەی، کە لە تۆڕی بابەتانەدا هەیانە و لیستکراون(Chomsky,1981:63)، لە ڕێگەی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنەوە مەودای/ ژمارەی وەچەپێکهاتەکان دیاریدەکرێت، کە توخمێکی لێکسیکی دەتوانێت وەریانبگرێت، بۆ نموونە لە تۆمارکردنی زانیارییەکانی کرداری (پێدان)دا داوای NP و PP ییەک لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردندا دەکات و ئەو داواکارییانە بە شێوەی چێوەی [ NP PP ] + دەگوازرێتەوە هێمای (+) بە (دەتوانێت دەربکەوێت) دەخوێنرێتەوە، بڕوانە **١/ ٤-٥)** چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن بە پێی هێزی کردارەکە لە (٦٢أ - ٦٢ح) دەخرێتەڕوو:

٦٢/ أ) هاتن/ : Ө [ v —]

هاتن.

ب) خوارد / NP [ v —]

سێوەکەی خوارد.

پ) پێدان/ NP PP [ v —]

کتێبەکەی بە هیوا دا.

ت) تێخستن NP [ / v ___ ] PP

شوتییەکەی خستە ئاوەکەوە.

ج) لێکۆڵینەوە / PP [ v —]

لە نامەکەی کۆلێیەوە.

ح) پێشکەشکردن NP NP [ v —]

دیارییەکەی پێشکەشی ئێمە کرد.

## ١/ ٢.٤)کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن :


لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەموو وشەیەک دەروازەیەکی فەرهەنگیی هەیە، کە تێیدا جگە لە واتا و ئەرکی وشەکان، هەندێک زانیاریی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی لە ژێر ناوی هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزی و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکییدا پێدەدرێت، کەواتە بنەمای سینتاکسیی هەموو ڕستەیەک لە دەروازە فەرهەنگییەوە وەردەگیرێت، چونکە هەموو زانیارییەکی فەرهەنگیی دەچێتە ناو زانیاریی سینتاکسی(chomsky,1981:81)، زاراوەکە بۆ نیشانەی (دەوروبەری زمانی) بەکاردەهێنرێت وەکو نیشانەی سینتاکسی لە دروستەی قووڵدایە، نیشانەکانی هەڵاوێرکردن کۆتوبەندەکانی سەر خستنەتەکیەکن، کە توخمە لێکسیکییەکان لە ناو دەوروبەریی زمانیی/ ڕێزمانییدا دیاریدەکات، بۆ نموونە کردارێک داوای بکەرێکی جوڵاو بکات، ناتوانرێت فرێزی ناوی (بەرد)ی بۆ بەکاربهێنرێت چونکە -[جوڵاو]ە، بڕوانە (٦٣)

٦٣. بەردەکە هات.

هات[+جوڵاو]ە

بەردەکە[– جوڵاو]ە

بەمەش لە چوارچێوەی ئەم دوو بنەمایەدا کردار هەندێک شت لە بارەی بوونی ئارگۆمێنتەکان و پەیوەندییە واتاییەکان ڕووندەکاتەوە، بۆ نموونە کاری (خوارد) لە فەرهەنگدا کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە ئارگۆمێنتەکان هەڵگرتووە، هەموو ئەو زانیارییانە لە سەرەی گرێکەوە سەردەکەون، وەک لە هێڵکاریی (١٢)دا پیشاندراوە، یەکەمجار وەک سەرە دەچێتە ناو فرێزەکەوە، بەشەکانی تری زانیاریی فەرهەنگیی، کە ماوەتەوە لەڕێگەی بنەمای(X–Bar)ەوە دەچێتە ناو ڕۆنانەکەوە (Cook&Newson, 1997:164)، هەروەها کەرەستە ناوەندییەکان ('X) فرێزە گەورەکە (XP) بەدوای یەکتردا هەڵبژاردنی سیمانتیکی ئەنجامدەدەن. بڕوانە هێڵیکاریی(١٢)





هێڵکاریی ژمارە (١٢) نواندنی فرێزی کرداری خوارد

لە هێڵکاریی(١٢)دا پریدیکاتی (خوارد) چەند زانیارییەکی فەرهەنگیی هەڵگرتووە، ئەم زانیارییانە لە درەختەکەدا بەکاردەهێنرێن، دەروازە فەرهەنگییەکە پێماندەڵێت: پریدیکاتی (خوارد) تێپەڕە، پێویستیی بە تەواوکەر هەیە، واتە داوای ئارگۆمێنتێک (تەواوکەرێک) دەکات

لێرەدا "ڕۆنانی سینتاکسیی کردار لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پۆلەڕەگەزیی پێویستییەکانی کردارەوە جێبەجێدەبێت' (معروف،٢٠٠٩:٢٣)، هەڵبژاردنی کاتێگۆڕیش "تایبەتییەکانی زاراوەیەکی فەرهەنگییە، کە بەهۆیەوە ئەو زاراوەیە بڕیاری هەڵبژاردنی کاتێگۆری تەواوکەرەکانی دەدات' (مەحوی، ٢٠١٠: ٨٦)، بە واتایەکی تر هەر کردارێک لە ڕێگای دەروازە فەرهەنگییەکەوە دەتوانێت جۆری کاتێگۆرییە تەواوکەرەکەی دەستنیشانبکات، کردار لە ڕووی واتاوە هەڵبژاردنی سیمانتیکی بۆ ئارگۆمێنتەکان دەکات، هەروەها دیاریکردنی ژمارە و جۆر و سروشتی ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە هەڵگری ئەو ڕۆڵەواتاییانەن، کە لە لایەن کردارەوە پێیاندەدرێت، تا کردەی کردارەکە تەواوبکرێت، پێویستە ئارگۆمێنتەکانیش لە فەرهەنگدا خاوەنی ئەو نیشانە واتاییانەبن، تا کردارەکە بتوانێت هەڵیانبژێرێت. هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی مەرج و یاسای خۆی هەیە، کە هەموو "پریدیکاتێک دەتوانێت بەپێی ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەی لە تۆڕی بابەتانەکەیدا هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی کۆمەڵە ئارگۆمێنتێک بکات'(حسین،٢٠١٢، ١١٣) بۆ ئەوەی ڕستەیەکی تەواو و دروست بێتە کایەوە، بۆ نموونە :

٦٤*هیوا بەردەکەی خوارد.

نموونەی (٦٤) لە ڕووی سینتاکسەوە دروستە، ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی تەواوە، بەڵام لە ڕووی جۆری ئەو ئارگۆمێنتەی، کە هەڵیبژاردووە واتاکەی دروست نییە، چونکە ئارگۆمێنتی دووەمی کاری (خوارد) نیشانە واتاییەکانی ناگونجێت، لەگەڵ ڕۆڵی واتایی کارتێکراودا، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی تەواو و دروستمان دەستبکەوێت، پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵبژاردنی سیمانتیکی بۆ کاری (خوارد) بکەین، چونکە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان لە ڕستەدا پێماندەڵێت، کە چ جۆرەکەتیگۆرییەک پێویستە بەشداریبکات. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٣)




هێڵکاریی ژمارە (١٣)

لە هێڵکاریی(١٣)دا (خوارد) دوو ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت، ڕۆڵی کارایی بە (NP1) و ڕۆڵی کارتێکراویش بە (NP2) دەبەخشێت، بەڵام ئارگۆمێنتی (کارا) دەبێت نیشانەی واتایی (+زیندوو +مرۆڤ/ گیانلەبەر)ی هەبێت، هەروەها ئارگۆمێنتی (کارتێکراو) دەبێت نیشانەی واتایی (+ لەباربێت بۆ خواردن/ شتێک، کە بخورێت)، بەڵام نیشانە واتاییەکانی فرێزی ناوی (بەردەکە) لەگەڵ ڕۆڵی واتای کارتێکراو ڕێکناکەوێت، (- لەبارە بۆخواردن) بۆیە لە ئەنجامدا ڕستەیەکی واتا نادروست دەهێنێتەکایەوە، کەواتە دوو جۆر کوتوبەندی هەڵاوێرکردن هەن، کە سینتاکسیی و سیمانتکیین.

## ١/ ٣.٤) ڕۆڵی بابەتانە و دروستەی ئارگۆمێنت:

تیۆری سێتا (Θ) یەکێکە لە وەچە تیۆرییەکانی دەسەڵات و بەستنەوە، کە پەیوەندیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکان لە ڕووی سیمانتیکییەوە ڕووندەکاتەوە، ڕۆڵە سیمانتیکییەکان بەکۆد دەکات، کە پریدیکاتەکان هەیانە و بە ئارگۆمێنتەکان دەیبەخشن، واتە ئەم وەچە تیۆرە کە بە شێوەیەکی گشتی بەندە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن دروستەی سینتاکسی دەبێتە ناوەندی دیاریکردنی چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان یەکە سینتاکسییەکانی ڕستەیەک لە لایەک و پێویستییە ئارگۆمێنتە واتاییەکانی ڕۆنانی سەرە لە لایەکی ترەوە (Colicover,1997:21)، پێکهاتەیەکە پەیوەندیی بە داواکارییە گونجاوەکانی کردارەوە هەیە، کۆمەڵێک ڕۆڵی تایبەتی بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بە ڕۆڵی واتایی ناودەبرێت، ئەم ڕۆلانەش پەیوەندیی واتایی نێوان ئارگۆمێنتەکانی کردار دیاریدەکەن و کرداریش ڕۆڵی واتایی جیاواز دەبەخشێت بە ئارگۆمێنتەکان (قادر، ٢٠٠٩: ١٠٦)، کردار چەند زانیاریەکی سەبارەت بە ئارگۆمێنتەکان هەڵگرتووە، کە ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییان پێدەبەخشێت، کەواتە "هەر ئارگۆمێنێک دەتوانێت تەنیا یەک سیتاڕۆل وەربگرێت و هەر سیتاڕۆڵێکیش تەنیا بە یەک ئارگۆمێنت دەدرێت' (Chomsky1981: 36).، بە پێی ئەم پێوەرە، ئەگەر هەر ڕستەیەک بە پێوەری ڕۆڵی واتایی تێنەپەڕێت، ئەوا ڕستەیەکی ناڕێزمانی دەردەچێت، واتە ئەگەر ئارگۆمێنتێک لە ڕۆڵێکی واتاییدا زیاتری پێبدرێت، یان یەک ڕۆڵی واتایی بە دوو ئارگۆمێنت درا، ئەوا لادانە لە تیۆری سێتا، بۆ نموونە :

٦٥./ ا. <u>نوسەرەکە</u> <u>ڕۆمانەکەی</u> نووسی .

کارا بابەت

ب/ * . <u>نوسەرەکە</u> <u>ڕۆمانەکەی</u> نووسی.

کارا، <u>بابەت کارتێکراو</u>

پ/ * . <u>نوسەرەکە</u> ڕۆمانەکەی نووسی.

<u>کارا کارا</u>

ت/ کارا کارتێکراو (هێنا)

*کورەکە کچەکە نانەکەی هێنا.

نموونەی (٦٥/ ا) ڕستەیەکی ڕێزمانییە، چونکە بە پێوەری سێتا تێپەڕیوە، هەر ئارگۆمێنتێک یەک ڕۆڵی واتایی وەرگرتووە، یەک ڕۆڵی واتایش دراوە بە دوو ئارگۆمێنت. نموونەی (ب ) پەیڕەوی پێوەری سێتا ناکات، چونکە دوو ڕۆڵی واتایی (کارا، بابەت) بە یەک ئارگۆمێنت دراوە. نموونەی (پ) لە پێوەری سێتا دەرچووە، چونکە یەک ڕۆڵی واتایی (کارا) بە دوو ئارگۆمێنت دراوە. لە نموونەی (ت)دا دوو سێتاڕۆڵمان هەیە، کەچی لە ڕستەکەدا سێ فرێزی ناوی هەیە، بۆیە لەگەڵ پێوەری سێتا یەکناگرێتەوە ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

توانای کردەی کردار لە بەستنەوەی چەشن و جۆری ئارگۆمێنتەکان ئەو توانایەیە، کە کردەی کردار ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئارگۆمێنتەکان هەڵدەبژێرێت و ڕۆڵی واتاییان پێدەبەخشێت، کەواتە لە تۆماری فەرهەنگیی ڕۆنانی ئارگۆمێنتدا کۆمەڵێک ڕۆڵی واتایی هەن، ئەو ڕۆڵانە لە گۆکردنی ئەرکە ڕێزمانییەکان، وەک بکەریی و بەرکاریی، هەروەها لە پەیوەندیی ڕۆڵی بابەتانە، وەک کارایی وکارتێکراویی پێکدێت، (مەحویی،٢٠١٠: ٧٩)، بە واتایەکی تر هەر ڕۆڵێکی واتایی دەدرێت بە جێکەوتەیەکی ئارگۆمێنتی، بۆ نموونە جێکەوتەی بکەر لە سینتاکس ئەو جێکەوتەیەیە، کە ڕۆڵی کارایی پێدراوە، هەروەها جێکەوتەی بەرکار ڕۆڵی کارتێکراویی پێدراوە . گواستنەوەی ڕۆڵە واتاییەکانیش بۆ ئارگۆمێنتەکان لەلایەن کردارەوە بە نیشانەکردنی سێتا ناو دەبرێت(Cook&Newson1997:169) بەپێی تیۆریGB دەکرێت بوترێت، کە ڕستەیەک لە ڕوانگەی ئەم سێ ئاستەدا شیبکرێتەوە: (ئاستی گۆکردن، ئاستی فۆرم، ئاستی ڕۆڵی واتایی(مەحویی،2010: 99). بڕوانە ئەم نموونەی خوارەوە:

٦٦. مامۆستاکە ڕۆمانەکەی خوێندەوە.


یەکهەم: ئاستی ڕۆڵی بابەتانە [ Agnent [Patient ] Predicat ]]

کارا کارتێکراو پریدیکات

دووهەم:  ئاستی گۆکردن بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + پریدیکات

سێهەم: ئاستی فۆڕم [NPمامۆستاکە [NP ڕۆمانەکە] Vخوێندەوە]]

بۆ نواندنی ڕستە بە پێی ڕۆڵی بابەتانە بڕوانە هێڵکاریی (١٤)




هێڵکاریی ژمارە (١٤)نواندنی ڕستە بە پێی ڕۆڵی بابەتانە

ئەوە ڕوونکرایەوە کە ڕۆڵی واتایی دەدرێت بە جێکەوتەیەکی ئارگۆمێنتی، بۆیە لە دروستەی قووڵدا ئەو جێکەوتەیەی ڕۆڵی واتایی (کارا، کارتێکراو) وەردەگرێت، دەبێت بە کەرەستە پڕبکرێتەوە، بەڵام زۆر جار دەبینین جێکەوتەیەک ڕۆڵی واتایی هەیە، بەڵام بە کەرەستە پڕنەکراوەتەوە، یان جێکەوتەیەک ڕۆڵی واتایی پێنەبەخشراوە (بڕوانە بەشی دووهەم)، هەموو ڕۆڵەکانی سیتا دەدرێتە پاڵ جێکەوتەکانی فرێزی ناوی ئارگۆمێنتی جێکەوتەیی، بەڵام هەموو ئەو جێکەوتانە ڕۆڵی سیتاییان نییە(Cook,1998:115).

## ١/ ٤.٤) پەیوەندییە بابەتانەکان

بەگشتی پەیوەنییە بابەتانەکان  بریتیین لەمانەی خوارەوە:

١ . **کارا:** ئەو دۆخە زیندووەیە کە بە  کارێک هەڵدەستێت یان دەبێتە هۆی ڕوودانی ڕووداوێک، یاخود بە ئەنجامی دەگەیەنێت(عیمادی، 1386: 91)، بە واتایەکی تر کارا لە ڕستەدا ئاماژە بە

کەرەسەیەک دەکات کە هەستی هەبێت و بە ئاگایانە و بە مەبەست کارێک بە ئەنجامبگەیەنێت(Hegeman,1994:49)

٦٧. ئازاد نانەکەی خوارد

**٢ . کارتێکراو**: بە واتای کەسێک یان شتێکە کاریگەریی کارەکەی دەکەوێتە سەر، بە واتایەکی تر بەو ناوە دەوترێت کە ئەنجامی کارێک بەدەستبهێنێت و کاردانەوەی کار بە گۆڕانی بارەکە دەبێت (میر عیمادی، 1386: 95)، واتە دەبێت ئارگۆمێنتەکە گۆڕانێکی بینراو یان فیزیکیی بەسەر ڕەوشتەکەیدا(حالەتی مادییەکەی) هاتبێت، بەڵام لە سێتاڕۆڵی بابەتدا ئەم گۆڕانکارییە نییە، وەک:

٦٨ . منداڵەکە پەنچەرەکەی شکاند.

**٣ . بابەت:** ئەو فرێزە ناوییەیە، کە کاریگەریی کردارەکە دەکەوێتە سەری یان کاری تێدەکات، وەک:

٦٩. کاوە کتێبەکەی هێنا.

بابەت لە کاتێکدا دەتوانێت جێکەوتەی بکەری وەربگرێت، کاتێک لە پێش بابەتەوە کارا نەهاتبێت(Lobner,2013:124) بڕوانە

٧٠/ ا. منداڵەکە دەرگاکەی کردەوە.

کارا بابەت

٧١/ ب. دەرگاکە لە لایەن منداڵەکەوە کرایەوە.

بابەت فرێزی سەرپشکی/ کارا

**٤ . سودمەند:** بۆ ناوێک دەگەڕێتەوە کە بەرهەمی ڕووداوی کارەکە بەدەستبێنێت، واتە بەکەسێک یان شتێک دەگوترێت کە سود لە کارێک یان ڕووداوێک وەربگرێت، بڕوانە (٧٨)

٧٢. ئازاد نهێنییەکەی بە ئێمە گوت .

**٥ . وەرگر:** ئەو ئارگۆمێنتەیە کە لە ڕەوشێکدا شتێک وەردەگرێت، بڕوانە (٧٩)

٧٣. ئازاد کتێبەکەی بە من دا .

جیاوازی نێوان سومەند و وەرگر ئەوەیە، کە وەرگر توانای وەرگرتنی ئەو شتەی هەیە کە پێی دەدرێت، بەڵام سودمەند توانای وەرگرتنی ئەو شتەی نییە، بڕوانە نموونەکانی سەرەوە.

**٦ . تـــاقیکەرەوەیی:** ئەو ڕۆڵەیە، کە پەیوەســـتە بە لایەنـــی دەروونـــی، یـــان ڕەوشـــێکی فیزیکیـــی دیـــــاریکراوەوە، واتە کـــــاریگەریی کردارێـــــک دەکەوێـــــتە ســـــەر کەســـــێک یـــــان شـــــتێک (Brown&Miller,2013:164 )، بڕوانە (٨٠، ٨١)

٧٤. قۆرقوشم بەگەرمکردن دەتوێتەوە.

٧٥/ ب. هیوا دڵخۆشە.

**٧. سەرچاوە:** ئەو سێتاڕۆڵەیە، کە شوێنی سەرەتای شتێک یان کەسێک لە جوڵاندندا دەردەخات، بڕوانە (٨١)

٧٦. ئەو منداڵەکەی لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قوتابخانە نارد.

**٨ . ئامانج**: بۆ کەرەستەیەک دەگەڕێتەوە کە (کردار)ەکە ئاراستەیە بۆ لای ئەو، جا ئەو کارە بە ئارەزووی بێت یاخود بەخورتیی یان کۆنکریتی بێت یاخود کۆنکریتی نەبێت، واتە کەسێکە یان شتێکە ئامانجی ڕوودانی کارەکە دەستنیشاندەکات.

٧٧. ئەو منداڵەکەی لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قوتابخانە نارد.

خالی دەستپێکردنی جۆلاندنی کەسێک یان شتێک بە سەرچاوەیی دادەنرێت، بەڵام خالی کۆتایی جوڵاندنەکە بە ئامانجی دادەنرێت بڕوانە (Liliane,1994:663)،( Todd,1987:103)، (Yule,2006:103

**٩ . ئامێر:** ئامرازێکە یان شتێکە لەلایەن کاراوە بۆ ئەنجامدانی کردارێک بەکاردێت، واتە ئامرازێکە یان هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی کارێک، بڕوانە(٧٨)

٧٨. دەرگاکەم بە کلیل کردەوە.

۱۰ . **شوێن:** ئەو شوێنەیە کە کردارەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، واتە ئەو شوێنەیە کردارێکی تێدا ڕوودەدات، بڕوانە (۷۹)

۷۹. ئازاد دەچێت بۆ زانکۆ.

پەیوەندییە واتاییەکان، کە لە (۱ –۱۰) خراونەتەڕوو، هەر کاتێک یەکێک لەو پەیوەندییە واتاییانە بە ئارگۆمێنت بەخشرا، وەکو سێتاڕۆڵێک بە ئەرکێکی ڕێزمانییەوە(بکەر، بەرکار....) دەبەسترێتەوە، کە زیاتر ئەم سێتاڕۆڵانەن( کارا، کارتێکراو، بابەت، تاقیکەرەوە....)، بەڵام هەرکاتێک ئەو پەیوەندییە واتاییانە بە نائارگۆمێنت (سەربار) بەخشرا، وەکو پەیوەندییە بابەتانەکان بە ئەرکێکی ڕێزمانی (بکەر،بەرکار...) نابەسترێنەوە، کە زیاتر ئەم پەیوەندییە بابەتانە دەگرێتەوە (شوێن، کات، سەرچاوە، ئامێر..)، هەموو پریدیکاتێک چەند ڕۆڵێکی واتایی هەیە، کە لە دەروازەی فەرهەنگییدا تۆمارکراون، هەر سێتاڕۆڵێکیش بە یەک ئارگۆمێنت دەدرێت، هەر ئارگۆمێنتێک یەک ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرێت .(Chomsky1981: 36)، کۆی ئەو سێتا ڕۆلانەی، کە پریدیکاتێک هەیەتی و بە ئارگۆمێنتەکانی دەبەخشێت تۆڕی بابەتانە پێکدەهێنن، بۆ نموونە پریدیکاتی (پێدان) تۆڕی بابەتانەکەی بەم شێوەیە لە خشتەی (۱)دا خراوەتەڕوو

| کارا | بابەت | سودمەند |
|---|---|---|
| NP | NP | PP |
| من | نامەکە | بە تۆ |

خشتەی (۱) تۆڕی بابەتانەی (پێدان)

سێتاڕۆڵەکانی تۆڕی بابەتانەی (پێدان) لە ڕستەی (۸۰)دا دەنوێنرێت.

۸۰. من نامەکەم بە تۆ دا.

کارا بابەت سودمەند

ئەرکی سێتاڕۆڵەکان بۆ دوو لایەن دابەشدەکرێت:

(۱) ئارگۆمێنتە سیمانتیکییەکانی پریدیکاتێک بە پێی پەیوەندیی نێوان پریدیکاتەکە و ئارگۆمێنتەکە سێتاڕۆڵی دروست وەردەگرن .

(٢) هەروەها ڕستەیەک کاتێک ڕێگەپێدراو و ڕێزمانییە، ئەگەر هەر فریزێکی ناوی سێتاڕۆڵێکی پێبەخشرابێت. (Gerdts,2017:89).

پەیوەندیی بابەتانە بە شێوەیەکی گشتی بۆ سێ ئاستی جیاواز دابەشدەکرێن.

یەکەم/ پێیدەگوترێت ڕۆڵی واتایی دەستنیشانکردنی پریدیکات (کردار) وەک: (کوژراو، ڕوخاو، جوڵێنراو)

دووەم/ بریتییە لە پەیوەندیی واتایی، کە هەڵدەستن بە گشتاندنی ڕۆڵی واتایی دەستنیشانکردنی پریدیکات(کردار) وەک: (کارا، بابەت، کارتێکراو).

سێیەم/ بریتییە لە گشتاندنی ڕۆڵی واتایی، کە هەڵدەستن بەگشتاندنی پەیوەندییە واتاییەکان. ئەو دەربڕینانەی، کە بۆ ئەم دوو ئارگۆمێنتە بەکاردێت، بریتین لە (بکەر و بەرکار) کە، ئەوانەش زۆر بە فراوانی بەکاردەهێنرێن. بکەر بریتییە لە گشتاندنێک بەسەر ڕۆڵی (کارا، ئەزمونکار، ئامێر و ڕۆڵەکانی دیکە). لە کاتێکدا کە بەرکار لە نێوان (کارتێکراو و بابەت و ڕۆڵەکانی دیکە (پۆلێندەکرێت (Van Vali,1997:12) ، وردەکارییەکانی ئەم سێ ئاستەش لە خوارەوە زیاتر ڕووندەکەینەوە:

ئاستی یەکەم/ دەستنیشانکردنی کردار بەپێی ڕۆڵی واتایی

1.کرداری درکپێکەر/ پێزانیین ئەو جۆرە کردارانەن، کە بکەرەکانیان دەبنە ئەزموونکار وەک:

(بیرکردنەوە، باوەڕکردن، زانین، گریمانەکردن).

-2 کرداری هەستکردن ئەوجۆرە کردارانەن، کە بۆ هەستکردن بەکاردێن، ئەوا بکەرەکانیان دەبنە ئەزموونکار، وەک: بیستن، هەستپێکردن، بۆنکردن، تامکردن، دیتن.

-3 کرداری سۆزداریی ئەو جۆرە کردارانەن، کە بکەرەکانیان دەبنە ئەزموونکار، وەک: ئارەزووکردن، خۆشویستن، ڕق لێبوونەوە.

-4 ئەو کردارانەی، کە بکەرەکەیان کارا دروستدەکەن، چونکە بکەرەکەیان (+هێزە)، وەک: پێدەر، ڕاکردوو، بکوژ، قسەکەر، سەماکەر.

-5 ئەو کردارانەی، کە بەرکارەکانیان بابەتدروستدەکەن وەک: وەستێنرا، جوڵێنرا، درا.

-6 ئەو جۆرە کردارانەی، کە بەرکارەکانیان کارتێکراو دروستدەکەن، وەک: شکێنراو ڕوخێنراو، کوژراو.

-7 ئەو کردارانەی، کە بەرکارەکانیان سوودوەرگر دروستدەکەن، وەک: درا بە، نێردرا بە، ڕادەستی ئەو کرا.

ئاستی دووەم / ئاستی پەیوەندیی بابەتانە

لە ئاستی پەیوەندیی بابەتانەدا (ئەزموونکار و کارا) بکەر دروستدەکەن، بەڵام (بابەت، کارتێکراو، سوودمەند) بەرکار دروستدەکەن.

ئاستی سێیەم/ گشتاندنی ڕۆڵی واتایی

لێرەدا بکەر و بەرکارەکە پەیوەندییەکی ڕێزمانی دروستدەکەن. هەروەها سیمانتیک و سینتاکس تێکەڵ بەیەک دەبن، چونکە بکەرو بەرکارەکە بە پێی پەیوەندیی بابەتانە دیاریدەکرێن

(Van Valin,1997:12)

### ١/ ٤ـ٥) هەڵمژینی سێتا

هەڵمژین سێتاڕۆڵ بەخشینە بە مۆرفیمی بەند، ئەگەر، سێتاڕۆڵێک بچێتە سینتاکسەوە یان بە ئارگۆمێنتێکی سینتاکسییەوە پەیوەست دەبێت یان هەڵدەمژێنرێت . ئارگۆمێنتی NP پێویستیی بە پەیوەستبوونە لەگەڵ سێتاڕۆڵێکدا، بەڵام لە هەڵمژیندا مۆرفیمە بەندەکان سێتاڕۆڵەکان هەڵدەمژن (Jaeggli,1986:592 )، هەندێک توخمی مۆرفۆسینتاکسیی (بکەر نادیاریی) توانای هەڵمژینی ئەو سێتاڕۆڵانەی هەیە، کە لەلایەن کردارەوە دەبەخشرێن، بۆ نموونە کلیتیکەکان ئەمەش بە هەڵمژینی سێتاڕۆڵ دادەنرێت.(Boehm&Boehm-Jernigan,1998. کلیتیکەکان جێکەوتەی نائارگۆمێنت دەگرن، بۆیە سێتاڕۆڵی کردار هەڵدەمژن. (Aoun,1985)، بەخشینی سێتاڕۆڵەکان بەپێی مەرجی سێتا خورتییە، هەروەها بەپێی پێداویستییەکان، ئەگەر پریدیکاتی X وەچەپۆلدیاریکردن بۆ جێکەوتەی Y بکات، ئەوا X سێتا نیشانەی Y دەکات. هەموو توخمە وەچەپۆلدیایکراوەکان سێتاڕۆڵیان پێدەبەخشرێت، کەواتە هەموو جێکەوتە وەچەپۆلدیایکراوەکان پێویستە سێتا نیشانە بکرێن، بەپێی دروستەی فەرهەنگیی، فەرهەنگ دەروازەفەرهەنگییەکان لەخۆدەگرێت (فۆنۆلۆژی،

مۆرفۆلۆژی،....)، ئەم دەروازانە چەندیین سیمای جیاکەرەوەی تایبەت بە توخمێکی فەرهەنگیی هەڵگرتووە  هەر ئەو سیما جیاکەرەوانە زانیاریی سیمانتیکیی و سینتاکسیی پەیوەست بە توخمە فەرهەنگییەکە دیاریدەکات، واتە ئەو زانیارییە سینتاکسیی و سیمانتیکییانە توخمە وابەستەکانی توخمە فەرهەنگییەکە دیارییدەکەن، هەر بۆیە ئەو زانیارییانە سیماکانی وچەپۆڵدیارییکردنی سینتاکسیی و هەروەها ئەو سێتارۆڵانەی، کە بە ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتەکە دەبەخشرێن لەخۆدەگرێت (Jaeggli,1986:588)، سیماکانی وەچەپۆڵدیاریکردن ئەو توخمانە لەخۆدەگرێت، کە دەکەونە بواری دەسەڵاتی توخمە فەرهەنگییەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پریدیکات ئەو ئارگۆمێنتانەش وەردەگرێت، کە دەکەونە دەرەوەی ئەم بوارەوە کە ئارگۆمێنتی دەرەکیی پریدیکاتە (Williams 1981 )، ئارگۆمێنتی دەرەکیی ئارگۆمێنتێکی دەروازەی فرێزی پریدیکاتەکەیە، بە تەنها ئارگۆمێنتی سەری فرێزی پریدیکاتییەکە نییە وەکو ئارگۆمێنتێکی پریدیکات ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بە هەمان شێوەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتارۆڵێک وەردەگرێت، کە لە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتەوە دیاریدەکرێت هەرچەندە بە شێوەی بەشەکییش بێت، کەواتە لیستی سێتارۆڵەکانی پریدیکاتێک بە سێتارۆڵە بەخشراوەکانی بواری دەسەڵاتی سەرەوە (کردار) نەبەستراونەتەوە.

بە لای Chomsky 1965 ەوە سیماکانی سێتارۆڵ و وەچەپۆڵدیاریکرن لە هەر شوێنێکدا بتوانرێت پێکەوە دەبەسترێنەوە بڕوانە، ( ٢/ ٥ )

ئەگەر ئارگۆمێنتی هەر کردارێک نەکەوێتە ناو بواری وەچەپۆڵدیاریکرنەوە ئەوا سێتارۆڵەکەی نابەسترێتەوە/ نەبەستراوە دەبێت، بەستنەوەی بە سیماکانی وەچەپۆڵدیاریکرنەوە تەنها کاتێک جێبەجێدەکرێت، کە لە شوێنێکدا گونجاو بێت ئەویش ڕوونە، کە نەگونجاوە و ناتوانرێت بەستنەوە جێبەجێبکەیت، ئەگەر جێکەوتەیەکی وەچەپۆڵدیاریکراو ئارگۆمێنتەکە نەبێت بەستنەوەی سێتارۆڵەکان و سیماکانی وەچەپۆڵدیاریکردن بەم شێوەیە لێکدەدرێتەوە:

سێتارۆڵیX لە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتدا بە جێکەوتەیەکی سینتاکسیی دەبەسترێتەوە و پێویستە بە فرێزێکی ناویی ببەخشرێت، کە ئەو جێکەوتەیە بگرێت یان هەر NP یەک لە زنجیرەکەدا بکەوێتە ئەو جێکەوتەیەوە، بۆ نموونە سێتارۆڵی بابەت پێویستە بە جێکەوتەی سینتاکسیی بەرکاری ڕاستەوخۆ ببەخشرێت [VP  NP ]، بەلای (Williams )ەوە، ئەو سێتارۆڵەی لە دەروازەی فەرهەنگییدا  بە پریدیکاتەوە نەبەستراوە بوو، بە سێتارۆڵی دەرەکیی

ناودەبرێــت ئەو ســێتاڕۆڵەش لە دەروازەی فەرهەنگییــدا بە پریــدیکاتەوە بەســتراو بــوو، ئەوە سێتاڕۆڵی ناوەکییە. کەواتە سێتاڕۆڵی دەرەکیی پریدیکاتێک تەنها سێتاڕۆڵێکی نابەستراوەیە لە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتدا، هەربۆیە سێتاڕۆڵێکی ئازادە لە پەیوەستبوون بە هەر توخمێکەوە و هەر چۆنێک بێت، هیچ پێویستییەک نییە بۆ پەیوەستبوون بە فریزێکی ناویی تایبەتەوە لە بیچمێکی دروستەییانەی تایبەتدا لەبەئەوەی سێتاڕۆڵی دەرەکیی تەنها سێتاڕۆڵە، کە ئەم ئازادییەی هەبێت لە پەیوەستبووندا، هەر بۆیە تەنها سێتاڕۆڵیشە کە دەتوانرێت لەلایەن پاشگرەوە (پاشگریی بکەر نادیاریی) هەڵبمژێت بە بێئەوەی گرفت بۆ بەستنەوە دروست بێت، هەموو سێتاڕۆڵەکانی دیکە لە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتدا دەبەسترێنەوە . ئەم بەستنەوەیە تەنها کاتێک جێبەجێدەکرێت، ئەگەر ئەو سێتاڕۆڵەی کە بە جێکەوتەی NP بەخشراوە بە سێتاڕۆڵەکەوە ببەسترێتەوە، بەڵام هەڵمژین لەگەڵ ئەم پێداویستییەی بەستنەوەدا، وەکو پێشتر باسکرا ناگونجێت، سێتاڕۆڵی ناوەکیی بۆ هەڵمژین بەردەست نابێت، چونکە بە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتەوە دەبەسترێنەوە .

لەبەر ئەوەی سێتاڕۆڵی دەرەکیی سێتاڕۆڵێکی نەبەستراوەیە و هیچ ڕێگرییەک نییە لەوەی، کە بە هەر توخمێک ببەخشرێت لە ناویاندا مۆرفیمە بەندەکانیش/ پاشگرەکانیش، هەر بۆیە پاشگری بکەرنادیاریی سێتاڕۆڵی دەرەکیی پریدیکات هەڵدەمژێت لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو سێتاڕۆڵەوە بۆ پاشگرەکە، کەواتە لێرەدا پێویستە وەها لە هەڵمژینی سێتاڕۆڵ تێبگەیین، کە بەخشینی سێتاڕۆڵە بە پاشگری بکەر نادیاری، لە هەڵمژیندا حوکمکردن ڕۆڵدەبینێت پاشگری بکەر نادیاریی دەتوانێت سێتاڕۆڵی دەرکیی کردارێک هەڵبمژێت، چونکە پاشگرەکە لەلایەن کردارەکەوە حوکمدەکرێت، واتە توخمی (X )دەتوانێت سیمایەکی (Y) هەڵبژێرێت، ئەگەر (X) لەناو بواری حوکمکردنی (Y) دا بێت (Jaeggli,1986:592).

Robert 1987 پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە مۆرفیمی بکەر نادیاریی وەکو ئەوەی لە زمانی ئینگلیزییدا لە شێوەی (en) و لە زمانی کوردیدا لە شێوەی (ر) دا دەردەکەوێت، ئارگۆمێنتێکە بە بنەما دروستدەکرێت وەکو ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەم پێیە بێت مۆرفیمی بکەر نادیاریی سێتاڕۆڵی دەرەکیی لەلایەن کردارەوە پێدەبەخشرێت بە لای Baker 1989 مۆرفیمی نادیاریی وەکو (en) لە ئینگلیزییدا کلیتیکە، کە بە کردارەوە دەلکێت. بڕوانە نموونە (٨١)

٨١. پیاوەکە کوژرا .

له ڕستەی (٨١)دا مۆرفیمی بکەر نادیاریی (ر) سێتاڕۆڵی دەرەکیی وهەڵمژیوە و لە ناو پێکهاتەی کردارەکەدایە .

ئەدگارەکانی بکەر نادیاریی بە ئەنجامی هەڵمژینی سێتاڕۆڵی دەرەکیی لە ڕێگەی پاشگری بکەرنادیارییەوەی دادەنرێت(Otsuka,2000)، لەم تێڕوانینەی سەرەوە دەتوانرێت پێناسەی بکەر نادیاریی بەم شێوەیە بکرێت ، پێواژۆیەکە هەڵمژینی سێتاڕۆڵی دەرەکیی لەخۆدەگرێت، هەروەها مۆرفیمی بکەرنادیاریی بەوە پێناسە دەکرێت، کە ئەدگاریی ئەم هەڵمژینەی تێدایە (Jaeggli,1986:592)، بەڵام لە مۆرفۆسینتاکسدا کلیتیکەکانی (م،مان،ت تان، ی یان....)، بەم شێوەیە هەڵمژینی سێتاڕۆڵ دەکەن. هەڵمژینی سێتاڕۆڵەکان لەلایەن ئەو جۆرە کلیتیکانەوە بە سیماکانی کلیتیکەکانەوە پەیوەستن، سیما هاوشێوەکانی نێوان NP و کلیتیک ڕێگە دەدات بە هەڵمژینی سێتاڕۆڵی NP ئارگۆمێنت لەلایەن کلیتیکەوە بڕوانە (Dimitra Papangeli,2004)، (Andrew spencer, 1991) .

## ١/ ٥) لە دروستەی چەمکییەوە بۆ دروستەی ئارگۆمێنت

لە سیمانتیکدا دروستەی چەمکییانە ئاستێکی سەربەخۆی نواندنی درکپێکردنە، کە لەلایەن ( Ray Jackendoff) ەوە گریمانەکراوە، نواندنی چەمکەکان بەپێی ژمارەیەکی کەمی چەمکی بەرایییەوە کراوە . دروستەی چەمکییانە لەلایەکەوە بە دروستەی سینتاکسیی و فۆنۆلۆژییەوە پەیوەستە، لە لایەکی دیکەوە بەنواندنی ئاستە نازمانییەکانەوە پەیوەستە، بۆ نموونە: ڕوانیین بەپێی گریمانەی (Jackendoff) هەموو زمانێکی سروشتی نواندنێکی ئاوەزیی هەیە، کە پێیدەگوترێت دروستەی چەمکییانە (Andrew,2017:29) نواندنی واتای لێکسیمێک بەپێی دروستەی چەمکیی دەبێتە دروستەی چەمکیی فەرهەنگیی(Booij,2007:316)، واتە دروستەی چەمکییانە فۆڕمێکی ژمارەییە (کۆمپیوتەرییە) کە تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ جیهان بەکۆد دەکات.

تیۆریی دروستەی چەمکییانە شیتەڵکارییانەیە، چونکە واتا بۆ چەمکە بەراییەکان شیتەڵدەکات، کەواتە دروستەی چەمکیی فەرهەنگیی پریدیکاتەکان لە فەرهەنگدا چۆنن، نەک لە دەوروبەر و پراگماتیکدا، کردارێکی وەکو (پێدان ) پرۆژەی سێ ئارگۆمێنت سازدەکات، لە دروستەی چەمکیانەکەیدا توانا سینتاکسییەکەی هەڵگرتووە لە ڕاستیدا، هەر کردارێک لە فەرهەنگیی ئاوەزییدا

بە دروستەی چەمکییانەوە بەستراوەتەوە، کە دەبێتە دروستەی چەمکییانەی فەرهەنگیی بە شێوەیەکی بنچینەیی ئەو چەمکە دیاریدەکات، کە بەکردارەکەوە بەستراونەتەوە بەم شێوەیە کردارێکی وەکو پێدان) لە LCS ەکەیدا چەمکیی (پێدان) پێناسە دەکرێت و ژمارەی هەبووە بەشداربووەکان دیاریدەکرێن :

گواستنەوەی شتێک / هەواڵێک .......

لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر

پاشان ئەم دروستە چەمکییانە بناغە بۆ دروستەی ئارگۆمێنت دادەنێن(Taylor, 2010:3)، لە سادەترین فۆرمییدا دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری (پێدان) دەکرێت بەم شێوەیە بخرێتەڕوو:

دروستەی ئارگۆمێنت : (پێدان)

ئارگۆمێنتەکان: X Y Z

ڕۆڵی بابەتانە : X= کارا

Y= بابەت

Z= سودمەند

هەر یەک لە (X، Y، Z) هەبووە بەشداربووەکانی دروستەی ئارگۆمێنتن، ڕۆڵە بابەتانەکان کە بە هەر یەک لە ئارگۆمێنتەکان دەبەخشرێن بە چۆنیەتی تێگەیشتن لە بەشدار بووی ڕووداوەکە پەیوەست بە چەمکی کردارەکەوە بەندن (بەشداربووەکە چۆن لە ڕووداوی کردارەکە بەشداربووە ). بەگشتیی گریمانەی ئەوە دەکرێت کە جۆرێک لە پێڕەوی ناوەکیەکیی هەبێت، ئەو هەبووەی بەرپرسە لە ڕووداوەکە دەبێتە (کارا) و هەبوویەکی دیکە کاریگەر دەبێت بە ڕووداوەکە دەبێتە (کارتێکراو) .

دروستەی ئارگۆمێنت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ زانیاری سەبارەت بە فۆڕمی کۆنکرێتیی NP یان PP یان هەر پۆلەڕەگەزێکی دیکە نادات، بەڵکو ئەوە لە سینتاکسدایە فۆڕمەکان بە شێوەی کۆنکرێتیی دەنوێنرێن لە دروستەی ئارگۆمێنتدا زیاتر تایبەتمەندییە سینتاکسییە هەرە بنچینەییەکانی توخمێکی لێکسیکی لە خۆدەگرێت، بەم شێوەیە دەبێتە گرێی نێوان دروستەی

چەمکیی و سینتاکس ئەوەی پێویستە لە گواستنەوە لە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارێک بۆ ئەو دروستە سینتاکسییەی، کە کردارەکە لەگەڵیدا هاوبەشە/ هەیەتی لە ڕاستیدا یاسا گشتییەکانی بەستنەوەیە، فەرهەنگ بەشێکە لە پێڕەوی یاساکانی بەستنەوەی نێوان زمان دروستەی چەمکییانەدا (Nikanne,1997:82).دەتوانین هەر سێ ئاستی LCS، دروستەی ئارگۆمێنت و درککردنی سینتاکسیی لەم هەڕەمییە زەنجیرەییدا بنوێنرێت، ئەم ئاستانە لە دەروازەی فەرهەنگیی کرداری (پێدان)دا هەن :

١ . LCS (پێدان)

چەمک : گوستنەوەی شتێک / هەواڵێک .......

هەبووە بەشداربووەکان : ٣

٢ . دروستەی ئارگۆمێنت : (پێدان)

ئارگۆمێنتەکان: X Y Z

ڕۆڵی بابەتانە : X= کارا

Y= بابەت

Z= سودمەند

٣ . درککردنی سینتاکسی – پێدان (کردار)

X (=کارا) – NP (بکەر)

Y (= بابەت) – NP (بەرکاری ڕاستەوخۆ)

Z (= سودمەند) PP ( بەکاری ناڕاستەوخۆ)

دەروازەی فەرهەنگیی ئەو زانیارییانەمان سەبارەت بەکردارێکی وەکو (پێدان) بۆ تۆمار دەکات، (پێدان) داوای سێ ئارگۆمێنت دەکات (X، Y، Z)، هەروەها چ ڕۆڵێکی بابەتانە بەم سێ ئارگۆمێنتە دەبەخشرێت، ئەوەش دیاریدەکات کە ئارگۆمێنتی X (کارا) لەشێوەی NP لە جێکەوتەی بکەر دا دەبێت .


Y ( بابەت) لەشێوەی (NP) جێکەوتەی (بەکاری ڕاستەوخۆ) دا دەبێت و Z (سودمەند) لە شێوەی (PP) لە جێکەوتەی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبێت. (Taylor, 2010:6) واتە هەنگاوەکانی گۆڕینی دروستەی چەمکیی بۆ دروستەی ئارگۆمێنت بەم شێوەیە دەبێت، دروستەی چەمکیی ئاماژە بە نواندنی ئاوەزیی واتا دەکات، کە ئاخێوەر سەبارەت بە چەمکێکی دیاریکراو هەیەتی، بۆ نموونە تایبەتمەندییەکانی چەمکەکە، هەروەها ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە چەمکەکەوە، لە لایەنێکی ترەوە دروستەی ئارگۆمێنت ئاماژە بە ئارگۆمێنتەکانی پریدیکات دەکات، کە ئایا پریدیکاتێک پێویستیی بە بکەر یان بکەر و بەرکار هەیە، بۆ ئەوەی دروستەی چەمکیی بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە ببەسترێتەوە، سەرەتا ئاخێوەر ئەو چەمکانە دیاریدەکات، کە بۆ پەیوەندییگرتن و لێکگەیشتن سەبارەت بە پریدیکاتێک پێویستن، دواتر ئەو شتانە و ئەرکە ڕێزمانییانە هەڵدەبژێرێت، کە بۆ مەبەستەکەی پێویستن، تا گوێگر لێی تێبگات، کاتێک ئاخێوەر دەبینێت (پشیلەیەک گۆشت دەخوات) ئەم ڕووودان و کردەیە دروستەی چەمکییە بۆ ئەوەی ئەم دروستە چەمکییە بۆ گوێگری ڕوونبکاتەوە پێویستە لە ڕێگەی کردەی پەیوەندییگرتن و لێکتێگەیشتنەوە دروستەی چەمکییانە بگۆڕێت بۆ دروستەی ئارگۆمێنت بۆیە (پشیلەکە) ڕۆڵی کارا و (گۆشتەکە) ڕۆڵی کارتێکراو لە ڕووی ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە (پشیلەکە) بە بکەر و (گۆشتەکە) بە بەرکار دەبەستێتەوە، واتە لە ڕێگەی گۆڕینی دروستەی چەمکیی بۆ دروستەی ئارگۆمێنت کردەی لێکگەیشتن و تێگەیشتن دروستدەبێت.

# بەشی دووهەم/  نواندنی فەرهەنگیی  دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوردیدا

## ٢/ ١) فەرهەنگ

### ٢/ ١-١) فەرهەنگی ئاوەزیی و دروستەی ئارگۆمێنت

فەرهەنگیی ئاوەزیی کۆی وشەکانی زمانێکە، زانیارییە زمانیی و نازمانییەکانی ئاخێوەر و گوێگر سەبارەت بە دەربڕاوە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکان، کە هەیانە لەخۆدەگرێت و گەنجینەی زانیارییەکانە سەبارەت بە وشەکانی زمانێک، زانیارییە فۆنۆلۆژیی، مۆڕفۆلۆژیی، سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانی وشەیەک لە لێکسیکۆندا هەڵگیراون[8] (Mondal,2006:41) و پێیاندەگوترێت دەروازەی فەرهەنگیی، هەر توخمێکی فەرهەنگیی لە فەرهەنگدا خاوەن دەروازەی تایبەت بەخۆیەتی، دەروازەی فەرهەنگیی نواندنی شێوازبەندانەی هەموو ئەو زانیارییانەیە، کە پێویستمان دەبێت بۆ ئەوەی بتوانین وشەکان لە دەوروبەردا بەکاربهێنین، زانیارییەکانی (گۆکردنی زارەکییانە) و سیمای سیمانتیکیی و سینتاکسیی لەخۆدەگرێت (pustejovsky,2019:377) بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢-١)




هێڵکاریی ژمارە(٢-١) نواندنی توخمە فەرهەنگییەکان

[8] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە :
(محەمەد، ٢٠١٦: ٦-١٩) و (سەعید،٢٠١٥: ٦-٢٩) ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.


کەواتە فەرهەنگی ئاوەزیی بە لیستی دەروازە فەرهەنگییەکان دانراوە، کە زانیاریی ئیدیۆسینکراسیی/ جیاکاریی پەیوەست بە وشەکان لە خۆدەگرێت، لە پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا، فەرهەنگ بنەمایە بۆ سینتاکس، وەک دوو پێکهاتە تەواوکەری یەکترین، بەوپێەی زانیارییە ئەبستراکتییە گەنجکراوەکانی نێو هەر توخمێکی فەرهەنگیی بنەمای سەرەکیی دروستیی فۆڕمدارشتنی سینتاکسیین، فەرهەنگیی ئاوەزیی پەیوەست بەکەرەستەوە (Elements) دروستەیەکی سینتاکسی تێر دەکات و دروستەیەکی بێکەموکوڕی لە فرێز و ڕستە بەرهەمدێنێت(معروف،٢٠٢٠: ٩)، یاخود فەرهەنگ بەشێوەیەکی ڕێکخراوەیی وشەکانی گەنجدەکات، "ڕێکخراوەیی فەرهەنگ بنەمای پەیوەندیی نێوان وشەکانە،(احمد،٢٠١٥: ٣٧) واتە فەرهەنگ بەپێی ئەو یاسایانەی حوکمی دەکات پەیڕەوبەندی لە نێوان فۆڕم و واتاکەیدا هەیە و مەرج دادەنێت، کە دروستەیەکی سینتاکسیی بەهۆی یەکە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێت.

فەرهەنگی زمانە سروشتییەکان هەموو توخمە لێکسیکییەکان/ وشەکان لەخۆدەگرێت، واتە لێکسیکۆن ئەو کۆگایەیە، کە هەموو زانیارییە زمانیی و نازمانییەکانی (ئەزموون، دنیا بینی، پەیبردن، تێڕامان، زرنگیی.......)، تێدا گەنجکراوە (حسێن،٢٠٢١: ٨٦) بەهۆی ئەوەی فەرهەنگ کۆی ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت، ئاخێوەری گشت زمانێک دروستەی دروست و واتا ڕاست و پێچەوانەکەی دەناسێتەوە(مەعروف،٢٠٢٠: ٣٦)، کە بۆ بەرهەمهێنانی ڕستە پێویستییەتی .

فەرهەنگی ئاوەزیی بە وشەنامەی ئاوەزیی دادەنرێت، کە زانیاری سەبارەت بە واتای وشەکان دەربڕینیان بەدەم pronunciation و تایبەتمەندییە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانی وشەکە لەخۆدەگرێت فەرهەنگیی ئاوەزیی تەنها کۆکردنەوەی وشەکان نییە، بەڵکو کار لەسەر ئەمانەش دەکات گەنجکردنی وشەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانەوەیان لە مێشکدا لەلایەن ئاخێوەرەوە، وشەی ناو فەرهەنگیی ئاوەزیی بەردەوام لە زیادبووندایە واتە سنوردار نییە، واتە فەرهەنگیی ئاوەزیی لە وشەنامەکان[9] زۆرترە، کە بەشێوەی ئەلفوبێ ڕێکخراون چونکە توخمەکانی ناو فەرهەنگیی ئاوەزیی لە چەند پەیوەندییەکدان لە نێوان یەکتردا (هاوواتا، دژواتا) (stringer,2019:183)، بۆ

9 جیاوازی لە نێوان فەرهەنگی ئاوەزییLexicon و وشە نامە Dictionary لەوەدایە ،کە فەرهەنگیی ئاوەزیی بەردەوام لە داهێنان و نوێبوونەوەدایە سەرجەم زانیارییە زمانییەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام وشەنامە ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت ، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا نوسراونەتەوە، بەردەوام پێویستیی بە نوێکردنەوە هەیە، ناتوانرێت دەقاودەق زانیارییەکانی فەرهەنگیی ئاوەزیی بگوازێتەوە.

نواندنی پەیوندیی نێوان فەرهەنگ و دروستە فۆنۆلۆژی و سینتاکسیی و دروستە چەمکییەکان بڕوانە هێڵکاریی (٢-٢)




هێڵکاریی ژمارە(٢-٢) فەرهەنگ پەیکاڵبونی ئاستەکانی زمان

(Jackend,1992) پێشنیازی ئەوە دەکات بۆ دەروازە فەرهەنگییەکان فۆرمە فۆنۆلۆژییەکان و فۆرمە سینتاکسییەکان و دروستەی چەمکیی پێکەوە ببەسترێنەوە، توخمە فەرهەنگییەکان لە پەیوەندییدان بە سینتاکس و دروستەی چەمکییەوە، هەر وشەیەک نواندنێکی فۆنۆلۆژیی هەیە بە نواندنی سەربەخۆی سینتاکسییەوە دەبەسترێتەوە، هەروەها بە نواندنی سەربەخۆی چەمکییەوە دەبەسترێتەوە توخمی لێکسیکیی لە ڕێگەی پەیکاڵبوونی نێوان دروستەی چەمکییانە و دروستە سینتاکسییەکان لەلایەک، هەروەها پەیکاڵبوونی نێوان دروستە فۆنۆلۆژییەکان و دروستە سینتاکسییەکان لەلایەکی دیکەوە دروستدەبێت (stringer,2019:183)، بۆ نموونە، توخمی فەرهەنگیی (خوێندن) دروستەیەکی فۆنۆلۆژییانە و دروستەیەکی چەمکییانەی هەیە .

أ/ فۆنۆلۆژی <خوێندن>

ب/  دروستەی چەمكییانە : (شێک هەبێت بخوێنرێت ، کەسێک/ شتێک بتوانێت بخوێنێت)

هەبووە بەشداربووەکان : ٢ دانە

لە سینتاکسدا دروستەی فۆنۆلۆژی و دروستەی چەمكییانە لەم ڕستەیەدا  دەنوێنرێت .

١. هیوا وانەکەی خوێند .

لە کرداری (خوێند)دا پەیکاڵبوونی دروستەی چەمكییانە و دروستەی سینتاکسیی لەلایەک و دروستەی فۆنۆلۆژی و دروستەی سینتاکسیی لە لایەکی ترەوە پەیکاڵن،  ئەمە وایکردووە ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا دروست بەرهەمبێت، بەڵام پێچەوانەی ئەم یاسایە ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمدێت بڕوانە ڕستەی (٢) .

١ب. * هیوا دارەکەی خوێند.

بە هۆی ئەوەی لە ڕستەی (١ب)دا دروستەی چەمكییانە و دروستەی سینتاکسیی پەیکاڵنیین ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

ئەوە خرایەڕوو، کە فەرهەنگ کۆی زانیارییە زمانییەکان لەخۆدەگرێت، وەکو تایبەتمەندیی ڕێزمانیی و واتای وشە و دەربڕینیان، بەڵام دروستەی ئارگۆمێنت ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان سمانتیک وسینتاکسیی ئارگۆمێنتەکان و پریدیکات دەکات، بۆیە فەرهەنگ ڕۆڵێکی سەرەکی لە دیاریکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی پریدیکات جیاوازدا هەیە، کە ئارگۆمێنتی جیاواز وەردەگرێت لە ڕێگەی ئەو زانیارییانەی ناو فەرهەنگەوە دیاریدەکرێت.

**٢/ ١-٢) نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئارگۆمێنت:**

نواندن: وێناکردنێکە یاخود دروستەیەکە، کە بە فۆرمێک دەبەخشرێت لە هەر ئاستێکی پەسەنکردن یان شیتەڵکردندا بێت،  بۆ نموونە نووسینی فۆنەتیکیی  لە ئاستی فۆنەتیکدا جۆرێکە لە نواندن، دروستەی فرێز بە شێوەی هێڵکاریی درەختی لە ئاستی سینتاکسدا فۆرمێکی بەربڵاوی نواندنە (Matthews,2007:344)، واتە نواندنی فەرهەنگیی ئاماژە بەو ڕێگایە دەکات، کە چۆن واتای وشەکان لە فەرهەنگیی ئاوەزیی ئاخێوەر بەکۆد دەکرێن، نواندنی فەرهەنگیی نواندنی تایبەتمەندییە

سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانی وشە لەخۆدەگرێت بە دروستەی ئارگۆمێنتیشەوە، بە جۆرێک دروستەی ئارگۆمێنت ئاماژە بەوە دەکات، کە چۆن پریدیکات لەگەڵ ئارگۆمێنتەکانی دەخرێنە تەکیەک بۆ ئەوەی ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمبێنین، دروستەی ئارگۆمێنتی کردارێک لە لایەن جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی، کە داوایاندەکات بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی تەواو دیاریدەکرێت، نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئارگۆمێنت زانیارییە سینتاکسیی و سیمانتیکییە بنەڕەتییەکانی ڕستەیەکی ڕێزمانی بۆ کردارێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت بۆ نموونە (پێکردنەوە) پێویستیی بە (٣) ئارگۆمێنت هەیە بۆ تەواکردنی واتاکەی و بەرهەمهێنانی ڕ ستەیەکی ڕێزمانی، بڕوانە (٢):

٢. من دەرگاکەم بەکلیل کردەوە.

لە نواندنی فەرهەنگیی کرداری (پێکردنەوە) زانیاری سەبارەت بە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە لەخۆدەگرێت، وەکو ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی (٣) ئارگۆمێنت، هەروەها تایبەتمەندییە سینتاکسیی و سیمانتیکییەکانی ئەو ئارگۆمێنتانە لە فەرهەنگیی ئاوەزیی ئاخێوەر گەنجدەکرێت.

کرۆکی هەموو تیۆرییە نوێیەکانی فەرهەنگ[10] بۆ نواندنی تایبەتمەندیی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتە، کە بە دروستەی ئارگۆمێنت ئاماژەپێدەکرێت، زۆربەی لایەنەکانی سینتاکسی ڕستەیەک لە لایەن سیمانتیکی سەری ڕستەکەوە/ پریدیکاتەکەوە دیارییدەکرێت ( Rappaport et al,1993:37) نواندنی فەرهەنگیی پەیوەست بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە، نواندنی زانیارییە فەرهەنگییەکانی سیمانتیکی و سینتاکسی یەکە فەرهەنگییەکانە لە نواندنی فەرهەنگیی سیمانتیکییدا پێویستە پەیوەندیی سیمانتیکیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی بنوێنرێت، ئەم نواندنەش لە ڕێگەی ڕۆڵە واتاییەکانەوە جێبەجێدەکرێت، بۆ نموونە:

٣أ. هێنان : < کارا، بابەت>

٣ب/ منداڵەکە یارییەکەی هێنا.

لە نموونەی (٣أ)دا پریدیکاتی (هێنا) سەری ڕستەکەیە، کە بەپێی نواندنە فەرهەنگییەکەی ژمارە(٣ب) لە زانیارییە سیمانتیکییەکەیدا سێتاڕۆڵی ( کارا و بابەت)ی هەیە، کە لە سینتاکسدا بە فریزی ناوی (منداڵەکە، یارییەکە) نوێنراون.

---

[10] نمونەی ئەو تیۆرییانەی بایەخ بە لێکسیکۆن دەدەن و دەیکەنە بنەما بۆ لێکدانەوەی کارەکانیان (تیۆریی ڕێزمانی GB و LFG هەروەها بڕوانە (ڕێبازە فەرهەنگییەکان).

له نواندنی فەرهەنگیی پەیوەندییدار بە سینتاکسەوە سێتارۆڵەکان لە خۆناگرێت، بەڵکو زیاتر ئەو ئارگۆمێنتانە بەکۆددەکات، کە پریدیکاتێک داوای دەکات، ئارگۆمێنتەکان لە ئەنجامی ڕۆڵ بەخشینەوە ڕۆڵی بابەتانە وەردەگرن، کە جۆرەجیاوازەکان Variables لە دروستەی ئارگۆمێنتی پریدیکات و فرێزە ناوییەکان لە سینتاکسدا پەیکاڵ دەکات (Rappaport et al,1993:39) لە نواندنی فەرهەنگیی سینتاکسییدا ئەرکە ڕێزمانییەکانی پریدیکات دەنوێنرێن. بونموونە بڕوانە ٤ أ و ٤ب)

٤أ. پێدان :< بکەر، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ>

٤ب/ هیوا کتێبەکەی بە فەرهاد دا

نموونەی (٤ ب)دا نواندنی فەرهەنگیی پەیوەست بە سینتاکسەوە خراوەتەڕوو، پریدیکاتەکە بە پێی ئەرکە ڕێزمانییەکان سێ ئەرکی ڕێزمانی بە (NP1، NP2، PP) بەخشیوە.

بەشێک لە توێژەران پێشنیازی دروستەی چەمکییانەیان بۆ نواندنی فەرهەنگیی سیمانتیکیی کردووە، لەوانە (Jackendoff,(1976,1983) و(Carter(1976، بڕوانە ( Rappaport et al,1993:44) دروستەی چەمکییانەی فەرهەنگیی لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە/ شیتەڵکردنی پریدیکاتەوە واتای کردارەکە دەنوێنێت.

٥. هێنان [xهۆکار [y هێنا]]

٦. کاوە کتێبەکەی هێنا .

X کاوە (Y ) کتێبەکەیە، لە ڕستەی (٦)دا کاوە هۆکارە بۆ هێنانی کتێبەکە.

ئەو داتایانەی سەرەوە ئەوە دەردەخەن، کە ئاستەکانی نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئارگۆمێنت دوو ئاستی جیاوازن :

a . نواندنی پەیوەندییداری سیمانتیکیی(دروستەی چەمکییانەی فەرهەنگیی)

b . نواندنی پەیوەندییداری سینتاکسیی(دروستەی ئارگۆمێنت)

له داتاکانی (٥،٦)دا، و (aو b) ئەوەخرایەڕوو، کە دروستەی ئارگۆمێنت پرۆژەی دروستەی چەمکییانەی فەرهەنگییە، بڕوانە (Rappaport et al,1993:39).

## ٢/ ٣.١) کۆتوبەندی فەرهەنگیی:

فەرهەنــگ لەبەر ئەوەی هەمــوو جــۆرە زانیــارییەکی تــایبەت بە وشــەی تێــدایە (سینتاکســیی، سیمانتیکیی......) و لەبری ئەوەی ئەم زانیارییانە بە شێوەی لیست بخاتەڕوو، فەرهەنگ پەیوەندییە ڕێزمــانیی و ئەگەرییەکــانی نێوانیــان بەکــۆد دەکــات (Callyst, 2017:6)، هەر بــۆیە توانــدنی دروستەی ڕستەکان لە ڕێگەی فەرهەنگەوە پێکدەهێنرێت، بەڵام تەنها زانیارییەکانی ناو فەرهەنگ گرنگ نیین، بەڵکو زانیارییەکانی دەوروبەریش گرنگن، بەتایبەتی بۆ ڕوونکردنەوەی ناڕوونی لە دروستەی ڕستەکاندا، کۆتوبەندی سینتاکسیی و سیمانتکیی وەک شاناوێک بۆ هەموو ئەوانی تر بەکاردەبرێت.

کۆتوبەنــدی سینتاکســیی و ســیمانتیکیی وەکــو بەشــێک لە دەروازەی فەرهەنگیــی هەڵگیــراون/ گەنجکراون، هەر فۆڕمێکی فەرهەنگیی چەند کۆتوبەندێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەو کۆتوبەندانە تــــا ڕادەیەکــــــی زۆر لە ڕســــــتەیەکی دیــــــاریکراودا گــــــۆڕاوە سینتاکســــــییەکان دیاریــدەکات(Boland&Boehm,1998:684)، واتە کۆتوبەنــد ســنورداركردنی جێبەجێکردنــی یاسایەک یان هەندێک یاسای ڕێزمانییە، کە کۆتوبەند ڕێگرییەکی دیاریکراوە لەسەر فۆڕمێک یان چەنـد فـۆڕمێکی توانـدنـدا (P.H.Mattews,2007:75)، بـۆ نمـوونە یاسـای ناسـراوکردنی نـاو لە زمانی کوریدا بەم شێوەیەیە:

ناو + نیشانەی ناسراوی (ەکە) (کوڕەکە، کچەکە، پیاوەکە.........)، بەڵام (*فەرهادەکە، *هەڵەبجەکە، .....) بەهـۆی کۆتوبەنـدەکانەوە ئەم نـاوانە بـوونەتە ناڕێزمـانی، چـونکە نـاوی تـایبەتی نیشـانەی ناســراوی وەرناگرێــت، واتە فۆڕمەکــانی (*فرهــادەکە، *هەلەبــجەکە، .....) لە توانـدنــدا ڕێگەیــان پێنادرێت.

گەڵاڵەکردنی کۆتوبەندەکان لەسەر یاساکان بە شێوەیەکی زۆر لە دوای سەرهەڵدانی تیۆریی دەسەڵات وبەستنەوە GB ەوە ڕوویان لە زیادبوون کردووە، چونکە لەم تیۆرییەدا کۆتوبەندەکان وەکو یاساکان بوونە جێی بایەخ (Trask,1993:58)، واتە کۆتوبەندی فەرهەنگیی ئەم زاراوەیە بۆ ئامـاژەدان بە لێکدانەوەی ســیمانتیکیی پێشـبینیکراو لە نێـوان کـردار و بەشـەکانی دیکەی ڕسـتەدا

بەکاردەهێنرێت (Eva van Lier&Maria,2022:3)، کەواتە کردار وەکو پریدیکاتێک کۆتوبەند دەخـــاتە ســـەر ئارگۆمێنتەکـــانی جـــگە لە ژمـــارەی ئارگۆمێنتەکـــان ئەوەش دیاریـــدەکات، کە چ پۆلەڕەگەزێـــک دەبێـــتە ئـــارگۆمێنتی، بـــۆ نمـــوونە (NP,PP) ( Carnie,2000:165) دروســـتە سینتاکسییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە کۆتوبەندە فەرهەنگییەکانەوە بەهەمدەهێنرێن. کۆتوبەندەکانی کـردار- بنەمـا لەســەر ئارگۆمێنـت و توانـدنی فەرهەنگیـی کـردار (هەنـدێک لە پۆلەڕەگەزەکـانی دیکەیـش)، پێویســتە ژمــارەی تەواوکەرەکــانی (ئارگۆمێنــت) کــردارەکە لە ڕســتەدا دیاریبکــات، کۆتوبەنــدە سینتاکســیی و ســیمانتیکییەکانی کــردار لەســەر ئارگۆمێنتەکــانی نمــوونەی بــایەخ و سەرەکیی کۆتوبەندە فەرهەنگییەکانن بۆ دروستەی ڕستە، بڕوانە نموونەکانی(٧-٩)

٧. ئازاد دەرگاکەی کردەوە (کردنەوە)

٨. ئازاد دەرگاکەی بەکلیل کردەوە (پێکردنەوە).

٩. *ئازاد دەرگاکەی کلیلەکە کردەوە.

لە ڕســتەی (٧)دا پریـدیکاتی (کـردنەوە) داوای دوو NP کـردووە کە (ئـازاد، دەرگـاکە)یە، بەڵام لە ڕستەی (٨)دا پریدیکاتی (پێکردنەوە) داوای دوو NP و یەک PP کردووە، کاتێک بمانەوێت PP بگۆڕین بۆ NP ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانی بەهۆی کۆتوبەندەکەوە(ڕستەی٩).

کۆتوبەنـدکردن لەسـەر جـۆری پۆلەڕەگەزەکـان، کە دەبـنە ئـارگۆمێنتی پریـدیکاتێک بە کۆتوبەنـدی وەچەپۆلدیاریکردن ناودەبرێت، جگە لەمە کۆتوبەندی سیمانتیکیش هەیە، بۆ نموونە:

١٠.أ *پیاوکوژەکە بەردەکەی کوشتووە.

١٠.ب/ پیاوکوژەکە پیاوەکەی کوشت.

لە ڕســتە (١٠أ) دا لە ڕووی ســیمانتیکییەوە ئەوە ڕوونە، کە (بەرد) ناکوژرێـت و ناتوانێـت ببێـتە ئـارگۆمێنتی کـرداری (کوشـت)، بـۆیە ڕسـتەیەکی ناڕێزمـانی دروسـتکردووە. چـونکە کۆتوبەنـد لە سـیماکانی هەڵاوێرکردنـدا بەکـۆدکراون (Keith Brown&Jim Miller, 2013:392)، واتە سیماکانی نێوان (بەردەکە) و (کوشتن) پەیکاڵ نیین :

بەرد　　　　　　　　　　کوشتن

| | |
|---|---|
| _زیندوو | +شتێک بکوژرێت |

بەڵام له (١٠/ ب)دا بەهۆی ئەوەی سیماکانی هەڵاوێرکردنی نێوان کوشتن و پیاوەکە پەیکاڵن، ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە "ئەم شامەرجی سیمانتیکییە بە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن ناودەبرێت' (Keith Brown&Jim Miller, 2013:392)، کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن کۆتوبەندکردنە لەسەر هەڵبژاردنی یەکەیەکی لێکسیکیی لە پێکهاتوویەکدا لەگەڵ یەکەیەکی فەرهەنگیی تردا بۆ نموونە (هەناسەدان) هەڵاوێرکردنی (بکەرێکی زیندوو) دەکات نەک نا زیندوو (P.H.Mattews,2007:359) بڕوانە (١١):

١١.*کورسیەکە هەناسەدەدات.

کورسی　　　　　　　　　　هەناسەدان

| | |
|---|---|
| _زیندوو | +شتێک هەناسەبدات |

**واتە کۆتوو**بەندی هەڵاوێرکردن ئەو کۆتوبەندانەن، کە بەسەر پەیوەندیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکاندا یان کردار و ناوەکاندا (ئارگۆمێنتەکان)جێبەجێدەکرێت، ئەم ئەم کۆتوبەندانە لە ڕێگەی واتای پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانەوە ئەنجامدەدرێت ( Keith Brown&Jim Miller, 2013:392) . کۆتوبەندەکانی هەڵاوێرکردن کۆتوبەندی سیمانتیکیی گشتیین لەسەر ئارگۆمێنتەکان بۆ نموونە کردارێکی وەکو (خواردنەوە) کۆتوبەندە سیمانتیکییە گشتییەکەی ئەوەیە ئارگۆمێنتەکە (شلەمەنی بێت) (Jackendoff,1990:51)، بڕوانە ڕستەی (١٢)

١٢. منداڵەکە شیرەکە/ ئاوەکە ی خواردەوە.

کۆتوبەنـــدەکانی هەڵاویرکـــردن هەنـــدیکجار بە کۆتوبەنـــدە ســـیمانتیکییەکان ناودەبریـــت (AArts,2014:370) کۆتوبەنـــدە ســـیمانتیکییەکان بەشـــیکە لە چیـــوەی کـــارکردنی ڕیزمـــانی بەرهەمهینان، بەڵام چەمکەکە پەیوەندییەکی گشتیی هەیە، جگە لە سیما واتاییەکان بەپیی تیۆریی GB، کۆتوبەنـدە سـیمانتیکییەکان لە ڕیـگەی تیـۆریی ڕۆڵـی بابەتـانە ئەنجامـدەدرین، کۆتوبەنـدە سیمانتیکییەکانی کردار لەسـەر ئارگۆمینتەکانی سیتاڕۆڵەکانن سـیتاڕۆڵەکانی ڕۆڵـی ئارگۆمینتەکـان لەبەشداریی ڕووداوەکەدا دیاریدەکات، بۆ نموونە کرداری (پیدان) سیتاڕۆڵی کارا بە بکەر، (بـابەت) بە بەرکاری ڕاستەوخۆ (وەرگر) بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبەخشیت. سیتاڕۆڵەکان بە شـیوەیەکی فەرهەنگیـی گونجـاوترین ئارگۆمینـت دیاریـدەکەن بـۆ بەشـداریکردن لە کـردارەکەدا، بـۆ نمـوونە کرداریکی وەکو (خەوتـن) گونجـاوترین ئارگۆمینت هەڵدەبژیریت، چونکە لە فەرهەنگدا سـیتاڕۆڵی (کـــارا)ی هەڵگرتـــووە بە ئارگۆمینتیـــک دەیبەخشـــیت، کە بتوانیـــت ئەو ڕۆڵە وەربگریـــت، بەڵام کۆتوبەنـدە فەرهەنگییەکە (سـیمانتیکییەکەی) ڕیـگە نـادات (کتیـبەکە ) ببیـتە ئـارگۆمینتی کـردارەکە چونکە ناتوانیت سیتاڕۆڵی کارا وەربگریت، بڕوانە ڕستەی (١٣)

١٣. هیوا خەوت.

١٣/ ب *کتیبەکە خەوت.

ڕۆڵی بابەتـانە ڕیگەیەکی تـایبەتە بۆ نواندنی کۆتوبەندەکانی وەچەپۆلدیاریکردن و هەڵاویرکردن( Carnie,2000:165). وەچەپۆلـــدیاریکردن لە ڕووی سینتاکســـییەوە کۆتوبەنـــد دەخـــاتە ســـەر پریـدیکاتەکان بـۆ نمـوونە (NP,PP) وەربگـرن، وەچەپۆلـدیایکردن دیـاردەیەکی سینتاکسـییە کە تەواوکەری ســـەری فەرهەنگیـــی دیاریـــدەکات بـــۆ نمـــوونە کرداریکـــی وەکـــو (خـــواردن) وەچەپۆلدیاریکردنەکەی دوو تەواوکەرە، کە بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆیە (AArts ,2014:370).

خواردن / NP- NP [ v ——،——]

١٤. منداڵەکە شیرەکەی خوارد.

لە ڕسـتەی(١٤)دا سـەری فەرهەنگیی ڕسـتەکە پریـدیکاتی (خـوارد)ە کە تەواوکەرەکەی ئـارگۆمینتی نـاوەکیی بەرکـاری ڕاسـتەوخۆیە (NP شـیرەکە)یە، دروسـتەی ئـارگۆمینتی سینتاکسـیی کـردار لە دروستەی سیمانتیکییەوە پیشبینیدەکریت لە ڕیگەی جیبەجیکردنی یاساکانی بەستنەوەوە (بڕوانە

٢/ ٢) نەخشـاندنی دروسـتەی ئارگۆمێنـت) بـۆیە ئەگەر دروسـتەی سـیمانتیکیی بگۆڕێـت ئەوە ڕاستەوخۆ دروستەی ئارگۆمێنتەکە دەگۆڕێت (Pinker,1996:73)، بڕوانە (١٤-١٦)

١٥. کاوە کارەکەی کرد.

١٦. کاوە ژنەکەی لە پیاوەکە کرد.

١٧.* کاوە دارەکەی کرد.

لە ڕستەی (١٥)دا پریدیکاتی (کرد) بەپێی زانیارییە سیمانتیکییەکەی داوای دوو ئارگۆمێنتی لە جۆری (NP)کردووە و (NP کاوە) کارایە و (NP کارەکە) بابەتە، بەپێی پریدیکاتەکە (کرد) پێویستە کەسێک/ شتێک بتوانێت کارێک بکات و شتێک هەبێت بتوانرێت بکرێت، بەڵام لە ڕستەی (١٦)دا بە هۆی ئەوەی پریدیکاتی (لێکرد) دروستە سیمانتیکییەکەی گۆڕاوە، بۆیە دروستەی ئارگۆمێنتەکەشی گۆڕاوە بە جۆرێک لە پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی بووە بە پریدیکاتی سێ جێکەوتەیی، لە ڕستەی (١٦)دا بە هۆی ئەوەی (NP دارەکە) شێک نییە ئەنجامبدرێت بۆیە ناتوانێت سێتاڕۆڵ لە دروستەی قووڵ وەربگرێت ئەمەش وایکردووە ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمبێت.

**٢/ ١-٤) ڕێبازە فەرهەنگییەکانی دروستەی ئارگۆمێنت**

کرۆکی شارەزابوون و فێربوونی زمانێک، زانینی پەیوەندیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتە، بۆ دیاریکردنی ئەو پەیوەندییە پێویستە بۆ فۆڕمی وشە لە فەرهەنگدا بگەڕێینەوە، هەموو وشەیەک فۆڕمی فۆنۆلۆژی هەیە، کە لەگەڵ دروستەی بەبڕشتیدا جووتە، ئەمەش بە دروستەی ئارگۆمێنتی پریدیکات ناونراوە(Muller&Wechsler,2014:2) بۆ ئاخێوەرێکی کورد ڕستەیەکی وەکو لە نموونە (١٨)دا خراوەتەڕوو، زانراوە:

١٨. کەروێشکەکە گێزەرەکەی خوارد.

هەموو ئاخێوەرێک دەزانێت، کە ئەو شتەی دەکەوێتە پێش (خوارد)ەوە دەبێت کەرەستەیەک بێت سیمای(+خواردن) ی تێدا بێت، ئەم بابەتە بەوەی پڕاوپڕی چۆن سروشتی ئەم زانینە ئەو

زانیارییانە لە ڕێزماندا هەڵاوێردەکرێن و دەنوێنرێن، تا ئێستا لە زانستی زماندا بابەتی مشتومڕە، هەر بۆیە دوو جۆر ڕێباز بۆ لێکدانەوەی ئەم زانینە دروستبووە:

1 .ڕێبازە فەرهەنگییەکان ٢. ڕێبازە فریزییەکان

بەپێی ڕێبازە فەرهەنگییەکان، یەکە فەرهەنگییەکان چێوەی دروستەی ئارگۆمێنت و ئارگۆمێنتەکان لە فەرهەنگدا دیاریدەکەن ئەم چێوەیە بەپشتبەستن بە ڕێساکانی نەخشاندن دەچێتە سینتاکسەوە(Slama,2018:23)، لە ڕێبازە فەرهەنگییەکاندا دروستەی ئارگۆمێنتی وشە، یان دروستەی بەبڕشتیی، جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتەکان و واتایان دیاریدەکات (Muller&Wechsler,2014:3)

بۆ نموونە : خوارد

١٩. دروستەی ئارگۆمێنتی وشەی خوارد

فۆنۆلۆژی: < خوارد>

دروستەی ئارگۆمێنت: <NP1، NP2>

ناوەڕۆک: (Y,X)

هەر تایبەتمەندییەکی فەرهەنگیی سیما سینتاکسییەکانی فریزەکانی ئارگۆمێنتەکان، لە لیستی دروستەی ئارگۆمێنتدا دیاریدەکرێت. یاسا سینتاکسییەکان جێکەوتەکان بۆ توخمەکانی دروستەی ئارگۆمێنت دیاریدەکات، بەم شێوەیە لەگەڵ دروستەکاندا کارلێکدەکەن بەمەش ڕێگە بە برگەیەکی ڕێزمانی یان بنیاتنانی دەستەواژەی تر فۆرم و واتا دروستدەکەن دروستەی ئارگۆمێنت ئەبستراکتە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ دروستەی فریز و ئارگۆمێنتەکانی بەکۆد ناکات ئەم بە ئەبستراکتکردنە ناوکۆییە و هاوشییە گشتییەکانی نێوان گوزارشتە جیاوازەکانی ئارگۆمێنتەکانی ڕەگێک بەرجەستەدەکات، واتە بە ئەبستراکتکردن چەندین دەربڕاوی سینتاکسیی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتی(خوارد) بە شێوەی گشتیی دەخاتەڕوو، بۆ نموونە :


٢٠ا. کەروێشکەکە گێزەرەکەی خوارد.

٢٠ب/ کەروێشکەکە گێزەرە مۆرەکە/ پرتقالییەکەی خوارد.

٢٠پ/  کەروێشکە سپییەکە گێزەرەکەی خوارد.

٢٠ت/  کەروێشکەکە گێزەرەکەی بەخێرایی خوارد.


کردارەکان فرە جۆری گۆڕاویی نیشاندەدەن، هەموو دەرکەوتنەکانی (خوارد) لە ڕستەی (٢٠أ-٢٠ت) بەهۆی ڕێگە پێدانی دەروازە فەرهەنگییەکانی (خوارد)ەوەیە، هەروەها یاسا فەرهەنگییەکان لەگەڵ یاسا سینتاکسییەکان ئەوەیان دیاریکردووە، کە چ ئارگۆمێنتێک لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەربکەوێت، پەیوەست بە ڕێبازە فەرهەنگییەکانەوە چەند تیۆرێکی سینتاکسیی لە چێوەی ڕێبازە فەرهەنگییەکاندا هەن (بۆ نموونە، تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە)، بەڵام چێوەی کارکردنی ڕێبازە فەرهەنگییەکان بە گشتی بەپێی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەیە (Bersanan,1995:5) بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢-٣)




هێڵکاریی ژمارە (٢-٣)  دروستە سینتاکسییە کۆتاییەکان

بەپێی هێڵکاریی ژمارە (٢-٣) هەر وشەیەک لە فەرهەنگدا واتای زانیارییە فەرهەنگییەکانی تۆمارکراون و ئەم زانیارییە فەرهەنگییانە دەبێتە بنەمای پرۆژەسازدانی لێکسیکۆسیمانتیک. پرۆژەی لێکسیکۆسیمانتیک، (بڕوانە بەشی یەکەم) بنەمایە بۆ دروستەی ئارگۆمێنت، هەروەها دروستەی ڕستە لە لایەن زانیارییە فەرهەنگییەکانەوە دیاردەکرێت (Haegeman,1994:33)، کەواتە  دروستەی ئارگۆمێنت توخمی بنەڕەتی دروستەی سینتاکسیی لە خۆدەگرێت، بۆیە پرۆژەی لێکسیکۆسینتاکس دروستدەکات، کەواتە دروستەی ئارگۆمێنت دروستە سینتاکسییە سەرەتاییەکان

دەنوێنێت، بەڵام دروستە سینتاکسییە کۆتاییەکان لە دوای گواستنەوە سینتاکسییەکانەوە دروستدەبێت، بڕوانە هێڵکاریی (٢-٤)




هێڵکاریی ژمارە (٢-٤)گواستنەوە سینتاکسییەکان

ئەو گریمانانەی لە پەیوەندیی نێوان سینتاکس و فەرهەنگ دەکۆڵێتەوە بە گریمانە لێکسیکییەکان ناودەبرێت، بە پێی هەندێک لەو گریمانانە (Lieber:1980, Selkirk:1982) پێواژۆکانی هەڵگواستن و شکاندنەوە لە فەرهەنگدان پێش ئەم گریمانەیە وا دانرابوو تەنها پێواژۆکانی هەڵگواستن لە فەرهەنگدان (Jackendoff:1975, Aronf:1976)، ئەم تێڕوانینەش بۆ فەرهەنگ پەیوەست بە سینتاکسەوە وایکرد بایەخی زیاتر بە فەرهەنگ بدرێت، نموونەی ئەو ڕێبازە فەرهەنگییانەی، کە لەم پەیوندییەیان کۆڵیوەتەوە :

1. ڕێزمانی بەرهەمهێنان-تیۆریی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە GB.
2. تیۆریی ڕێزمانی فەرهەنگیی ئەرکی LFG.

لە ڕێزمانی بەهەمهێناندا بە تایبەتی لە مۆدێلی ڕێساکان و پارامێتەرەکان لە ڕێساکانی پرۆژەسازداندا فەرهەنگ ڕۆڵی سەرەکیی لە ڕێزماندا دەبینێت، گریمانەی ئەوە دەکات دروستە

سینتاکسییەکان لە فەرهەنگەوە پرۆژەسازدانیان بۆ دەکرێت و فەرهەنگ بە بەشێکی ڕێزمان دانراوە، واتە وەکو پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ڕێزمان (لەپاڵ سینتاکسدا) سەیرکراوە، لە ساڵی ١٩٦٥دا Chomsky دوو هەنگاوی نا بۆ ئەوەی پێگەی فەرهەنگ بە گرنگ دابنرێت، لە یەکەمدا، کە فەرهەنگ کۆگای وشەکانە بە پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ڕێزمانی دانا، چونکە chomsky پێیوابوو گونجاو و دروست نییە زانیارییە ناسینتاکسییەکان وەکو کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن لەگەڵ یاسا سینتاکسییەکان سەربار بکەین، هەروەها هەنگاوی دووهەم ئەوەیە، کە برێکی لە (پێڕەوبەندێتیی) لە دەروازەفەرهەنگییەکانەوە بەکۆد دەکرێن، کتێبی Remarks on Nominalization (Chomsky:1970) بە کاری بناغەیی تێروانینی فەرهەنگیانە بۆ سینتاکس دادەنرێت، چونکە وشە دروستکردن و هەڵگواستنی وشەی لە سینتاکس جیاکردەوە(pustejovsky,2019:58)، پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکانی (V,N,A,P) پرۆژەسازدانی (VP,NP,AP,PP) هەیە، هەر یەکێک لە پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان لە ئاستی فرێزییدا وەکو سەرێک داوای تەواوکەر دەکەن (Hale&Keyser,1993:53)، بە لای (Bresnan,1995:3) هەر سەرێکیی فەرهەنگیی بەپێی پۆلەڕەگەزەکەی پرۆژەی ئاستێکی فرێزی هەیە، کە لە چێوەی پرۆژەسازدانەکەیدا ئارگۆمێنتەکانی دیاریدەکرێت ئەم پرۆژەسازدانە بەلای (Hale&Keyser:1993) دروستەی ئارگۆمێنتی فەرهەنگیی یان بە دروستەی پەیوەندیی فەرهەنگیی ناودەبرێت ڕێسای پرۆژەسازدان و بیرۆکەی پرۆژەی سینتاکس لە فەرهەنگەوە دروستدەبێت.Chomsky,1981، دروستەی ئارگۆمێنت خاڵی سەرەکی و چەقی ئەو ڕێسا و تێروانینەیە ، بۆ نموونە بڕوانە نواندنی دروستەی ئارگۆمێنتی فەرهەنگیی پریدیکاتی (هێنا) لە ڕستەی (٢١)دا، هەروەها پرۆژەسازدانی فرێزییەکەی لە (٢١ب)خراوەتەڕوو:

٢١. دروستەی ئارگۆمێنتی فەرهەنگیی پریدیکاتی هێنا

فۆنۆلۆژی: < هێنا>

دروستەی ئارگۆمێنت: <NP1، NP2>

ناوەڕۆک: (Y,X)

٢١ب/ کرێکارەکە کەرەستەکانی هێنا.

لە ڕستەی (٢١)دا بەپێی دروستەی ئارگۆمێنتی فەرهەنگیی پریدیکاتی (هێنا) دوو ئارگۆمێنت وەردەگرێت، کە لە ڕێگەی (NP2،NP1) دەنوێنرێن، کرداری (هێنا)، وەکو پۆلەڕەگەزێکی فەرهەنگیی کاتێک دەچێتە ئاستی فرێزییەوە (٢١) وەکو سەرێک داوای تەواوکەر دەکات لەچێوەی فرێزەکردارییەکەیدا ئارگۆمێنتی ناوەکیی (کەرەستەکان)ی و ئارگۆمێنتی دەرەکی (کرێکارەکە)ی وەرگرتووە.

دروستەی ئارگۆمێنتت لە ڕووی سینتاکسییەوە، پێویستە لە ڕێگەی دروستە سینتاکسییە سازکراوەکانەوە دیارییبکرێت، کە بە هۆی سەرە فەرهەنگییەکانەوە دروستبوون (Hale&Keyser,1993:56) هێڵکاریی ژمارە (٤) بە نواندنی دروستەی ئارگۆمێنتی فەرهەنگیی دادەنرێت، پەیوەندیی نێوان دروستەی ئارگۆمێنت و تیۆریی سێتا، کە بەشێکە لە تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە لە دروستەی ئارگۆمێنتدا هەموو ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتێک بە ئارگۆمێنتی بکەریشەوە دیاریدەکرێت، هەروەها لە دروستەی بابەتانەدا، کە وەچە تیۆرییەکی دەسەڵات و بەستنەوەیە بە هەمان شێوە ئارگۆمێنتەکانی پریدیکات لە ڕێگەی سێتاڕۆڵەکانەوە بە لیست دەکرێن (Haegeman,1994:45) (بڕوانە بەشی یەکەم).

ڕێبازە فرێزییەکان لە دروستەی ئارگۆمێنتدا چێوەیەکی زمانییە، هەوڵدەدات پەسنی ئارگۆمێنتەکانی (بکەر، بەرکار....) لە دروستەی ڕستەدا ڕێکبخات بەپێی ئەم ڕێبازە ئارگۆمێنتەکان وەکو فرێز نواندنیان بۆ دەکرێت نەک وەکو وشە و تایبەتمەندییەکانی وشەکە نواندنیان بۆ بکرێت، هەروەها دروستەی سینتاکسیی ڕستەش ڕەنگدانەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو فرێزانەیە (ئارگۆمێنتەکان) واتە هەر ئارگۆمێنتێک بە فرێزێکی دیاریکراو هەر فرێزێکیش بە ئەرکێکی ڕێزمانی دیاریکراو دەنوێنرێت، ئەم فرێزانە دەخرێنەتەکیەک بۆئەوەی دروستەی ڕستەیەک پێکبهێنن

**لێرەدا چەند لایەنێکی جیاوازی لە نێوان ڕێبازە فەرهەنگییەکان و ڕێبازە فرێزییەکان دەخەینەڕوو:**

1. لە ڕێبازە فرێزییەکاندا بەکارهێنان- بنەمان، بەڵام لە ڕێبازە فەرهەنگییەکان فەرهەنگ- بنەمان(Muller&Wechsler,2014:2)، واتە ڕێبازە فرێزییەکان دروستەی ڕستەکان لە

دەورووبەردا  دەکەنە، بنەما، بەڵام ڕێبازە فەرهەنگییەکان لە زانیارییە فەرهەنگییەکانی پریدیکاتەوە بۆ دروستەی ئارگۆمێنت دەڕۆن.

لە ڕێبازی فەرهەنگیی دروستەی ئارگۆمێنتدا توخمە لێکسیکییەکان دروستەی ئارگۆمێنت لەخۆدەگرێت، زانیاری بنەڕەتی سەبارەت بە ئارگۆمێنتەکان دەنوێنن،  ئەم خاڵانە وەکو بەهانە دەهێنێتەوە لە بەرامبەر ڕێبازە فرێزییەکاندا

2. ڕێبازە فەرهەنگییەکان زیاتر شێوەی ئەبستراکت بە ڕستەکان دەبەخشن و خۆیان لە نواندنی ڕستەیی دەوروبەریی بەدووردەگرن، بەڵام لە ڕێبازە  فرێزییەکاندا بایەخ بە نواندنی ڕستە لە دەوروبەردا دەدەن خۆیان لە فۆرمە ئەبستراکتەکان بە دوور دەگرن .
3. بەپێی ڕێبازە فەرهەنگییەکان بۆ دروستەی ئارگۆمێنت، توخمە فەرهەنگییەکان دروستەی ئارگۆمێنت لەخۆ دەگرن، دروستەی ئارگۆمێنت لەم ڕێبازانەدا زانیارییە بنچینەییەکان بە ئارگۆمێنتە هەڵاوێرکراوەکان دەنوێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی ئەبستراکت  دوور لە نواندنی دروستەی فرێزییانە/ ڕستەیی دەبێت بەرامبەر بەوە لە ڕێبازە فرێزییەکان ئەم دروستەی ئارگۆمێنتە لێکسیکییە ڕەتدەکاتەوە، بڕوانە ( ١٧أ- ١٧پ):

هێنان (NP1) (NP2)  بەپێی ڕێبازی فەرهەنگیی

١٧أ. ئاسۆ کتێبەکەی هێنا .

١٧ب/  ئاسۆ کتێبەکەی نەهێنا .

١٧پ/  ئاسۆ کتێبەکە دەهێنێت.

(بەپێی ڕێبازی فرێزی)

نموونەی (١٧)دا پریدیکاتی (هێنا) بەپێی زانیارییە فەرهەنگییەکانی، دوو ئارگۆمێنت وەردەگرێت کە (NP1) و (NP2) ئەم دوو ئارگۆمێنتە لە هەر دروستەیەکی ڕستەدا بێت بۆ ڕێبازە فەرەهەنگییەکان جێگەی بایەخ نیین، بەڵام ڕێبازە فرێزییەکانیان هەر ڕستەیەک لە ڕستەکانی(١٧أ-١٧پ) بە پێکهاتووی جیاواز و سەربەخۆ دادەنرێت .

4. دروستەی ئارگۆمێنتی لێکسیکیی بۆ ڕونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی هەڵاوێرکردنی لێکسیکیی ئارگۆمێنتەکان پێویستە، بەئەبستراکتکردنی دروستەی فرێزەکان و سەرەوڕیزبوونی وشەکان وەک:

١٨ا/  ئاکۆ نامەکەی بە ئاسۆ دا .

١٨ب/  باوکەکە دیارییەکەی بە منداڵەکەی دا.

١٨پ/NP1، NP2، PP  ( پێدان)

لە ڕستەی (١٨ا، ١٨ب)دا فرێزە ناوییەکانی (ئاکۆ، باوکەکە) لە (١٨پ)دا بەNP1 ئەبسترکت کراوە و فرێزە ناوییەکانی (نامەکە، دیارییەکە) لە (١٨پ)دا بەNP2 ئەبسترکت کراوە و فرێزە پێشناوییەکانی (بە ئاسۆ، بە منداڵەکە) لە (١٨پ)دا بە PP ئەبسترکت کراوە، هەروەها سەرەوەڕیزبوونی فرێزەناوییەکان و پێشناوییەکان لە (١٨ا، ١٨ب)دا لەگەڵ سەرەوڕیزبوونی NP1، NP2، PP  لە (١٨پ)دا هاوتەریبن.

5. دروستەی ئارگۆمێنتی لێکسیکیی لە ڕێگەی ڕێگەپێدان بە شیتەڵکردنی پێکهاتەکانەوە ڕێزمان ئاساندەکاتەوە، بەڵام لەم ڕێبازە فرێزەکاندا پشت بە فرەفۆڕمی پێکهاتووەکان دەبەستێت، کە کێشەدار و چارەسەرنەکراوە، بڕوانە نموونەکانی سەرەوە.

6. ڕێبازە فرێزییەکان بەڵگەکانیان لە زمان وەرگرتن و زانستی زمانی دەرونییەوە وەردەگرن، هەر پێکهاتوویەک یاسای خۆی هەیە، هەر فۆڕمێک یاسای سینتاکسیی هەیە، فرە فۆڕمی پێکهاتووەکان فرە یاسایی دروستدەکات.

بڕوانە نموونە (١٩ا ـ ١٩هـ):

١٩ا/  ئۆتۆمبێلەکە بە خێرایی لە منداڵەکەی دا.

١٩ب/  هەورە بروسکەکە بەخراپی لە دارەکەی دا.

١٩پ/  پیاوەکە بەتوندی لە منداڵەکەی خۆیدا.

١٩هـ/  کەرووەکە لە هەموو میوەکانی داوە.

لە ڕستەکانی (١٩ا ـ ١٩ه) بە پێی ڕێبازە فرێزییەکان هۆکاری دەروونییان هەیە بۆ دروستبوونیان، هەروەها هەر پێکهاتوویەکیان یاسای سینتاکسیی جیاوازی هەیە، بەڵام پێی ڕێبازە فەرهەنگییەکان هەموو ڕستەکان یەک دروستەی ئارگۆمێنتیان هەیە.

7.له ڕێبازه فەرهەنگییەکاندا وشەکان فۆڕمی فۆنۆلۆژیین بە دروستەی بە بڕشتییەکانەوە/ بە دروستەی ئارگۆمێنت دەناسرێت/ دەبەسترێتەوە، لە پێکهاتووە فریزییەکاندا، یان دروستەی ئارگۆمێنتی پێکهاتوویی بە دروستەیەکی سینتاکسیی دیاریکراوەوە دەبەسترێنەوە، کە لە ئەنجامی خستنە تەکییەکی کردار و توخمە وابەستەکەیەوە دروستدەبێت(Muller&Wechsler,2014:2)

8.ڕێزمانی پێکهاتوویی گرنگترین ڕێبازەکانی فریزییە، هەروەها لە گرنگترین ڕێبازەکانی فەرهەنگیی، ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە و ڕێزمانی فەرهەنگیی–ئەرکییە.

## ٢/ ٢) نەخشاندن لە دروستەی ئارگۆمێنتدا

نەخشاندن پەیکاڵبوونی پەیوەندیی نێوان ئاستی سیمانتیک و سینتاکسە لە نواندنی دروستەی ڕستەدا (Crystal,2003:282) واتە نەخشاندنی سێتاڕۆڵەکان بۆ ئەرکە ڕێزمانییەکانە، بۆ نموونە (کارا، بکەر) ئەمەش بە بەشێک لە بەستنەوە دادەنرێت، بڕوانە:(zaene&Maling,198)، (Levin,1986)، (Bresnan&Kanerva,1989) (williams, 2015:239) بەستنەوەش پەیکاڵبوونی ئەرکە ڕێزمانییەکان و ئەرکە سیمانتیکییەکانە بە شێوەیەکی ڕێک ( williams, 2015:205) تیۆریی بەستنەوە، نەخشاندنی نێوان واتای وشەکان و ئەو فۆڕمەیە لە سینتاکسدا دەردەکەوێت، کە ئامانجی نەخشاندن دەرخستن و خستنەڕووی ئەو ڕێسایانەیە، کە نواندنی فەرهەنگیی سیمانتیکیی وشەکان بە دروستە سینتاکسیەکانەوە پەیوەست دەکات (Randall,2010:1)، کەواتە کاری تیۆریی بەستنەوە ئەوەیە، کە بە نەخشاندنی سیمانتیک - سینتاکس واتایەک ببەخشێت و ڕوونیبکاتەوە پەیوەست بە هەموو جۆرە کردارێکەوە، ئایا دەتوانیین پێشنبینی ئەوە بکەین لە ئارگۆمێنتی سیمانتیکیی لە نواندنی فەرهەنگیی کرداردا، کە ژمارە، جۆر، هەروەها سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکان، کە کردار لە ڕستەدا داوایاندەکات (سەرچاوەی پێشو،١١)، بەلای (carrier&Randall,1993:119) ەوە نەخشاندنێکی پێڕەوبەندانە لە نێوان دوو ئاستی دروستەی لێکسیکییدا هەیە :

(a)دروستەی سیمانتیکیی وشەکان، دروستەی چەمکییانە.

(b) دروستەی سینتاکسیی وشەکان. دروستەی ئارگۆمێنت لە دروستەی چەمکییانەوە پێشبینیی دەکرێت .

پەیوەست بە ژمارەی ئارگۆمێنتەکانەوە ئەوە دروستە، کە زۆربەی کردارەکان ژمارەی ئارگۆمێنتە سیمانتیکییەکانیان هەمان ژمارەی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانیانە(Randall,2010:11) بۆ نموونە:

٢٠. خواردن [ مندڵەکە ] [نانەکەی] خوارد (ئارگۆمێنتی سینتاکسی)

کارا کارتێکراو (ئارگۆمێنتی سیمانتیکی

٢١. پێدان: [هیوا] [کتێبەکەی] [بە کاوە] دا. (ئارگۆمێنتی سینتاکسی)

کارا بابەت سودمەند (ئارگۆمێنتی سیمانتیکیی)

توخمە فەرهەنگییەکان دوو جۆر پەیوەندیی لە ڕستەدا دروستدەکەن: پەیوەندییەکیان شێوازبەندانەیە/ دروستەییانەیە، کە بە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان ناسراوە (بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ....) پەیوندیی دووهەمیان پەیوەندیی سیمانتیکییانەیە، کە بە ڕۆڵە سیمانتیکییەکان دادەنرێت (کارا، کارتێکراو، بابەت، تاقیکەرەوە.................) (pustejovsky&Batiukova,2019:29)، کەواتە نەخشاندن لە پەیوەندیی سینتاکسیدا بایەخ بە ئەرکە ڕێزمانییەکان و لە پەیوەندیی سیمانتیکدا بایەخ بە سێتاڕۆڵەکان دەدات، بۆیە پێویستە سەرەوڕێزبوونی ئەرکە ڕێزمانییەکان دیارییکرێن، دواتر لەگەڵ سێتاڕۆڵەکان نەخشاندنیان بۆبکرێت، نەخشاندنی سینتاکس ـ سیمانتیک خستنەڕوو و بەرجەستەکردنی سینتاکسیی ئارگۆمێنتە سیمانتیکییەکان بەشێوەی هەڕەمەکییانە و لەخۆوە نییە، بەڵکو بەپێی پێڕەوە، بۆ نموونە، بڕوانە (a,b)هەروەها بەدیهێنانی سینتاکسییان لە (٢٢ـ٢٤):

a) کارا لە ڕێگەی بکەرەوە دەخرێتەڕوو.
b) کارتێکراو دەشێت بکەر یان بەرکار بێت .

٢٢. کۆترەکە فڕی.(a)

٢٣. خانوەکە ڕووخا.(b)

٢٤. منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە.(b)

لە ڕستەی (٢٢)دا ئارگۆمێنتی (کۆترەکە)، کە ئارگۆمێنتێکی سینتاکسییە و بکەری ڕستەکەیە ڕۆڵی کارای پێبەخشراوە، هەروەها لەڕستەی (٢٣)دا ئارگۆمێنتی (خانوەکە)، کە ئارگۆمێنتێکی سینتاکسییە و بکەری ڕستەکەیە، ڕۆڵی کارتێکراوی پێبەخشراوە لەڕستەی(٢٤)دا، ئارگۆمێنتی (شیرەکە)، کە ئارگۆمێنتێکی سینتاکسییە و بەرکاری ڕستەکەیە ڕۆڵی کارتێکراوی پێبەخشراوە.

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی نەخشاندنی سینتاکس - سیمانتیک ئەوەیە، کە ژمارەی ڕۆڵە بابەتانەکان لە ئەرکە ڕێزمانییەکان زیاترن (Egg&kordon,2006:14)لە ئەنجامدا چەند سێتارۆڵێک بەیەک ئەرکی ڕێزمانییەوە دەبەسترێتەوە، هەموو ئارگومێنتێک لە نواندنە سیمانتیکییەکەیدا لە ڕستەدا دەرکەوتبێت پێویستە لە ڕووی سینتاکسییەوە لە ڕستەدا بەدیبهێنرێت، هەوەها هەموو ئارگۆمێنتێک لە نواندنی سینتاکسییدا پێویستە بە جێکەوتەی نواندنی سیمانتیکیی ڕستەکەوە ببسترێتەوە (van valin&LaPolla,1997:335)

کەواتە نەخشاندنی سینتاکس – سیمانتیک بایەخ بە ئەرکە ڕێزمانییەکان و جێکەوتەیان دەدات لە لایەک، لە لایەکی ترەوە بایەخ بە بەستنەوەی سێتارۆڵەکان بەو ئەرکە ڕێزمانییانە دەدات.

بەشێوەیەکی گشتی سەرەوڕیزبوونی ئەرکە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوریدا، بەپێی ئەم سەرەوڕیزبوونەی خوارەوە ڕیزدەبن:

(بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ)

نموونە :


٢٤. هیوا هات

بکەر

٢٥. هیوا وانەکەی بۆ ئێوە نووسی.

بکەر بەرکار بەرکاری ناڕاستەوخۆ

بەڵام پەیوەست بە سەرەوڕیزبوونی سێتارۆڵەکانەوە نەخشاندنی سێتارۆڵەکان بۆ ئەرکە ڕێزمانییەکان دەکرێتە بنەما نەخشاندنی سێتارۆڵەکان لە دروستەی ڕستەدا دوو پێڕەو پێشنیاز کراوە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢-٥):




هێڵکاریی ژمارە (٢–٥) نەخشاندنی دروستەی ئارگۆمێنت

دروستە سینتاکسییەکان لە تایبەتمەندییە لێکسییەکانی کردارەوە پڕۆژەسازدانیان بۆ دەکرێت، واتە بەستنەوەی نێوان سێتارۆڵەکان و دروستە سینتاکسییەکان بە شێوەیەکی ڕەها دەپارێزرێت بە جۆرێک هەر ئارگۆمێنتێک ڕۆڵێکی بابەتانەی دیاریکراوی هەڵگرتبێت، ئەوە هەمیشە بۆ هەمان جێکەوتەی سینتاکسیی دەنەخشێنرێت.

**٢/ ٢-١) پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا**

بەپێی پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا لە هێڵکاریی سینتاکسییدا سێتارۆڵەکان بە جێکەوتەکانەوە دەنەخشێنرێت(Egg&kordon,2006:14)، واتە ڕۆڵە بابەتانەکان لە ڕێگەی دروستە سینتاکسییەکانەوە دەبەخشرێت، واتە ئارگۆمێنتەکە لە هەر جێکەوتەیەکدا بێت هەمان سێتارۆڵ وەردەگرێت، چونکە لە دروستەی قووڵدا سێتارۆڵەکان دەبەخشرێن، بۆ نموونە ڕۆڵی بابەتانەی (کارتێکراو) بە ئارگۆمێنتێک دەبەخشرێت لە دروستەی قووڵدا دەشێت ئەو ئارگۆمێنتە لە دروستەی ڕووکەشدا لە جێکەوتەی بکەر یان بەرکاردا دەربکەون(stringer,2019:190)، وەک:

٢٦ا/ . منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند.

٢٦ب/ . پەنجەرەکە شکێنرا.

٢٦پ/ . پەنجەرەکە منداڵەکە شکاندی

له ڕستەکانی ژمارە (١٢٦/ ب/ پ)دا ئارگۆمێنتی (منداڵەکە) لە دروستەی قووڵدا ڕۆڵی کارای وەرگرتووە ئارگۆمێنتی (پەنچەرەکە) ڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە، هەرچەندە جێکەوتەکانیان گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە.

ئەم بەستنەوەی ئارگۆمێنت بە جێکەوتەی سینتاکسییەوە لە ڕێگەی یاسای ڕوونەوە دەبێت، کە بە یاساکانی بەستنەوە ناسراوە، کە هەموو جۆرەکانی نەخشاندنە ڕێکەکان لە خۆدەگرێت وەکو نەخشاندنی UTAH یاساکانی بەستنەوە بەم شێوەیە دەبێت (Baker,1989:74)

a) کارا بە ئارگۆمێنتی دەرەکییەوە ببەستێتەوە
b) بابەت/ کارتێکراو بە ئارگۆمێنتی ڕاستەوخۆ ببەستێتەوە
c) هەر سێتارۆڵێکی تر ماوە بە ئارگۆمێنتی ناڕاستەوخۆ ببەستێتەوە کە پێشناوی لەگەڵدا بێت

بەخشینی سیتا ڕۆڵ پەیوەندیی نێوان ڕۆڵپێدەر و ئارگۆمێنتە، کردار تەنها یەک سێتارۆڵ دەبەخشێت هەندێک NP لە لایەن کردارەوە سێتارۆڵ وەرناگرن، بەڵکو لەلایەن پێشناوەکانەوە وەریدەگرن ئەو NP یەی، کە ڕاستەوخۆ سێتارۆڵ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت بە ئارگۆمێنتی ڕاستەوخۆ دادەنرێت، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتەی، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سێتارۆڵ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت پێیدەگوترێت ئارگۆمێنتی ناڕاستەوخۆ، ئەو ئارگۆمێنتەی لە ڕێگەی VP یەوە سێتارۆڵ وەردەگرێت پێدەگوترێت ئارگۆمێنتی دەرەکیی، ئارگۆمێنتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی دادەنرێت (Rappaport et al,1993:39)

نموونە:

٢٧. هیوا هات .

٢٨. هیوا کتێبەکەی هێنا.

٢٩. هیوا کتێبەکەی لە کارزان وەرگرت.

لە ڕستەی (٢٧)دا فریزی ناوی (هیوا) ئارگۆمێنتی دەرەکییە و ڕۆڵی کارای بینیوە(یاسایa)، لە ڕستەی (٢٨)دا فریزی ناوی (کتێبەکە) ئارگۆمێنتی ڕاستەوخۆیە و ڕۆڵی بابەتی بینیوە(b)، لە ڕستەی (٢٩)دا فریزی پێشناوی (لە کارزان) ئارگۆمێنتی ناڕاستەوخۆیە ڕۆڵی سەرچاوەی بینیوە

پلەبەندیی جیهانی بەخشینی سێتا، ڕۆڵە واتاییەکان بە ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە دەبەستێتەوە بەهۆی ئەوەی لە دروستەی قووڵدا سێتاڕۆڵەکان دەبەخشرێن بە ئەرکە ڕێزمانییەکان بەپێی ئەم بنەمایە بێت ئارگۆمێنتەکە لە هەر جێکەوتەیەکدا بێت هەمان سێتاڕۆڵ وەردەگرێت، دەکرێت ئەم بنەمایە بۆ ڕستەکانی (بکەردیار، بکەرنادیار، باسمەند/ بەلوتکەکردن، مۆرفۆسینتاکس) تاقیبکرێنەوە بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە(٣٠أ/ ب/ پ)

٣٠ا/ لەند کۆترەکانی فڕاند.

٣٠ب/ کۆترەکان فڕێنران.

٣٠پ/ کۆترەکان لەند فڕاندنی.

لەڕستەی (٣٠أ)دا فریزی ناوی کۆترەکە ڕۆڵی (بابەت)ی بینیوە و بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی بەستراوەتەوە و ئەرکە ڕێزمانییەکەی بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بەڵام لە ڕستەی(٣٠ب)فریزی ناوی کۆترەکە ڕۆڵی (بابەت)ی بینیوە و بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەستراوەتەوە و ئەرکە ڕێزمانییەکەی بکەرە و لەڕستەی (٣٠پ)دا فریزی ناوی کۆترەکە ڕۆڵی (بابەت)ی بینیوە و بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی بەستراوەتەوە و ئەرکە ڕێزمانییەکەی بەرکاری ڕاستەوخۆیە

بەپێی ئەم ڕستانەی سەرەوە ئەم بنەمایە لەگەڵ زمانی کوردیدا دەگونجێت و دەکرێت وەکو یەکێک لە پێوەرەکانی بەستنەوەی نێوان ڕۆڵەواتاییەکان و ئەرکە ڕێزمانییەکان دابنرێن.

### ٢/ ٢-٢) پلە بەندیی هەڕەمیی ڕۆڵی بابەتانە

پلەبەندیی ڕۆڵی بابەتانە سەرەوڕیزبوونی سێتاڕۆڵەکانە، کە پێویستە بەپێی سەرەوەڕیزبوونی ئەو ئەرکە ڕێزمانییانە بێت، کە پێوەی دەبەسترێتەوە، بەپێی ئەم ڕێبازە (فەرهەنگ بنەما) بۆ دروستەی ئارگۆمێنت سێتاڕۆڵەکان لەلایەن سیمانتیکیی لێکسیکیی کردارەکەوە دیاریدەکرێت، هەروەها لە ڕێگەی پلەبەندیی هەڕەمییەوە بۆ سینتاکس نەخشاندنیان بۆ دەکرێت، پێشنیازی ئەوە دەکات کە سێتاڕۆڵەکان لە پلەبەندیی هەڕەمییدا ڕیزکراون، ئەگەر کردارێک دوو سێتاڕۆڵی پێبێت (کارا،بابەت) ئەوە سێتاڕۆڵی کارا بە بکەر بابەت بە بەرکار دەبەخشێت (Jackendof,1972:189)بڕوانە.

٣١. کاوە دەرگاکەی کردەوە .

له ڕستەی (٣١)دا سیتاڕۆڵی کارا بە بکەری ڕستەکە (کاوە) بەخشراوە و سیتاڕۆڵی بابەت بە بەرکاری ڕستەکە (دەرگارکە) بەخشراوە کەواتە پلە بەندیی ئەم ڕستەیە کارا > بابەت.

، بەڵام ئەگەر کردارەکە یەک سیتاڕۆڵی هەڵگرتبوو سیتاڕۆڵەکەش (بابەت) بێت، ئەوە بە بکەر دەیبەخشێت (stwol,1992:12). بڕوانە (٣٢)

٣٢. دەرگاکە کرایەوە.

سیتاڕۆڵەکانی هەر کردارێک بە ئارگۆمێنتی سینتاکسییەوە دەبەستریتەوە بە شێوەی یەک بۆ یەک لە بەرزترین جێکەوتەی پلەبەندییەکەوە بۆ نزمترینیان، نابێت چەند سیتاڕۆڵێک بەیەک ئارگۆمێنت ببەخشرێت، هەوەها نابێت یەکتربڕ ڕووبدات(Randall,2010:69)، بۆ بەدیهێنانی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکان، هەروەها نەخشاندنی سیتاڕۆڵەکان بۆ سینتاکس پلە بەندیی هەڕەمی ڕۆڵی بابەتانە بە دوو شێواز پێشنیازکراوە(a شێوازی ستونیی، b شێوازی ئاسۆیی)

لە شێوازی ستونییدا بۆ چۆنیەتیی بەدیهێنانی ئارگۆمێنتەکان لە سینتاکسدا ئەم چەند هەنگاوە دەگیرێنەبەر :

هەنگاوی یەکەم : لە واتای کردارەکەوە (دروستەی چەمکییانە)ەوە ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتەکانی کردارەکە هەڵدەهێنجێنین، بۆ نموونە کردارێکی وەکو (کڕین)، پەپێی دروستە چەمکییەکەی پێویستە (شێک هەبێت بکڕدرێت هەروەها کەسێک هەبێت شتەکە بکرێت) کەواتە (کەسێک،شتێک) هەیە.

هەنگاوی دووهەم: جێکەوتەیی ڕێژەیی ئارگۆمێنتەکان پەپێی ئەم پلەبەندییەی ڕۆڵی بابەتانەی خوارەوە دیاریدەکرێت:

پلەبەندیی ڕۆڵی بابەتانە:

کارا

تاقیکەرەوە

ئامێر

وەرگر/ سودمەند

کارتێکراو/ بابەت

شوێن/ سەرچاوە/ ئامانج

پەیوەست بە کرداری (کڕین) کە لە هەنگاوی یەکەمدا خرایەڕوو، کەسەکە ڕۆڵی بابەتانەی کارا وەردەگرێت و هەروەها (شتەکە) ڕۆڵی بابەتانەی بابەت وەردەگرێت ئەمەش پەیکاڵە لەگەڵ پلەبەندیی ڕۆڵی بابەتانە لە هەنگاوی دووەمدا بڕوانە ڕستەی (٣٣)

٣٣. هیوا مۆبایلەکەی کڕی

کارا   بابەت

هەنگاوی سێهەم: ئارگۆمێنتەکان بە سینتاکسەوە دەبەسترێنەوە بەم شێوەیە :

سەرەتا بە (a) دەستپێیکە، دواتر ئەگەر جێبەجێبکرێت (b) دواتر ئەگەر جێبەجێبکرێت (c) .

(a) ئەو ئارگۆمێنتەی لە بەرزترین پلەبەندیی هەرەمییەکەیدا ئەرکی بکەر بەدیدەهێنێت.

٣٤. هیوا هات.

٣٥. هیوا نانەکەی خوارد .

٣٦. نانەکە خورا.

ئەگەر یەک NP ئارگۆمێنت هەبوو ئەوا هەمیشە بکەرە .

(b) ئەو ئارگۆمێنتەی لە دوای ئەوەوە دێت، لە پلەبەندیی هەرەمییەکەیدا ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەدیدەهێنێت.

٣٧. ئازاد کتێبەکەی هێنا .

٣٨. ئاری یارییەکەی کڕی.

٣٩. منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند.

(c) ئەو ئارگۆمێنتەی لەدوای ئەوە دێت لە پلەبەندی هەرەمییەکەی دا بەرکاری ناڕاستەوخۆ بەدیدەهێنێت.

٤٠. هیوا کتێبەکەی لە نازدار وەرگرت.

یەکێک لە شێوە بەربڵاوەکانی ئەم سەرەورپیزبوونە شێوازی ئاسۆییە:

کارا<کارتێکراو/ بابەت<ئامانج<ئامێر<شوێن/ کات.

٤١. منداڵەکە سێوەی خوارد

کارا کارتێکراو

٤٢. ئازاد کتێبەکەی هێنا.

کارا بابەت

٤٢. من پەنجەرەکەم بە بەرد شکاند .

کارا کارتێکراو ئامێر

٤٣. پیاوەکە یارییەکەی بۆمنداڵەکە بە ئۆتۆمبێل نارد .

کارا بابەت سودمەند ئامێر

٤٤. هیوا شتومەک لە هەولێرەوە بە بار دەهێنێت.

کارا بابەت سەرچاوە ئامێر

(filmore,1970) ئەم پلە بەندییەی بۆ سێتارۆڵەکان داناوە:

کارا> تاقیکەرەوە>ئامێر>کارتێکراو>ئامانج>سەرچاوە/ شوێن

٤٥. کاوە بەچەکوشەکە دەستی بریندارکرد

کارا ئامێر کارتێکراو

٤٦. هیوا بەکلیلەکە دەرگاکەی کردەوە


٤٧. منداڵەکە یارییەکەی لە پاکەت دروستکرد.

کارا کارتێکراو سەرچاوە

له زمانی کوریدا لەم ڕستانەی سەرەوە دەشێت جێگۆڕکێ بە شوێنی ئامێر و کارتێکراوەکە بکرێت بەپێی دروستەی زانیاری کام کەرەستە بخرێتە پێش کەرەستەکەی تر

بە لای(Jackndoff,1990)ەوە نەخشاندنی یەک بۆ یەک لە نێوان ڕۆڵی بابەتانە و ئەرکە ڕێزمانییەکاندا نییە، چونکە لە ڕستەدا ژمارەی ئەرکە ڕێزمانییەکان کەمترن بەراورد بە ژمارەی سێتاڕۆڵەکان بۆ نموونە دەگونجێت ئەرکێکی ڕێزمانی وەکو بکەر بەپێی جۆری کردارەکە سێتاڕۆڵەکانی کارا و کارتێکراو و بابەت و ئامێر...)وەربگرێت، کام ئارگۆمێنتی چەمکییانە بەگشتیی دەتوانێت لەگەڵ ئارگۆمێنتی سینتاکسیی پەیکاڵبێت و دیارییبکرێت هەروەها ئەوە دیارییبکرێت کام ئارگۆمێنتی سینتاکسییانە بەکام ئارگۆمێنتی چەمکییانەوە دەبەسترێتەوە.

بۆ بەستنەوە و پەیکاڵبوونی ئەرکە ڕێزمانییەکان بە ڕۆڵەواتاییەکان بڕوانە هێڵکارییەکانی ژمارە(٦، ٧، ٨)




هێڵکاریی ژمارە (٢-٦) بەستنەوەی بکەر بە سێتاڕۆڵەکان

بۆ بەستنەوەی ئەرکی ڕێزمانی بکەر بە ڕۆڵەواتاییەکان بڕوانە نموونەکانی (٤٨- ٥٢)

٤٨ . <u>لەند</u> نانەکەی خوارد

کارا

٤٩ . <u>منداڵەکە</u> خنکا.

کارتێکراوە

٥٠ . نامەکە هات.

بابەت


٥١. کورەکە لە نەخۆشییەکە دەترسێت.

تاقیکەرەوە

٥٢. کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

ئامێر

بۆ بەستنەوەی ئەرکی ڕێزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ بە ڕۆڵەواتاییەکان بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢-٧) و ڕستەکانی (٥٣، ٥٤)




هێڵکاریی ژمارە (٢-٧) بەستەوەی بەرکاری ڕاستەوخۆ بەسێتاڕۆڵەکانەوە


٥٣. منداڵەکە پەنچەرەکەی شکاند

کارتێکراو

٥٤. هیوا کتێبەکەی هێنا.

بابەت

بۆ بەستنەوەی ئەرکی ڕێزمانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕۆڵەواتاییەکان بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢-٨) و ڕستەکانی (٥٥-٥٧)




هێڵکاریی ژمارە (٢-٨)

٥٥. دەرگاکەی بە کلیل کردەوە.

ئامێر

٥٦. کاوە کتێبەکەی بۆ نەوزاد کڕی.

سودمەند

٥٧. یارییەکەی لە پاکەت دروستکرد.

سەرچاوە

بەپێی گریمانەکە دوو پلەبەندیی جیهانیی هەن، یەکێکیان بۆ ڕۆڵی بابەتانە، ئەوەی تریان بۆ ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانە، ڕێساکانی بەستنەوەی گریمانەی پلەبەندیی ڕۆڵی بابەتانە لە (a-١)دا خراوەتەڕوو، ڕۆڵی بابەتانەی کردارێک لە پلەبەندیی ڕۆڵی بابەتانەدا بە جێکەوتەی پلەبەندیی ئارگۆمێنتی سینتاکسییەوە (b-١) دەبەسترێتەوە دەرکردەی ئەم پێواژۆیە دەبێتە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە :

| Aپلە بەندیی ڕۆڵی بابەتانە | b پلەبەندیی ئارگۆمێنتی سینتاکسی |
|---|---|
| کارا | a [.........] |
| بابەت | .....[......a......] |
| ئامانج/ سەرچاوە/ شوێن | .....[......a.....] |

ئاوەڵناو و ناو و پێشناوەکانیش نەخشاندنی سینتاکس – سیمانتیکیان هەیە:

ئاوەڵناوەکان بە شێوەی گشتیی وەکو پریدیکاتێک یەک ئارگۆمێنت وەردەگرن و ئارگۆمێنتەکەش سێتاڕۆڵی بابەت وەردەگرێت و ئەرکە ڕێزمانییەکەشی بکەرە، بۆیە لە نەخشاندنەکەیدا (بابەت،بکەر) هەیە.

٥٨. کاوە زیرەکە.

ناوەکانیش یەک ئارگۆمێنت وەردەگرن و ئارگۆمێنتەکەش سێتاڕۆڵی بابەت وەردەگرێت و ئەرکە ڕێزمانییەکەشی بکەرە، بۆیە لە نەخشاندنەکەیدا (بابەت،بکەر) هەیە.

ئازاد مامۆستایە.

**٢/ ٣-١) گۆڕاوەکانی دروستەی ئارگۆمێنت :**

ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتێک دەتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ جۆرێکی تر لە ئارگۆمێنت بەپێی جۆری پریدیکاتەکە، بەڵام وەکوPinker پێشنیازیکردووە گۆڕاوە سینتاکسییەکان هەرەمەکیی و دەستور

بەدەر نیین، بەڵکو بە پێوەر و مەرجە سیمانتیکییەکانەوە بەستراون منداڵیش لە سەرەتادا لەم پێوەر و مەرجە سیمانتیکییانە بە ئاگا نییە، هەر بۆیە زۆر بە گشتییانە قسە دەکات، بۆ نموونە بڕوانە (٥)

٥٩. پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

٥٩ب/ *کەروێشکەکە گۆشتەکەی خوارد.

بەڵام وردە وردە لە کۆتاییدا کاتێک بە پێوەر و مەرجەکان ئاشنا دەبێت و دەیزانێت ئیتر بەکارهێنانە سینتاکسییەکەی وەکو گەورەکانی لێدێت(pinker,1989:205)، لە ڕستەی (٥٩)دا ئارگۆمێنتەکانی (پشیلەکە) (گۆشتەکە) دوو ئارگۆمێنتی پریدیکاتی (خواردن)، بەڵام لە ڕستەی(٥٩ب)دا ئارگۆمێنتی (پشیلەکە گۆڕاوە بۆ کەروێشکەکە)، کە ئەمەش دەرچوونە لە پێوەر مەرجە سیمانتیکییەکانی گۆڕاوە سینتاکسییەکان، بۆیە بووە بە ڕستەیەکی نا ڕێزمانیی.

یەکێک لە پێوەرەکان، کە بۆ گۆڕاوەکان بەکاردەهێنرێت لە چێوەدانە، لە چێوەدانیش پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی لە فۆرمێکی ئەبستراکت دەنوێنرێن نەک بەشێوەی وشە(pinker,1989:205) کردارەکان بەپێی چێوەی بەبڕشتیی و دروستەی ئارگۆمێنتیان دەکرێنە گرووپ و تەرزە بنەڕەتییەکانی ڕستیلەکان دیاریدەکات (Slama,2018:24)، بۆ نموونە کرداری (فڕین) لە چێوەدانەکەی بەم شێوەیە

٦٠أ

| | |
|---|---|
| a. [NP1] کردار<br>b. کارا [NP1] | لەچێوەدان |

٦٠ب/ کۆترەکە فڕی.

هەروەها چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن پێوەرێکی دیکەیە، بۆ ئارگۆمێنتی ناوەکیی کردارەکانە، چونکە کردارەکان سێتاڕۆڵ بە ئارگۆمێنتە ناوەکییەکان دەبەخشن[11] واتە کردارەکان لە ڕێگەی وەچەپۆلدیاریکردنەوە جۆری گۆڕاوە سینتاکسییەکان دیاریدەکەن، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی لەڕێگەی (VP) وە دیاریکردێت، واتە پێدانی سێتاڕۆڵ بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی بەشێوەی

11 بڕوانە (fabregas:2005) ئارگۆمێنتی ناوەکیی بەدیاریکراوی لەلایەن ڕەگی کردارەوە دیاریدەکرێت)

داڕشتەیی دەبێت . هەڵبژاردنی ئارگۆمێنتی ناوەکیی/ بەرکار کاریگەری لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتی دەرەکیی دەبێت، بەڵام هەڵبژاردنی ئارگۆمێنتی دەرەکیی کاریگەریی لەسەر ڕۆڵی بابەتانەی ئارگۆمێنتی دەرەکیی/ بکەر نابێت .

شێوازی پێدانی سیتاڕۆڵ لەلایەن کردارەوە بە ئارگۆمێنتەکانی بە دوو قۆناغ دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا، کردارەکە سیتاڕۆڵ دەبەخشێتە ئارگۆمێنتە ناوەکییەکەی و لە قۆناغی دووەمدا (VP) سیتاڕۆڵ دەبەخشێتە ئارگۆمێنتە دەرەکییەکەی، (Haegeman,1994:,72) . هەندێک NP ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە لایەن کردارەوە سیتاڕۆڵ وەرناگرن، بەڵکو لەلایەن پێشناوەکانەوە وەریدەگرن. ئەو NP یەی، کە ڕاستەوخۆ سیتاڕۆڵ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت، بە ئارگۆمێنتی ڕاستەوخۆ دادەنرێت، بەڵام ئەو ئارگۆمێنتەی، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ سیتاڕۆڵ لە لایەن کردارەوە وەردەگرێت پێیدەگوترێت ئارگۆمێنتی ناڕاستەوخۆ (Rappaport et al,1993:39)، ئەم شێوازی پێدانی سیتاڕۆڵانە وەکو پێوەرێک بەکاردەهێنرێت بۆ گۆڕاوەکان

بەپێی هێزی کردارەکان، جۆری گۆڕاوەکان پەیوەست بە پێوەری لەچێوەدان و وەچەپۆلدیاریکردن و پێدانی سیتاڕۆڵەکان دیاریدەکرێن بڕوانە بەشی یەکەمی نامەکە.

1 .کرداری یەک جێکەوتەیی (هاتن، فڕین........)

٦١أ

| | | |
|---|---|---|
| .a | [ NP1] کردار | لەچێوەدان |
| .b | کارا [NP1 ] | |

٦١أ/ هیوا هات

٦١ب/ پیاوەکە هات

٦١پ/ *بەردەکە هات.

لە ڕستەی (٦١أ)دا بەپێی نواندنی لەچێوەدانەکەی (NP) هیوا، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP)ەوە سێتاڕۆڵی کارای وەرگرتووە. لە ڕستەی (٦١ب)دا گۆڕاوی (پیاوەکە) ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP)ەوە سێتاڕۆڵی کارای وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٦١پ)دا گۆڕاوی (بەردەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی کارای وەرنەگرتووە، بۆیە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمهاتووە.

a. [ NP1 ] کردار

b. [ NP1] کارا

لەچێوەدان

٦٢أ/ پوشەکە سوتا.

٦٢ب/ دارەکە سوتا.

٦٢پ/ *ئاوەکە سوتا.

لە ڕستەی (٦٢أ)دا بەپێی نواندنی لەچێوەدانەکەی (NP) (پوشەکە)، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لایەن (VP)ەوە سێتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە. لە ڕستەی (٦٢ب)دا گۆڕاوی (دارەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٦٢پ)دا گۆڕاوی (ئاوەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لایەن (VP)ەوە سێتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرنەگرتووە، بۆیە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمهاتووە.

2. کرداری دوو جێکەوتەیی ( خواردن، خوێندن، هێنان، شکاندن.........)

a) [ NP1] [ NP2] کردار

لەچێوەدان

b) [ NP1] کارا [ NP2 ] کارتێکراو

٦٣أ/  شێرەکە ئاسکەکەی خوارد.

٦٣ب/  مندڵەکە سێوەکەی خوارد.

٦٣پ/ *ئاسکەکە شێرەکەی خوارد.

لە ڕستەی (٦٣أ)دا لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا  کرداری (خوارد) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٦٣أ)دا بە (NP) (ئاسکەکە) نوێنراوە و سیتاڕۆڵی کارتێکراوی پێبەخشراوە، دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NP1) کە لە ڕستەی (٦٣أ) بە (NP) (شێرەکە) نوێنراوە، سیتاڕۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٦٣ب)دا (ئاسکەکە) بۆ فریزی ناوی (سێوەکە) گۆڕاوە ، هەمان سیتاڕۆڵی وەرگرتووە (کارتێکراوە)، هەروەها (شێرەکە) بۆ فریزی ناوی (منداڵەکە) گۆڕاوە هەمان سیتاڕۆڵی وەرگرتووە (کارا) ، بەڵام لە ڕستەی (٦٣پ)دا شێرەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سیتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە (VP) سیتاڕۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فریزی ناوی (ئاسکەکە) ناتوانێت ئەم سیتاڕۆڵە وەربگرێت، بڕوانە (دروستەی چەمکییانە..........)، بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٦٣أ، ٦٣ب) ئەم سیتاڕۆڵەیان وەرگرتووە، بۆیە ڕستەکان: ڕێزمانیین .

(a  [NP1]  [NP2]  کردار

لەچێوەدان

(b  کارا [NP1 ]بابەت [ NP2 ]

٦٤أ/  ئیلیان کتێبەکانی هێنا.

٦٤ب/ منداڵەکە یارییەکانی هێنا.

٦٤پ*دارەکە کتێبەکەی هێنا.

لە ڕستەی(٦٤أ)دا لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا  کرداری هێنا بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٦٢أ)دا بە (NP)(کتێبەکە) نوێنراوە

و سێتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشراوە، دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(٦٤أ)دا بە (NP) (ئیلیان) نوێنراوە سێتاڕۆڵی کارا ی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٦٤ب)دا (NP)(کتێبەکە) بۆ فریزی ناوی (یارییەکان) گۆڕاوە، هەمان سێتاڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتووە، هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئیلیان) بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (منداڵەکە) گۆڕاوە، هەمان سێتاڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٦٤پ)دا، (کتێبەکە) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتاڕۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فریزی ناوی دارەکە ناتوانێت ئەم سێتاڕۆڵە وەربگرێت، بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٦٤أ، ٦٤ب) ئەم سێتاڕۆڵەیان وەرگرتووە، بۆیە دوو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

a) [NP1] [PP] کردار

b) کارا [NP1] بابەت/ ...[PP]

لەچێوەدان

٦٥أ/ پیاوەکە لە منداڵەکەی دا.

٦٥ب/ ئۆتۆمبێلەکە لە پیاوە بەتەمەنەکەی دا

٦٥پ/ *دارەکە لەمنداڵەکە دا

لە ڕستەی(٦٥أ)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا کرداری (لێدان) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (PP) کە لە ڕستەی (٦٥أ)دا بە (PP) (لەمنداڵەکە) نوێنراوە، و سێتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP) کە لە ڕستەی(٦٥أ)دا بە (NP) (پیاوەکە) نوێنراوە، سێتاڕۆڵی کارا ی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٦٣ب)دا (PP منداڵەکە) گۆڕاوە بۆ (PP پیاوە بەتەمەنەکە)، هەمان سێتاڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتووە، هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئۆتۆمبێلەکە) هەمان سێتاڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٦٣پ)دا (PP) لەمنداڵەکە وەکو ئارگۆمێنتی

نـاوەکیی سـێتاڕۆڵی بـابەتی وەرگرتـووە، دواتـر (VP) سـێتاڕۆڵی کـارا دەبەخشـێتە ئـاڕگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فرێزی ناوی (دارەکە) ناتوانێت ئەم سێتاڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانییە، بەڵام ئاڕگۆمێنتی دەرەکیی ڕسـتەی (٦٣أ،٦٣ب) ئەم سـێتاڕۆڵەیان وەرگرتـووە، بـۆیە دوو ڕسـتەی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە.

| | |
|---|---|
| a) [NP1] [ PP ] کردار | لەچێوەدان |
| b) کارا [NP1 ] ئامێر/ ...[ PP ] | |

٦٦أ/ من بە هەواڵەکەم زانی

٦٦ب/ پیاوەکە بە کێشەکەی زانی .

٦٦پ/ *دیوارەکە بە ڕووداوەکەی زانی.

لە ڕسـتەی(٦٦أ)دا، لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نـوێنراوە، سـەرەتا کرداری (پێـزانین) بەپێـی چێوەی وەچەپۆلــدیاریکردن ئــاڕگۆمێنتی نــاوەکیی (PP) کە لە ڕســتەی (٦٦أ)دا بە (PP) (بەهەواڵەکە) نوێنراوە و سێتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشـراوە، دواتر ئـاڕگۆمێنتی دەرەکیی(NP) کە لە ڕسـتەی(٦٦أ)دا بە (NP) (مـن) نـوێنراوە، سـێتاڕۆڵی کـارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشــراوە، بەڵام لە ڕســتەی (٦٦ب)دا (PP)(بەهەواڵەکە)گۆڕاوە بۆ (PP)(بە کێشـەکە)، هەمـان سـێتاڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتـووە، هەروەها (ئاڕگۆمێنتی دەرەکیی (من) گۆڕاوە بۆ ئـاڕگۆمێنتی دەرەکیی (پیـاوەکە) هەمـان سـێتاڕۆڵی (کـارا)ی وەرگرتـووە، بەڵام لە ڕستەی (٦٦پ)دا (PP بە ڕووداوەکە)، وەکو ئـاڕگۆمێنتی نـاوەکیی سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتاڕۆڵی کارا دەبەخشێتە ئاڕگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فریـزی نـاوی (دیـوارەکە) ناتوانێـت ئەم سـێتاڕۆڵە وەربگرێـت، بـۆیە ڕسـتەکە ناڕێزمـانییە، بەڵام ئــاڕگۆمێنتی دەرەکیــی ڕســتەی (٦٦أ، ٦٦ب) ئەم سـێتاڕۆڵەیان وەرگرتــووە، بــۆیە دوو ڕســتەی ڕێزمانی بەرهەمهاتوون.

کرداری (پێزانین) بە هۆی ئەوەی لە فەرهەنگدا بە دوو زانیاریی جیاوازەوە نوێنراوە، هەر بۆیە دروستەی ئارگۆمێنتیان جیاواز دەبێت، هەرچەندە هەمان دروستەی مۆرفۆلۆژییان هەیە:

a[ NP1 ] [ NP2 ] [ PP ] کردار
لەچێوەدان
bکارا [ NP1 ] بابەت [ NP2 ] سودمەند/ ...[ PP ]

٦٧أ/ من تۆم بە پیاو زانی

٦٧ب/ پیاوەکە هیوای بە فێڵباز زانی.

٦٧پ/ * دارەکە هیوای بە پیاو زانی

لە ڕستەی(٦٧أ)دا، لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا کرداری (پێزانیین) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٦٥أ)دا بە (NP)(تۆ) نوێنراوە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەڕستەکەدا بە (بە پیاو) نوێنراوە و سێتارۆڵی سودوەرگری پێەخشراوە، هەروەها ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(٦٧أ)دا بە (NP من) نوێنراوە، سێتارۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٦٧ب)دا (NP تۆ ) بۆ فریزی ناوی (هیوا) گۆڕاوە، هەمان سێتارۆڵی(بابەت)ی وەرگرتووە، (PP)(بەپیاو) بۆ (PP)(بە فێڵباز) گۆڕاوە، هەمان سێتارۆڵی سودوەرگری وەرگرتووە، هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (من) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە)، هەمان سێتارۆڵی (کارای)ی وەرگرتووە.، بەڵام لە ڕستەی (٦٧پ)دا (هیوا) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتارۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فریزی ناوی (دارەکە) ناتوانێت ئەم سێتارۆڵە وەربگرێت، بۆیە ڕستەکە نارێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٦٧أ، ٦٧ب) ئەم سێتارۆڵەیان وەرگرتووە، بۆیە دوو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمهاتوون.

a) [ NP1 ] [ NP2 ] کردار

لەچێوەدان

b)   تاقیکەرەوە [NP1 ]بابەت [ NP2 ]

٦٨أ/ لەند خواردنەکەی تامکرد.

٦٨ب/ نەخۆشەکە دەرمانەکەی تامکرد.

٦٨پ/ * بەردەکە شیرەکەی تامکرد.

لە ڕستەی(٦٨أ)دا، لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا کرداری (تامکردن) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٦٨أ)دا بە (NP)(خواردنەکە) نوێنراوە و سیتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(٦٨أ)دا بە (NP) (لەند) نوێنراوە سیتاڕۆڵی تاقیکەرەوەی لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٦٨ب)دا (NP خوردنەکە) بۆ فریزی ناوی (دەرمانەکە) گۆڕاوە، هەمان سیتاڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتووە، هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (لەند) بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (نەخۆشەکە) گۆڕاوە، هەمان سیتاڕۆڵی (تاقیکەرەوە)ی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٦٨پ)دا شیرەکە وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سیتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سیتاڕۆڵی تاقیکەرەوە دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فریزی ناوی (بەردەکە) ناتوانێت ئەم سیتاڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٦٨أ، ٨٦ب) ئەم سیتاڕۆڵەیان وەرگرتووە، بۆیە دوو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمهاتوون.

1 .کرداری سێ جێکەوتەیی( پێدان لێکردن، پێکردنەوە لێکردنەوە...............)

a[ NP1]    [NP2] [ PP ]   کردار

لەچێوەدان

bکارا [NP1 ] بابەت [ NP2 ]  سودمەند/ ...[ PP ]

٦٩أ/  ئازاد دیارییەکەی بە تۆ دا.

٦٩ب/  پیاوەکە کتێبەکەی بە کوڕەکەی دا.

٦٩پ/ * بەردەکە کتێبەکەی بە کوڕەکەی دا.

لە ڕستەی(٦٩أ)دا، لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا  کرداری (پێدان) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٦٩أ)دا بە (NP)(دیارییەکە) نوێنراوە و سێتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشراوە، دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەڕستەکەدا بە (بەتۆ) نوێنراوە و سێتاڕۆڵی سودوەرگری پێبەخشراوە، هەروەها ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(٦٩أ)دا بە (NP) (ئازاد) نوێنراوە سێتاڕۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە.، بەڵام لە ڕستەی (٦٧ب)دا (NP)(دیارییەکە )گۆڕاوە بۆ فریزی ناوی (کتێبەکە)  هەمان سێتاڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتووە، (PP)(بەتۆ) بۆ (PP)(بە کورەکە) گۆڕاوە، هەمان سێتاڕۆڵی سودوەرگری وەرگرتووە،  هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئازاد) بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە، هەمان سێتاڕۆڵی (کارای)ی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٦٩پ)دا (کتێبەکە) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتاڕۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فریزی ناوی (بەردەکە) ناتوانێت ئەم سێتاڕۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٦٩أ، ٦٩ب) ئەم سێتاڕۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە دوو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمهاتوون.

لێکردنەوە

a[NP1]   [NP2] [PP]  کردار

لەچێوەدان

bکارا [NP1] کارتێکراو [NP2] ئامێر/ ...[PP]

٧٠أ/  پیاوەکە سێوەکەی بە دەست لێکردەوە .

٧٠ب/ ژنەکە نانەکەی بە مەقاش لێکردەوە.

٧٠پ/ *سێوەکە هەنارەکەی بە دەست لێکردەوە.

لە ڕستەی(٧٠أ)دا لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا کرداری (لێکردنەوە) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٧٠أ)دا بە (NP)(سێوەکە) نوێنراوە و سێتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشراوە، دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەڕستەکەدا بە (بە دەست) نوێنراوە و سێتاڕۆڵی ئامێری پێەخشراوە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(٧٠أ)دا بە (NP) (پیاوەکە) نوێنراوە سێتاڕۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٧٠ب)دا (NP سێوەکە ) بۆ فرێزی ناوی (نانەکە) گۆڕاوە، هەمان سێتاڕۆڵی(بابەت)ی وەرگرتووە، (PP بەدەست) بۆ (PP بە مەقاش) گۆڕاوە، هەمان سێتاڕۆڵی ئامێری وەرگرتووە، هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ژنەکە) هەمان سێتاڕۆڵی (کارای)ی وەرگرتووە.، بەڵام لە ڕستەی (٧٠پ)دا (هەنارەکە) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتاڕۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فرێزی ناوی (سێوەکە) ناتوانێت ئەم سێتاڕۆڵە وەربگرێت، بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٧٠أ، ٧٠ب) ئەم سێتاڕۆڵەیان وەرگرتووە، بۆیە دوو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمهاتوون.

دەست لێدان

لەچێوەدان

a) [NP1] [PP] کردار

b) کارا [NP1] ئامانج/ ...[PP]

٧١أ/ من دەستم لە گوڵەکان دا .

٧١ب/  پیاوەکە دەستی لە کتێبەکە دا .

٧١پ/  *ماسییەکە دەستی لە پێنوسەکان دا .

لە ڕستەی(٧١أ)دا، لەچێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە،سەرەتا  کرداری (دەستلێدان) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی(PP) کە لەڕستەکەدا بە (بە گوڵەکان) نوێنراوە و سێتارۆڵی ئامانجی پێەخشراوە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(NP1) کە لە ڕستەی(٧١أ)دا بە (NP) (من) نوێنراوە سێتارۆڵی کارای لە لایەن (VP)ەوە پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٧١ب)دا (PP بەدەست) بۆ (PP بە گوڵەکان) گۆڕاوە، هەمان سێتارۆڵی ئامانجی وەرگرتووە، هەروەها (ئارگۆمێنتی دەرەکیی (من) بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (پیاوەکە) گۆڕاوە، هەمان سێتارۆڵی (کارا)ی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٧١پ)دا (لە پێنوسەکان) وەکو ئارگۆمێنتی ناوەکیی سێتارۆڵی ئامانجی وەرگرتووە، دواتر (VP) سێتارۆڵی کارا دەبەخشێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، بەڵام فرێزی ناوی (ماسییەکە) ناتوانێت ئەم سێتارۆڵە وەربگرێت بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانییە، بەڵام ئارگۆمێنتی دەرەکیی ڕستەی (٧١أ، ٧١ب) ئەم سێتارۆڵەیان وەرگرتووە بۆیە دوو ڕستەی ڕێزمانی بەرهەمهاتوون.

**ناو و ئاوەڵناوەکانیش گۆڕاوەکانی دروستەی ئارگۆمێنتیان بە پێی جۆری پریدیکات  و بە هەمان پێوەرەکانی کردار دەبێت، وەک:**

a. [NP1] کردار
b. بابەت [NP1]

لەچێوەدان

٧٢أ/  ئازاد زیرەکە.

٧٢ب/  پیاوەکە زیرەکە

٧٢پ/ *بەردەکە/ دارەکە زیرەکە

لەڕستەی (٧٢أ)دا بەپێی نواندنی لەچێوەدانەکەی (NP) (ئازاد)، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە. لە ڕستەی (٧٢ب)دا گۆڕاوی (پیاوە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٧٢پ) گۆڕاوی (بەردەکە/ دارەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP)ەوە سێتاڕۆڵی بابەتی وەرنەگرتووە، بۆیە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمهاتووە.

a. [NP1] کردار
b. کارا [NP1]

لەچێوەدان

٧٣أ/ نازدار مامۆستایە .

٧٣ب/ کورەکە پزیشکە.

٧٣پ/ *دارەکە پزیشکە

لەڕستەی (٧٣أ)دا بەپێی نواندنی لە چێوەدانەکەی (NP) (نازدار)، کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە . لە ڕستەی (٧٣ب)دا گۆڕاوی (کورەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی کارای وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٧٣پ) گۆڕاوی (دارەکە) کە ئارگۆمێنتێکی دەرەکییە لەلایەن (VP) ەوە سێتاڕۆڵی بابەتی وەرنە گرتووە، بۆیە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمهاتووە.

**بەپێی گۆڕاوەکان ئەم تەرزانە بۆ سێتاڕۆڵەکانی پریدیکات لە زمانی کوردیدا هەن:**

تەرزەکانی کردار

| سێتاڕۆڵ | سێتاڕۆڵ | سێتاڕۆڵ | کردار |
|---|---|---|---|
| کارا/ کارتێکراو | | | یەک جێکەوتەیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کارا/ بابەت/ تاقیکەرەوە | بابەت/ کارتێکراو | | دووجێکەوتەیی |
| کارا | بابەت/ کارتێکراو | سودمەند/ ئامێر/ ئامانج | سێ جێکەوتەیی |

تەرزەکانی ناو و ئاوەڵناو

| سێتاڕۆڵ | پریدیکات |
|---|---|
| بابەت | ناو |
| بابەت | ئاوەڵناو |

دروستەی بابەتانە و چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن پشت بە زانیارییە فەرهەنگییەکانی پریدیکات دەبەستێت (Haegeman,1994:51)، هەڵبژاردنی بەرکار کاریگەریی لەسەر دیاریکردنی ڕۆڵی بابەتانەی بکەر دەبێت ، بەڵام هەڵبژاردنی بکەر کاریگەریی لەسەر ڕۆڵی بابەتانەی بەرکار نابێت


پێدانی سێتاڕۆڵ بە بکەر بەشێوەی دارشتەیی دەبێت، واتە سێتاڕۆڵەکە لەڕێگەی سیمانتیکیی کردارەکەوە وەچەپێکهاتەکانی دیکە (VP)ەکەوە دیاریدەکرێت، سەرەتا کردار سێتاڕۆڵ بە بەرکار دەبەخشێت، دواتر کردارەکە و وەچەپێکهاتەی ڕۆڵ پێبەخشراوی کردارەکە، کە (VP) پێکدەهێنن سێتاڕۆڵ بە بکەر دەبەخشن، پێدانی سێتاڕۆڵی کردار بە وەچە پێکهاتەی ناو (VP)ەکە بە شێوەی نیشانەکردنی ڕاستەوخۆ دەبێت، بەڵام بە ئارگۆمێنتەکەی دەرەوەی (VP)بە نیشانەکردنی سێتا – ناڕاستەوخۆ دەبێت (Haegeman,1994: 71).

## ٢/ ٣-٢) پێواژۆ و کردە فەرهەنگییەکانی دروستەی ئارگۆمێنت

پێواژۆ هەر کردەیەکە لە ڕێزماندا ڕوودەدات، بە شێوەیەک کە فۆڕمێکی وەکو (X) کە لە ئاستی نواندندا دەردەکەوێت، لە فۆڕمێکی دیکەوە هەڵگوێزراوە (Y) لە هەمان ئاستدا، بۆ نموونە کرداری (خواردووە) لە ڕێگەی پێواژۆی مۆرفۆلۆژییەوە (شکاندنەوە) فۆڕمی کرداری (خوارد)ەوە هەڵگوێزاوە/ دروستبووە(Mathews,2007:320 )، واتە پرۆسە/ پێواژۆ هەندێک دروستە، توخم لە ئەنجامی کردەکانەوە (کردەکانی گۆڕیین) بەسەر هەندێک توخمی دیکەدا لە زمان دروستدەبێت پێواژۆی گۆڕیین دەشێت بە هۆی لایەنی پێواژۆکانی گۆڕینی دایکرۆنیی زمانەکەوە بێت یان

بەشێک بێت پێڕەوی ئەبستراکتی نێوان دوو توخمدا، بۆ نموونە کاتێک ناوی کۆ لە ناوی تاکەوە هەڵدەگوازرێت لە ڕێگەی پێواژۆی کۆکردنەوە، بۆ نموونە ناوی کۆی (کوڕان) لە ناوی تاکی (کوڕ)ەوە هەڵگوێزاوە.

هەر پێواژۆیەک لە ڕێگەی کردەکانەوە ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە کردەی لاگر لکاندن سەر بە پێواژۆی هەڵگواستنە، بڕوانە هێڵکاریی ژمار(٩)




هێڵکاریی ژمارە (٩) پێواژۆکانی لاگر لکاندن

کەواتە کردە ئەو پێواژۆیەیە، کە لەناو ڕێزماندا ڕوودەدات دەکرێت کردە هەر گۆڕانکارییەک بێت، یان پێواژۆیەکی ئەنجامدراوە لەسەر نواندنێکی زمانییدا، بۆ نموونە لە ڕێزماندا پەیوەندیی نێوان فۆڕمی کرداری ڕابردووی نزیک (هات) و فۆڕمی کرداری ڕابردووی بەردەوام (دەهات) دەتوانرێت وەها پەسنبکرێت، کە کردەیەکە، کە پێشگری (دە) بە قەدی (هات)ەوە لکێنراوە، یاساکان جۆرێکن لە کردە فەرمییەکان (Crystal,2003:327)، پەیوەست بە کردە فەرهەنگییەکانەوە گۆڕینی دروستەی ئارگۆمێنتی کردارێکە لە فەرهەنگدا بەپێی ڕێبازە فەرهەنگییەکان، توێژەرانی ئەو ڕێبازە وەکو (Pinker 1989 , Levin&Rappaport 1995) فەرهەنگ تەنها شوێنی هەڵگرتنی پەیکاڵبوونی دەنگ - واتا نییە، بەڵکو شوێنێکی چالاکە لە ڕووی کردە فەرهەنگییەکانەوە، کە دەتوانن واتا و فۆرم دروستەی ئارگۆمێنتی دەربڕاوەکان بگۆڕن، کەواتە کردەفەرهەنگییەکان گۆڕانکارییە لە فۆڕمی پریدیکاتێکدا(کردارێک)دا، کە ببێتە هۆی گۆڕانکایی لە دروستەی ئارگۆمێنتی پریدیکاتەکە، کە بە تایبەتیی لە پێواژۆی هەڵگواستندا، بۆ نموونە (چوون) (لێچوون) لە نموونەکانی (٧٤أ، ٧٤ب)دا

٧٤أ/  ئەو بۆ زانکۆ دەچێت.

٧٤ب/  ئەو لە باوکی دەچێت.

لە ڕستەی(٧٤أ) دا پریدیکاتی (چوون) تەنها یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی (٧٢ب)دا بە هۆی ئەوەی فۆڕمی کردارەکەی لە ڕێگەی پێواژۆی هەڵگواستنەوە و کردەی پێشگر لکاندنەوە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە گۆڕاوە و داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە ئارگۆمێنتی ناوەکیی (باوک) و ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئەو) لە ڕێگەی پێشگری (لێ) کە چۆتە سەر قەد(چوو)ەوە ئەو گۆڕانکارییە ڕوویداوە، بەڵام مەرج نییە هەموو پێواژۆیەکی هەڵگواستن کاریگەریی لەسەر دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە دروستبکات (Copestak&Briscoe,2005:89) بۆ نموونە (گرتن) (هەڵگرتن) لە نموونەکانی (٧٥أ، ٧٥ب)دا

٧٥أ/  من تۆم گرت.

٧٥ب/  من کتێبەکانم هەڵگرتووە.

لە نموونەکانی (٧٥أ، ب)دا هەرچەندە گۆڕانکاریی لە فۆڕمی کردارەکە ڕوویداوە، بە هۆی پێواژۆی هەڵگواستن و کردەی پێشگر لکاندنەوە، بەڵام کاریگەری لەسەر دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە نەکردووە لە هەر دوو ڕستەکەدا کردارەکان داوای دوو ئارگۆمێنتیان کردووە .

کەواتە کردە فەرهەنگییەکان دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، بۆچی هەندێک کردار زیاتر لە یەک دروستەی ئارگۆمێنتیان هەیە؟ واتە کردە فەرهەنگییەکان وەڵامی گۆڕانکارییەکانی دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکان دەدەنەوە، بۆ نموونە کردە فەرهەنگییەکان ئارگۆمێنتێک زیاد یان کەم بکەن بڕوانە، نموونەی (٧٤).

لەو داتایانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە کردە فەرهەنگییەکان بە پێی پێواژۆ فەرهەنگییەکان ڕوودەدەن، بۆ نموونە هەڵگواستن و لێکدان. کەواتە پرۆسە فەرهەنگییەکان دەتوانن ڕێنیشاندەرمان بن بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی کارکردنی زمانەکە بە شێوەی گشتی (Tokowicz, 2015:2) .

**٢/ ٤) تێئاخنیین:**

تێئاخنیین لە تیۆرییە زمانییەکاندا زۆر گفتوگۆی لەسەرکراوە، چونکە ڕەوشێکی ناڕوونی هەیە، هەم پەیوەست بە فەرهەنگەوە، کە وەکو پێواژۆی هەڵگواستن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، هەروەها پەیوەست بە سینتاکسیشەوە، وەکو ئەنجامی گواستنەوەکانی جوڵاندن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات. واتە تێئاخنیین پێواژۆیەکە، کە وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕووی سیمانتیکییەوە لە ناو وشەیەکی تردا دەدۆزرێتەوە (Baker,1985:10)، بۆ نموونە لە وشەکانی (یاریکردن، سەماکردن،بانگدان......)دا، وشەکانی (یاری، سەما، بانگ) نموونەی تێئاخنیین لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەر یەکێک لەو وشانە سەربەخۆن و بە تەنها لە جێکەوتەی تردا بەکاردەهێنرێن.

(Baker) پێیوایە پێواژۆی گۆڕانکاری لە ئەرکە ڕێزمانییەکاندا بە گشتیی بە جوڵاندنی پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان (وشەکان) دادەنێت لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی نوێ لە ڕستەیەکدا. واتە ئەو پێواژۆیەی، کە وشەیەکی سەربەخۆ لە ڕووی سیمانتیکیشەوە لە ڕێگەی یاسا سینتاکسییەکانەوە لە جێکەوتەیەکەوە بۆ جێکەوتەیەکی نوێ دەگوازرێتەوە، کە لە ناو وشەیەکی تردا بە تێئاخنیین دادەنرێت (Katamba,2006:294)، کەواتە بە لای Baker ئێئاخنیین بە یاساکانی گوستنەوە و (ئەلفا بجوڵێنە) دەبەستێتەوە، پێیوایە ئەم پێواژۆیە لە ئەنجامی (ئەلفا بجوڵێنە)ەوە دروستدەبێت، هەروەها حوکمکردن و بەستنەوە وەکو وەچە تیۆریی GB بەشدارن لە چۆنیەتیی ڕوودانی تێئاخنیین .بڕوانە (Baker,1981:88 )، هەروەها تێئاخنیین بە گۆڕانکاریی حوکمککردن لە نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنت دادەنێت، بۆیە لە ئەنجامدا گۆڕانکایی لە یاساکانی ئەرکە ڕێزمانییەکاندا دەتوانرێت بۆ ڕێسا سینتاکییەکان بگەڕێنرێتەوە، کە یاساکانی جوڵاندن پەیوەندییەکانی حوکمکردنەکان ڕێکدەخەن، کاتێک سینتاکس داوای شوێنێک بۆ وشەیەک دەکات لە ناو وشەیەکی تردا، ئەنجامەکەی دەبێتە وشەیەکی ئاڵۆز کە دوو وشە لە خۆدەگرێت، ئەمە جۆرێکە لە لێکدان (Crystal,2003:230)، واتە تێئاخنیین جۆێکە لە لێکدان کە وشەیەک زۆر جار ناوە لەگەڵ کردارێکدا پێکدێت، وشەکە دەچێتە ناوکردارەکەوە کردارێکی ئاڵۆز دروستدەکات (Bussmann,2006:550). بڕوانە (٧٦)

بۆ نموونە (یاریکردن) لە ڕستەی (٧٦أ، ٧٦ب)دا

٧٦أ *منداڵەکە خۆش دەکات. (کردن)

٧٦ب. منداڵەکە یاریەکی خۆش دەکات (یاریکرن)

لە نموونەی (٧٦أ)دا پریدیکاتی (کردن) شوێنی بۆ وشەیەکی تر هەیە ئەو شوێنەش پڕنەکراوەتەوە، بەم هۆیەوە ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەرهەمهاتووە، بەڵام لە ڕستەی (٧٦ب)دا، ئەو شوێنە بە وشەی (یاری) پڕکراوەتەوە و وشەیەکی ئاڵۆز دروستبوە و ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا دروست بەرهەمهاتووە، کەواتە تێئاخنیین لەیەکدانی وشەیەکە، بۆ نموونە کردار لەگەڵ وشەیەکی تردا (زۆرجار ناو،پێشناو،ئاوەڵکردار)ن.

تێئاخنیین جۆرێکە لە لەیەکدان، کە وشەیەکی نوێ دروستدەکات، لە فەرهەنگدا بەشێوەی سەربەخۆ پۆلەڕەگەزەکەی دەنووسرێت، هەروەها بە شێوەی وشەیەکی سەربەخۆ لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت، لە تێئاخنییندا هەر دوو توخمەکە، کە تێئاخنیین پێکدەهێنن لە دروستەی ڕووکەشدا بە شێوەی یەک وشە دەردەکەون(Gerdts,2017:89 )، بۆ نموونە وشەی (یاریکرن) لە فەرهەنگدا بە شێوەی سەربەخۆ و بە شێوەی یەک وشە پۆلەڕەگەزەکەی دەنوسرێت، کە کردارە و لە سینتاکسیشدا بە شێوەی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێت، بڕوانە نموونەی (٧٤ب)، بەڵام ئەوە ڕێسایەکی سروشتی مۆڕفۆلۆژییە، کە دروستە فرێزییەکان لە ناو وشەدا بلۆکدەکات و ڕێگەیان پێنادات، بۆ نموونە ناتوانرێت لێکدراوێکی لەم جۆرە دروستبکرێت

٧٧. (*تۆ- وانەکەت - بنوسە ) پێش ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە .

لە ڕستەی (٧٧)دا دروستەی فرێزی ( تۆوانەکەت ) بلۆکدەکرێت و ڕێگەی پێنادرێت بە هۆی ئەوەی پریدیکاتی (نووسین) داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات، بەڵام (تۆوانەکە) فرێزن و نابنە وشە بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەکانی نووسین، هەر لە ڕوانگەی ئەو ڕێسایەی سەرەوە بە شێوەی گشتیی تێئاخنیینی فرێز ڕێگەی پێنادرێت، بەڵکو ئەوە وشەکانن لە ناو وشەی تردا دەبینرێن دەبنە وشەی تێئاخێنراو بڕوانە (Baker,1981:88 )

پەیوەست بە تێئاخنینەوە گرنگترین کاریگەریی مۆڕفۆلۆژیی لەسەر سینتاکس ئەوەیە، کە چەندین جۆری تێئاخنیینی ناچار بە شێوەیەکی ئازادانە ڕێگەیانپێبدرێت، بەڵام لە مۆڕفۆلۆژییدا دروستەیەکی فۆڕم نادروست بەرهەمدەهێنین، لە ئەنجامدا دەبێتە ناڕێزمانیی، بۆ نموونە :

٧٨أ/ مەلاکە بانگی دا.(سینتاکس ).

ب/ ( بانگدان) (مۆڕفۆلۆژی).

٧٩أ/  کوڕەکە ئاوەکەی خواردەوە.

ب* ئاوخواردنەوە (مۆڕفۆلۆژی) .

لە نموونەی (٧٨أ)دا، ناوی (بانگ) ئاخێنراوەتە ناو (دان)ەوە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەی گۆڕیوە بۆ یەک ئارگۆمێنت، کە ئارگۆمێنتی دەرەکییە و لە (ب)دا مۆڕفۆلۆژی ڕێگەی بە تێئاخنینەکە داوە و دروستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهێناوە، لە نموونەی( ٧٩أ)دا، ناوی ئاو ئاخێنراوەتە ناو (خواردنەو)ەوە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەی گۆڕیوە بۆ یەک ئارگۆمێنت، کە ئارگۆمێنتی دەرەکییە و لە (ب)دا مۆڕفۆلۆژی ڕێگەی بە تێئاخنینەکە نەداوە .

لەو داتایانەی لە سەرەوە خرانەڕوو، پەیوەستبوون بە لایەنی مۆڕفۆلۆژی و بە تایبەت بە پێواژۆی لێکدان، واتە کردارە لێکدراوەکان بە جۆرێک لە تێئاخنین دانراون، ئەمەش تێڕوانینێکی مۆڕفۆلۆژییانە بوو بۆ تێئاخنین، بەڵام هەمبەر بەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی سینتاکسییانەیە هەیە بۆ تێئاخنین بەپێی تێڕوانینە سینتاکسییەکە تێئاخنین : پێواژۆیەکە یەکەیەکی فەرهەنگیی، کە لە ڕووی سینتاکسییەوە تەواوکەری کردارە، دەتوانرێت لە چێوەی خودی کردارەکەدا بە شێوەی توخمێکی دەرکەوتوو/ دەربکەوێت، لە ڕووی سیمانتیکیشەوە هەردوو وشەکە پێکەوە دەبەسترێتەوە (Mathews,2007:188) هەردوو توخمەکە پێکەوە یەک فۆرم دروستدەکەن و یەک واتایان دەبێت، هەروەها تێئاخنین بە دیاردەی گۆڕینی ئەرکی ڕێزمانیی دادەنرێت بڕوانە (٨٠ ـ ٨٢):

٨٠ ا) ئەو کارەکەی کرد. کارەکەی کرد (کردن)

٨٠ب) . ئەو یاریی دەکات .  یاریی دەکات (یاریکردن) .

٨١ا) ئەو جلەکانی دەشوات. جلەکانی دەشوات( شوشتن)

٨١ ب) ئەو خۆی دەشوات .  خۆی دەشوات ( خۆشوشتن)

٨٢ا) ئەو کوڕەکەی کوشت. کوڕەکەی کوشت (کوشتن)

٨٢ب) ئەو خۆی کوشت .  خۆی کوشت  (خۆکوشتن)

لە نموونەکانی (٨٠ ـ ٨٢)دا پریدیکاتی ( کردن، شوشتن، کوشتن)، بەشێوەی سەربەخۆ پریدیکاتی دوو ئارگۆمێنتین، واتە پێویستییان بە بکەر و بەرکار هەیە، بەڵام پریدیکاتی (یارییکردن،

خۆشوشتن، خۆکوشتن) لە ئەنجامی تێئاخنینەوە توخمەکانی (یاریی، خۆ) تێئاخێوراونەتە ناو کرداره بنەڕەتییەکە و فۆڕمێکی لێکدراویان دروستکردووە و دروستەی ئارگۆمێنت و ئەرکە ڕێزمانییەکانی ڕستەکەش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک بوون بە پریدیکاتی یەک ئارگۆمێنتی، واتە بۆ تەواوکردنی واتاکانیان تەنها داوای بکەر دەکەن:

١٨٣) ئەو پارەکەی دا. پارەکەی دا (دان)

٨٣ب) ئەو گوڵەکان ئاو دەدات. ئاودەدات. (ئاودان)

١٨٤) ئەو کارەکەی کرد . کارەکەی کرد. (کردن)

٨٤ب) ئەو گوڵەکە بۆن دەکات. بۆن دەکات. (بۆنکردن)

١٨٥) ئەو دەرگاکەی کردەوە. (کردنەوە)

٨٥ب) ئەو خانووەکەی چاک کردەوە . (چاککردنەوە)

لە نموونەکانی (٨٣ ـ ٨٥)دا پریدیکاتی ( دان، کردن، کردنەوە) بە شێوەی سەربەخۆ پریدیکاتی دوو ئارگۆمێنتین، واتە پێویستییان بە بکەر و بەرکار هەیە، بەڵام پریدیکاتی (ئاودان، بۆنکردن، چاککردن) لە ئەنجامی تێئاخنینەوە توخمەکانی (ئاو، بۆن، چاک) تێئاخێوراونەتە ناو کردارە بنەڕەتییەکە و فۆڕمێکی لێکدراویان دروستکردووە و دروستەی ئارگۆمێنت و ئەرکە ڕێزمانییەکانی ڕستەکەش هیچ گۆڕانکارییان بەسەردا نەهاتووە، بەجۆرێک هەر بە پریدیکاتی دوو ئارگۆمێنتی ماونەتەوە ئارگۆمێنتی ناوەکیی بەرکاری و ئارگۆمێنتی دەرەکیی بکەرییان پێویستە، کەواتە لە پرۆسەی تێئاخنیندا مەرج نییە هەر گۆڕانکارییەک لە فۆڕمی کردارەکە ڕووبدات، گۆڕانکاری بەسەر دروستەی ئارگۆمێنتەکەشی دابێت.

تێئاخنیین، لە وشە دروستکردندا بۆ هەر جۆرە توخمێکی مۆڕفۆلۆژییانە بەکاردەهێنرێت، کە لەگەڵ وشەیەکی تردا دەبینرێتەوە، بە تایبەتی لەگەڵ کرداردا چەند توخمێک دەتوانن لەگەڵ کرداردا تێبئاخێنرێت، بەڵام تێئاخنینی ناو زیاترە بەراورد بە توخمەکانی تر، هەر بۆیە زاراوەی تێئاخنیین بە تایبەتی بو تێئاخنینی ناو بەکاردەهێنرێت (Crystal, 2003 :230) لە زمانی کوردیدا زیاتر ئەم جۆر تێئاخنیینە بەدیدەکرێت، چونکە پۆلەڕەگەزی ناو وەکو فریزێکی ناویی ئارگومێنتی پریدیکاتە.

## ٢/ ٤-١) تێئاخنینی ناو

تێئـاخنینی نـاو، زاراوەیەکە بـۆ پێـواژۆی لەیەکـدان بەکاردەهێنرێـت، کە ئەو نـاوەی سـێتاڕۆڵی (کـارتێکراو سـودمەند، بـابەت، ئـامێر یـان شـوێنیی) و ئەرکـی ڕێزمـانی بەرکـاریی هەیە، لەگەڵ کردارەکەدا لە یەکدەدرێن/ یەکدەگرن بۆ ئەوەی فۆڕمی کردارێکی لێکدراو پێکبهێنن، تێئاخنینیی ناو لە هەموو پێواژۆ مۆڕفۆلۆژییەکاندا، ڕەنگە زۆرتریین شێوە سینتاکسیی هەبێت، واتە لە هەموو پێـواژۆ مۆڕفۆلۆژییەکـانی تـر زیـاتر تایبەتمەنـدییە سینتاکسـییەکانی لەخۆگرتـووە بـڕوانە (Mithun,1984:60)، ئەو ناوانەی لە چوارچێوەی کردایکی لێکدراودا تێئاخێنراون، هەر بۆیە ڕۆڵی بابەتـانە وەرنـاگرن و ئارگۆمێنت نیین، بەڵکو کردارە لێکدراوەکە سەگمێنتە کردارییەکەو ناوەکە پێکەوە دەبنە پریدیکات ڕۆڵی بابەتانە دەبەخشـن داوای ئارگۆمێنت دەکەن (Baker,1981:99 ) کەواتە تێئـاخنیین بـۆ پێکهێنـانی کـرداری لێکـدراو بە کاردەهێنرێـت و یاسـایەکی بە بەرهەمـی سینتاکسییە، کە جۆرێکی تایبەت لە کرداری لێکدراو بەرهەمدەهێنێت

لە تێئـــاخنینی نـــاودا، نـــاوەکە لەگەڵ کـــردارەکەدا پـــێکەوە کردارێکـــی ئـــاڵۆز پێکـــدەهێنن، (Mithun,1984) ئەوەی خسـتووەتەڕوو، ئەگەر زمانێـک وشـەی هەبێـت لە ڕێـگەی تێئـاخنینی بەرکاری کردارەکەوە بۆ ناو خودی چێوەی کردارەکە دروستبووبێت، ئەوە دەتوانرێت لەڕێگەی پارافرێزەوە/ بە ئاوەڵفرێزکردنەوە هەمان ناوەڕۆک لە ڕێگەی ڕستەوە دەربردرێت بە شێوەیەک، کە بەرکارەکە بە شێوەی سەربەخۆ دەربکەوێت، بۆ نموونە (نانخواردن) :

٨٦أ/ ئەو نانەکەی بە ماستاوەوە خوارد. (نان)

٨٦ب/ پیاوەکە نیوەڕۆ ناندەخوات، بەڵام ئێوارە نانناخوات. (ژەم)

لە ڕسـتەی (٨٦أ)دا، ئـارگۆمێنتی (نـان)ەکە، کە ئـارگۆمێنتی دەرەکیـیە ئەرکـی بەرکـاری بینیـوە، هەروەهـا سـێتاڕۆڵی کـارتێکراوی وەرگرتـووە نەبـووەتە بەشـێک لە پێکهـاتەی کـردارەکە، بەڵام لە (٨٦ب)دا، وشـەی (نـان) بـوەتە بەشـێک لە پێکهـاتەی کـردارەکە ئەرکە ڕێزمـانیی و سـێتاڕۆڵەکەی نەمـاوە، چـونکە لەگەڵ کردارەکە پێکەوە سێتاڕۆڵ و ئەرکی ڕێزمـانی دەبەخشـن بە فرێزی نـاوی (پیاوەکە).

لە ڕوانگەی دروستەی ئارگۆمێنتەوە تێئاخنیین زاراوەیەکە، کە بۆ لێکدراوی لە جۆری (V، N) بەکاردەهێنرێت، کە سەرێکی کرداریی لەخۆدەگرێت لەبەر ئەوەی کردار، وەکو پریدیکاتێک داوای ئارگۆمێنت دەکات بۆیە ناوە تێئاخێنراوەکە جێکەوتەی ئارگۆمێنتی کردارەکە دەگرێت، بۆ نموونە :

أ/ خواردن ب/ نانخواردن

V N v

لە نموونەکانی ( سەماکردن، بانگکردن) ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە ناوە وابەستەکە دیارە بەشێکە لە کردارە لێکدراوەکە، هەروەها وشەیەکی سەربەخۆ نییە، ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت، کە ناوەکە وشەیەکی سەربەخۆ نییە لە دەرەوەی لێکدراوەکە، بەڵکو زیاتر ئەندامێکی لێکدراوەکەیە (Haspelmath,2010:246) لەم شێکردنەوانەوە، ئەم تایبەتمەندییانەی کردەی تێئاخنیین دەینەڕوو:

١ . ناوە تێئاخێنراوەکە و توخمەکردارییەکە لە شێوەی یەک وشەی لێکدراودا دەردەکەون.

٢ . وشە لێکدراوەکە (بەرهەمهێنراوەکە)، وەکو پریدیکاتی ڕستیلەکە دەردەکەوێت .

٣ . ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بێت، ئەوە ناوە تێئاخێنراوەکە لەگەڵ ئارگۆمێنتی ناوەکیی کردارەکەدا پەیکاڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێت ئەوە ناوە تێئاخێنراوەکە لەگەڵ ئارگۆمێنتی دەرەکیی کردارەکەدا پەیکاڵ دەبێت.

### **٢/ ٤ـ٢) دروستەی ئارگۆمێننت لە تێئاخنییندا**

تێئاخنیین پەیوەست بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە، بریتییە لەو ناوەی، کە بەپێی سروشت و ژمارە و جۆری ئەو ئارگۆمێنتەی، کە پریدیکات داوایدەکات و بە پێواژۆی لەیەکدان لەگەڵ کردارەکەدا لەیەکدەدرێن و سێتاڕۆڵی (کارتێکراو، بابەت، سودمەند، ئامێر، شوێنی) هەیە، فۆڕمی کردارێکی لێکدراو پێکدەهێنن، واتە تێئاخنیین پەیوەست بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە لە سەرەتادا ناوە تێئاخێنراوەکە لە سینتاکسدا وەکو ئارگۆمێنتێک خاوەنی سێتاڕۆڵی تایبەت بەخۆیەتی، کە پریدیکات پێیبەخشیوە، بۆ نموونە:


٨٧. کچەکە سەما دەکات.

لە ڕستەی (٨٧)دا، پریدیکاتی (کردن) داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە، ئارگۆمێنتی ناوەکیی (سەما)، کە سیتاڕۆڵی (بابەت)ی وەرگرتووە، ئارگۆمێنتی دەرەکیی (کچەکە) کە سیتاڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتووە، بەڵام کرداری (کردن) لە مۆرفۆلۆژییدا دەبێتە کردارێکی لێکدراو (سەماکردن) لێرە ناوی (سەما) بووەتە بەشێک لە پێکهاتەی کردارەکە، کە وەکو پریدیکاتێک (لێکدراو) داوای یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی دەکات و یەک سیتاڕۆڵی (کارا) دەبەخشێت بە فرێزی ناوی (کچەکە). پەیوەست بە نموونەکانی (سەماکردن، بانگکردن، یارییکردن)، بڕوانە (هاککردن، چاتکردن، تایپکردن، دیزاینکردن.....)

بۆ تۆڕی بابەتانەی کردن، سەماکردن بڕوانە خشتەی (١) و هێڵکاریی (١٠)

| | | |
|---|---|---|
| کردن | کارا | بابەت |
| | NP | NP |
| | کچەکە | سەما |
| سەماکردن | کارا | ـــــ |
| | NP | ـــــ |
| | کچەکە | ـــــ |

خشتەی (١)



هێڵکاریی (١٠)

لەو زمانانەدا، کە تێئاخێنراوەکە لەگەڵ بەرکاردا پەیکاڵ دەبێت لە ڕووی سینتاکسییەوە کردارەکە بە شێوەی تێنەپەڕیی دەردەکەوێت(Gerdts,2017:89 )، لەڕێگەی تێئاخنینی ناوەوە کردارەکان وەکو پریدیکات لە فۆڕمێکی سادەوە دەبێت بە لێکدراو لە هەمان کاتدا ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکات دەگۆڕێت، بڕوانە خشتەی(١) و هێڵکاریی (١٠).

بەشێوەی گشتیی لە تێئاخنینی ناودا ئارگۆمێنتی ناوەکیی دەبێتە ناوە تێئاخێنراوەکە، کە سێتاڕۆڵەکانی (کارتێکراو،بابەت،سودمەند.....) بەهۆی تێئاخنینی ناوەکەوە ئەم سێتاڕۆڵانە نامێنێت، چونکە بە شێوەی ئارگۆمێنت نامێنێت و دەبێتە بەشێک لە پریدیکاتەکە .

بەشێک لە ناوەتێئاخێنراوەکان کاتێک لەگەڵ کردارە سادەکە یەکدەگرن و کردارێکی لێکدراو پێکدەهێنن، وەکو پریدیکاتێک هەر داوای دوو ئارگۆمێنت دەکەن، واتە کردارەکە هەر بە شێوەی تێپەڕی دەردەکەون، بڕوانە (٨٨)

٨٨. ئەوان ئێمە بانگ دەکەن.

تۆڕی بابەتانەی بانگکردن بڕوانە خشتەی (٢)

| | | |
|---|---|---|
| بانگکردن | کارا | بابەت |
| | NP | NP |
| | ئەوان | ئێمە |

خشتەی (٢)

جیاوازی نێوان تۆڕی بابەتانەی (سەماکردن، بانگکردن) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کرداری (سەماکردن) تەنها یەک سێتاڕۆڵی پێیە، کە سێتاڕۆڵی کارایە بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (کچەکە)ی بەخشیوە، بەڵام کرداری( بانگکردن ) دوو سێتاڕۆڵی پێیە، کە ئەوانیش سێتاڕۆڵی (بابەت) بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی(ئێمە) و سێتاڕۆڵی (کارا) بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (ئەوان) بەخشیوە.

## ٢/ ٥) دروستەی ئارگۆمێنت لە پێواژۆی هەڵگواستندا

پێواژۆی هەڵگواستن پێواژۆیەکە لە وشە دروستکرندا، کە وشەیەکی نوێ لە وشەیەکی ترەوە دروستدەکرێت لە ڕێگەی چەند کردەیەکی فەرهەنگییەوە وەکو (پێشگر لکاندن/ پاشگرلکاندن)ەوە ئەنجامدەدرێت (Bussmann,1996:294) ئەم پێواژۆیە بەسەر پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار، کردار.....) جێبەجێدەکرێت[12]، ئەوەی پەیوەستە بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە پێواژۆی هەڵگواستنە لە کرداردا، کە لە ڕێگەی پێشگر لکاندن /پاشگر لکاندنەوە ئەنجامدەدرێت.

### ٢/ ١.٥) پێشگر لکاندن

ئەو پێشگرانەی، کە بە کردارەکانەوە دەلکێنرێن بۆ دوو پۆڵ دابەشدەکرێن:

أ/ پێشگرە ئاوەڵکردارییەکان : (هەڵ، را، دا، ڕۆ..)

ب/ پێشگرە پێشناوە فەرهەنگییەکان/ پێشگرە مۆرفۆسینتاکسییەکان: (پێ، تێ، لێ).

### أ/ پێشگرە ئاوەڵکردارییەکان + کرداری سادە

بەشێک لە پێشگرە ئاوەڵکردارییەکان کاتێک دەچنە سەر کرداری سادە، فۆڕمی کردارەکە دەگۆڕن و کردارێکی فەرهەنگیی هەڵگوێزراو بەرهەمدەهێنن، لە هەمان کاتدا دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەش دەگۆڕن، هەرچەندە (حاجی مارف،٢٠١٤: ٤٨) پێیوایە، پێشگر لە زمانی کوردیدا کرداری تێنەپەڕ ناکات بە تێپەر و تێنەپەڕیش ناکات بە تێپەڕ، بەڵام نموونە و داتاکان ئەوە دەسەلمێنن، کە بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە گۆڕانکاری بەسەر دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکاندا دێت و ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکان دەگۆڕێت، بڕوانە نموونەکانی (٨٩):

٨٩/ أ/ کردن : من کارەکانم کرد.

٨٩/ ب/ هەڵکردن : بایەکە هەڵیکرد.

٨٩/ پ/ داکردن : بارانەکە دایکرد.

---

[12] بۆ زانیاری زیاتر پەیوەست بە پێواژۆی هەڵگواستن بڕوانە :
(ئەورحمانی حاجی مارف،٢٠١٤) (محەمەد مەحویی،٢٠٢٠) (کۆری زانیاری کورد، ٢٠١١) ئەو سەرچاوانەی لەوێ دراون

لە نموونەی (٨٩/ أ)دا کرداری (کردن)، وەکو لە نواندنە سینتاکسیەکەیدا نوێنراوە و ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دوو ئارگۆمێنتە، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (من) و ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (کارەکانم)ە لە (٨٩ب، پ)دا پریدیکاتەکانی (هەڵکردن، داکردن)[13]، هەروەکو لە نواندنە سینتاکسییەکانیان نوێنراون، لە ئەنجامی پێواژۆی هەڵگواستنەوە فۆڕمی کردارەکە گۆڕاوە و لە هەمانکاتدا دروستەی ئارگۆمێنتەکەشی گۆڕاوە بەجۆرێک لە (٨٩أ)دا پریدیکاتێکی دوو ئارگۆمێنتی بووە و لە (ب،پ)دا بووە بە پریدیکاتی یەک ئارگۆمێنتی (بایەکە، بارانەکە). تۆڕی بابەتانەی (هەڵکردن/ داکردن) بەم شێوەیە: بڕوانە خشتەی (٣)

| داکردن/ هەڵکرد | بابەت | — |
|---|---|---|
| | NP | — |
| | بایەکە/ بارانەکە | – |

خشتەی (٣)

## 2. پێشگرە پێشناوییە فەرهەنگییەکان + کرداری سادە

ئەم پێشگرە فەرهەنگییانە کاتێک دەچنە سەر کردارێکی سادە دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکان دەگۆڕن واتە ژمارە و سێتاڕۆڵەکانی کردارەکە دەگۆڕن بڕوان نموونەکانی خوارەوە :

٩٠/ أ/ گرتن ٩١/ أ/ پێگرتن

٩٠/ ب/ ڕاوچییەکە کەروێشکەکەی گرت.

٩١ب/ ڕاوچییەکە بە تەڵە کەروێشکەکەی گرت

لە (٩٠/ أ)دا کرداری گرتن، کە نواندنە سینتاکسییەکەی لە ( ٩٠ب)دا نوێنراوە دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە: ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دوو ئارگۆمێنتن، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (ڕاوچییەکە)یە و ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP کەروێشکەکەیە بۆ تۆڕی بابەتانەکەشی بڕوانە خشتەی (٤).

---

[13] کردارەکانی (هەڵکردن، داکرن) دوو کرداری فرەواتان ئەم فرەواتاییەیان کاریکەری لەسەر دروستەی ئارگۆمێنتیان دەبێت بڕوانە (٢/ ٦)

| گرتن | کارا | بابەت |
| --- | --- | --- |
| | NP | NP |
| | ڕاوچییەکە | کەروێشکەکە |

خشتەی (٤)

بەڵام  لە (٩١/ أ)دا کرداری (پێگرتن)، کە نواندنە سینتاکسییەکەی لە (٩١/ ب)دا نوێنراوە دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە: ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی سێ ئارگۆمێنتن، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (ڕاوچییەکە)یە و ئارگۆمێنتی ناوەکییNP (کەروێشکەکە)و PP (بەتەڵەکە)یە بۆ تۆڕی بابەتانەکەشی بڕوانە خشتەی (٥)

| پێگرتن | کارا | بابەت | ئامێر |
| --- | --- | --- | --- |
| | NP1 | NP2 | PP |
| | ڕاوچییەکە | کەروێشکەکە | بەتەڵە |

خشتەی (٥)

واتە بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە لە کردارێکی سادەوە کردارێکی فەرهەنگیی هەڵگوێزراو بەرهەمهاتووە، لە هەمانکاتدا دروستەی ئارگۆمێنتکەشی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک لە دوو ئارگۆمێنتەوە بووە بە سێ ئارگۆمێنت .

٩٢/ أ/  هاتن : ئەوان هاتن

ب/ لێهاتن: ئەوان جلەکانیان لێهات.

٩٣/ أ/  چوون: خوێندکارەکان چوون بۆ زانکۆ

ب /  لێچوون: خوێندکارەکە لە باوکی چووە.

لە (٩٢/ أ)دا کــرداری هــاتن، کە نوانــدنە سینتاکســییەکەی لە (٩٢/ أ)دا نــوێنراوە دروســتەی ئـارگۆمێنتەکەی بەم شـێوەیە: ژمـارەی ئارگۆمێنتەکانی یەک ئـارگۆمێنتە، کە ئـارگۆمێنتی دەرەکیـی NP (ئەوان)ە بۆ تۆڕی بابەتانەکەشی بڕوانە خشتەی (٦)

| | | |
|---|---|---|
| هاتن | کارا | —— |
| | NP | —— |
| | ئەوان | —— |

خشتەی (٦)

بەڵام لە (٩٣/ أ)دا کرداری (لێهاتن) کە نواندنە سینتاکسییەکەی لە (٩٣/ ب)دا نوێنراوە دروستەی ئـارگۆمێنتەکەی بەم شـێوەیە: ژمـارەی ئارگۆمێنتەکـانی دوو ئـارگۆمێنتن، کە ئەوانـیش ئـارگۆمێنتی دەرەکیی NP (ئەوان)یە و ئارگۆمێنتی ناوەکیNP (جلەکانیان)ە، بۆ تۆڕی بابەتانەکەشی بڕوانە خشتەی (٧)

| | | |
|---|---|---|
| لێهاتن | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | ئەوان | جلەکانیان |

خشتەی (٧)

واتە بە هـۆی پێـواژۆی هەڵگواسـتنەوە لە کردارێکـی سـادەوە کردارێکـی فەرهەنگیـی هەڵگـوێزراو بەرهەمهاتووە لە هەمانکاتدا دروستەی ئارگۆمێنتکەشی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک لە یەک ئارگۆمێنتەوە بووە بە دوو ئارگۆمێنت .

٣ . **پێشناوە فەرهەنگییەکان + پێشگرە ئاوەڵکردارییەکان + کرداری سادە**

کاتێک پێشناوە فەرهەنگییەکان و پێشگرە ئاوەڵکردارییەکان لەگەڵ کردارێکی سادەدا یەکدەگرن بۆ دروستکردنی کردارێکی هەڵگوێزراو، ئەوا دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بڕوانە نموونەکانی خوارەوە:

٩٤/ أ / کێشان : پیاوەکە جگەرەکەی کێشا.

٩٤ب/ هەڵکێشان: پیاوەکە شمشێرەکەی هەڵکێشا.

٩٤پ/ تێهەڵکێشان: پیاوەکە جلەکانی لە بۆیە هەڵکێشا.

لە(٩٤أ)دا دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری (کێشان) بەپێی نواندنە سینتاکسییەکەی دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیەیە: ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دوو ئارگۆمێنتن ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP(پیاوەکە)یە ئارگۆمێنتی ناوەکیNP (جگەرەکە)یە تۆڕی بابەتانەکەشی لە خشتەی (٨)خراوەتەڕوو لە (٩٤ب)دا کرداری هەڵکێشان بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە فۆڕمی کردارەکە گۆڕاوەو کرادارێکی هەڵگوێزراو بەرهەمهاتووە، بەڵام دروستەی ئارگۆمێنتەکەی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە واتە مەرج نییە هەموو پێواژۆیەکی هەڵگواستن گۆرانکاری لە دروستەی ئارگۆمێنتی کردار بهێنێتەکایەوە. لە (٩٤پ)دا کرداری تێهەڵکێشان بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستن و کردەی پێشگرلکاندنەوە فۆڕمی کردارەکە گۆڕاوەو کرادارێکی هەڵگوێزراو بەرهەمهاتووە، لەهەمانکاتدا دروستەی ئارگۆمێنتەکەشی گۆڕاوە بەم شێوەیەیە: ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی سێ ئارگۆمێنتن، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکییNP (پیاوەکە)یە ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (جلەکان)ە و PP (لە بۆیە)یە تۆڕی بابەتانەکەشی لە خشتەی (٨) خراوەتەڕوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کێشان | کارا | بابەت | — |
| | NP1 | NP2 | —— |
| | پیاوەکە | جگەرەکە | — |
| هەڵکێشان | کارا | بابەت | — |
| | NP1 | NP2 | —— |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | پیاوەکە | شمشێرەکە | —— |
| تێهەڵکێشان | کارا | بابەت | ئامێر |
| | NP1 | NP2 | PP |
| | پیاوەکە | جلەکانی | لەبۆیە |

**خشتەی (٨)**

## ٢/ ٥.٢) پاشگرەکان:

پاشگرەکانی (ەوە) و (اندن) دەچنە سەر کردارەکان و فۆڕمی کردارەکان دەگۆڕن و کردارێکی فەرهەنگیی هەڵگوێزراو بەرهەمدەهێنن و دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکانیش دەگۆڕن، بڕوانە نموونەکانی خوارەوە :

### 1. کرداری سادە + پاشگری(ەوە)

٩٥/ أ/ بردن : من کتێبەکانم برد.

٩٥/ ب/ بردنەوە : من یارییەکەم بردەوە.

لە (٩٥/ أ/ ب)دا لە کرداری (بردن) و (بردنەوە) دا ژمارەی ئارگۆمێنتەکانیان لە نواندنە سینتاکسییەکاندا نوێنراوە ژمارەی ئارگۆمێنت و سێتاڕۆڵەکانیان هەمان شتن و هیچ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا نەهاتووە، واتە پاشگری (ەوە) تەنها فۆڕمی کردارەکان دەگۆڕێت و بە پێی پێواژۆی هەڵگواستن کردارێکی فەرهەنگیی هەڵگوێزراو بەرهەمدێنێت گۆڕانکاری لە دروستەی ئارگۆمێنتی کردەکان ناکات. تۆڕی بابەتانەکەشیان بەم شێوەیەیە: بڕوانە خشتەی (٩)

| | | |
|---|---|---|
| بردن | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | من | کتێبەکان |
| بردنەوە | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | من | یارییەکە |

خشتەی (٩)

## 2. کرداری سادە + پاشگری (اندن)

کاتێک پاشگری (اندن) بە کردارێکی سادەوە دەلکێنرێت، کردارێکی هەڵگوێزراو بەرهەمدەهێنرێت دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەش گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بە جۆرێک ژمارەی ئارگۆمێنتەکان و سێتارۆڵەکانی زیاد دەکات، بڕوانە (٩٦)

٩٦/ أ/ سوتان : پوشەکە سوتا.

٩٦/ ب/ سوتاندن : پیاوەکە پوشەکەی سوتاند.

لە (٩٦/ أ)دا کرداری (سوتان) دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە : تەنها یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NP) پوشەکە وەرگرتووە، هەروەها یەک سێتارۆڵیشی وەرگرتووە کە کارتێکراوە، بەڵام لە (٩٦/ ب)دا کرداری (سوتاندن) بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە فۆرمی کردارەکە گۆڕاوە بۆ کردارێکی هەڵگوێزراو، هەروەها دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەش گۆڕاوە، کە ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دوو ئارگۆمێنتن، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (پیاوەکە)یە و ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (پوشەکەیە) تۆڕی بابەتانەکانیشیان لە خشتەی (٩)خراوەتەڕوو:

| | | |
|---|---|---|
| سوتا | کارتێکراو | ____ |
| | NP1 | ____ |
| | پوشەکە | ____ |
| سوتاندن | کارا | کارتێکراو |
| | NP1 | NP2 |
| | پیاوەکە | پوشەکە |

خشتەی (٩)

کاتێک پاشگری (اندن) دەچێتە سەر دەنگە سروشتییەکان وەکو (زریکە، قیژە، گرمە .....) ئەوا دروستەی ئارگۆمێنتەکەی جیاواز دەبێت لە دروستەی ئارگۆمێنتی ئەو کردارانەی، کە بناغەکەیان کردارێکی سادەیە وەکو ( سوتان، خنکان، برژان......) بڕوانە (٩٥)

٩٧ . قیژاندن : منداڵەکە قیژاندی.

لە (٩٧) کرداری قیژاندن ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی تەنها یەک ئارگۆمێنتەکە، کە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NP) منداڵەکەیە. تۆربابەتانەکەشی بەم شێوەیە: بڕوانە خشتەی (١٠)

| | | |
|---|---|---|
| قیژاندن | کار | — |
| | NP | — |
| | منداڵەکە | — |

خشتەی (١٠)

## پێشناوی فەرهەنگیی + کرداری سادە + پاشگری (ەوە/ اندن)

کاتێک کردارێکی سادە کردەی پێشگر لکاندن/ پاشگرلکاندنیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت ئەوا فۆرم و دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بڕوانە نموونەکانی خوارەوە :

٩٨/ پێکردنەوە : من دەرگاگەم بە کلیلەکە کردەوە.

٩٩. لێکردنەوە : ئەو سێوەکەی لە دارەکە کردەوە.

لە نموونەکانی (٩٨، ٩٩)دا، کردارەکانی (پێکردنەوە، لێکردنەوە) بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستن و کردەی پێشگرلکاندن و پاشگر لکاندنەوە دروستبوون ژمارەی ئارگۆمێنتەکانیان بە پێی نواندنە سینتاکسییەکانیان سێ ئارگۆمێنتیان وەرگرتووە، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP( من، ئەو)ە ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP ( دەرگاکە، سێوەکە)یە PP ( بە کلیلەکە، لە دارەکە)یە و تۆڕی بابەتانەکەشیان لە خشتەی (١١)خراوەتەروو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکردنەوە | کارا | بابەت | ئامێر |
| | NP1 | NP2 | PP |
| | من | دەرگاکە | بە کلیل |
| لێکردنەوە | کارا | بابەت | سەرچاوە |
| | NP1 | NP2 | PP |
| | ئەو | سێوەکە | لە دارەکە |

خشتەی (١١)

## پێشگرە ئاوەڵکردارییەکان + کردار + پاشگری (ەوە/ اندن)

کاتێک کردارێکی هەڵگوێزراو بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستن و کردەی پێشگرلکاندن و پاشگرلکاندنەوە دروستدەبێت ئەوا دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەشی دەشێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت ، بڕوانە (١٠٠)

١٠٠/ أ/  هەڵدانەوە: هیوا بابەتەکەی هەڵدایەوە.

١٠٠ب/  هەڵفراندن : کاوە کۆترەکانی هەڵفراند.

١٠٠پ/  داشکاندن : دووکاندارەکە کاڵاکانی داشکاند.

لە نموونەکانی (١٠٠)دا کردارەکانی (هەڵدانەو، هەڵفراندن، داشکاندن) بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە دروستبوونە دروستەی ئارگۆمێنتەکانیان بەم شێوەیەیە:

هەڵدانەوە : ئارگۆمێنتی  دەرەکیی NP (هیوا)یە

ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (بابەتەکە)یە.

هەڵفراندن : ئارگۆمێنتی  دەرەکیی NP (کاوە)یە

ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (کۆترەکان)یە.

داشکاندن: ئارگۆمێنتی  دەرەکیی NP (دووکاندارەکە)یە

ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (کاڵاکە)یە.

بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە لە(١٠٠أ)دا گۆڕانکاری بەسەر دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە نەهاتووە، کە پریدیکاتێکی دوو ئارگۆمێنتییە، بەڵام لە (١٠٠ب، ١٠٠پ) کە لەبنەڕەتدا پریدیکاتی (فڕین، شکاندن) بەهۆی کردەی پێشگر و پاشگر لکاندنەوە فۆڕمی کردارەکە گۆڕاوە بۆ (هەڵفراندن، داشکاندن) لە هەمانکاتدا دروستەی ئارگۆمێنتکەشی لە یەک ئارگۆمێنتییەوە گۆڕاوە بۆ دوو ئارگۆمێنتی

تۆڕی بابەتانەکەشیان بەم شێوەیە : بڕوانە خشتەی (١٢)

| هەڵدانەوە | کارا | بابەت |
|---|---|---|
| | NP1 | NP2 |
| | هیوا | بابەتەکە |

| | | |
|---|---|---|
| هەڵفراندن | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | کاوە | کۆترەکە |
| داشکاندن | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | دوکاندارەکە | کاڵاکە |

خشتەی (١٢)

## پێشناوی فەرهەنگیی + کرداری سادە + پاشگری ەوە

کاتێک پێشناوە فەرهەنگییەکان دەچنە سەر کردار، کردایکی هەڵگوێزراو بەرهەمدەهێنن و گۆڕانکاری بە سەر دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەش دەهێنن بڕوانە:

١٠١ . پێداچوونەوە : ئەو بە بابەتەکەدا چووەوە.

لە نموونەی (١٠١)دا، کرداری (پێداچوونەوە) بەهۆی پێواژۆی هەڵگواستنەوە فۆڕمی کردارەکە گۆڕاوە لە کردارێکی سادە بۆ کردارێکی هەڵگوێزراو لە هەمانکاتدا دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەش گۆڕاوە، لە یەک ئارگۆمێنتی بووە بە دوو ئارگۆمێنت بۆ تۆڕی بابەتانەکەی بڕوانە خشتەی (١٣)

| | | |
|---|---|---|
| چوون | کارا | |
| | NP1 | |
| | ئەو | |
| پێداچوونەوە | کارا | سودمەند |
| | NP1 | PP |

| | | |
|---|---|---|
| | | شمشێرەکە |

خشتەی (١٣)

## ٢/ ٣.٥) دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری کۆزەتیڤی

کرداری هۆکاریی / کۆزەتیڤcausative verb کردارێکە، کە کەسێک یان شتێک دەبێتە (هۆکار) یان (هاتنەئارا)ی شتێکی ترەوە لە ڕێگەی ئەنجامدان و چالاکیی یان ڕەوشێکەوەstate بۆ نموونە

١٠٢أ. ژەهرەکە پیاوەکەی کوشت.

١٠٢ب . پیاوەکە مرد

لە (١٠٢أ)دا، کرداری (کوشت) کردارێکی هۆکارییە، چونکە شتێک هەبووە (ژەهرەکە)، کە بووە بە هۆکاری کوشتنی (پیاوەکە)، بەڵام لە (١٠٢ب)دا کرداری (مرد) هۆکاریی نییە، لە کرداری هۆکارییدا پریدیکاتی ئەم جۆرە کردارە لە فۆڕمی ڕوودانییەوە هەڵدەگوازرێت، کە لە ئەنجامی گواستنەوەی هۆکارییەوە جێبەجێدەکرێت بڕوانە(ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٨٨).

کۆزەتیڤ بەم ڕێگایانە دروستدەکرێت

١ . بە گۆڕینی شێوەی کارەکە بە بێ گیرەک دروستدەبێت، بڕوانە خشتەی (١٤)

| ناکۆزەتیڤ | کۆزەتیڤ |
|---|---|
| مردن | کوشتن |
| کەوتن | خستن |
| هاتن | هێنان |

خشتەی (١٤)

١٠٣. ئەوان هاتن .

١٠٤. ئەوان ئێمەیان هێنا.

لە ڕستەی (١٠٣)دا کردارێکی ناکۆزەتیڤیە و دروستەی ئارگۆمێنتەکەی یەک ئارگۆمێنتیە، کە ئارگۆمێنتی دەرەکیی( NP ئەوان)ە و سێتارۆڵی کارای پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (٤٢)دا هێنا کردارێکی کۆزەتیڤییە، چونکە شتێک هەبووە بهێنرێت(کتێبەکە)یە دروستەی ئارگۆمێنتەکەی دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP ئەوان سێتارۆڵی کارا و ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP ئێمە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشراوە .

٢ . پاشگری گۆزەتیڤی (اندن)

لە هەندێک زماندا (بۆ نموونە زمانی کوردیی، زمانی مالایی لە مالیزیا و ئەندەنووسیا) لە ڕێگەی کرداری نا-هۆکارییەوە بە زیادکردنی لاگر کرداری هۆکاریی دروستدەکەن: بۆ نموونە:

١٠٥أ/سووتان: کەپرەکە سووتا.

١٠٥ب/سووتاندن: پیاوەکە کەپرەکەی سووتاند.

بە لکاندنی پاشگری / -اندن/ بۆ کرداری نا-هۆکاریی (سووتان) کرداری هۆکاریی (سووتاندن) دروستبووە.

لە (١٠٥ب)دا، بە هۆی پاشگری (اندن)ەوە کردارەکە بووە بە کردارێکی کۆزەتیڤی، هەر بۆیە دروستەی ئارگومێنتەکەی جیاوازە لە دروستەی ئارگومێنتی کرداری (سووتا)ی (١٠٥أ).

سووتا: یەک ئارگومێنت، NP، سێتارۆڵی کارای هەیە.

سووتاند: دوو ئارگومێنت، NP1 ئارگومێنتی دەرەکیی، سێتارۆڵی کارای هەیە، NP2 ئارگومێنتی ناوەکیی، سێتارۆڵی کارتێکراوی هەیە.

ئەو داتایانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، ئەوە دەردەخەن، کە کرداری هۆکاریی لە دروستەی ئارگومێنتەکەیدا کردارەکە داوای دوو ئارگومێنت دەکات، ئارگومێنتی دەرەکیی و ناوەکیی، بۆیە لە ڕووی هێزەوە کۆزەتیڤ بە کردارێکی تێپەڕ دادەنرێت

## ٢/ ٤.٥) دروستەی ئارگۆمێنت لە کردارە فرە واتاکاندا

هەندێک لە کردارەکان لە فەرهەنگدا زیاتر لە واتایەکییان هەیە، بەڵام هەمان فۆڕمیان هەیە، دەبنە کرداری فرەواتا ئەم فرە واتاییەش وایکردووە کردارەکان دروستەی ئارگۆمێنتی جیاوازییان هەبێت، بۆ نموونە

(هەڵکردن)

١٠٦أ. بایەکە هەڵیکرد. (هەڵکردنی با)

ب. ئەو چراکەی هەڵکرد. (پێکردن/ داگیرساندن)

پ. ئەو کۆلارەکەی هەڵکرد. (هەڵدان/ بەرزکردنەوەی کۆلارە)

ت. ئەو دەزووەکەی هەڵکرد. (خرکردنەوە/ کۆکردنەوەی دەزوو)

لە ڕستەی (١٠٦/ أ)دا کرداری (هەڵیکرد) دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە : تەنها یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NP) بایەکەی وەرگرتووە و هەروەها یەک سێتاڕۆڵیشی وەرگرتووە کە کارایە .، بەڵام لە ڕستەکانی (ب،پ،ت)دا دوڕستەی ئارگۆمێنتەکانیان بەم شێوەیە: دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (ئەو) و ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (چراکە،کۆلارەکە،دەزووەکە) لە هەمان کاتدا سێتاڕۆڵی بابەتیان وەرگرتووە، ئەم جیاوازییەی نێوان (أ)و (ب،پ،ت) بۆ جیاوازی زانیارییە فەرهەنگییەکانی کردارەکە دەگەڕێتەوە هەر یەکێک لەو کردارانە دەروازەی تایبەت بەخۆیان هەیە بە فۆڕمی هەڵکردن ١، هەڵکردن٢، هەڵکردن٣..)دەنوسرێت. تۆڕی بابەتانەکەشیان بەم شێوەیە دەبێت خشتەی (١٥)

| | | |
|---|---|---|
| هەڵکردن١ | کارتێکراو | — |
| | NP1 | — |

| | | |
|---|---|---|
| | بایەکە | — |
| هەڵکردن٢ | کارا | کارتێکرا |
| | NP1 | NP2 |
| | ئەو | چراکە |
| هەڵکردن٣ | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | ئەو | کۆلارەکە |

خشتەی (١٥)

(پێکردن)

١٠٧أ/ من کارەکە بە ئۆتۆمبێل دەکەم . (ئەنجامدانی کارێک)

ب ئەو چراکەی پێکرد. (داگیرساندن)

لە ڕستەی (١٠٧/ أ)دا کرداری (پێکردن) دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە : سێ ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NP) من و هەروەها، کە سێتاڕۆڵی کارای پێبەخشراوە. ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP کارەکە ی وەرگرتووە و سێتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشیوە، هەروەها ئارگۆمێنتی ناوەکیی PP بە تۆ وەرگرتووە سێتاڕۆڵی ئامێری پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (ب)دا دوڕستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە بەم شێوەیە: دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (ئەو) و سێتاڕۆڵی کارای پێبەخشراوە ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (چراکە) لە هەمان کاتدا سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، ئەم جیاوازییەی نێوان (أ)و (ب) کە لە ڕوی ژمارەی ئارگۆمێنتەوە جیاوازن لە (أ)دا کردارەکە سێ ئارگۆمێنتی وەرگرتووە،بەڵام (ب) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، هەروەها لە ڕووی جۆری ئارگۆمێنت و سێتاڕۆڵەکانیشەوە جیاوازن بڕوانە تۆڕی بابەتانەی (پێکردن١، پێکردن٢). بڕوانە خشتەی (١٦)

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێکردن١ | کارا | بابەت | ئامێر |
| | NP1 | NP2 | PP |
| | من | کارەکە | بە ئۆتۆمبێل |
| پێکردن٢ | کارا | کارتێکراو | — |
| | NP1 | NP2 | — |
| | ئەو | چراکە | — |

خشتەی (١٦)

(لێکردن)

١٠٨أ/ پیاوەکە ژنەکەی لە ئەو کرد.

١٠٨ب/ ئەو لە کەس ناکات. (لێچوون)

لە ڕستەی (١٠٨/ أ)دا کرداری (لێکردن) دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە : سێ ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NPپیاوەکە) و هەروەها، کە سیتارۆڵی کارای پێبەخشراوە. ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP ژنەکە) ی وەرگرتووە و سیتارۆڵی بابەتی پێبەخشیوە، هەروەها ئارگۆمێنتی ناوەکیی( PP لە ئەو) وەرگرتووە سیتارۆڵی ئامێری پێبەخشراوە، بەڵام لە ڕستەی (ب)دا دوڕستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە بەم شێوەیە: دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (ئەو) و سیتارۆڵی کارای پێبەخشراوە ئارگۆمێنتی ناوەکیی PP (لەکەس) لە هەمان کاتدا سیتارۆڵی بابەتی وەرگرتووە، ئەم جیاوازییەی نێوان (أ)و (ب) کە لە ڕووی ژمارەی ئارگۆمێنتەوە جیاوازن لە (أ)دا کردارەکە سێ ئارگۆمێنتی وەرگرتووە،بەڵام (ب) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە. هەروەها لە ڕووی جۆری ئارگۆمێنت و سیتارۆڵەکانیشەوە جیاوازن تۆڕی بابەتانەی (لێکردن١، لێکردن٢) بڕوانە خشتەی (١٧)

| | | | |
|---|---|---|---|
| لێکردن١ | کارا | بابەت | ئامێر |
| | NP1 | NP2 | PP |
| | پیاوە | ژنەکە | لە ئەو |
| لێکردن٢ | کارا | بابەت | — |
| | NP1 | NP2 | — |
| | ئەو | لەکەس | — |

خشتەی (١٧)

هەندێک لە کردارەکان لە فەرهەنگدا بە واتای جیاواز تۆمارکراون، بەڵام هەمان دروستەی ئارگۆمێنتیان هەیە لە ڕووی ژمارە و جۆر و سیتاڕۆڵەوە، جیاوازی نێوان واتای کردارەکان بۆ جیاوازی دروستەی چەمکییانە دەگەڕێتەوە. بڕوانە (١٠٩)

(هەڵگرتن)

١٠٩. پیاوەکە ژنەکەی هەڵگرت.

١٠٩ب/ پیاوەکە کتێبەکانی هەڵگرت.

لە ڕستەی (١٠٩/ أ)دا پریدیکاتی (هەڵگرتن) دروستەی ئارگۆمێنتەکەی بەم شێوەیە : دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (NP) پیاوەکە یە، کە سیتاڕۆڵی کارای پێبەخشراوە.

ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP ژنەکە ی وەرگرتووە و سێتارۆڵی بابەتی پێبەخشیوە، بەڵام لە ڕستەی (ب)دا دوڕستەی ئارگۆمێنتی کردارەکە بەم شێوەیە: دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە ئەوانیش ئارگۆمێنتی دەرەکیی NP (پیاوەکە) و سێتارۆڵی کارای پێبەخشراوە ئارگۆمێنتی ناوەکیی NP (کتێبەکان) لە هەمان کاتدا سێتارۆڵی بابەتی وەرگرتووە، لە (أ)و (ب) کە لە ڕووی ژمارە و جۆریی ئارگۆمێنتەوە جیاوازنین لە (أ)دا کردارەکە دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە،بەهەمان (ب) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە. هەروەها لە ڕووی سێتارۆڵەکانیشەوە جیاوازنیین بڕوانە تۆربابەتانەکیان خشتەی (١٨)

| | | |
|---|---|---|
| هەڵگرتن١ | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | پیاوە | ژنەکە |
| هەڵگرتن٢ | کارا | بابەت |
| | NP1 | NP2 |
| | پیاوەکە | کتێبەکان |

خشتەی (١٨)

جگە لە کردارەکان، دەگونجێت ئاوەڵناوەکانیش کاتێک وەکو پریدیکات بە کاردەهێنرێت بە شێوەی فرەواتایی دەردەکەون بڕوانە (١٠٨)

گەورە

١١٠أ/ خانوەکە گەورەیە (قەبارە).

ب/ براکەم گەورەیە. (تەمەن).

پ/ هاوڕێکەم پۆستەکەی گەورەیە (پلە و پایە ).

له (۱۱۰أ   ـ پ) ئاوەڵنـاوی گەورە کە وەکـو پریـدیکات بەکـارهێنراوە لە ڕووی ژمـارە و جـۆر و سێتارۆڵیشەوە هەمان دروستەی ئارگۆمێنتیان هەیە، بەڵام بە واتای جیاوازەوە.

# بەشی سێهەم

## نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوریدا

## ٣)نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئارگۆمێنت لە زمانی کوریدا


### ٣/ ١) پڕۆژەسازدان

ڕێسای پڕۆژەسازدان ڕێسایەکی بنەڕەتییە لە سینتاکسدا، کە پێیوایە دروستەی ڕستە لە فەرهەنگەوە بەرهەمدێت، واتە دروستەی سینتاکسی ڕستە لە لایەن تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی وشەکانی ڕستەکەوە دیاریدەکرێت، بۆ نموونە تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی پۆلەڕگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، پێشناو، کردار) دیاریدەکرێت، کەواتە ڕێسای پڕۆژسازدان لە تیۆریی (GB)دا، هەر توخمێکی سینتاکسیی لەگەڵ ئەو یەکە فەرهەنگییەی، کە دەخرێتە تەکی لە فەرهەنگەوە پڕۆژەسازدانیان بۆ دەکرێت، بۆ نموونە کرداری (خوێندن) لە سینتاکسدا داوای فرێزێکی ناوی دەکات، وەکو تەواوکەر ئەوە لە دەروازەی فەرهەنگیی کردارەکەدا بۆیدیاریکراوە، هەر بۆیە بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان "هەر توخمێکی فەرهەنگیی پێویستە لە هەر ئاستێکی نواندندا تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانی بنوێرێت' (Matthews,2007:322)، کەواتە نواندنەکان لە هەر ئاستێکی سینتاکسدابن لەڕێگەی تایبەتمەندیی وەچەپۆلدیایکراوەکانی توخمە فەرهەنگییەکانەوە لە فەرهەنگەوە پڕۆژەسازدانیان بۆ دەکرێت (Chomsky,1986:4)، و هەر سیمایەکی فەرهەنگیی پێویستە لە هەموو ئاستێکی سینتاکسییدا بنوێرێت (Chomsky,1981:9 )، پەیوەندیی نێوان سینتاکس و فەرهەنگ ئەوەیە، کە سینتاکس پڕۆژەسازدانی فەرهەنگە، واتە دروستە سینتاکسییەکان لە فەرهەنگەوە پڕۆژەسازدانیان بۆ دەکرێت دروستەی ڕستە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکانە ئەو توخمە فەرهەنگییە تاکانەیە (یەکە فەرهەنگییەکان)، کە ڕستە لەخۆی دەگرێت، بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدان (Chomsky 1981) هەموو ئارگۆمێنتەکان بە سێتاڕۆڵەکانیانیشەوە، کە هەیانە دەبنە پرۆژە لە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا، هەروەها گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکان لە دروستەی لێکسیکییدا بەپێی ڕیزبەندیی ڕۆڵی بابەتانە لە جێکەوتەی دیاریکراودا، لە سینتاکسدا دەبنە پرۆژەی هەرەمیی ڕۆڵی بابەتانە، لە پڕۆژەسازدانی سینتاکسییدا، دروستەی ئارگۆمێنتی توخمێکی فەرهەنگیی بە شێوەیەکی تەخت لیستی جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکان لە خۆدەگرێت ڕیزبەندیی ڕۆڵی بابەتانە ئەوە دەستەبەردەکات ئەم جێکەوتەی ئارگۆمێنتانە دەبنە پرۆژە لە جێکەوتەی گونجاودا لە دروستەی سینتاکسییدا . دروستەی ئارگۆمێنت خۆی بەپێی ڕیزبەندیی ڕۆڵی بابەتانە دروستدەبێت، هەروەها دروستەی قووڵی ڕستە

پرۆژەسازدانێکی ڕاستەوخۆی هەڕەمییانە/ ڕیزبەندییانەی دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکەیەتی (James Huang,1997:49) بڕوانە (١-٤)

1. خواردن (NP1، NP2)      **نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئارگومێنت**
2. خواردن (پشیلە، گۆشت)      **توخمە فەرهەنگییەکان**
3. خواردن (کارا، کارتێکراو)      **ڕیزبەندیی ڕۆڵی بابەتانە**
4. پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.      **نواندنی سینتاکسیی**

لە(١)دا کە نواندنی فەرهەنگیی دروستەی ئارگۆمێنتە، پریدیکاتی (خواردن) داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە، لە (٢)دا هەردوو ئارگۆمێنتەکە سێتاڕۆڵەکانیان بۆ دیاریکراوە بەپێی ڕیزبەندی ڕۆڵی بابەتانە (NP1) سێتاڕۆڵی کارا وەردەگرێت (NP2) سێتاڕۆڵی کارتێکراو وەردەگرێت، هەر بەپێی ڕیزبەندی سێتاڕۆڵەکان و بەخشینیان بەئارگۆمێنتەکان لە سینتاکسیشدا هەریەکێک لە ئارگۆمێنتەکان وەکو لە (٢)دا خراوەتەڕوو ناوەکانی(پشیلە، گۆشت) دەبنە پرۆژە بۆ (NP1) و(NP2)، کە لە نواندنی سینتاکسیدا دەبنە (پشیلەکە) (گۆشتەکە)، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١):




هێڵکاریی ژمارە(١)

ئەو ئارگۆمێنتەی، کە ڕۆڵی بابەتانەی(کارا)ی وەرگرتووە لە بەرزتریین جێکەوتەی ئارگۆمێنتی ڕستەدا لە دروستەی قووڵدا دەردەکەوێت بەو شێوەیە ئارگۆمێنتەکانی تر بە پێی هەڕەمەکە لە پلەی نزمتردا دەردەکەون(James Huang,1997:49) وەکو لە نموونەی (٤) خراوەتەڕوو،

کاتێک توخمێکی فەرهەنگیی دەچێتە دروستەکەوە هەموو زانیارییەکان لە دەروازەی فەرهەنگییەوە لە گەڵ خۆیدا دەبیات، زانیارییە فەرهەنگییەکان دەبنە پڕۆژە لە فەرهەنگەوە بۆ دروستەکە(Cook,2007:65)، هەر توخمێکی فەرهەنگیی، کە سروشتی پۆلەڕەگەزییانەی خۆی دەباتە فرێزەوە لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردندا، توخمە فەرهەنگییەکە وەکو سەرێک تەواوکەر وەردەگرێت، بڕوانە (Chomsky,1986:82)، بونموونە کردار زانیاریی دیاریکراو لەخۆدەگرێت سەبارەت بە پۆلەڕەگەزە سینتاکسییەکان (تەواوکەرەکان/ ئارگۆمێنتی ناوەکیین) کە دەبنە پڕۆژە بۆ دروستەی ڕستە، وەک:

١٥ پێدان: سەر

ب.[NP PP]: تەواوکەرەکان

پ.کاوە [ نامەکەی به ئاسۆ ] دا
NP PP

کرداری (پێدان) وەکوسەرێک و توخمێکی فەرهەنگیی کە زانیاری دیاریکراویی سەبارەت بەو پۆلەڕەگەزە سینتاکسییانەی، کە دەبنە تەواوکەری لەخۆگرتووە، بۆیە داوای دوو تەواوکەر(ئارگۆمێنتی ناوەکیی) دەکات لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنەکەیدا، کە (PP NP)ە وەکو لە (٥ب)دا خراوەتەڕوو، لە لە(٥ پ)دا سەر و تەواکەرەکان پێکەوە پڕۆژەی ڕستەیان بەرهەمهێناوە.

وەکو لە (٥پ) خراوەتەڕوو جگە لە (NP/ نامەکە، PP/ بەئاسۆ)، واتە ئارگۆمێنتە ناوەکییەکان بەهۆی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنی کرداری (پێدان) داواکراون بەپێی ڕێسای پڕۆژسازاندا، فرێزی ناوی (کاوە)، کە ئارگۆمێنتی دەرەکییە و بکەری ڕستەکەیە بەپێی ڕیسای پڕۆژسازانی فراوانکراو داواکراوە، چونکە بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو پێویستە پریدیکات بکەری هەبێت (Trask,1993:99)، لە گریمانەی پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا Chomsky بیرۆکەی بکەری بۆ ڕێسای پڕۆژەسازدان زیادکردووە، بەپێی گریمانەکە پێویستە لە ڕستیلەکاندا جێکەوتەی بکەر فرێزێکی ناویNP یان دیارخەرییDP لەخۆبگرێت(Chomsky,1982:9 )، بەپێی ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراو پێویستە لەڕووی سینتاکسییەوە بخرێتەڕوو هەربۆیە فرێزی ناوی (کاوە) وەکو ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی بووە بە بکەری ڕستەی (٥پ).

### ٣/ ١.١) لە دروستەی ئارگۆمێنتەوە بۆ پرۆژەسازدان(فریزەکان)

لەبەشی یەکەمدا ئەوە خرایەڕوو، کە دروستەی ئارگۆمێنت لە پەیوەندیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی دەکۆڵێتەوە، بە جۆرێک پریدیکاتەکان کۆتوبەند دەخەنەسەر ئارگۆمێنتەکانیان ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکانیان دیاریدەکەن، پریدیکاتەکان و ئارگۆمێنتەکانیان بە پێی پۆلەڕەگەزەکانیان لە ئاستی سینتاکسدا پرۆژەی فریزی تایبەت بەخۆیان بەرهەمدەهێنن، جۆری پریدیکاتەکان پرۆژەی تایبەت بەخۆیان دیاریدەکەن لەهەمانکاتدا جۆروژمارەی فریزەکانیش دیاریدەکەن لە ڕێگەی جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتەکانەوە :

1 .(کردار)

بەوپێیەی پریدیکاتەکە پۆلەڕەگەزی کردارە بۆیە پرۆژەی فریزی کرداریی بەرهەمدەهێنێت لە کردارە یەک جێکەوتەییەکاندا کردارەکە هەر خۆی پرۆژەی VP پێکدەهێنێت، بڕوانە هێڵکاریی(٢)

VP

↑

هات (سینتاکس)


↑

هاتن (فەرهەنگ)

هێڵکاریی ژمارە (٢)


لە هێڵکاریی(٢)دا پریدیکاتی (هاتن) کاتێک لە فەرهەنگەوە دەچێتە سینتاکس پرۆژەی (VP) بەرهەمدەهێنێت، بەهۆی ئەوەی کردارەکە یەک جێکەوتەیە، داوای یەک ئارگۆمێنت دەکات ئارگۆمێنتەکەش لە پۆلەڕەگەزی ناوە، بۆیە پێویستە لە سینتاکسدا پرۆژەی (NP) بەرهەمبێت.

٦. کوڕەکە هات .





هێڵکاریی ژمارە (٣)

بەڵام  ئەو کردارانەی دوو جێکەوتەیین داوای (NP) یەک لە چوارچێوەی پرۆژەی(VP)دا دەکەن، چونکە ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە چێوەی(VP) دایە کەواتە ئەو توخمەی دەبێتە ئارگۆمێنتی ناوەکیی پێویستە پرۆژەی (NP/  PP) بەرهەمبهێنێت بۆ ئەوەی جێکەوتەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی بگرێت بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٤)





هێڵکاریی ژمارە (٤)

بۆ نموونە پریدیکاتی (هێنان) نواندنە سینتاکسیەکەی لە هێکاریی ژمارە (٥)دا خراوەتەڕوو




هێڵکاریی ژمارە (٥)

فرێزی کرداری لە هێڵکاریی (٦)دا خرایەڕوو داوای ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی دەکات، کە (NP)ە کەواتە ئەو توخمەی دەبێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی پێویستە پرۆژەی فرێزی ناوی بەرهەمبهێنێت





هێڵکاریی ژمارە (٦)

هەروەها دەشێت ئارگۆمێنتی ناوەکیی بەشێوەی (PP) دەربکەوێت بڕوانە (٤)


٧ . پۆلیسەکە لە دۆسیەکەی کۆڵییەوە.

له نموونه(٧)دا فریزی پێشناوی (له دۆسیەکه) ئارگۆمێنتێکی ناوەکییە لە چێوە(VP)دا دەردەکەوێت ئەم فریزە پێشناوییە بەرهەمی پرۆژەی پێشناوی(له)یە لە سینتاکسدا، بڕوانە هێڵکاریی(٧)




هێڵکاریی(٧)

فریزی کرداری لە هێڵکاریی (٨)دا دەخرێتەڕوو داوای ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی دەکات لە پۆلەڕەگەزی ناو، کە (NP)ە ئەو توخمەی دەبێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی پێویستە پرۆژەی فریزی ناوی بەرهەمبهێنێت( پۆلیسەکە)




هێڵکاریی(٨)

هەروەها دەشێت (VP) دوو ئارگۆمێنتی ناوەکیی لەخۆبگرێت، کە بە دوو شێوە دەردەکەون:


(١). (NP، PP)

(٢). (NP، NP)

شێوەی یەکەمیان، کە (NP، PP) ئارگۆمێنتی NP پڕۆژەی (N) ە و ئارگۆمێنتی (PP) پڕۆژەی (P)یە، کە هەردووکیان ئارگۆمێنتی ناوەکیین لە چێوەی (VP)دان. بڕوانە هێڵکاریی(٩)


(پێبژاردن)

٨. پۆلیسی هاتووچۆ پارەکەی بە شوفێرەکە بژارد.




هێڵکاریی(٩)


وەکو لە هێڵکاریی (٨)دا خرایەڕوو (VP)(پارەکە بەشوفێرەکە بژارد) داوای ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی لە پۆلەڕەگەزی(N) دەکات، کە پێویستە پڕۆژەی (NP) دروستبکات(پۆلیسەکە)، بڕوانە هێڵکاریی (١٠)




هێڵکاریی ژمارە (١٠)


بەڵام  لە شێوەی دووەمدا دوو ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە چێوەی (VP)دا دەردەکەون، کە لە جۆری (NP ،NP) ین بڕوانە نموونەی (٩) و هێڵکاریی(١١)

٩. ئەو دیارییەکەی پێشکەشی ئێمە کرد.




هێڵکاریی ژمارە (١١)


وەکو لە هێڵکاریی (١١)دا خرایەڕوو (VP)(پێشکەشی ئێمە کرد) داوای ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی لە پۆلەڕەگەزی(N) دەکات، کە پێویستە پرۆژەی (NP) دروستبکات(ئەو)




هێڵکاریی ژمارە (١٢)


2.ئاوەڵناو :

ئاوەڵناویش وەکو پریدیکاتێک دەتوانێت لەگەڵ کەپولا دەربکەوێت و پرۆژەی (VP) بەرهەمدەهێنێت داوای ئارگومێنتێکی دەرەکی دەکات، کە پرۆژەی (NP) بێت، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٣)




هێڵکاریی ژمارە (١٣)


وەکو لە هێڵکاریی (١٣)دا خرایەڕوو، کە کەپولا و ئاوەڵناوەکە پێکەوە پرۆژەی (VP)یان پێکهێناوە و داوای ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی لە جۆری (N) دەکات، کە پرۆژەی (NP) بەرهەمبهێنێت




هێڵکاریی ژمارە (١٤)


3.ناو

ناویش وەکو پریدیکاتێک دەتوانێت لەگەڵ کەپولا دەربکەوێت و پڕۆژەی (VP)، بەرهەمدەهێنێت داوای ئارگومێنتێکی دەرەکی دەکات، کە پڕۆژەی (NP) بێت.




هێڵکاریی ژمارە (١٥)

وەکو لە هێڵکاریی (١٥)دا خرایەڕوو، کە کەپولا و ناوەکە پێکەوە پڕۆژەی (VP)یان پێکهێناوە و داوای ئارگۆمێنتێکی دەرەکیی لە جۆری (N) دەکات، کە پڕۆژەی (NP)(کاوە) بەرهەمبهێنێت




هێڵکاریی ژمارە (١٦)

### ٣/ ٢.١) پرۆژەی ڕستە بە پێی دروستەی ئارگۆمێنت

دروستەی ڕستە بە پێی دروستەی ئارگۆمێنت لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، چونکە پرۆژە سینتاکسییەکان بەرهەمی زانیارییە فەرهەنگییەکانە (Chomsky,1981:76)، بە تایبەتی زانیارییە سیمانتیکی و سینتاکسییەکانی پریدیکات، فەرهەنگ فۆڕمی بەرایی ڕستە لەخۆدەگرێت، هەر بۆیە بە ئاستی بنچینەیی پرۆژەی ڕستە دادەنرێت لێرەدا، پرۆژەی ڕستە بە پێی چوار بنەما دیاریدەکرێن، ئەمانەن:

1. **بە پێی دروستەی ئارگۆمێنت**
2. **بە پێی تۆڕی بابەتانە**
3. **بە پێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن**
4. **بە پێی ئەرکە ڕێزمانییەکان**

بە پێی **دروستەی ئارگۆمێنت** کرۆکی ڕستە لە پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی پێکدێت، کە دروستەی ئارگۆمێنت لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات و پریدیکاتەکان ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکان دیارییدەکەن، کەواتە زانیارییە فەرهەنگییەکان(سینتاکسیی، سیمانتیکیی) پرۆژەی ڕستە بەهەمدێنن بڕوانە (بەشی یەکهەم)

**پرۆژەی ڕستە بەپێی دروستەی ئارگۆمێنت لە پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی پێکدێت :**

١ . دروستەی ئارگۆمێنت، پریدیکات(خواردن): ئارگۆمێنت١(پشیلە) ئارگۆمێنت٢(گۆشت)

لە(١)دا پریدیکاتی (خواردن) ئارگۆمێنتەکانی( پشیلە، گۆشت)ی وەرگرتووە، واتە پریدیکاتەکەو هەردوو ئارگۆمێنتەکە فۆرمی بەرایی و بنچینەیی ڕستەیەک دروستدەکەن بڕوانە (١٠)

١٠ . پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

**هەروەها بەپێی تۆڕی بابەتانە پرۆژەی ڕستە** لە ئەنجامی بەخشینی سیتاڕۆڵەکانی پریدیکاتەکە بە ئارگۆمێنتەکانی دروستەی ڕستە بەرهەمدێت لە نموونەی (١٠)دا تۆڕی بابەتانەی پریدیکاتی (خواردن) بەم شێوەیە: بڕوانە خشتەی (١)

| | | |
|---|---|---|
| خواردن | کارا | کارتێکراو |
| | NP1 | NP2 |
| | پشیلەکە | گۆشتەکە |

خشتەی (١)

لە (١٠)دا تۆڕی بابەتانەی پریدیکاتی (خواردن) ئارگۆمێنتی1 (کارا) ئارگۆمێنتی2 (کارتێکراو) وەرگرتووە، جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتەکە لە ڕستەدا بە پێی جێکەوتەی سیتاڕۆڵەکانە لە تۆڕی بابەتانەدا، کەواتە ئەو ئارگۆمێنتەی سیتاڕۆڵی کارا وەردەگرێت، لە پرۆژەی ڕستەدا هەمیشە لە سەرەتای ڕستەدا دەردەکەوێت (پشیلەکە) سیتاڕۆڵی کارای وەرگرتووە، بۆیە کەوتۆتە سەرەتای ڕستەکە، هەروەها لە تۆڕی بابەتانە سیتاڕۆڵی بابەت/ کارتێکراو هەبوو ئەوا جێکەتەکەی دەکەوێتە دوای سیتاڕۆڵی کارا وە بۆیە ئارگۆمێنتی (گۆشتەکە) سیتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە، دەکەوێتە دوای ئارگۆمێنتی (پشیلەکە)ەوە .

**پرۆژەی ڕستە بە پێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن** لە ئەنجامی داواکردنی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانی پریدیکاتەوە دروستدەبێت، بۆیە لە نموونەی (١٠)دا پریدیکاتی (خواردن) چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنەکەی داوای دوو (NP) دەکات وەکو ئارگۆمێنتی سینتاکسیی

چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن خواردن [ NP ـ NP]

لەڕووی ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە لە پڕۆژەی ڕستەدا هەر پریدیکاتێک بەلایەنی کەمەوە داوای ئارگۆمێنتێک دەکات، لە جۆری ئارگۆمێنتی دەرەکیی (بکەر)، بڕوانە (١١)

١١ . کاوە هات.

پریدیکاتی (هاتن) ئارگۆمێنتی دەرەکیی (کاوە)ی وەرگرتووە، کە ئەرکی بکەرە، هەروەها دەشێت پریدیکاتەکە جگە لە ئارگۆمێنتی دەرەکیی ئارگۆمێنتی ناوەکییش وەربگرێت، کە ئەرکی بەرکار بێت

١٢ . کاوە کتێبەکانی لە هیوا سەند.

پریدیکاتی (لێسەندن) جگە لە ئارگۆمێنتی دەرەکیی (کاوە)، کە ئەرکی بکەری هەیە، دوو ئارگۆمێنتی ناوەکیی وەرگرتووە، کە ئەرکیان بەرکارە ئارگۆمێنتی ناوەکیی (کتێبەکە) بەرکاری ڕاستەوخۆ و (لەهیوا) بەرکاری ناڕاستەوخۆی وەرگرتووە.

**کەواتە پڕۆژەی ڕستە بە پێی هەر چوار بنەماکە بۆ پریدیکاتێکی وەکو (خواردن) بەم شێوەیە دەبێت:**

١٣. پشیلەکە گۆشتەکەی خوارد.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دروستەی ئارگۆمێنت : | ئارگۆمێنتی1 | ئارگۆمێنتی2 | پریدیکات |
| تۆڕی بابەتانە: | کارا | کارتێکراو | |
| وەچەپۆلدیاریکردن: | NP1 | NP2 | |
| ئەرکی ڕێزمانی: | بکەر | بەرکار. | |

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت  لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو کردار[14] وەکو پریدیکات بەپێی هێزەکەی پرۆژەی ڕستە بەرهەمدەهێنێت، بەڵام بە پێی دروستەی ئارگۆمێنت جگە لە کردار (ناو و ئاوەڵناویش) وەکو پریدیکات دەردەکەون و پرۆژەی ڕستە بەرهەمدەهێنن.

ئاوەڵناو وەکو پریدیکاتێک بەپێی جۆرەکەی پرۆژەی ڕستە بەرهەمدێنن، بڕوانە (١٤)

١٤. کوڕەکە زیرەکە.

دروستەی ئارگۆمێنت : ئارگۆمێنتی1      پریدیکات

تۆڕی بابەتانە:      بابەت

وەچەپۆلدیاریکردن:  NP1

ئەرکی ڕێزمانی:      بکەر

بەڵام  ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و باڵا دروستەی ئارگۆمێنتەکەیان گۆڕانی بەسەردا دێت، بڕوانە

١٥. هیوا لە کاوە زیرەکترە.

دروستەی ئارگۆمێنت : ئارگۆمێنتی1 ئارگۆمێنتی2     پریدیکات

تۆڕی بابەتانە:      بابەت      بابەت

وەچەپۆلدیاریکردن:  NP1      NP2

ئەرکی ڕێزمانی:      بکەر      بەرکار.

ناو وەکو پریدیکاتێک بەپێی جۆرەکەی پرۆژەی ڕستە بەرهەمدێنن، بڕوانە (١٦)

١٦. کوڕەکە مامۆستایە.

دروستەی ئارگۆمێنت : ئارگۆمێنتی1      پریدیکات

تۆڕی بابەتانە:      بابەت

---

[14] بڕوانە (ئەمیین،١٩٥٧: ٢٢-٧٨) (مارف،٢٠١٤: ٩-٨٩) (سەعید،٢٠٠٦: ٧٨)و  ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون

وەچەپۆلدیاریکردن: NP1

ئەرکی ڕێزمانی:      بکەر

ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا کەرەستە خورتییەکانی ڕستە بوون دەشێت لە ڕستەدا کەرەستەی سەرباریش دەربکەوێت، واتە جگە لەو کەرەستانەی سەرەوە، کە کرۆکی ڕستەیان بەرهەمهێناوە دەشێت ڕستە بە کەرەستەی سەربار فراوانبکرێت بوونیان خورتی نییە کەرەستەی داواکراوی پریدیکات نین بۆیە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنیان لەڕستەدا کاریگەریی ڕێزمانی واتایی دروستناکات، کەواتە سەربارەکان نابنە بەشێک لە پێکهێنانی پرۆژەی ڕستە، چونکە نائارگۆمێنتن و کەرەستەی داواکراوی پریدیکات نیین بڕوانە (١٧)

١٧ أ. هیوا هات .

١٧ب/  دوێنێ هیوا بەپەلە بۆ زانکۆ هات.

١٧پ/  هیوا دوێنێ بۆ زانکۆ بەپەلە هات.

لە ڕستەی (١٧أ) دا تەنها کەرەستە بنجی و بنەڕەتییەکانی ڕستە هاتووە، کە پریدیکات و ئارگۆمێنتی بکەرییە، بەڵام لە ڕستەی (١٧ب،پ)دا، جگە لە کەرەستە سەرەکییەکان کەرەستە سەربارەکانی (دوێنێ، بەپەلە، بۆزانکۆ) هاتووە و لابردنیان یان جێگۆرکێی کەرەستەکان ڕستەکانی نەکردووە بە نارێزمانی بەهۆی ئەوەی کەرەستەی لاوەکیین لە ڕستەدا جێکەوتەیەکی دیاریکراویان نییە، هەروەها دەرکەوتنیان دەستور بەندە واتە پریدیکات و جۆری پریدیکاتەکە ڕۆڵیان هەیە لە دەرکەوتنی سەربارەکان. بڕوانە (١٨أ، ب)

١٨أ . ئەو نامەکەی بە پیاوەکە نارد.

١٨ب . * ئەو نامەکەی بە بەردەکە نارد.

پریدیکاتی ناردن ڕێگە بە فرێزی پێشناوی (بە پیاوەکە) دەدات وەکو سەربارێک لە ڕستەکەدا دەربکەوێت، بەڵام ڕێگە بە فرێزی پێشناوی (بە بەردەکە) نادات وەکو سەربارێک لە ڕستەکەدا دەربکەوێت.

## ٣/ ٢) نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئارگۆمێنت

لە ڕوانگەی پێناسەی نواندنەوە، کە بەخشینی دروستەیەکە بە هەر فۆڕمێک لە هەر ئاستێکی پەسنکردن یان شیتەڵکردندا بێت، نواندنی سینتاکسیی دروستەی ئارگۆمێنت ئاماژە بەوە دەکات، کە چۆن ئارگۆمێنتی گۆڕاو ڕستەیەک لە ئاستی سینتاکسی دەنوێنرێت و لە نواندنی سینتاکسیدا ئارگۆمێنتەکان، وەکو (فرێزی ناویی، فرێزی پێشناویی) دەنوێنرێت، بڕوانە(١٩)

١٩. پیاوەکە سێوەکەی خوارد.

لە ڕستە(١٩)دا (پیاوەکە) بکەرە و (سێوەکە) بەرکارە ئەم ئارگۆمێنتانە لە ڕێگەی نواندنی سینتاکسییەوە بەشێوەی فرێزی ناوی دەرکەوتوونە، کە لە دروستەی ڕستەکەدا جێکەوتەی دیاریکراویان گرتووە، لە زمانەکانی جیهاندا چۆنیەتیی نواندنی سینتاکسیی ئارگۆمێنتەکان جیاوازن، بۆ نموونە لە هەندێک زماندا ئارگۆمێنتی بکەریی و بەرکاریی نیشانەی دیاریکراوی دۆخییان هەیە، یان سەرەوڕیزبوونی دیاریکراویان بۆ جێکەوتەی فرێزەکان هەیە، کەواتە نواندنی سینتاکسیی ئارگۆمێنتەکان ئەرکە ڕێزمانییەکانی ڕستەکە دیاریدەکەن و دەبنە بنەماش بۆ دیاریکردنی لایەنی واتای ڕستەکە. بڕوانە (٢٠، ٢١)

٢٠. ئاسۆ ئاکۆی بانگکرد.

٢١. ئاکۆ ئاسۆی بانگکرد.

زمانی کوردیی بۆ نواندنی سینتاکسیی پەیڕەوی سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکانی ڕستە دەکات بەپێی جێکەوتە ئەرکە ڕێزمانییەکان دیاریدەکات لە ڕستەی (٢٠)دا (ئاسۆ) بکەرە و (ئاکۆ) بەرکارە، بەڵام لە ڕستەی (٢١)دا (ئاکۆ) بکەرە و (ئاسۆ) بەرکارە، واتە نواندنی سینتاکسیی ئەو دروستە سینتاکسییانە دەگرێتەوە، کە لە فۆڕمێکدا بەرجەستە دەکرێن بۆ نموونە هێڵکاریی دەرەختیی دروستەی فرێزەکان فۆڕمێکی بەربڵاون لە نواندنی سینتاکسیی بەهەمان شێوە بۆ دروستە سینتاکسییەکانی دیکەیش(Mathewas,2007:344)، هەروەها بەلای (Chomsky1965)ەوە نواندنی سینتاکسیی چەند هێڵکارییەکی درەختی ڕیزکراوی دروستەی وەچەپێکهاتەیەکە، کە پێیدەگوترێت (هەڵگواستن) یەکەم توخم لە هەڵگواستندا لەڕێگەی پێناسەکردنی دەبێت لە دروستەی قووڵدا لە کۆتاییشدا لە دروستەی ڕووکەشدا، بۆ نموونە پریدیکاتی (خواردن) هەڵگواستنەکەی بەم شێوەیە دەبێت.

خواردن (NP1، NP2 )      دروستەی قووڵ

٢٢. شێرەکە ئاسکەکەی خوارد . دروستەی ڕووکەش.

له نواندنی سینتاکسییدا زانیاریی سەبارەت بە پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی لەخۆدەگرێت، هەروەها زانیاریی سەبارەت بە فرێزەکان (NP، VP، AP، PP) لەخۆدەگرێت لەسەروو هەموویانەوە زانیاریی سەبارەت پێکهاتووی ڕستە و فرێزەکانی ڕستە لەخۆدەگرێت(Darmasetiyanwan&Ambridge,2022:2) جگە لە ڕستە و فرێزەکانی ڕستە،

سیما مۆرفۆسینتاکسییەکانی توخمە فەرهەنگییەکان بەشێک لە نواندنی سینتاکسیی سەرەوڕیزبوونی وشەکان لە دروستەی ڕووکەشی ڕستەدا پێکدەهێنن، بە هەمان شێوە لە نواندنی سینتاکسییدا دەردەکەوێت ( Selkirk,2009: ) بڕوانە ڕستەی (٢٣)

٢٣. خوێندکارە زیرەکەکە کتێبەی لە کتێبخانە وەرگرت.

لە (٢٣)دا لە چەند فرێزێک پێکهاتووە کە ئەمانەن (فرێزی ناوی خوێندکارەکە، فرێزی ئاوەڵناوی زیرەک، فرێزی ناوی کتێبەکە، فرێزی پێشناوی لە کتێبخانە، فرێزی کرداری وەرگرت) ئەوەی، کە ڕستەی (١)دا نوێنراوە نواندنی سینتاکسیی پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو پێشناو، کردار)، هەروەها نواندنی زانیارییەکانی پەیوەست بەو پۆلەڕەگەزانەیە لە چێوەی ڕستەکەدا، کەواتە ڕستەکە وەکو پێکهاتوویەک لە چوار فرێزپێکهاتووە ئەمەش لە ڕێگەی نواندنی سینتاکسییەوە خراوەتەڕوو، هەروەها سەرەو ڕیزبوونی فرێزەکانی ڕستەکە لە دروستەی ڕووکەشدا (NP – AP – PP- VP ) نواندنی سینتاکسییدا دەردەکەوت.

### ٣/ ١.٢) ئارگۆمێنتی سینتاکسیی

ئارگۆمێنتی سینتاکسیی ئاماژە بە وەچەپێکهاتەیەک دەکات لە ڕستەدا لە لایەن یاسایەکی ڕێزمانیی، یان پێکهاتەیەکەوە داوادەکرێت، واتە پریدیکات جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتە سینتاکسیەکان دیاریدەکات، کە دەتوانن یان پێویستە دەربکەون و ئەرکی سینتاکسییان بەسەردا جێبەجێدەکات وەکو (بکەر، بەرکار... )، بۆ دیاریکردنی ئارگۆمێنتی سینتاکسیی، پێویستە بزانین دەربڕاوەکان (ڕستەکان) سەریان هەیە، هەروەها دەشێت توخمێکی وابەستە یان چەند توخمێکی وابەستە

لەخۆبگرن، بەسەرەکەوە وابەستەن بەپێی نیشانەکانی سەرەکە داوای ئەو توخمە وابەستانە دەکرێن ئەم توخمە وابەستانە بە ئارگۆمێنتی سینتاکسیی دادەنرێن، بۆ نموونە کردارێکی وەکو (برژاندن) لە ڕستەدا دەبێتە سەر و داوای توخمی وابەستە دەکات:

٢٤. پیاوەکە ماسییەکەی برژاند.

لە (٢٤)دا کرداری (برژاند) توخمی وابەستەی (ماسی) وەرگرتووە، کە ئارگۆمێنتی سینتاکسیی کرداری (برژاند) ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە توخمێکی وەکو (ماسی) بکاتە توخمێکی وابەستە بۆخۆی، بەڵام بەپێچەوانەوە دروست نییە، چونکە (ماسی) ناتوانێت وەکو سەرێک دەربکەوێت کرداری (برژاند) بکات بە وابەستە و ئەو تایبەتمەندییەی لە خۆنەگرتووە، کەواتە دەتوانین پەیوەندیی نێوان سەر و توخمە وابەستەکەی ڕستە لە میانەی نموونەکەی سەرەوەدا بەم شێوەیە دەرببڕین:

A دەبێتە سەریB ئەگەرB ببێتە توخمی وابەستەی A، هەروەها B توخمی وابەستەکەی A یە، ئەگەر B لەلایەن A ەوە داواکراوبێت(Alexander Williams,2015:48) بۆ دیاریکردنی ئارگۆمێنتی سینتاکسی پشت بە دوو گریمانە دەبەسترێت

(١)گریمانەی ناوەندێتی.

(٢) گریمانەی پشکنینی ئارگۆمێنت.

بەپێی گریمانەی (ناوەندێتی) هەر دەربڕاوێک لە بەشە سینتاکسییەکانی سەرێکی هەیە، بەڵام ئەوەی گرفت بۆ گریمانەی ناوەندێتی دروستدەکات ئەوەیە، کە چ بەشێکی سینتاکسیی ببێتە سەری دەربڕاوەکە (ڕستەکە)، لە دروستەی ئارگۆمێنتدا سەری ڕستیلەکان ئەو بەشە سینتاکسییەی ڕستەکەیە، کە بریار لەسەر ژمارەو جۆری توخمەکانی دیکەی ڕستیلەکە دەدات (پریدیکات)، هەروەها ئەوەدیاریدەکات، دەوربەری سینتاکسیی بۆ نموونە سەرەوڕیزبونی توخمەکان چۆن بێت(Alexander Williams,2015:49).

٢٥. کاوە کتێبەکانی هێنا .

لە(٢٥)دا بە پێی دروستەی ئارگۆمێنت کرداری (هێنا) دەبێتە پریدیکاتی ڕستەکە بریار لەسەر ژمارە و جۆری توخمەکانی دیکە (ئارگۆمێنتەکان) ڕستەکە دەدات لێرەدا پریدیکاتەکە دوو ئارگۆمێنتی

وەرگرتووە، هەروەها ئەوەی دیاریکردووە کە ئارگۆمێنتەکانی دەبێتە جۆری NP بن (کاوە، کتێبەکە) جگە لەوە ئەوەشی دیاریکردووە (NP کاوە) بکەوێتە پێش (NPکتێبەکە)، کە ئەمەش بە سەرەوریزبوونی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتەکە دادەنرێت.

هەروەها بە پێی یاسای چێککردنی/ پشکنینی ئارگۆمێنت یاسایەکی خستنەتەکیەکی سینتاکسییە، کاتێک ڕوودەدات، کە بەهای فیچەری پۆلەڕەگەزی سەر لەگەڵ پۆلەڕەگەزی توخمی وابەستە پەیکاڵبن/ بگونجێت یاسای چێککردنی/ پشکنینی ئارگۆمێنت لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا بۆ لایەنی سینتاکسیی دەخرێتەڕوو:

[.....] Y [< Y,Z>] X ] پشکنیین

X ئاماژە بە پریدیکاتەکە دەکات.

Y ئارگۆمێنتی ناوەکیی/ بەرکاری ڕاستەوخۆی پریدیکاتەکە.


Z ئارگۆمێنتی دەرەکیی/ بکەری پریدیکاتەکە.

[< Y, Z>] لیستی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتەکە.

**گریمانەی پشکنینی ئارگۆمێنت** دوو دەربڕاو(فریز) دەخاتەتەکیەک، کە یەکێکیان پۆلەڕەگەزی X ی هەیە لە نیشانەکانییدا داوای <Y, Z> دەکات. لەکاتێکدا پۆلەڕەگەزەکەی تر Y لەگەڵ بەهاکانی نیشانەکانی X پەیکاڵدەبێت دەگونجێت لە ئەنجامی ئەم خستنە تەکیەکەدا پۆلەڕەگەزی Y دەبێتە ئارگۆمێنتی ناوەکیی بۆ X بڕوانە (Alexander Williams,2015:55)، بۆ نموونە کردارێکی وەکو (برژاندن) کاتێک یاسای پشکنینی ئارگۆمێنتی بەسەردا جێبەجێدەکرێت. لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا نواندنی بۆ دەکرێت پەیوەست بە ئارگۆمێنتی ناوەکییەکەوە .

برژاندن: V [< Y >]

Y [ ماسی]




هێڵکاریی ژمارە (١٧)

ئەو نیشانانەی، کە لەلایەن یاسای پشکنینی ئارگۆمێنتەوە دەپشکێنرێن و دەبنە جێی بایەخی یاساکە، تەنها نیشانەکانی پەیوەستدارن بە ئارگۆمێنتەکانی سەرەکەوە، هەر بۆیە بە ئەو نیشانانە دەگوترێت نیشانەکانی ئارگۆمێنت لیستی ئارگۆمێنتەکان پێکدەهێنن، کە دەگوترێت نیشانەکانی ئارگۆمێنت مەبەست ئەوە نییە، کە دەربڕاوەکە دەبێتە ئارگۆمێنت، بەڵکو مەبەستەکە ئەوەیە فیچەری ئەو ئارگۆمێنتەی داوای دەکات لەخۆدەگرێت واتە نیشانەکانی ئارگۆمێنت ئەو فیچەرانەی سەرن لەلایەن یاسای پشکنینی ئارگۆمێنتەوە بە ئامانج دەکرێن و دەبنە جێی بایەخ، سەر، جگە لە نیشانەکانی ئارگۆمێنت دەشێت سیمای دیکەشی هەبێت، بەڵام لە لایەن یاسای پشکنینەوە نابنە جێی بایەخ (Alexander Williams,2015:55)، تەنها کاتێک دەتوانیین بڵێین دەربڕاوێک ئارگۆمێنتی سینتاکسیی دەربڕاوێکی دیکە(پریدیکات) ئەگەر دەربڕاوەکەی دووەم (پریدیکات) نیشانەکانی ئارگۆمێنتکەی هەبێت، بۆ نموونە کرداری (برژاندن) فیچەری ئارگۆمێنتی سینتاکسیی هەیە، بۆ ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکەی (ماسی)

1 )برژاندن + شتێک ببرژێنرێت .

ماسی + شتێک دەبرژێنرێت.

هەروەها تەنها کاتێک دەتوانیین بڵێین دەبڕاوێک ئارگۆمێنتی سینتاکسیی دەربڕاوێکی دیکەیە، ئەگەر دەربڕاوی یەکەم بتوانێت لە ڕێگەی یاسای پشکنینی ئارگۆمێنتەوە نیشانەی ئارگۆمێنتەکەی دووەم (پریدیکات) بەجێبهێنێت. بۆ نموونە ئارگۆمێنتی (ماسی) تەنها ئەو کاتە دەتوانێت ببێتە ئارگۆمێنتی سینتاکسیی بۆ پریدیکاتی(برژاندن)، ئەگەر ئارگۆمێنتی ماسی بتوانێت لە ڕێگەی یاسای پشکنینی ئارگۆمێنتەوە نیشانەی ئارگۆمێنتی برژاندن بەجێبهێنێت. بڕوانە نموونەی(٢٤).

دەتوانرێت پێواژۆی کردنی ئارگۆمێنتێک بە ئارگۆمێنتی سینتاکسیی پریدیکاتێک بەم شێوەیەی خوارەوە کورتبکرێتەوە لە دەربڕاوێکدا A ئارگۆمێنتی سینتاکسیی (B) ە ئەگەر (A) بتوانێت نیشانەی ئارگۆمێنتی (B) بەجێبهێنێت.

هەر لەم تێڕوانینەی سەرەوە لە ئەنجامی بەجێهێنانی نیشانەی ئارگۆمێنتی (B) لەلایەن ئارگۆمێنتی سینتاکسـیی (A) هوە ئـارگۆمێنتی (A) وەکـو ئـارگۆمێنتێکی سینتاکسـیی (B) لە ڕسـتەدا خـۆی دەردەخات .

لیستی ئارگۆمێنتەکان لەلایەن چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن و تۆڕی سێتاکانەوە پێکدەهێنرێت بڕوانە (Stowell,1981:34) و (Chomsky,1981) سـێتارۆڵەکان لەلایەن سـەرەوە بە تـوخمە وابەسـتەکان دەبەخشـرێت ئەو تـوخمە وابەسـتەیەی، کە بتوانێـت نیشـانەی ئـارگۆمێنتی سـەر بەجێبهێنێـت وەکـو ئـارگۆمێنتی سینتاکسـیی، هەر لە نیشـانەکانییدا ئەوەی بـۆ دیاریـدەکرێت چ سـێتارۆڵێکی پێبەخشـرێت(Chomsky,1981:63)، ئەو تـوخمە وابەسـتەیەی، کە لەچێـوەی وەچەپۆلدیاریکردندا توخمی یەکەم بێت لەتۆڕی بابەتانەدا بەرامبەر توخمی یەکەم دەبێت بەهەمان شێوە بۆ توخمەکانی دیکە بەپێی سەرەوڕیزبوونیان .

هەڵگرتن:V [چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن:< NP1 ، NP2 > تۆڕی بابەتانە: <Ɵ1، Ɵ2 >

هەردوو لیستی ئارگۆمێنتەکانی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن و تۆڕی سێتا لە تایبەتمەندییەکانیاندا جیاوازییان هەیە، ئەو ئارگۆمێنتانەی، کە لەچێوەی وەچەپۆلدیاریکردندا دیارییدەکرێن تایبەتمەندیی سینتاکسیی ئارگۆمێنتەکان پێوەرن بۆ دیاریکردنیان، بەڵام لە تۆڕی بابەتانەدا تایبەتمەندیی واتایی و پەیوەندیی سیمانتیکیی ئارگۆمێنتەکان بە پریدیکاتەوە دەبنە پێوەر و جێی بایەخدان . لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنـدا ئەو فۆڕمـانەی یـان پۆلەڕەگەزەسینتاکسـییانەی تـوخمە وابەسـتەکان دیاریـدەکات، کە دەبـنە ئارگۆمێنـت بـۆ نمـوونە دەشـێت ئـارگۆمێنتەکە پێویسـتی بە ئەوە بێـت، کە فۆڕمەکەی فرێزی ناوی بێت یان فرێزی پێشناوی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئارگۆمێنتەکە بنوێنرێت ئەوەی لە نموونەی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردنی سەرەوە خراوەتەڕوو بۆ کرداری (هەڵگرتن) دوو ئارگۆمێنت لیستکراون کە پێویستە هەردووکیان لە پۆلەڕەگەزی ناوبن لە بەرامبەر تۆڕی بابەتانەدا ئارگۆمێنتی سینتاکسیی وەکو ئارگۆمێنتی سیمانتیکی نیشانە دەکرێن/ مارکەی لێدەدرێت واتا وەکو ئارگۆمێنتێـک لیسـتدەکرێت، کە پریـدیکات سـێتارۆڵی پێبەخشـیوە هەر ئارگۆمێنتێکیـان ئەوەی بـۆ دیارییدەکرێت کە سێتارۆڵەکەی چییە(کـارا، کـارتێکراو....) کاتێـک دەربڕاوێـک بە ئەو سـێتارۆڵانەی پێیەتی دەبێت بەسەری ڕستەیەک سێتارۆڵەکانی لەگەڵ توخمە وابەستەکاندا دەبەسترێنەوە بەپێی ئەو سـەرەوڕیزبوونەی، کە لە تـۆڕی بابەتـانەدا هەیـانە و لیسـتکراون(Chomsky,1981:63)،

پێشتر ئەوە خرایەڕوو چۆن ئارگۆمێنتە لیستکراوەکانی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن لەگەڵ سێتارۆڵەکانی تۆڕی بابەتانەدا چۆن دەبەسترێنەوە

هەڵگرتن:V [چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن:< NP1 ، NP2 >

تۆڕی بابەتانە: <Ө1، Ө2 >

واتە NP1 لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن لە بەرمبەرӨ1 لە تۆڕی بابەتانە و هەروەهاNP2 لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن لە بەرمبەرӨ2 لە تۆڕی بابەتانە دەوەستێت.

چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن تەنها تەواوکەرەکانی کردار دیاریدەکات ئەو وەچە پێکهاتەیەی لەناو VP دا خورتیین پێویست ناکات NP بکەر باسبکرێت و ئاماژەی پێبدرێت لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکردندا، چونکە هەموو کردارێک بکەری هەیە، بۆیە تایبەتمەندیی هەبوونی بکەر بۆ کردار ناتوانێت وەچەپۆلدیاریکردنی کردار دروستبکات لەکاتێکدا هەبوونی بەرکارەکان دەیکات(Haegeman,1994:45).

## ٣/ ٢.٢) ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی لە سینتاکسدا

تایبەتمەندییەکانی ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی ئەمانەن[15]:

1 .کامیان دەشێت دەربکەوێت و کامیان پێویستە دەربکەوێت لە ڕوانگەی هێزی کردارەکەوە پریدیکاتە یەک جێکەوتەییەکان داوای یەک ئارگۆمێنت دەکەن، ئەویش ئارگۆمێنتی دەرەکییە، کەواتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی دەرکەوتنی خورتییە، پێویستە هەر پریدیکاتێک ئارگۆمێنتێکی دەرەکی هەبێت، لەم جۆرە پریدیکاتەدا ڕێگە بە دەرەکەوتنی ئارگۆمێنتی ناوەکی نادات.

٢٦.لەند هات.

بەڵام لە پریدیکاتە دوو جێکەوتەیی و سێ جێکەوتییەکاندا جگە ئارگۆمێنتە دەرەکییەکە ئەوانەی تر ئارگۆمێنتی ناوەکیین.

٢٧. لەند کتێبەکانی هێنا .

15 پەیوەست بە پێناسەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی بڕوانە بەشی یەکەمی نامەکە

٢٨. لەند کتێبەکانی بە کاوە دا .


لە(٢٧)دا پریـــدیکاتی (هێنـــا)، جـــگە لە ئـــارگۆمێنتی دەرەکیی(لەنـــد) داوای ئـــارگۆمێنتی نـــاوەکیی (کتێبەکـان)ی کـردووە، بەڵام لە (٢٨)دا جگە لە ئـارگۆمێنتی دەرەکیی(لەنـد) داوای دوو ئـارگۆمێنتی ناوەکیی (NP کتێبەکان) و (PP بەکاوە)ی کردووە

٢ . چۆنیەتیی دەرکەوتنیان کامیان دەرەکییە و کامیان ناوەکییە.

ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکانی سەر (پریدیکات) بۆ دوو پۆل دابەشدەکرێن: ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی، هەر پریدیکاتێک یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی هەیە، هەموو ئارگۆمێنتەکانی تر بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی دادەنرێن، کاتێک سەر هەر دوو جۆرە ئارگۆمێنتەکەی دەبێت، ئەو ئارگۆمێنتە وابەستەیەی، کە لە ڕووی دروستەییەوە لە هەر ئارگۆمێنتێکی تر لەسەرەکەوە دوورترە، ئارگۆمێنتی دەرەکیی دەنوێنێت، ئارگۆمێنتە ناوەکییەکان نزیکترن لە سەرەکەوە، ئارگۆمێنتی ناوەکیی ئارگۆمێنتی یەکەمی لیستی ئارگۆمێنتەکانە

1 . < ئارگۆمێنتی دەرەکیی، < ئارگۆمێنتی ناوەکیی>> کرِی.

لە (٢٨)دا بە شێوەیەکی دروستەییانە ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە کردارەکەوە نزیکترە لە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، هەروەها ئەو ئارگۆمێنتانەی لە چوارچێوەی (VP)دان بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی دادەنرێن، ئەوەی نەکەوێتە چوارچێوەی (VP) ەوە ئارگۆمێنتی دەرەکییە بڕوانە هێڵکاریی ( ١٨):




هێڵکاریی ژمارە(١٨) جێکەوتەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی و دەرەکیی

٣. پەیوەندییان بە ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە (بکەر، بەرکار.......):

لە(٢٧، ٢٨)دا دا ئەوە ڕوونـدەبێتەوە، کە ئـارگۆمێنتی دەرەکیـی هەمیشـە بە بکەر دەبەخشـرێت و ئـارگۆمێنتی نـاوەکیی بە بەرکـاری ڕاسـتەوخۆ یـان بەرکـاری ناڕاسـتەوخۆ دەبەخشـرێت واتە ئەو ئارگۆمێنتانەی دەکەونە چوارچێوەی (VP) ەو ڕۆڵی بەرکاری وەردەگرن.

٤.پەیوەندییان بەسێتاڕۆڵەکانەوە (کارا،کارتێکراو.....):

ئـارگۆمێنتی دەرەکیی سـێتاڕۆڵەکانی (کـارا، بـابەت، تـاقیکەرەوە، کـارتێکراو ئـامێر) ی وەردەگرێت، بەڵام ئـارگۆمێنتی نـاوەکیی سـێتاڕۆڵەکانی (بـابەت، کـارتێکراو)ی وەردەگرێـت بـۆ بـڕوانە (بەشـی دووهەم)

٥ . شوێنیان لە لیستی ئارگۆمێنتەکان (کامیـان نزیکترە یان دوورترە لە پریـدیکاتەکەوە ) واتە ئەو ئـارگۆمێنتەی لە پریـدیکاتەکەوە نزیکتـرە بە ئـارگۆمێنتی نـاوەکیی دادەنرێـت ئەو ئـارگۆمێنتەی لە پریدیکاتەکەوە دوورترە بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی دادەنرێت

٢٩. <u>ئالان</u> <u>سێو</u> دەخوات.

٦ . ئەو کردارانەی کە تێنەپەڕن تەنها ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە لیستی ئارگۆمێنتەکانیدا هەیە، بەڵام ئەو کردارانەی تێپەرن جگە لە ئارگۆمێنتی دەرەکیی داوای ئارگۆمێنتی ناوەکییش دەکات.

٣٠.أ منداڵەکە خەوت.

٣٠ب/ دایکەکە منداڵەکەی خەواند.

٧ . کام ئارگۆمێنت دەشێت لە ڕستەدا لاببرێت و کامیان لانابردرێت.
ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە ڕستەدا بوونیان خورتییە و هەمیشە پریدیکاتەکان داوایاندەکەن، ئەگەر پریدیکاتەکان زیاتر لە ئارگۆمێنتێک داوابکەن ئەو ئارگۆمێنتەی، کە بەشێوەیەکی دروستەییانە لە کردارەکەوە دوورترە بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی دادەنرێت، لەهەمان کاتدا لە ڕووی ئەرکی ڕێزمانییەوە هەمیشە بکەرن، لە پیاژۆی بە بکەرنادیارکردندا ئارگۆمێنتی ناوەکیی نامێنێت بەجۆرێک ئارگۆمێنتەکە دەبێت بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی، لەهەمانکاتدا ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە ڕستەدا بوونیان خورتی نییە بە تایبەتی لە پریدیکاتە یەک جێکەوتەییەکاندا دەرناکەوێت، تەنها لە پریدیکاتە دوو جێکەوتەیی و سێ جێکەوتەییدا بوونیان خورتییە بە شێوەیەکی دروستەییانە لە کردارەکەوە نزیکترە و هەمیشە دەکەونە چوارچێوەی (VP)ەوە بەهۆی ئەوەی پێکهێنەری (VP)یە ناتوانرێت لە ڕستەدا لاببردرێت ئەو ئەرکە ڕێزمانییانەی، کە دەیبینێت بەرکار یان بەرکاری ناڕاستەوخۆیە.

٨ . ئارگۆمێنتی دەرەکیی هەمیشە یەک ئارگۆمێنتە و لە جۆری (NP)ە، بەڵام ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە یەک ئارگۆمێنت زیاترە لە جۆری (PP/ NP) یە.

## ٣/ ٣) جێکەوتەی ئارگۆمێنت و ئەرکە ڕێزمانییەکان

لە دروستەی ئارگۆمێنتدا ئارگۆمێنتی ڕستەیی ئەو ئارگۆمێنتەیە، کە وەکو ڕستەیەک ئەرک دەبینێت لەناو ڕستەیەکی گەورەتردا، کە بەشێکە لەو ڕستەیە، بۆ نموونە:

ئێمە پێمانخۆشە، کە ئێوە بێن بۆ ئاهەنگەکە .

کلۆزی (کە ئێوە بێن بۆ ئاهەنگەکە) ئارگۆمێنتی ڕستەییە، زۆر جار ئارگۆمێنتی ڕستەیی بۆ پاڵپشتیکردنی زانیارییەکانی ڕستەکە بەکاردەهێنرێت:

ئێمە پێمانخۆشە ( چیتان پێخۆشە؟)

- کە ئێوە بۆ ئاهەنگەکە بێن.


ئارگۆمێنتی ڕستەیی زۆر جار لەو ڕستانە بەکاردەهێنرێت، کە کردارەکانیان جۆرێک لە (حەزکردن، بیروباوەڕ، هەست و سۆز) یان تێدایە (حەزدەکەم، پێمخۆشە، پێموایە...)، هەروەها ئارگۆمێنتی ڕستەیی لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەستنەوە (کە ، ئەگەر......) دەخرێتەڕوو لە هەمانکاتدا ئارگۆمێنتی ڕستەیی بە تەواوکەری پریدیکات دادەنرێت، چونکە واتای پریدیکاتەکە تەواودەکات.

بۆ دیارییکردنی جێکەوتەی ئارگۆمێنت دوو پێوەری سەرەکیی هەن، کە ئەوانیش (سێتاڕۆڵ و چێوەی وەچەپۆلدیاریکرن)ە پەیوەست بە سێتاڕۆڵەوە بڕوانە بەشی یەکهەم، کە جێکەوتەی ئارگۆمێنت بە جێکەوتەی سێتا دادەنرێت، واتە ئەو جێکەوتەیەیە، کە پریدیکات سێتاڕۆڵی پێدەبەخشێت، بەرکار وەکو ئەرکێکی ڕێزمانی لەلایەن پریدیکاتەوە داوادەکرێت جێکەوتەکەی بەجێکەوتەی ئارگۆمێنت دادەنرێت، چونکە سێتاڕۆڵەکانی (بابەت، کارتێکراو) بەجێکەوتەی ئارگۆمێنتی ناوەکیی(بەرکار) دەبەخشرێت.

٣١. مندڵەکە کتێبەکەی دڕاند.


٣٢. لەند کتێبەکەی پێشکەش بە هاوڕێکەی کرد.

وەکو لە نموونەکانی (١٣، ٣٢) خرایەڕوو، جگە لە جێکەوتەی ئارگۆمێنتی دەرەکیی جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکانی دیکە لە چێوەی (VP) دایە، بۆیە ئەرکی ڕێزمانی بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەر لە چێوەی (VP) دایە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٩):




هێڵکاریی ژمارە (١٩) پریدیکات و ئەرکە ڕێزمانییەکان

هەروەها بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکرن هەر توخمێکی فەرهەنگیی لە دەروازەی فەرهەنگییدا ژمارەی جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکان دیاریدەکات، هەروەها جۆری ئەو وەچەپێکهاتانە دیاریدەکات، کە دەتوانن لەو جێکەوتانە دەربکەون، بۆ نموونە (NP یان PP) بێت. جگە لە ئارگۆمێنتی ناوەکیی پریدیکات جێکەوتەی بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی (بکەر)یش هەیە، بکەر وەکو ئەرکێکی ڕێزمانی لەلایەن پریدیکاتەوە داوادەکرێت جێکەوتەی سێتاڕۆڵەکانی (کارا، بابەت، کارتێکراو، تاقیکەرەوە) وەردەگرێت، هەروەها پەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن هەمیشە پریدیکات جێکەوتەی بۆ ئارگۆمێنتی دەرەکیی(بکەر) هەیە( :Haegman,2007)، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢٠)




هێڵکاریی ژمارە (٢٠) جێکەوتەی ئارگۆمێنت و ئەرکە ڕێزمانییەکان

٣/ ١.٣) بکەر:

وەکو توخمێکی سینتاکسیی فرە ڕەهەندە و لە چەند لایەنێکەوە پێناسەی بۆ کراوە لە ڕووی سینتاکسییەوە جێکەوتەکەی دەکەوێتە سەرەتای ڕستە بە کەسێک یان شتێک دەنوێنرێت، کە پریدیکات زانیاری دەربارەی دەردەبڕدرێت هەمیشە و ئەو ئارگۆمێنتەی دەبێتە بکەر لە جۆری(NP)ە بڕوانە :

٣٣. ئاسۆ زیرەکە.

لە (٣٣)دا فرێزی ناوی (ئاسۆ) لە سەرەتای ڕستەکە هاتووە و بکەری ڕستەکەیە پریدیکاتی (زیرەک) زانیاری سەبارەت بە (ئاسۆ) دەربڕیوە، واتە بکەر ئەو فرێزە ناوییەیە، کە چەند تایبەتمەندییەکی سینتاکسیی هەیە و لە ڕووی سیمانتیکییەوە بە ڕۆڵەسیمانتیکییەکانەوە وابەستەیە (Randy,1990:10)، بە پێی ڕێسای پرۆژەسازدان ئەوە دیاریدەکات چۆن دروستەی ئارگۆمێنتی توخمە فەرهەنگییەکان دەبنە پرۆژە، لەناو دروستەی سینتاکسیی ڕستەدا، ئەرکە ڕێزمانییەکان لە دروستەی ڕووکەشدا دەردەبڕدێن هەر ئەرکێکی ڕێزمانیی چەند سێتاڕۆڵێکی دیاریکراوی هەیە، بۆیە پەیکاڵبوونی نێوان ئەرکە ڕێزمانییەکان و ئەو سێتاڕۆلانەی، کە بۆی دیاریکراوە لە دروستەی ڕستەدا مەرجی سیمانتیکیی و سینتاکسییە جێکەوتەی ئەرکە ڕێزمانییەکان بەپێی جێکەوتەی سێتاڕۆڵەکان لە دروستەی ڕستە دیاریدەکرێت (Marantz,1984:306)، لەڕووی سیمانتیکیشەوە بکەر بەپێی سێتاڕۆڵەکان پێناسە دەکرێت، واتە بکەر ئەو توخمەیە سێتاڕۆڵەکانی (کارا، بابەت، ئامێر کارتێکراو، تاقیکەرەوە..) وەردەگرێت (P.H.Mattews,2007:387)،بۆ هەر پریدیکاتێک بکەر بە ئارگۆمێنتێکی بنەڕەتی دادەنرێت، واتە لە پلەی یەکەمدا دێت و پێویستە دەربکەوێت، بەلام ئارگۆمێنتەکانی تر (ئەرکەکانی تر) لە پلەی دووهەمدا دێن دەشێت پریدیکات پێویستیی پێیان نەبێت بۆیە، پێیاندەگوترێت تەواوکەر، چونکە بنەڕەتی نین، دەشێت بە پێی هێزی کردارەکە لە ڕستەدا بوونیان هەبێت یان نەبێت، بۆ گەیشتن بە لێکدانەوەی سیمانتیکیی بۆ بکەر پێویستە بزانین چی سێتاڕۆڵێک بەو ئارگۆمێنتە بەخشراوە کە دەبێتە بکەر ( Andre wlodarczk&Helene Wlodarczyk,2011:4). بڕوانە (١،٢).

٣٤أ.کاوە زیرەکە.

٣٤ب/ * زیرەکە.

له ڕستەی (٣٤أ)دا کاوە وەکو (NP)یەک ئەرکی ڕێزمانی بکەری هەیە، بەڵام کاتێک (NPکاوە) لەڕستەدا لادەبەین ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانی چونکە هەموو پریدیکاتێک(ناو، ئاوەڵناو، کردار) بە لایەنی کەمەوە داوای ئارگۆمێنتێک دەکات، کە بکەر بێت. جێکەوتەی بکەر لە سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکانی پریدیکاتدا لە ڕووی دروستەییەوە لە پریدیکاتەکەوە دوورترە بە بەراورد بە ئارگۆمێنتەکانی تر هەر بۆیە لە نواندنی سینتاکسییدا لە پریدیکاتەکەوە دوورترە بۆیە جێکەوتەی بکەر جێگیر و دیاریکراوە، کە سەرەتای ڕستەیە بڕوانە(٣٥) .

٣٥. کاوە کتێبەکەی هێنا.

له ڕستەی (٣٥)دا (NP) کاوە جێکەوتەی بکەری هەیە لە ڕووی دروستەییەوە لە پریدیکاتەکە دوورترە بەراورد بە ئارگۆمێنتەکانی تر، یەکێکی تر لە ئەدگارەکانی بکەر لە زمانی کوردییدا ئەوەیە، کە کۆنترۆڵی ڕێکەوتنی کردارەکان دەکات لەڕووی کەس و ژمارەوە بڕوانە (٣٦)

٣٦. من سێوەکەم خوارد

٣٦ب*تۆ سێوەکەم خوارد

له ڕستەی (٣٦)دا (NP) من کە بکەر ڕستەکەیە لە ڕووی کەسەوە بۆ کەسی یەکەمە و لەڕووی ژمارەوە تاکە لەگەڵ مۆرفێمی ڕێکەوتنی (م) هەمان کەس و ژمارەیە هەیە ڕێکەوتووە ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهێناوە، بەڵام لە ڕستەی (٣٦ب)دا بەهۆی ئەوەی ئەم کردەی ڕێکەوتنە دروستنەبووە ڕستەیەکی ناڕێزمانی بەهەمهاتووە، کەواتە بۆ دیارییکردنی ئەو ئارگۆمێنتەی، کە دەبێتە بکەر پریدیکات لە ڕێگەی ڕێکەوتنەوە دیاریبکرێت بە شێوەیەک کەس و ژمارەی مۆرفێمی ڕێکەوتنەکە وەکو کەس و ژمارەی (NP) بکەر بێت، هەر ئەم بنەمایە وایکردووە زمانی کوردیی زاری کرمانجیی ناوەڕاست  بە زمانێکی بکەرخراو دابنرێت دەشێت (NP) بکەری دەرنەبڕدرێت بە هۆی ئەوەی مۆرفێمی ڕێکەوتن کەس و ژمارەی (NP)ەکە دەردەبڕێت.

٣٧.فرهاد سێوەکەی خوارد

٣٧ب/  Pro سێوەکەی خوارد .

له ڕستەی (٣٧)دا (NP) فرهاد بکەری ڕستەکەیە لە ڕووی کەسەوە سێهەمە و لە ڕووی ژمارەوە تاکە لەگەڵ مۆرفێمی ڕێکەوتنی (ی) ڕێکەوتووە و ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمهاتووە، بەڵام لە

ڕستەی (٣٧ب)دا (NP) فرهاد بکەری ڕستەکەیە دەرنەبڕدراوە، دەتوانرێت لە ڕێگەی مۆرفیمی (ی) ڕێکەوتنەوە کەس و ژمارەی (NP) بزانرێت، بۆیە بە Pro ئاماژەی پێدراوە.

**لەمانەشەوە تایبەتمەندییەکانی بکەر بریتیین لە:**

١. پەیوەست بەو سێتاڕۆڵانەی، کە بکەر لە ڕستەدا وەریاندەگرێت، سێتاڕۆڵەکانی (کارا، بابەت، تاقیکەرەوە......)ی لەلایەن پریدیکاتەوە پێیدەبەخشرێت، سێتاڕۆڵی کارا هەمیشە پەیوەستە بە بکەرەوە. بڕوانە (بەشی دووهەم)

٢ . بوونی سەربەخۆ: ئەو توخمەی بکەر ئاماژەی بۆ دەکات بوونێکی سەربەخۆی هەیە، واتە لە کردەی یان دەربڕینی پریدیکاتدا سەربەخۆیە ئەمە بۆ بەشە نا بکەرییەکان کەمتر وایە

٣٨. خوێندکارەکە شیعرەکەی نووسی.

لە ڕستەی (٣٨)دا بوونی (شیعر) سەربەخۆ نییە لە کردەی نووسیندا، چونکە لێرەدا شیعر هەر دەبێت بنوسرێت لە کاتێکدا بوونی (خوێندکار) وانییە دەشێت کەرەستەیەکی تر ئەو ڕۆڵە ببینێت.

٣.مەرجی هەبوونی: ئەو توخمانەی، کە بکەر نیین دەشێت لە ڕستەدا نەبن یان لاببرێن، بەهۆی هەر پێواژۆیەکیی سینتاکسییەوە، بەڵام هەبوونی بکەر لە ڕستەدا مەرجە بۆ ڕێزمانیبوونی ڕستەکە.

٣٩. هیوا هات.

٤٠. هیوا وانەکەی خوێند

٤٠ب/ وانەکە خوێنرا.

لە نموونەکانی(٣٩، ٤٠)دا بکەر توخمی بنەڕتییە لە ڕستەکان بەهیچ شێوەیەک نابێت لاببردرێت، بەڵام لە نموونە(٤٠ب)دا بەهۆی پێواژۆی بکەرنادیارەوە بەرکاری ڕستەکە بووە بە بکەر، واتە لە پێواژۆی بکەرنادیاریشدا هەبوونی بکەر مەرجی ڕێزمانی بوونی ڕستەکە دەردەخات.

٤.بکەر ئەو کەرەستەیەیە، کە کۆنترۆڵی ڕێککەوتنی کردارەکان دەکات، واتە بکەر سەر بەهەر کەس و ژمارەیەک بێت مۆرفیمێکی ڕێکەوتن سەر بەهەمان کەس و ژمارە لە سەر پریدیکاتەکە دەردەکەوێت بڕوانە(٤١) .

٤١. من هاتم

٥.ئەو ئارگۆمێنتەی کەڕۆڵی بکەر وەردەگرێت بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی دادەنرێت جۆری ئارگۆمێنتەکەش هەمیشە لە جۆری (NP)ە.
٦ جێکەوتەی بکەر لە سەرەوڕیزبوونی توخمەکانی ڕستەدا جێگیرەو دیاریکراوە بۆ زمانی کوردیی توخمی سەرەتای ڕستە دەگرێت.

٤٢. کاوە مامۆستایە.

ڕێژەی هەواڵیدا بکەر سیتاڕۆڵەکانی (کارا، بابەت، کارتێکراو، ئامێر، تاقیکەرەوە وەردەگرێت بڕوانە(٤٣أ-٤٣ح)

٤٣أ/ . کاوە نامەکەی هێنا.
کارا

٤٣ب/ . نامەکە هێنرا.
بابەت

٣٤پ/ . پوشەکە سوتا.
کارتێکراو

٤٣ت/ . کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.
ئامێر

٤٣ح/ . منداڵەکە لە مارەکە ترسا.
تاقیکەرەوە

لە ڕستەکانی سەرەوە دا بکەر بە پێی ژینگەو بەکارهێنانەکانی سیتاڕۆڵی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕێژەی داخوازیدا داوادەکرێت کەسێک کارێک کردەوەیەک ئەنجامبدا یان ئەنجامنەدات، واتە دەبێت توانای ئەنجامدانی هەبێت، بکەر لە کاری داخوازییدا هەمیشە سیتاڕۆڵی کارا وەردەگرێت هەر کەرەستەیە نەتوانێت ئەو سیتاڕۆڵە وەربگرێت ناتوانێت ببتە بکەری کاری داخوازی بڕوانە (١ ـ ٥)

٤٤أ/کاوە کتێبەکان بهێنە.

کارا

٤٤ب/ * داره‌كه كتێبه‌كه بهێنه.

بابه‌ت

٤٤پ * تانكیه‌كه ئاوه‌كه‌ت لێبچوو.

بابه‌ت

٤٤ت * پوشه‌كه بسوتێ.

كارتێكراو

٤٤ح * كلیله‌كه ده‌رگاكه بكه‌ره‌وه.

ئامێر

له ڕسته‌ی (٤٤أ)دا كرداری بهێنه داوای دوو ئارگۆمێنتی كردووه ئارگۆمێنتی ناوه‌كیی (كتێبه‌كه) و ئارگۆمێنتی ده‌ره‌كیی(NP) كاوه ئه‌ركی بكه‌ری بینیوه به هۆی ئه‌وه‌ی (+زیندوو + توانای ئه‌نجامدانی كرده‌وه‌یه‌كی هه‌یه) ده‌توانێت سیتاڕۆڵی كارا وه‌ربگرێت، بۆیه ڕسته‌یه‌كی ڕێزمانی به‌رهه‌مهاتووه، به‌ڵام له ڕسته‌كانی (٤٤ب ـ ٤٤ح) به‌هۆی ئه‌وه‌ی بكه‌ری ئه‌و ڕستانه ناتوانن سیتاڕۆڵی كارا وه‌ربگرن و (- زیندوو – توانای ئه‌نجامدانی كارێك یان هه‌یه) و سیتاڕۆڵه‌كانی (بابه‌ت، كارتێكراو، ئامێر..) وه‌رگرتووه ئه‌مه‌ش وایكردووه ڕسته‌یه‌كی ناڕێزمانی به‌رهه‌مبێت، چونكه بكه‌ری كاری داخوازی هه‌میشه سیتاڕۆڵی كارای هه‌یه.

٢/ ٢.٣) به‌ركار:

ئه‌و فرێزه‌ی ڕاسته‌وخۆ كاریگه‌ریی كرداره‌كه بكه‌وێته سه‌ری ده‌بێته به‌ركاری ڕاسته‌وخۆ، ئه‌گه‌ر ناڕاسته‌وخۆ كاریگه‌ریی كرداره‌كه بكه‌وێته سه‌ری ده‌بێته به‌ركاری ناڕاسته‌وخۆ(Richards&Schmidt)، واته یه‌كه‌یه‌كی ڕێزمانییه ئاماژه به‌وه‌ده‌كات چ فرێزێكی (ناویی/ پێشناویی) ده‌كه‌وێته به‌ركاریگه‌ریی هێزی كرداره‌كه، به‌شێوه‌ی گشتیی كرداره‌كه‌وه

دەردەکەوێت، لەهەمانکاتدا کەرەستەیەکی بنەڕەتیی ڕستەیە، کاتێک کرداری ڕستەک تێپەر بێت بەلابردنی ڕستەکە دەکات بەناڕێزمانیی بۆ نموونە:

٤٥أ/ هیوا کتێبەکەی هێنا.

٤٥ب *هیوا هێنا.

بەرکاری ڕاستەوخۆ

١ . لەلایەن کردەی کردارەکەوە دروستدەبێت.

٤٦. ئەو ماسیەکەی برژاند.

٢ . کاریگەریی کردارەکە بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەری

٤٧. هیوا کتێبەکەی چاپکرد.

بەهۆی ئەوەی تیۆریی دروستەی ئارگۆمێنت لە چەند لایەنێکەوە لە کەرەستەکانی زمان دەکۆڵێتەوە هەر لە ڕوانگەی تیۆریی دروستەی ئارگۆمێنتەوە تایبەتمەندییەکانی بەرکار دەخەینەڕوو.

**تایبەتمەندییەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ**

١ . لەڕووی هێزەوە پێویستە کردارەکە دووهێزیی بێت، واتە بەلایەنی کەمەوە پێویستیی بە بەکاری ڕاستەوخۆ هەبێت.

٢ لەهەندێک زماندا بەرکار بەهۆی نیشانەکانی دۆخەوە دیاریدەکرێت، بۆ نموونە زمانی عەرەبیی لەوجۆرەیە، یان بەهۆی جێکەوتەوە بەرکار دیاریدەکرێت، کە زمانی کوردی بەجێکەوتە دۆخەکانی دیاریدەکرێت، واتە دۆخی ڕێزمانی ئەکویزەتیڤ بەو ئارگۆمێنتە دەبەخشرێت لە ئەرکی ڕێزمانی بەرکاردا بێت .

٣. ئەو ئارگۆمێنتەکەی، کە ئەرکی بەرکاری دەبینێت لە بکەردیاردا لە بەبکەرنادیاریکرندا دەبێتە بکەر

٤. لەڕووی پۆلەڕەگەزەوە ئەو ئارگۆمێنتەی دەبێتە بەرکار لە جۆری (PP,NP) دەبێت.

٥ . لەڕووی جێکەوتەوە لە زمانی کورییدا دەکەوێتە دوای بکەری ڕستەوە.

٦ . بەرکاری ڕاستەوخۆ ئەو ئارگۆمێنتەیە، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردەی کارەکەی دەکەوێتە سەری لە ڕستەدا.

### ٣/ ٣.٣)بەرکاری ناڕاستەوخۆ

بەوە پەسنکراوە، کە وەرگری بەرکاری ڕاستەوخۆیە، بڕوانە (٤٨).

٤٨. ئەو هەواڵەکەی بە ئێمە گووت.

هەروەها سودمەندی کردەی کردارەکەیە بڕوانە (٤٩).

٤٩. ئەو کتێبەکەی بە من دا.

**تایبەتمەندییەکانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ**

١ . ئەو فرێزە (ناوییە/ پێشناوییە)یە، کە سوود لە کردەی کارەکە دەبینێت و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ گاریگەریی کارەکە دەکەوێتە سەری بەتایبەتی لە ڕێگەی پێشناوەکانەوە.

٢ . لە ڕووی جێکەوتەوە لە کردارەکە نزیکترە بەراورد بە بەرکاری ڕاستەوخۆ واتە لە زمانی کوردیدا بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە تەنیشت کردارەکە. بڕوانە (٥٠، ٥١)

٥٠. هیوا ڕۆمانەکەی بەکاوە دا.

٥١. لەند شوتییەکەی خستە ئاوەکەوە.

٣ . هەندێک جار ئەو فرێزە ناوییەی، کە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێت دەتوانرێت بە فرێزی پێشناویی بگۆڕدرێت، بڕوانە (٥٢أ ب)

٥٢أ/ ماموستا دیارییەکەی پێشکەشی خوێندکاران کرد.

٥٢ب/ ماموستا دیارییەکەی پێشکەش بە خوێندکاران کرد.

٤ . هەندێک جار دەتوانرێت لە ڕستەدا لاببردرێت، بەبێئەوەی کاریگەریی لەسەر واتای بنەڕەتی ڕستەکە بکات .

٥٣أ. من پارەکەم بە تۆ دا.

٥٣ب/ *من پارەکەم دا.

٥ . لە ڕووی سێتاڕۆڵەوە بەرکاری ناڕاستەوخۆ سێتاڕۆڵەکانی (سومەند، وەرگر، ئامێر ...) وەردەگرێت.

٦ . زۆرجا ئەو بەرکاری ناڕاستەوخۆ ناوی زیندوو (مرۆڤ، گیانلەبەر) ن، چونکە سود لە کردەی کردارەکە وەردەگرن .

٧ . بە شێوەی گشتیی لەڕێگەی پێشناوەکانەوە لە ڕستەدا دەردەکەون.

٨. بەپێی جۆر و هێزی پریدیکاتەکە دەشێت بەرکار دەربکەوێت یان دەرنەکەوێت واتە لە پریدیکاتە یەک جێکەوتەییەکاندا بەرکار وەرناگرن، چونکە پێویستییان بە تەنها یەک ئارگۆمێنت هەیە، کە بکەرە، بەڵام لە پریدیکاتە دوو جێکەوتەیی و سێ جێکەوتەییەکاندا بەرکاریش وەردەگرن بڕوانەکانی (٥٤) .

٥٤أ/ هیوا هات.

٥٤ب هیوا کتێبەکەی هێنا.

٥٤پ/هیوا کتێبەکەی بە کاوە دا.

لە ڕستەی(٥٤أ)دا بەهۆی ئەوەی کرداری (هات) لەڕووی هێزەوە کردارێکی یەک جێکەوتەییە بۆیە تەنها پێویستیی بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(هیوا)یە، بەڵام لە ڕستەی (٥٤ب)دا کرداری (هێنان) لەڕووی هێزەوە کردارێکی دوو جێکەوتەییە، بۆیە جگە لە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(هیوا)، پێویستیی بە ئارگۆمێنتی ناوەکیی هەیە کە بەرکاری ڕاستەوخۆی (کتێبەکە)یە . لە ڕستەی (٥٤پ)دا کرداری (پێدان) لە ڕووی هێزەوە کردارێکی سێ جێکەوتەییە بۆیە جگەر لە ئارگۆمێنتی دەرەکیی(هیوا)، پێویستیی بە دوو ئارگۆمێنتی ناوەکیی هەیە کە بەرکاری ڕاستەوخۆی (کتێبەکە) و بەرکاری ناڕاستەوخۆی (بە کاوە)یە.

لە ڕووی هێزەوە جۆرەکانی تری پریدیکات (ناو، ئاوەڵناو[16]) لە جۆری پریدیکاتی یەک جێکەوتەیین، واتە تەنها پێویستیان بە ئارگۆمێنتی دەرەکیی/ بکەریی هەیە، بەرکار وەرناگرن

٥٥ . کاوە مامۆستایە .

---

١ ئاوەڵناوی پلەی بەراورد پریدیکاتێکی دوو جێکەوتەییە بە هۆی ئەوەی فۆڕمێکی سینتاکسیی هەیە، لێکۆڵینەوەکەشمان فەرهەنگ بنەمایە بۆیە تەنها فۆڕمە چەسپاوە فەرهەنگییەکەی پەسندەکرێت.

٥٦ . شیرین زیرەکە.

لە ڕستەی(٥٥، ٥٦)دا بە هۆی ئەوەی پریدیکاتی (مامۆستا، زیرەک) لەڕووی هێزەوە پریدیکاتێکی یەک جێکەوتەیین، بۆیە تەنها پێویستییان بە ئاڕگۆمێنتی دەرەکیی(کاوە، شیرین)هەیە.


٩. هەبوون و دەرکەوتنی بەرکار وەکو لە نموونەکانی (٥٧أ- ٥٧پ) دەخرێتەڕوو بەرکار پەیوەستە بەجۆری پریدیکات و هێزی پریدیکاتەکان، هەربۆیە بەرکار پەیوەستە بە پریدیکاتەوە لە چێوەی (VP) دایە ڕاستەوخۆ پریدیکاتەکە سێتاڕۆڵی پێدەبەخشێت بونێکی سەرخۆی خۆی نییە، وەکو بکەر، کە بوونێکی سەربەخۆی هەبوو .

٥٧أ . شاعیرەکە شیعرەکەی نووسیی.

٥٧ب . کاوە شیعرەکەی نووسی .

٥٧پ . پیاوەکە شیعرەکەی نووسی.

لە نموونەکانی (٥٧) دا بەرکارەکە بوونێکی سەربەخۆی نییە، واتە (شیعر) لە چێوەی (VP) دا هەر دەبێت بنوسرێت، بەڵام ئاڕگۆمێنتی دەرەکیی بکەرەکە بوونێکی سەرخۆی هەیە، بە (شاعیر، کاوە، پیاوەکە) نوێنراوە، کەواتە جێکەوتەی بەرکار نزیکترە لە پریدیکاتەکەوە بەراورد بە جێکەوتەی بکەر چونکە پریدیکات ڕاستەوخۆ/ یەکەمجار سێتاڕۆڵ بە ئاڕگۆمێنتی ناوەکیی دەبەخشێت




هێڵکاریی ژمارە (٢١)

١٠. جۆری ئارگۆمێنتەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەی گشتی (NP) یە لە هەندێک جۆری کردارەکان دەبێتە (PP) بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە شێوە گشتییەکەی (PP)یە لە هەندێک باردا دەبێتە (NP) بۆ نموونە لە هێڵکاریی (١٧)دا بەرکاری ڕاستەوخۆ بە شێوەی (NP) کتێبەکە دەرکەوتووە، بەڵام بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە شێوەی (PP) دەرکەوتووە .

١١. سێتاڕۆڵەکانی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە جۆری (بابەت و کارتێکراون)، بەڵام سێتاڕۆڵەکانی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە جۆری (وەرگر، سومەند، ئامانج،سەرچاوە، ئامێر..) ە بڕوانە نموونەکانی (٥٨)

٥٨أ/ کاوە وانەی خوێند.

بەرکار/ بابەت

٥٨ب/ کاوە نامەکەی دڕاند.

بەرکار/ کارتێکراو

٥٨پ/ منداڵەکە سێوەکەی بەدەست لێکردەوە.

ب.ڕاستەوخۆ/ بابەت ب.ناڕاستەوخۆ/ ئامێر

لەبەئەوەی جێکەوتەی بەرکار پەیوەستە کرداره دوو جێکەوتەییەکانەوە، بەڵام جێکەوتەی بکەر جێکەوتەیەکی هەمیشەییە، بۆیە دەشێت بەهۆی چەند پێواژۆیەکیی سینتاکسییەوە بەرکار لە ڕستەدا لاببردرێت، بەڵام جێکەوتەی بکەر هەردەمێنێتەوە بۆ نموونە لە پێواژۆی بکەرنادیاردا جێکەوتەی بەرکار لە ڕستەدا دەبێتە جێکەوتەی بکەر .

٥٩أ/ منداڵەکە شیرەکەی خوارد.

٥٩ب/ شیرەکە خورا.

له ڕستەی (٥٩أ)دا منداڵەکە لە جێکەوتەی بکەر دەرکەوتووە، هەروەها (شیرەکە) لە جێکەوتەی بەرکار دەرکەوتووە، بەڵام لە ڕستەی (٥٩ب)دا جێکەوتەی بەرکار نەماوە لابراوە بە هۆی گۆڕانی هێزی کردارەکە تەنها جێکەوتەی بکەر (شیرەکە) دەمێنێت، چونکە جێکەوتەیەکیی هەمیشەییە.

## ٣/ ٤.٣) پەیوەندیی نێوان سیتاڕۆڵ و ئەرکە ڕێزمانییەکان لە زمانی کوریدا

بە لای(Davis & Koenig (2000 ەوە ئامانج و مەبەستی سەرەکیی نواندنی سیمانتیکیی ئەوەیە، کە تەرزەکان پێکەوەببەستێتەوە، واتە نەخشاندنێکی پێرەوبەندانە لە نێوان ئارگومێنتە سیمانتیکییەکان و ئەرکە سینتاکسییەکاندا دیاریبکات.

هەر پریدیکاتێک بەلایەنی کەمەوە یەک ئارگومێنت وەردەگرێت، ئارگومێنتەکە ئەرکی ڕێزمانیی بکەری هەیە، کەواتە هەبوونی یەکێک لە ئەم سیتاڕۆلانە (کارا، بابەت، تاقیکەرەوە..)، بە پێی جۆری پریدیکاتەکان لە نەخشاندندا بە بکەر دەبەخشرێت، بۆیە هەبوونی ئەرکی ڕێزمانی بکەر و سیتاڕۆڵەکانی (کارا، بابەت،..) بەراورد بە هەبوونی ئەرکی ڕێزمانی بەرکار و سیتاڕۆڵەکانی (کارتێکراو، بابەت) لە پێشترە، بڕوانە نموونەکانی (٤٤)

لە (٤٤)دا ئەوە خراوەتەڕوو، کە لایەنی سیمانتیکیی کۆنترۆڵی لایەنی سینتاکسیی دروستەی ئارگومێنت دەکات، واتە ئەو سیتاڕۆلانەی، کە پریدیکاتێک هەیەتی و بە ئارگومێنتەکانی دەبەخشێت، بە پێی جۆری سیتاڕۆڵەکان ئەرکە ڕێزمانییەکانی ئارگومێنتەکان دیاریدەکرێت و لە نەخشاندندا سیتاڕۆڵەکان بە ئەرکە ڕێزمانییەکان دەبەستریێنەوە، بڕوانە بەشی دووهەم، پەیوەندیی نێوان پریدیکات و ئارگومێنتەکانی لایەنی سینتاکسیی و سیمانتیکیی لەخۆدەگرن، بە لای Grimshaw (1979)ەوە هەڵاوێرکردنی سینتاکسیی و هەڵاوێرکردنی سیمانتیکیی دوو دیاردەی سەربەخۆ و پەیکاڵبووی یەکن، بۆیە نواندنی ئەم پەیوەندییە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیە لە هەردوو ئاستەکە بەشێوەی جیاجیا، هەروەها بە شێوەی پەیکاڵبوونی نێوان هەردوو ئاستەکە.

هەڵبژاردنی جۆری ئارگومێنتە سینتاکسییەکان (فریزەکان) لەلایەن ڕۆڵە سیمانتیکییەکانەوە کۆتوبەنددەکرێن، واتە ئەو فریزەی، کە دەبێتە ئارگومێنتی سینتاکسیی پریدیکاتێک، مەرجە بتوانێت ئەو سیتاڕۆڵە بەجێبهێنێت، کە لە سیمانتیکدا پێیبەخشراوە

٦٠. پوشەکە سوتا.

٦٠ب/ * بەردەکە سوتا.

لە(٦٠)دا فریـزی نـاوی (پوشــەکە) وەکـو ئـارگۆمێنتێکی سینتاکسـیی دەرکەوتـووە و سـێتارۆڵی کـارتێکراوی وەرگرتـووە و توانیـویەتی ئەو سـێتارۆڵە بەجێبهێنێت، کە سـیمانتیک پێـی بەخشـیوە، بەڵام لە (٦٠ب)دا فریزی ناوی بەردەکە نەیتوانیوە وەکو ئارگۆمێنتێکی سینتاکسیی دەربکەوێت بۆ پریدیکاتی (سوتا)، چونکە نەیتوانیوە سێتارۆڵی کارتێکراو بەجێبهێنێت.

## ٣/ ٤)پریدیکات و تەرزەکانی ڕستە

پریدیکات ئەو پۆلەڕەگەزەیە لە دروستەکەیدا داوای ئارگۆمێنت دەکات و کۆتوبەند دەخاتە سەر ئارگۆمێنتەکان بە جۆرێک ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکان دیاریدەکات (بڕوانە بەشی یەکەم)، لەم ڕوانگەیەوە پریدیکاتەکان تەرزەکانی ڕستە دیاریدەکەن، هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوتردا ئاماژە بەوەکراوە، کە کردار تەرزەکانی ڕستە دیاریدەکات، بەڵام لێرەدا، جگە لە کردار ناو و ئاوەڵناوەکانیش وەکو کەرەستەیەکی فەرهەنگیی و پریدیکاتێک چەشن و تەرزەکانی ڕستە دیاریدەکەن[17]. لێرەدا تەنها تەرزەکانی ڕستە لە چوارچێوەی ڕستەی سادە دەخرێنەڕوو بەپێی جۆری ئارگۆمێنتەکان و ڕۆڵەواتاییەکان بەهۆی ئەوەی پۆلێنکردنی تەرزەکانی ڕستە پەپێی ئەرکە ڕێزمانییەکان لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر بە شێوەی بەربڵاو ئاماژەی بۆ کراوە بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە (ئەمین،٢٠٠٩ ) (عەلی،١٩٩٨).

[17] لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە ڕێبازی فەرهەنگیی پەیڕەودەکات، بۆیە تەنها ئەو جۆرە پریدیکاتانە بۆ تەرزەکانی ڕستە وەردەگیرێن، کە فەرهەنگیین.

## ٣/ ١.٤) جۆرەکانی پریدیکات و تەرزەکانی ڕستە

### ٣/ ١.١.٤) تەرزەکانی ڕستە بەپێی جۆری ئارگۆمێنتەکان

1. کردار وەکو پریدیکاتێک بە پێی ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی چەند جۆرێک تەرزی ڕستەمان بۆ دیاریدەکات.[18]

کرداری یەک جێکەوتەیی :

٦١. فڕی.

٦١ب/ کۆترەکە فڕی.

٦١پ/ [NP/ ئارگۆمێنت، V/ پریدیکات]

٦٢. کڕی.

٦٢ب/ هیوا کتێبەکەی کڕی.

٦٢پ/ [NP/ ئارگۆمێنت NP/ ئارگۆمێنت V/ پریدیکات]

٦٣. پێشکەشکردن.

٦٣ب/ مامۆستا دیارییەکەی پێشکەشی خۆێندکارەکە کرد.

٦٣پ/ [NP/ ئارگۆمێنت NP/ ئارگۆمێنتNP / ئارگۆمێنت V/ پریدیکات]

٦٤. لێدان.

٦٤ب/ ئۆتۆمبێلەکە لە منداڵەکەی دا

٦٤پ/ [NP/ ئارگۆمێنت PP/ ئارگۆمێنت V/ پریدیکات]

---

[18] بەپێی تیۆری بەبرشتیی valency کرداری سفر هێزییش هەیە، وەکو لە ڕستەکانی (هەورگرمەیە، هەورەبروسکەیە..)دا دەردەکەوێت، بەڵام بەپێی دروستەی ئارگومێنت هەر ڕستەیەک لە پریدیکات و ئارگومێنتەکانی پێکدێت.

## 2. ئاوەڵناو

ئاوەڵناویش، وەکو پریدیکاتێک بە پێی ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دوو جۆر لە تەرزی ڕستەمان بۆ دیاریدەکات، ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو: یەک جێکەوتەیی

٦٥. زیرەکە.

٦٥ب/ هیوا زیرەکە.

٦٥پ/ [NP/ ئارگۆمێنت، A/ پریدیکات]

ئاوەڵناوی پلەی بەراورد: دووجێکەوتەیی

٦٦. زیرەکترە

٦٦ب/ هیوا لە کاوە زیرەکترە.

٦٦پ/ [NP/ ئارگۆمێنت PP/ ئارگۆمێنت A/ پریدیکات]

## 3. ناوەکان

ناوەکانیش وەکو پریدیکاتێک بە پێی ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی دوو جۆر لە تەرزی ڕستەمان بۆ دیاریدەکات

٦٧. مامۆستایە

٦٧ب/ کاوە مامۆستایە.

٦٧پ/ [NP/ ئارگۆمێنت، N/ پریدیکات]

لە بەشی یەکەمدا ئەوەخرایەڕوو بەشێک لەناوەکان ئارگۆمێنتی دوو جێکەوتیین بڕوانە (٤)

٦٨. پارێزەرەکە جیاوازە لە مامۆستاکە.

٦٨ب/ [NP/ ئارگۆمێنت PP/ ئارگۆمێنت N/ پریدیکات]

**ب/ تەرزەکانی ڕستە پێی پەیوەندیی بابەتانە:**

**پریدیدیکاتی یەک جێکەوتەیی**

١. [کارا/ V/ پریدیکات]

هیوا هات.

٢. [بابەت/ V/ پریدیکات]

نامەکە هات.

٣. [کارتێکراو/ V/ پریدیکات]

دیوارەکە ڕووخا.

٤. [تاقیکەرەوە/ V/ پریدیکات]

پیاوەکە لە نەخۆشییەکە دەترسێت.

پریدیکاتی دووجێکەتەیی

٥. [کارا/ بابەت/V/ پریدیکات]

لەند کتێبەکەی هێنا.

٦. [بابەت/ بابەت/V/ پریدیکات]

تەنکییەکە ئاوەکەی لێچوو.

٧. [کارا/ کارتێکراو/V/ پریدیکات]

منداڵەکە پەنچەرەکەی شکاند.

٨. [کارا/ ــــ/V/ پریدیکات]

کاوە لە منداڵەکەی دا.

٩. [ئامێر/ بابەت/V/ پریدیکات]

کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

١٠. [ئامێر/ کارتێکراو/V/ پریدیکات]

کلیلەکە دەرگاکەی شکاند.

١١. [کارا/ ئامێر/V/ پریدیکات]

ئۆتۆمبێلەکە بەکارەبا کاردەکات.

١٢. [کارتێکراو/ ئامێر/V/ پریدیکات]

گۆشتەکە بە غەلوز برژێنرا.

١٣. [بابەت/ کارتێکراو/V/ پریدیکات]

تانکییەکە ئاوەکەی گۆڕدرا.

١٤. [تاقیکەرەوە/ سەرچاوە/V/ پریدیکات]

منداڵەکە لە شێرەکە دەترسێت.

١٥. [کارا/ سەرچاوە/V/ پریدیکات]

پیاوەکە لە هەولێرەوە هاتەوە.

١٦. [بابەت/ سودمەند/V/ پریدیکات]

کتێبەکە بەهیوا درا.

١٧. [بابەت/ وەرگر/V/ پریدیکات]

نهێنییەکە بە هیوا گوترا.

١٨. [کارا/ شوێن/V/ پریدیکات]

هیوا لەهەولێر دەژیت.

١٩. [بابەت/ سەرچاوە/V/ پریدیکات]

شوتییەکە لەپێنچوێنەوە هێنراوە.

٢٠. [کارتێکراو/ ئامێر/V/ پریدیکات]

پەنچەرەکە بەبەرد شکێنرا.

## پریدیکاتی سێ جێکەوتەیی

٢١. [کارا/ کارتێکراو/ ئامێر V/ پریدیکات]

منداڵەکە یارییەکەی بە چەکوش شکاند.

٢٢. [کارا/ بابەت/ وەرگر V/ پریدیکات]

پیاوەکە دیارییەکەی بە منداڵەکە دا

٢٣. [کارا/ بابەت/ سومەند V/ پریدیکات]

هیوا هەواڵەکەی بە کاوە گوت.

٢٤. [بابەت/ کارتێکراو/ ئامێر V/ پریدیکات]

تانکییەکە ئاوەکە بە دەرمان گۆڕدرا.

٢٥. [کارا/ کارتێکراو/ ئامێر V/ پریدیکات]

پیاوەکە گۆشتەکەی بە غەلوز برژاند.

٢٦. [کارا/ بابەت/ سەرچاوە V/ پریدیکات]

لەند کتێبەکەی لە کتێبخانە هێنا.

### ٣/ ٥) لێکسیکۆسینتاکس

لێکسیکۆ سینتاکس وەکو پرۆژەیەک بەوە پێناسەدەکرێت، کە تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی وشەیەکە، کە لە ئاستی سینتاکسدا دەنوێنرێت(Wiktionary.the free dictionary:2019)، تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی وشەکە لە دەروازەی فەرهەنگییدا گەنجکراون، ئەم زانیارییە فەرهەنگییانە لە ڕێگەی نواندنەوە (نواندنی سینتاکسیی) دەنوێنرێن.

فەرهەنگ چەند جۆرێک زانیاریی سەبارەت بە ئارگۆمێنتەکانی کردار لەخۆدەگرێت، وەک:

(١) دروستەی ئارگۆمێنت.

(٢) تۆڕی بابەتانە.

(٣)چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن.

لە دروستەی ئارگۆمێنتدا ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتکان دیاریدەکرێت (بڕوانە بەشی یەکەم) تۆڕی بابەتانە سیتارۆڵەکانی پریدیکاتێک بەکۆددەکات، کە بە ئارگۆمێنتەکانی دەبەخشرێت لە چێوەی وەچەپۆلدیاریکرندا ژمارە و جۆری سینتاکسیی فرێزە تەواوکەرەکانی کردارێک دیارییدەکرێت بڕوانە (Chomsky,1965).

نواندنی فەرهەنگیی کردار ئەمانە لەخۆدەگرێت جگە لە زانیاریی مۆرفۆلۆژیی، هەروەها بە لانی کەمەوە بە ئەم دوو ئاستە پەیوەندییدارە :

دروستەی فەرهەنگیی ـ چەمکیی LCS

دروستەی ئارگۆمێنت ـ پریدیکات

دروستەی ئارگۆمێنت پرۆژەی LCS

یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، یان لە لەسەر ئاستی دروستەی فەرهەنگیی چەمکیی جێبەجێدەکرێت، کە ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر دروستەی ئارگۆمێنتدا هەیە، یان لەسەر ئاستی دروستەی ئارگۆمێنتدا جێبەجێبکرێت. (Booij,1992:48)

١٦٩) دروستەی فەرهەنگیی ـ چەمکیی LCS خواردن: [ X، Y بخوات]

ب) دروستەی ئارگۆمێنت : خواردن : V : X، Y

پ) پشیلەکە گۆشتەکە خوارد.

لە (١٦٩)دا بە پێی دروستەی فەرهەنگیی – چەمکیی کرداری خواردن (X) ئاماژەیە بۆ گیاندارێک بتوانێت شتێک بخوات، هەروەها (Y) ئاماژەیە بۆ شێک کە بتوانرێت (X) بیخوات، هەر بەپێی دروستەی ئارگۆمێنت کە لە (ب)دا خراوەتەڕوو کرداری خواردن داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات (X، Y) یە لە (پ)دا ئارگۆمێنتی (پشیلەکە) کە نواندنی (X)ی دروستەی ئارگۆمێنتە لە دروستەی فەرهەنگیی ـ چەمکیی ئەو گیاندارەیە کە دەتوانێت شتەکە بخوات، هەروەها ئارگۆمێنتی (پشیلەکە) کە نواندنی (Y)ی دروستەی ئارگۆمێنتە لە دروستەی فەرهەنگیی ـ چەمکیی ئەو شتەیە کە دەتوانرێت بخورێت.

دروستەی چەمکییانە لە ڕێگەی دروستەی ئارگۆمێنتەوە دەچێتە سینتاکسەوە، واتە دروستەی ئارگۆمێنت دەبێتە ناوەند لە نێوان نەخشاندنی LCS بۆ دروستەی سینتاکسیی(Jackendoff,1987:405)، بۆ نموونە :

خواردن LCS

بکەر گیاندارێک هەبێت شتێک بخوات.

بەرکار شتێک هەبێت بخورێت.


دروستەی ئارگۆمێنت

خواردن V (Y X)

کارا کارتێکرا

دروستەی ئارگۆمێنت لە دوو لایەن پێکدێت، لایەنی سیمانتیکیی و لایەنی سینتاکسیی لە بەشی دووەهەمدا باسی لایەنە سیمانتیکییەکەی دروستەی ئارگۆمێنت کراوە، ئەوەش خراوەتەڕوو لایەنی سیمانتیکیی کۆنترۆڵی لایەنی سینتاکسیی دەکات نەک بە پێچەوانەوە، پەیوەست بە لایەنی سینتاکسییەوە پرۆژەی لێکسیکۆ سینتاکس دروستدەکات، چونکە بنەمای دروستەی ئارگۆمێنت لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات بە پێی چەند قۆناغێک (پرۆژسازدان، نواندنی فرێزەکان، دیاریکردنی

جێکەوتەی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکان نەخشاندنی سێتارۆڵەکان و لە دروستەی ڕستەدا کۆتایی دێت، ئەم هەنگاوانە هاوتەریب بە زانیارییە سیمانتیکییەکانەوە ئەنجامدەدەرێن بە تایبەتی لە جێکەوتەی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکاندا و دواتر لە پێواژۆی سێتارۆڵەکان بۆ سینتاکس دەخرێتەڕوو بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢٢)




هێڵکاریی ژمارە (٢٢) نواندنی پڕۆژەی لێکسیکۆ سینتاکس

پێشتر ئەوە خرایەڕوو لە فەرهەنگ دەروازەی زانیارییە (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، سیمانتک) لەخۆدەگرێت، بۆ پرۆژەی لێکسیکۆسینتاکس فەرهەنگ بنەما و خاڵی دەستپێکردنی پرۆژەکەیە، چونکە لە فەرهەنگدا زانیارییە پێویستییەکانی پرۆژەکە لەخۆدەگرێت بەتایبەتی دەروازەی (سینتاکسیی، سیمانتکیی)، کە بنەمای دروستبوونی دروستەی ئارگۆمێنت و پرۆژەی ڕستەن بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢٢) دروستەی ئارگۆمێنت کەمترین فۆڕمی زانیاریی سینتاکسی لە خۆدەگرێت (Booij,1992:49)، زانیاریی لێکسیکیی ـ سینتاکسی ئەو زانیارییانەن، کە لە فەرهەنگدا گەنجکراون و پەیوەندییان بە سینتاکسەوە هەیە زانیارییەکانی دروستەی ئارگۆمێنت بەشێکن لە زانیاریی لێکسیکیی ـ سینتاکسی،(لێکسیکۆسینتاکس ئاماژە بە توانستی لێکسیکیی و توانستی سینتاکسی وشەکان دەکات، واتە ڕۆڵی زانینە لێکسیکییەکان لە زماندا پەیوەست بە زانینە سینتاکسییەکان دەخاتەڕوو. (Harder,2001:231)، کە لێکسیمێک لە چ ژینگەیەکی سینتاکسیدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، ئەم زانیارییانە (فەرهەنگیی و سینتاکسیی) سەبارەت بە لێکسیمێک (بە تایبەتی کردار) دروستەی سینتاکسیی ڕستەکە دروستدەکەن، بۆ نموونە کردارەکە و وەچەپۆلدیاریکردنەکەی تایبەتمەندیی لێکسیکین، کە ئەوە دیاریدەکەن چ ئارگۆمێنت و فرێزێک دەتوانێت یان پێویستە لەگەڵ کردارەکەدا دەربکەوێت (Biran&Friedmann,2012:1104)، وەچەپۆلدیاریکردن ژینگەی سینتاکسی پەیوەستدار بە کردارەوە دیاریدەکات بۆیە کردارەکان بە ژینگەیەکی سینتاکسیی فۆڕم دروستەوە کۆتوبەند دەکات (Biran&Friedmann,2012:1104). چێوەی وەچە پۆڵدیاریکردن بەشێکی زانیارییە سینتاکسییەکانە، کە ژینگەیی سینتاکسیی لێکسیمەکە دەخاتەروو (Handker,1995: 64)، بۆ نموونە کرداری ( هێنان) لە فەرهەنگدا بەپێی وەچەپۆلدیاریکردنەکەی دوو ئارگۆمێنت لە نواندنە سینتاکسییەکەیدا وەردەگرێت، بە شێوەی دوو فرێزیی ناویی دەردەکەون

دروستەی ئارگومینت NP1 NP2

٧٠. کاوە کتێبەکەی هێنا.

لە زانیاریی لێکسیکیی سینتاکسیی پۆلەڕەگەزی ڕێزمانیی وشەکان لەخۆدەگرێت، کە دیاریدەکات وشەکە (ناوە، کردارە، ئاوەڵناوە....) ئەمەش دەبێتە هۆی دیاریکردنی جۆری فرێزەکە و چ وشەیەک دەبێتە سەری فرێزەکە. ناو پرۆژەسازدانی NP دەکات و کردار پرۆژەسازدانی VP دەکات . (Biran&Friedmann,2012:1107). پەیوەست بە دروستەی ئارگۆمێنتەوە کردار وەکو

پریدیکاتێک، کە سەری فرێزە کردارییەکەیە پرۆژەسازدانی (VP)ە، هەروەها لە دروستەی ئارگۆمێنتەکەیدا بەپێی هێزی کردارەکە داوای ئارگۆمێنت دەکات، زانیارییە لێکسیکییەکانی کردارەکە پۆلە ڕەگەزی ڕێزمانی ئارگۆمێنتەکانی دیاریدەکات، کە داوایاندەکات بۆیە دەشێت ئارگۆمێنتەکانی کردارەکە (NP) یان (PP) بێت، هەروەها ئەگەر ئارگۆمێنتی کردارەکە لە پۆلەڕەگەزی ناو بێت ئەوا دەبێتە سەری فرێزەکە و پڕۆژەی فرێزی ناوی دروستدەکات، بەڵام ئەگەر سەری ئارگۆمێنتەکە پێشناو بێت ئەوا پرۆژەی فرێزی (PP) دروستدەکات، کەواتە پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی کاتێک لە فەرهەنگەوە دەچنە سینتاکس پێویستە بکرێنە پڕۆژەی فرێزی تایبەت بەخۆیان وەک:

٧١ا ) لێسەندن ئارگۆمێنت ١ ئارگۆمێنت ٢ ئارگۆمێنت ٣(زانیارییە فەرهەنگییەکان )

٧١ ب ) لێسەندن : تۆ نامەکە لە ئێمە ( زانیارییە سینتاکسییەکان)

٧١ پ) لێسەندن : NP NP PP

٧١ت) تۆ نامەکەت لە ئێمە سەند.

لە (٧١ ا)دا کرداری (لێسەندن) وەکو پریدیکاتێک داوای سێ ئارگۆمێنتی کردووە کە ئارگۆمێنتی یەکەم و دووەم (NP) ن، بەڵام ئارگۆمێنتی سێیەم فرێزی (PP) یە (١ ب و پ)

هەر لە زانیارییە سینتاکسییەکاندا ئەرکە ڕێزمانییەکانی، هەر ئارگۆمێنتێکی کردارەکە دیاریدەکرێت، ئەوە دیاریدەکرێت چی NP یەکی ئارگۆمێنتی کردارەکە دەبێتە بکەر و چ NP یەک دەبێتە بەرکاری ڕاستەوخۆ و کام NP یەش دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ، هەروەها لە زانیاری سینتاکسییدا جگە لە ئەرکە ڕێزمانییەکان پەسندکردنی لێکسیکیی هەر ئارگۆمێنتێک دیاریدەکرێت. (Handker,1995: 65)،واتە ئاستی دروستەی ئارگۆمێنت تەنها ژمارەی ئارگۆمێنتەکان دیاریناکات، بەڵکو کەمترین ئەرکی سینتاکسیش لەخۆدەگرێت . ئەوە دیاریدەکات، کە ئارگۆمێنتی یەکەم ئارگۆمێنتی دەرەکییە و دەبێتە بکەر ئارگۆمێنتەکەی تریش ئارگۆمێنتی ناوەکییە و دەبێتە بەرکار (Booij,1992:49)، بڕوانە (٧٢)

١.٧٢ پێدان V: NP NP PP (پۆلەڕەگەز)

بکەر بەرکاری ڕاستەوخۆ بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ئەرکی ڕێزمانی)

[کەس...] [شتێکی فیزیکی/ نافیزیکی] [کەس..] (پەسندکردنی لێکسیکیی)

ب کاوە کتێبەکە بە هیوا دا .

لە (٧٢ا) کرداری پێدا وەکو پریدیکاتێک داوای سێ ئارگۆمێنتی کردووە ئارگۆمێنتی یەکەمیان، کە ئارگۆمێنتی دەرەکییە ئەرکی بکەربینیوە و ئارگۆمێنتی دووەم، کە ئارگۆمێنتێکی ناوەکییە ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆبینیوە و ئارگۆمێنتی سێیەمیان بەهەمان شێوە ئارگۆمێنتێکی ناوەکییە ئەرکی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیووە وەکو لە (٧٢ ب)دا نوێنراوە.

هەر لە لایەنی سینتاکسیی پریدیکاتەکەدا لە دەروازەی فەرهەنگییدا دەوروبەری سینتاکسیی توخمە فەرهەنگییەکە و پۆلەڕەگەزی سینتاکسیی دیاریدەکرێت چونکە، بە پێی جۆری پۆلەڕەگەزەکە دەوروبەرە سینتاکسییەکەی دیارییدەکرێت، نموونە کرداری (خواردن) لە دەروازەی فەرهەنگییدا پەیوەست بە زانیارییە سینتاکسییەکانەوە ئەوە دیاریدەکات، کە NP لە دەوروبەرە سینتاکسییەکەیدا دەربکەوێت، بڕوانە (٧٣أ)

٧٣ا. فەرهاد نانەکەی خوارد

ب. * دۆلارەکە نانەکەی خوارد

پ. *فەرهاد خوارد.

هەر دەروازەیەکی فەرهەنگیی پێویستە پەیوەست بێت بە زانیارییەک، کە دراوسێیەتییە سینتاکسییەکەی لێکسیمەکە دیاریبکات، بۆ نموونە کردارێکی وەکو (خواردن) لە (٧٣أ)دەروازەی فەرهەنگییەکەی ئەوە دیاریدەکات، کە کردارێکی تێپەڕە، هەروەها ئەوەش دیاریدەکرێت لە چ کۆنتێکستێکی سینتاکسیی دەربکەوێت چ توخمێک دەبێتە دراوسێیی لە سینتاکسدا بڕوانە(١/ ا)

لە ڕستەکانی (٧٣ب و پ)دا تەنها دیاریکردنی پۆلەڕەگەزەکانی دراوسێی کردارەکە و وەکو یەک بوونیان نەبۆتە هۆی ڕێزمانی بوونی ڕستەکە (NP فرهاد)و (NPدۆلارەکە)، کەواتە زانیارییە سینتاکسییەکان تەنها دیاریکردنی پۆلەڕەگەز و جۆر و هێزی کردارەکە نیین لە ڕستەدا بۆیە

زانیارییە سینتاکسییەکان جۆری سینتاکسیی هەر ئارگۆمێنتێکی کردارەکە لەخۆدەگرێت (Handker,1995: 64)

وەکو لە هێڵکاریی (٢٢) خراوەتەڕوو پرۆژەی لێکسیکۆسینتاکس کاتێک لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات پشت بە دوو دەروازەی فەرهەنگیی دەبەستێت، کە ئەوانیش سینتاکس و سیمانتیکن لە لێکسیکۆسینتاکسدا پێویستە ئەم دوو دەروازە فەرهەنگییە زانیارییەکانیان پەیکاڵی یەکبن بۆ ئەوەی پرۆژەیەکی تەواو دروستبێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەنگاوەکانی پرۆژەی لێکسیکۆسینتاکس لە نموونەکانی (١،٢) تاقیدەکرێنەوە.

٧٤/ ا نووسین

٧٥/ ا پێگوتن

لە کرداری (نووسین)دا دروستەی چەمکییانەکەی لە (٧٤ا)دا خراوەتەڕوو، هەروەها کرداری پێگوتن لە (٧٥ا)دا خراوەتەڕوو

٧٤ب/ [کەسێک هەبێت بتوانێت بنوسێتX] [شتێک بتونرێت بنوسرێتY] [نووسینZ]

٧٥ب/ [کەسێک/ شتێک بتوانێت هەواڵێک بگەیەنێت] [شتێک/ هەواڵێک بگوترێت] [کەسێک/ شتێک هەواڵەکەی پێبگوترێت] [پێگوتن]

نواندنی دروستەی چەمکییانەکانی (١، ٢) لە (٣، ٤) بە شێوەی فرێزی دەنوێنرێن

٧٤پ [ NP1 =X] [NP2 =Y] [V=Z/ نووسین]

٧٥پ [ NP1 =X] [NP2 =Y] [PP=W] [V=Z/ پێگوتن]

پەیوەست بە دەروازەی سیمانتکییەوە نیشانە واتاییەکان بەشێکن لە دەروازەی سیمانتیکیی، نیشانە واتاییەکانی فرێزەکانی (٧٤، ٧٥) لە (٧٤پ، ٧٥پ) دەخرێتەڕوو:

.٥

| NP1 | NP2 |
|---|---|
| +زیندوو | +زیندوو |
| – بێگیان | – بێگیان |

.٦

| NP1 | NP2 | PP |
|---|---|---|
| +زیندوو | | |
| – بێگیان | | |

کەواتە بەپێی نواندنی بەپێی نواندنی (٣، ٤) و هەروەها نیشانە واتاییەکانی (٥، ٦) دروستەی ئارگۆمێنتی کردارەکان بەم شێوەیە دەبن.

١ . نووسین [ NP1 – NP2]

٢ . [NP1 – NP2 – PP]

دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری نووسین لە (٧٤پ)دا نوێنراوە وەکو پریدیکاتێک داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە، ئارگۆمێنتی NP1 دەرکیی و ئارگۆمێنتی NP2 ناوەکییە، هەروەها دروستەی ئارگۆمێنتی کرداری پێگوتن لە (٧پ)دا نوێنراوە وەکو پریدیکاتێک داوای سێ ئارگۆمێنتی کردووە، ئارگۆمێنتی NP1 دەرکیی و ئارگۆمێنتی NP2 ناوەکیی و PP ناوەکییە هەروەها لە چێوەدانی دروستەی ئارگۆمێنتی (٧٦، ٧٧) بەم شێوەیە

٧٦ . نووسین

a)  [NP1]   [NP2]   کردار

لەچێوەدان

b)  کارا [NP1 ] بابەت [ NP2 ]

بەپێی زانیارییە سیمانتیکییەکان، کە پێشتر خرانەڕوو (دروستەی چەمکیی، نیشانە واتاییەکان، سیتاڕۆڵ/ تۆڕی بابەتانە، لەچێوەدان) کرداری نووسین وەکو پریدیکاتێک لە فەرهەنگدا داوای دوو ئارگۆمێنت دەکات

٧٧. پێگوتن

a[ NP1] [ NP2] [ PP ] کردار

لەچێوەدان

bکارا [NP1 ] بابەت [ NP2 ] سودمەند/ ...[ PP ]

لە ڕستەی(٧٧)دا لە چێوەدانەکەی لە (a)دا نوێنراوە، سەرەتا کرداری (پێگوتن) بەپێی چێوەی وەچەپۆلدیاریکردن ئارگۆمێنتی ناوەکیی (NP2) کە لە ڕستەی (٧٧)دا بە (NP)(نهێنییەکە) نوێنراوە و سیتاڕۆڵی بابەتی پێبەخشراوە دواتر ئارگۆمێنتی ناوەکیی (PP) کە لەڕستەکەدا بە (بە تۆ) نوێنراوە و سیتاڕۆڵی سودوەرگری پێبەخشراوە.

پەیوەست بە بەستنەوەی هەردوو ئاستی سیمانتیک بە سینتاکسەوە، یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی هەر تیۆرییەکی ڕێزمان چارەسەرکردنی کێشەی بەستنەوەیە، واتە کێشەی دۆزینەوەی یاسا بەندێتییە، کە چۆن بەشداربووەکان (ئارگۆمێنتەکانی) ڕووداوێک لە فۆرمی ڕێزمانی ڕووکەشدا دەردەبڕێن، هەروەها ڕوونکردنەوەی ئەو یاسا بەندێتییەیە (Baker,1997:73) . تیۆریی بەستنەوە نەخشاندنی نێوان واتای وشەکان و ئەو فۆرمەیە لە سینتاکسدا دەردەکەوێت، کە ئامانجی ئەم تیۆرییە دەرخستن و خستنەڕووی ئەو ڕێسایانەیە،کە نواندنی فەرهەنگیی سیمانتیکیی وشەکان بە دروستە سینتاکسیەکانەوە پەیوەست دەکات (Randall,2010:1) کەواتە کاری تیۆری بەستنەوە ئەوەیە، کە بە نەخشاندنی سیمانتیک ـ سینتاکس واتایەک ببەخشێت و ڕوونیبکاتەوە پەیوەست بەهەموو جۆرە کردارێکەوە، ئایا دەتوانیین پێشنبینی ئەوە بکەین لە ئارگۆمێنتی سیمانتیکیی لە نواندنی فەرهەنگیی کرداردا، کە ژمارە، جۆر، هەروەها سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتە سینتاکسییەکان، کە کردار لە ڕستەدا داوایاندەکات (سەرچاوەی پێشو،١١).

نەخشاندنی سێتارۆڵەکان وەکو زانیارییەکی سیمانتیکیی بە ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە وەکو زانیارییەکی سینتاکسیی، بابەتی سەرەکیی بەستنەوەیە. لەبەر ئەوەی لایەنی سیمانتیکیی کۆنترۆڵی لایەنی سینتاکسیی دەکات، بۆیە لە نەخشاندندا سێتارۆڵەکان بە بنەما وەردەگیرێن و ئەوە دیاریدەکەن، کە چیی ئەرکێکی ڕێزمانیی لە ڕستەیەکدا ڕێگەی پێدەدرێت، هەر سێتارۆڵێک بەلایەنی کەمەوە بە یەک ئەرکی ڕێزمانییەوە دەبەسترێتەوە (بڕوانە بەشی دووهەم).

جێکەوتەی سێتارۆڵەکان لە ڕستەدا جێکەوتەی ئەرکەڕێزمانییەکان دیاریدەکات، چونکە سێتارۆڵەکان لە دروستەی قوڵدا دەبەخشرێن، بۆیە سەرەوڕیزبوونی ئەرکە ڕێزمانییەکان پەیوەستە بە سەرەوڕیزبوونی سێتارۆڵەکانەوە ئەمەش بە پێی هەردوو گریمانەی (١) پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا (٢) پلەبەندیی هەرەمی ڕۆڵی بابەتانە، ئەنجامدەدرێت. بۆ خستنەڕووی پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا لە ڕوانگەی جێکەوتە و سەرەوڕیزبوونی سێتارۆڵ و ئەرکە ڕێزمانییەکان بڕوانە (١، ٢)

1 .کوڕەکە کتێبەکەی لەکاوە سەند.

1 .کتێبەکە کوڕەکە لەکاوە سەندنی.

نموونەکانی (١، ٢) لە خشتەکانی (٣، ٤) خراوەتەڕوو

.٣

| جۆری ئارگۆمێنتەکان | ئارگۆمێنتەکان | سێتارۆڵەکان |
|---|---|---|
| NP1 | کورەکە | کارا |
| NP2 | کتێبەکە | بابەت |
| PP | لە کاوە | سودمەند |

.٤

| جۆری ئارگۆمێنتەکان | ئارگۆمێنتەکان | سێتارۆڵەکان |
|---|---|---|
| NP2 | کتێبەکە | بابەت |
| NP1 | کوڕەکە | کارا |
| PP | لە کاوە | سودمەند |

لە خشتەی (٣)و(٤)دا ئەوە خرایەڕوو، کە فرێزی ناوی (کوڕەکە) سێتارۆڵی کارای وەرگرتووە، هەروەها فرێزی ناوی (کتێبەکە) سێتارۆڵی بابەتی وەرگرتووە و فرێزی پێشناوی (لە کاوە) سێتارۆڵی سەرچاوەی وەرگرتووە هەرچەندە جێکەوتەی ئارگۆمێنتی (کوڕەکە) (کتێبەکە) گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە ئەم گۆڕانکارییانە نەبۆتە هۆی گۆڕینی سێتارۆڵەکان، چونکە سێتارۆڵەکان لە دروستەی قوڵدا دەبەخشرێن بۆیە سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکان لە دروستەی ڕووکەشدا نەبۆتە هۆی گۆڕانکاری لە سێتارۆڵەکان.[19] هەروەها بەپێی گریمانەی پلەبەندی هەرەمی ڕۆڵی بابەتانە، کە سەرەوڕیزبوونی سێتارۆڵەکان بە بنەما دادەنێت، بڕوانە (٧٨، ٧٩)

٧٨. من کتێبەکەم برد.

٧٩. من وێنەکەم لە دیوارەکە کردەوە.

سەرەوڕیزبوونی سێتارۆڵەکان لە (٧٨)دا بەم شێوەیە :

کارا> بابەت

هەروەها سەرەوڕیزبوونی سێتارۆڵەکان لە (٧٩)دا بەم شێوەیە

کارا< بابەت > سەرچاوە .

بەپێی پلەبەندیی هەرەمی ڕۆڵی بابەتانە ( بڕوانە ٢/ ٤/ ٢) سەرەتا فرێزی ناویی (من) لە ڕستەی (٧٨)دا کە لەبەرزترین پلەبەندیی هەرەمەکەدایە ئەرکی بکەری بینیوە، دواتر ئەو ئارگۆمێنتەی لە

[19] پەیوەست بە پریدیکاتی ( ناو ، ئاوەڵناو ) بە هۆی ئەوەی ئارگۆمێنتەکان جێکەوتەی چەسپاویان هەیە، پرۆسەی گواستنەوە ڕوونادات، واتە گۆڕانکاری بەسەر جێکەوتەکانیان ناکرێت، بۆیە نمونە بۆ ئەو دوو جۆرەی پریدیکات نەهێنراوەتەوە، لە هەمانکاتدا ( پلەبەندیی جیهانیی بەخشینی سێتا)ش مامەڵە لەگەڵ جێکەوتەی ئارگۆمێنت دەکات.

دوای فرێزی ناوی (من)ەوە هاتووە، کە فرێزی ناوی (کتێبەکە)یە ئەرکی ڕێزمانی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە، بەڵام لە ڕستەی (٧٩)دا سەرەتا فرێزی ناویی (من) کە لەبەرزترین پلەبەندیی هەرەمەکەدایە ئەرکی بکەری بینیوە دواتر ئەو ئارگۆمێنتەی لە دوای فرێزی ناوی(من)ەوە هاتووە، کە فرێزی ناوی (وێنەکە)یە ئەرکی ڕێزمانی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە، هەروەها ئەو ئارگۆمێنتەی لە دوای ئەوە دێت، کە فرێزی پێشناوی (لە دیوارەکە)یە بە پێی پلە بەندی هەرەمەکە ئەرکی ڕێزمانی بەرکاری ناڕاستەوخۆی بینیوە.

## ٣/ ٦) جێگۆڕینی ئارگۆمێنت (بەلوتکەکردن / باسمەند ..)

بەلوتکەکردن بریتیە لە جوڵاندنی پێکهاتیەک یان بەشێک لە ڕستە بۆ سەرەتای ڕستە بۆ ئەوەی وەکو بابەتی سەرەکیی ڕۆڵ ببینێت، واتە ئەگەر توخمێک بکەیتە لوتکەی ڕستەیەک بە بەلوتکەکردن دادەنرێت (chalker&weiner,1994:402)، بەلوتکەکردن جوڵاندنی وەچە پێکهاتەیەکە بۆ سەرەتای ڕستە ئەو وەچە پێکهاتەیە وەکو لوتکە/ ترۆپک ئەرک دەبینێت[20] واتە گوستنەوەی پێکهاتەی نابکەرییە بۆ سەرەتای ڕستە (Busmann,1996:12) .

لوتکە / ترۆپک : لە پەسنکردنی دروستەی زانیاریی ڕستەدا لوتکە ئەو بەشەی ڕستەیە، کە هەبوویەکە( کەس، شت، شوێن.....) زانیاری لەسەری دەدرێت، تەنها فرێز دەتوانێت جێکەوتەی سەرتۆپ/ لوتکە پڕبکاتەوە

٨٠. سێوەکە کاوە خواردی.

لە ڕستەی(٨٠) دا فرێزی ناوی (سێوەکە) بۆتە لوتکەی ڕستەکە.

لوتکە/ ترۆپک زاراوەیەکە لە دروستەی ڕستەدا بەکاردەهێنرێت هەمبەر بە زاراوەکانی پریدیکات-بکەر زاراوەکانی لوتکە - کۆمێنت وەکو جۆرێکی تر لە هەبوویەک ئەدگاری دروستەی ڕستە بەکاردەهێنرێت لوتکەی ڕستە دەشێت ( کەس، شت، شوێن.....)، کە دەربارەی قسەدەکرێت /

20 ئەو پێکهاتەیەی بۆ سەرەتای ڕستە دەجوڵێنرێت، بە پێی زمانەکان دەشێت بکەر بێت، یان بەرکار، بۆ نمونە زمانی کوردی زمانێکی (sov)ە بۆیە بەرکار بۆ سەرەتای ڕستە دەجوڵێنرێت ، بەڵام لە زمانی چینیدا بکەر بۆ سەرەتای ڕستە دەجوڵێنرێت.

زانیاریی دەدرێت لە کاتێکدا ئەو دەربڕاوەی سەبارەت بە هەبووەکە دەدرێت پێیدەگوترێت کۆمێنت زۆر جار لوتکەی ڕستە لەگەڵ بکەری ڕستە هاوتا و پەیکاڵن(Crystal,2008:489)

زاراوەی لوتکە و کۆمێنت هەمبەر بە زاراوەی بکەر و پریدیکاتی ڕستە بەکاردەهێنرێت، بەڵام پەیکاڵی یەک نیین چونکە زاراوەکانی بکەر پریدیکات هەموو جارێک ئاماژە بە دروستەی ڕێزمانیی ڕستە دەدەن، بەڵام زاروەکانی لوتکە و کۆمێنت ئاماژە بە دروستەی زانیاریی ڕستە دەدەن

٨١. گوڵەکە جوانە. پەیکاڵبوونی نێوان بکەرو پریدیکات

بکەر پریدیکات لەگەڵ لوتکە و کۆمێنت

لوتکە کۆمێنت

جوڵاندنی ئارگۆمێنتی بریتییە لە جوڵاندنی کەرەستەیەک لە جێکەوتەی ئارگۆمینتی خۆی، بۆ جێکەوتەیەکی ئارگۆمێنتی و شوێنپێیەک لە جێکەوتە بنەڕەتیەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت. واتە کەرەستەکە لە ڕۆنانی ژێرەوە خاوەن ڕۆڵی واتاییە، کە لە لایەن کاری ڕستەکە پێی بەخشراوە، کاتێک ئەو کەرەستەیە دەجوڵێت، لەڕۆنانی سەرەوەدا لە شوێنێکی ئارگۆمێنتی جێگیردەبێت، ئەم شوێنەش خاوەن ڕۆڵێکی واتاییە. وەک جووڵاندنی بەرکار لە بکەر نادیاردا بۆ جێکەوتەی بکەر، یان لە هەندێک جۆری ڕستەی کاري تێنەپەڕدا . کەرەستە جوڵاندنەکەش لەگەڵ شوێنپێیەکەی هاونیشانەیە، بە شوێنپێی خۆی بەستراوەتەوە. کەرەستە جوڵاوەکە لە جێکەوتەیەکی ئارگۆمێنتیدایە وەچە ئاڕاستەی شوێنپێکەی دەکات، بڕوانە (Black،1998:44)، کەواتە هەر گواستنەوەیەک لە جێکەوتەی چەسپاوی ئارگۆمێنتەکانی کردار ڕوودات ئەوا بە پرۆسەی هاونیشانەکردن چارەسەردەکرێت (مەعروف،٢٠٠٩: ١٢٨)، نموونە

٨٢. کتێبەکەی تۆ من سبەی دەیهێنمەوە

i i

لە پرۆسەی یە لوتکەکردندا دوو پرۆسە جێبەجێدەکرێت، کردەی هێنانە پێشەوە سەرپشکیی بەرکار و بە کلیتیککردنی خورتی (ولیا، ٢٠٠٩: ٢٦٢)

گواستنەوەی بەرکار بۆ سەرەتای ڕستە لە ڕووی سینتاکسیەوە مەرجی هاوسێیەتی لەگەڵ کردارەکە تێکدەچێت لە کردارەکە دووردەکەوێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە مۆرفیمی ڕێکەوتن لەسەر کردارەکە کۆپی دەکات

بەلوتکەکردن جوڵاندنی وەچە پێکهاتیەکیی نابکەرییە بۆ سەرەتای ڕستە (Busmann,1996:12 یان بریتییە لە گواستنەوەی پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی ڕستە بۆ سەرەتای ڕستە بۆ جەختکردنەوە یان جیاکردنەوەی لە کەرەستەکانی تر.

## ٣/ ١.٦) دروستەی ئارگۆمێنت لە بکەرنادیاردا

لەو توێژینەوانەی، کە لەسەر بکەرنادیار کراوە لە زمانی کوردیدا زیاتر بایەخیان بە گۆڕینی فۆڕمی کردارەکە داوە، بەڵام ئەرکە ڕێزمانییەکان لەڕستەکەدا کەمتر بایەخیان پێدراوە، بەبکەرنادیاریکردن دوو گۆڕانکاری لەخۆدەگرێت لایەنێکی گۆڕینی فۆڕمی کردارەکەیە، و لایەنەکەی تریشیان گۆڕینی ئەرکە ڕێزمانییەکانە لە ڕستەکەدا [21].

بکەرنادیار بە دوو شێوە دەردەبڕدرێت بە پێی زمانەکان بەکارهێنانی شێوەکان جیاوازە شێوەی یەکەمیان بە شیکەرەوانە دادەنرێت، کە لە خستنەتەکیەکی فۆڕمێکی کردارەکە و کردارە یاریدەدەرەکان/ لاوازەکان دەروستدەبێت زمانی ئینگلیزیی و زمانی کوردیی - زاری کرمانجیی سەروو لەم جۆرەن، وەک:

٨٣أ/ فەرهادی سێو خار.

٨٣ب/ نان هاتە خارن.

لە ڕستەی (٨٣أ)دا کرداری (خار) کردارێکی بکەردیارە و بە تەنها دەرکەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە کردارێکی بکەرنادیار پێویستی بە کرداری یاریدەدەر هەیە، وەکو لە ڕستەی (٨٣ب)دا دەرکەوتووە کردارە یاریدەدەرەکە (هاتە).

شێوەی دووەهەمیان پێی دەگوترێت دارێژەرانە/ دروستکراو لە ڕێگەی مۆرفیمێکی بەندەوە، کە دەچێتە سەر فۆڕمێکی کردارەکەوە کردارەکە بکەرنادیاریی دەردەبڕدرێت، نموونەی ئەو زمانانەی،

---

[21] بڕوانە ئەم سەرچاوانە ( بەرزنجی،٢٠٠٨: ٩٣-١٢١) (خۆشناو،٢٠١٦: ٨٧-٩٤) (مەحویی،٨٧:٢٠٢٠-١٢٣)

که ئەم شێوەیە بەکاردەهێنن زمانی کۆریی و زمانی کوردیی - زاری کرمانجیی ناوەڕاستە (Santorini&Kroch,2007: 76)، بۆ نموونە:

٨٤أ/ ئاسۆ سێوەکەی خوارد .

٨٤ب/ سێوەکە خورا.

لە ڕستەی (٨٤أ)دا کرداری (خوارد) کردارێکی بکەردیارە و بەتەنها دەرکەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە کردارێکی بکەرنادیار پێویستیی بە کرداری یاریدەدەر نییە، بەڵکو فۆرمی کردارەکە دەگۆڕێت لە ڕێگەی زیاد کردنی مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) وەکو لە ڕستەی (٨٤ب)دا دەرکەوتووە، کردارەکە مۆرفیمی(ر)ی بکەرنادیاری وەرگرتووە بووە بە (خورا) .

لە بکەرنادیاردا جگە لەوەی فۆرمی کردارەکە دەگۆڕدرێت، هەروەها ئەرکە ڕێزمانییەکانی ئارگۆمێنتەکانی ڕستەکەش دەگۆڕێن، هەر بۆیە (Keenan، 1975) پێناسەی بکەرنادیار بەوە دەکات کە ئەو فرێزە ناوییەی ئەرکی ڕێزمانی بکەری هەیە لە بکەردیاردا، ئەو ئەرکە ڕێزمانییەی لە بکەرنادیاردا لە دەستدەدات، ئەو فرێزە ناوییەی، کە ئەرکی ڕێزمانیی بەرکاری هەیە لە بکەردیاردا، لە بکەرنادیاردا دەبێتە بکەری ڕستەکە، هەروەها لە پێناسەیەکی تردا بکەرنادیار بە جوڵاندنی ئەو فرێزە ناوییە دادەنرێت، کە لە دروستەی قووڵدا بەرکارە، بەڵام لە دروستەی ڕووکەشدا دەبێتە بکەر بەهۆی جوڵاندنەکەوە سێتاڕۆڵی دەرەکیی لە بکەرنادیاردا لەناودەبرێت بۆیە کردارەکە دبێتە تێنەپەر (sells,1985:58) بڕوانە(٨٥):

٨٥أ/ئیلیان لەندی بینی.

٨٥ب/ لەند بینرا

لە ڕستەی (٨٥أ)دا ڕستەیەکی بکەردیارە و (NP) (ئیلیان) ئەرکی بکەری بینیوە (NP) (لەند) ئەرکی بەرکاری بینیوە، بەڵام لە ڕستەی (٨٥ب)دا ئەرکە ڕێزمانییەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە بەجۆرێک (NP) لەند ئەرکە ڕێزمانییەکەی لە بەرکارەوە گۆڕاوە بۆ بکەر

جگە لە گۆڕینی ئەرکە ڕێزمانییەکان لە بکەردیارەوە بۆ بکەر نادیار، گۆڕینی سێتاڕۆڵەکانیش ڕوودەدەن، ئەو گۆڕانکارییانەی لە سێتاڕۆڵەکانی بکەردیار بۆ بکەرنادیار دەکرێت پێی دەگوترێت بەبکەرنادیاریکردن، لە بەبکەرنادیاریکرندا، وەکو پێواژۆیەک ئارگۆمێنتی بابەت/ کارتێکراو

بەرزدەبێتەوە بۆ جێکەوتەی بکەر لە کاتێکدا ئارگۆمێنتی کارا نزمدەبێتەوە و دەبێتە سەرپشکیی، چونکە پێویستی بە پێشناوی (لەلایەن) هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەربکەوێت بەلای (Bruening 2013) ەوە فرێزی لەلایەن لە بکەرنادیاردا فرێزێکی سەپشکییە واتە وەکو سەربارێک لە ڕستەدا دەردەکەوێت نەک وەکو ئارگۆمێنتی پریدیکاتەکە (Elena, 2022:165)

٨٦. منداڵەکە پەنچەرەکەی شکاند .

٨٦ب/ پەنچەرەکە شکێنرا .

**٣/ ٢.٦) تایبەتمەندییەکانی بە بکەرنادیاریکردن**

1. ئارگۆمێنتی کارا لە ڕستەی بکەردیاردا بکەری ڕستەیە، بەڵام لە بکەرنادیاردا بە شێوەی فرێزی سەرپشکیی دەردەکەوێت، کە فرێزی (لەلایەن)ی پێدەگوترێت.

٨٧أ/ پۆلیسەکە تاوانبارەکەی دەستگیرکرد.

٨٨ب/ تاوانبارەکە (لەلایەن پۆلیسەکەوە) دەستگیرکرا.

لە ڕستەی(٨٧أ)دا کە ڕستەیەکی بکەردیارە ئارگۆمێنتی دەرەکیی/ بکەری، کە سیتارۆڵی کارا وەردەگرێت کەرەستەیەکی بنجی ڕستەکەیە و کەرەستەی داواکراوی کردارە، بۆیە ناکرێت لە ڕستەدا لاببردرێت، بەلابردنی ڕستەیەکی ناڕێزمانیی بەرهەمدێت، بەڵام لە ڕستەی (٨٨ب)دا کە ڕستەیەکی بکەنادیارە، پریدیکاتەکە تەنها پێویستیی بە یەک ئارگۆمێنت هەیە، کە (NP) تاوانبارەکەیە ئارگۆمێنتی کارا (لەلایەن پۆلیسەکەوە) بەشێوەی فرێزی سەرپشکی دەردەکەوێت، لابردنی هیچ کاریگەریی نابێت لەسەر ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە.

2. لە بکەرنادیاردا ئەو جێکەوتەیەی بکەر، کە بە بەتاڵی دەمێنێتەوە بە ئارگۆمێنتی بابەت/ کارتێکراو پڕدەکرێتەوە.

٨٩. <u>یارییەکە</u> شکێنرا . کارتێکراو

٨٩ب/ <u>نامەکە</u> هێنرا. بابەت

بەهۆی ئەوەی لە بکەرنادیاردا بکەر لادەبردرێت بەرکار بەرزدەبێتەوە بۆ شوێنی بکەر و لەهەمانکاتدا بەرکار هەمیشە سیتاڕۆڵەکانی (بابەت/ کارتێکراو) وەردەگرێت، بۆیە هەمیشە جێکەوتەی بکەر لە بکەرنادیاردا بە سیتاڕۆڵەکانی بابەت / کارتێکراو پردەکرێتەوە.

3. ئارگۆمێنتی بابەت/ کارتێکراو لە بکەردیار و بکەرنادیار بە دوو ئەرکی ڕێزمانی جیاوازەوە دەبەسترێتەوە.

٩٠أ نامەکە هات. بابەت

٩٠ب/ کاوە نامەکەی هێنا. بابەت

٩٠پ/ شوشەکە شکێنرا. کارتێکراو

٩٠ت/ هیوا شوشەکەی شکاند. کارتێکراو

لە نموونەکانی (٩٠أ- ٩٠ت)دا، ئەوە خراوەتەڕوو، کە دەشێت ئارگۆمێنتی بابەت/ کارتێکراو بە دوو ئەرکی ڕێزمانیی جیاوازەوە ببەسترێنەوە لە کاری بکەردیاردا هەمیشە ئارگۆمێنی ناوەکیی / بەرکاری ڕاستەوخۆ سیتاڕۆڵەکانی بابەت/ کارتێکراو وەردەرگرن و لە بکەنادیاردا هەمیشە بکەر سیتاڕۆڵەکانی کارتێکراو / بابەت وەردەگرێت.

4. ئارگۆمێنتی کارا لە بکەردیاردا فریزێکی خورتییە لە بکەرنادیاردا فریزێکی سەرپشکییە.

5. پەیوەست بە جێکەوتەوە ئارگۆمێنتی کارا لە جێکەوتەیەکی بەرزتر/ لە پێشترە بەراورد بە ئارگۆمێنتی بابەت، بەڵام لە بکەرنادیاردا نزمبوونەوەی کارا بەرزبوونەوەی ڕوودەدات، واتە ئارگۆمێنتی بابەت جێکەوتەیەکی بەرزتر/ لە پێشتر دەبێت بەراورد بە ئارگۆمێنتی کارا .

فۆرم و هێزی کردارەکە لە بکەرنادیاردا داوای بەرکار ناکات، چونکە لە ڕووی هێزەوە دەبێتە تێنەپەر تەنها بە بکەر ڕستەیەکی ڕێزمانیی دروستدەکات.

کەواتە ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئاستەکانی نواندن لە بکەردیارەوە بۆ بکەرنادیار ڕوودەدەن، بەم شێوەیە:

٩١ أ. فۆرمی بکەردیار: منداڵەکە یارییەکەی شکاند.

ب. LCS [[ X ئەنجامدەر] هۆکار [بوون بە [شکاو(Y) ]]]

واتە X بووە هۆکاری شکاندنی Y

پ. PAS : < X <Y>>

ت دروستەی بابەتانە: کارا کارتێکراو.

ج. ئەرکە ڕێزمانییەکان: بکەر، بەرکار، پریدیکات.

ح. سینتاکس: منداڵەکە یارییەکەی شکاند

٩٢أ. فۆڕمی بکەر نادیار : یارییەکە شکێنرا.

ب. LCS [[ X ئەنجامدەر] هۆکار [بوون بە [شکاو(Y)] ]]]

پ. دروستەی ئارگۆمێنت: شکاندن: < (x) <Y>>

ت. دروستەی بابەتانە: شکێنرا : کارتێکراو

ح. ئەرکە ڕێزمانییەکان: بکەر، پریدیکات.

ج. سینتاکس : پەنچەرەکە شکێنرا (لەلایەن منداڵەکەوە)

ئەو گۆڕانکارییانەی، کە ڕستە لە بکەردیارەوە بۆ بکەرنادیار بەسەریدا دێت، تەنها یەک لایەن ناگرێتەوە، یان تەنها پەیوەست بێت بە گۆڕینی فۆڕمی کردارەکەوە، بەڵکو چەند لایەنێک دەگرێتەوە، جیاوازییەکانیان (٩١، ٩٢)دا خراوەتەڕوو بە جۆرێک لە (٩١ أ) دا ڕستەکە بکەردیارە و لە (٩٢أ)دا ڕستەکە بکەرنادیارە هەر لە (٩٢ب)دا لە ڕوانگەی دروستەی چەمکییەوە ڕوونکراوەتەوە.

لە (٩١پ)دا ڕستەکە لە ڕوانگەی دروستەی ئارگۆمێنتەوە نوێنراوە بە جۆرێک پریدیکاتەکە داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە، بەڵام لە (٩٢أ)دا فۆڕمی پریدیکاتەکە گۆڕاوە، لە هەمانکاتدا لە ڕووی هێزیشەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە جۆرێک پریدیکاتەکە داوای یەک ئارگۆمێنت دەکات لە (٩١پ)دا ڕستەکە لە ڕوانگەی دروستەی بابەتانەوە لێکدراوەتەوە بەجۆرێک پریدیکاتەکە داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە لە جۆری کارا و کارتێکراو، بەڵام لە (٩٢ پ)دا ژمارەی ئارگۆمێنتەکان کەمی کردووە پریدیکاتەکە تەنها یەک ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، کە کارتێکراوە. لە (٩١ ت)دا ڕستەکە لە ڕوانگەی ئەرکەڕێزمانییەکانەوە نوێنراوە و بەجۆرێک پریدیکاتەکە داوای دوو ئارگۆمێنتی کردووە، کە ئەوانیش ئارگۆمێنتی ناوەکیی/ بەرکاری و ئارگۆمێنتی دەرەکیی/ بکەری، بەڵام لە


(٩٢ت)دا پریدیکاتەکە تەنها پێویستیی یەک ئارگۆمێنت هەیە، کە ئەویش ئارگۆمێنتی دەرەکیی / بکەریە چونکە پریدیکاتەکە بە تەنها یەک ئارگۆمێنت واتاکەی تەواو دەبێت ڕستەیەکی ڕێزمانی بەرهەمدێت.

## ٣/ ٣.٦) هەڵمژین لە بکەرنادیاردا

بە لای (Jaeggli,1986)ەوە پاشگری بکەرنادیاریی بە هەڵمژینی سێتارۆڵ دادەنرێت. بۆ ئەوەی بزانین بۆچی سێتارۆڵی دەرەکیی هەڵدەمژێنرێت، چونکە سێتارۆڵی دەرەکیی پریدیکاتێک تەنها سێتارۆڵێکی نابەستراوە لە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتدا، هەر بۆیە سێتارۆڵێکی ئازادە لە پەیوەستبوون بە هەر توخمێکەوە هەرچۆنێک بێت هیچ پێداویستییەک نییە بۆ پەیوەست بە فرێزێکی ناویی تایبەتەوە لە بیچمێکی دروستەییانەی تایبەتدا (Jaeggli,1986:591)، بۆیە دەتوانرێت لەلایەن پاشگرەوە (پاشگری بکەرنادیاریی) هەڵبمژێنرێت بەبێ ئەوەی گرفت بۆ بەستنەوە دروستبێت . هەموو سێتارۆڵەکانی دیکە لە دەروازەی فەرهەنگیی پریدیکاتدا دەبەسترێنەوە ئەم بەستنەوەیە تەنها کاتێک جێبەجێدەکرێت، ئەگەر ئەو سێتارۆڵەی کە بە جێکەوتەی NP بەخشراوە بە سێتارۆڵەکەوە ببەسترێتەوە، بەڵام هەڵمژین لەگەڵ ئەم پێداویستییەی بەستنەوەدا ناگونجێت (Jaeggli,1986:591)، جێکەوتەی سێتارۆڵی ناوەکیی بۆهەڵمژین بەدەست نابێت. (بڕوانە بەشی یەکهەم)

پاشگری بکەر نادیاریی سێتارۆڵی دەرەکیی پریدیکات هەڵدەمژێت لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو سێتارۆڵەوە بۆ پاشگرەکە، بۆچی سێتارۆڵی دەرەکیی بە مۆرفیمی بەند دەبەخشرێت ؟ لە کاتێکدا سێتارۆڵەکان تەنها بە فرێزە ناوییەکان هەندێکجاریش بە فرێزە پێشناوییەکان دەبەخشرێت؟

لە هەڵمژیندا حوکمکردن ڕۆڵ دەبینێت، پاشگری بکەرنادیاریی دەتوانێت سێتارۆڵی دەرەکیی کردایک هەڵبمژێت چونکە پاشگرەکە لە لایەن کردارەوە حوکمدەکرێت واتە توخمیX دەتوانێت سیمایەکی Y هەڵمژێت، ئەگەر X لەناو بواری حوکمکردنی Y دابێت، هەر بۆیە هیچ ڕێگرییەک نییە لەوەی سێتارۆڵێکی نەبەستراوە بە پاشگرێک ببەخشرێت (Jaeggli,1986:591)




هێڵکاریی ژمارە (٢٣) بکەرنادیایی و هەڵمژینی سێتا

٩٣أ/ ڕاوچییەکە ئاسکەکەی کوشت.

θ دەرەکیی/ بکەری        θ ناوەکیی/ بەرکاری ڕاستەوخۆ

٩٣ب/ ئاسکەکە کوژ را


θ ناوەکیی V θ دەرکیی

لەو تێڕوانینەی سەرەوە بکەرنادیاریی بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت پێواژۆیەکە، هەڵمژینی سێتاڕۆڵی دەرەکیی لەخۆدەگرێت، هەروەها مۆرفیمی بکەرنادیاریی بەوە پێناسەدەکرێت ئەدگاری ئەم هەڵمژینەی تێدایە، پەیوەست بە فرێزی لەلایەنەوە لە بکەنادیاردا، سێتاڕۆڵی دەرەکیی پریدیکات وەردەگرێت، بەڵام لێرەدا پێویستە ئەوە بزانیین، کە مەرج نییە هەمیشە NP فرێزی لە لایەن لە بکەرنادیاردا سێتاڕۆڵی کارا بێت تەنها لەیەک کاتدا دەبێتە کارا، ئەگەر سێتاڕۆڵی دەرەکیی پریدیکاتی بکەرنادیارییەکە کارا بێت، بەڵام ئەگەر سێتاڕۆڵی دەرەکیی سەرچاوە بوو ئەوە فرێزی ناوی فرێزی لە لایەن بە سەرچاوە دادەنرێت، ئەگەر سێتاڕۆڵی دەرەکیی ئامانج بوو ئەوە فرێزی ناوی فرێزی لە لایەن بە ئامانج دادەنرێت، بۆ سێتاڕۆڵەکانی دیکەش بە هەمان شێوە، بڕوانە نموونەکانی خوارەوە :

٩٤ ئاسکەکە لە لایەن ڕاوچییەکەوە کوژرا. کارا

٩٥. نامەکە لەلایەن فەرمانگەکەوە نێردرا.   سەرچاوە


٩٦. منداڵەکە لە لایەن هاوڕێکانییەوە ترسێنرا. تاقیکەرەوە




لێرەدا پاشگری بکەرنادیاریی سیتاڕۆڵی دەرەکیی بۆ NP ی فرێزی لە لایەن دەگوازرێتەوە، بڕوانە (٩٤-٩٦):

ئاسکەکە کوژرا .

ئاسکەکە لە لایەن ڕاوچییەکەوە کوژرا.




هێڵکاریی ژمارە (٢٤)

پاشگری بکەرنادیاریی وەکو ڕۆڵپێدەرێک دەردەکەوێت کە سیتاڕۆڵی دەرەکی بۆ NP فرێزی لە لایەن دەگوازێتەوە، ئەگەر پاشگرەکە نەتوانێت سیتاڕۆڵە دەرەکییەکە بۆ NP ی فرێزی لە لایەن بگوازێتەوە، ئەوە NP بکەرنادیاریی فرێزی لە لایاندا لەگەڵ مەرجی سیتادا یەکناگرێتەوە، چونکە پێشناوەکە بەتەنها خۆی دەتوانێت سیتاڕۆڵی شوێن یان ئامێر ببەخشێت.

Lieber (1983) گریمانەی ئەوە دەکات، کە سیتاڕۆڵی دەرەکیی بە فرێزی لەلایەن دەدرێت، واتە بە PP دەدرێت بەدیاریکراویش بەسەری PP دەدرێت، کە پێشناوی (لەلایەن)ە لە پێشناوەکەوە بە NP بەرکاری پێشناوەکە دەدرێت .

بۆ فرێزی لە لایەن لە دروستەی ئارگۆمێنتدا، بەپێی پێناسەی دروستەی ئارگۆمێنت فرێزی ناویی لەناو پێکهاتەی فرێزی لە لایەندا ئارگۆمێنتی کردارەکە نییە، چونکە NPەکە سیتاڕۆڵ لە پریدیکاتەوە وەرناگرێت، بەڵکو لە بری ئەوە لە پێشناوەکەوە وەریدەگرێت بە لای Zubizarreta (1985)ەوە نابێت فرێزی لە لایەن بە ئارگۆمێنتی پریدیکاتەکە (کردارەکە) دابنرێت، چونکە پریدیکاتەکە داوای ناکات، هیچ سیتاڕۆڵێکی پێنابەخشێت.

بۆ سەرەوڕیزبوونی ئەرکە ڕێزمانییەکان بکەر> بەرکاری ڕاستەوخۆ> بەرکاری ناڕاستەوخۆ

هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەرکە ڕێزمانییەکان پەیوەست بە سیتاڕۆڵەکانەوە بڕوانە (Farrel,2005)

## ٣/ ٤.٦) دروستەی ئارگۆمێنت لە مۆرفۆسینتاکسدا

مۆرفۆسینتاکس، پێکهاتوویەکی زمانییە، کە مەرجەکانی لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسەوە وەردەگیرێت و بەکاردەهێنرێت. مۆرفۆلۆژی، کە بە خستنەتەکییەکی مۆرفیمەکان دادەنرێت بۆ دروستکردنی وشەکان. سینتاکسیش لە دروستە و ئەرکی وشەکان لە ڕستەدا دەکۆڵێتەوە هەردووکیان پێکەوە مەرجەکانی مۆرفۆسینتاکس پێکدەهێنن (Richards,2002:212)، واتە مۆرفۆسینتاکس شیکردنەوەی پۆلەڕەگەزە مۆرفۆسینتاکسییەکانە، کە لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا دەردەکەون پۆلەڕەگەزە مۆرفۆسینتاکسییەکانیش، وەکو ( ژمارە، دوخ، کەس، تاف ....)، کە لە ڕێگەی لاگرەکانەوە دەخرێنەڕوو بە تایبەتی لاگرەکانی شکانەوە ئەم پۆلەڕەگەزانە لە بەیەکداچوونی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا ناوەندن/ سەنتەرن، واتە دەبنە چەقی توێژینەوە لەم بەیەکداچوونە(Brown&Miller,2013:296). هەموو ئەو مۆرفیمانەی لەم جۆرەن بە مۆرفیمی شکاندنەوە دادەنرێن، لە هەندێک زماندا مۆرفیمەکانی شکاندنەوە نیشانەی دۆخ دەردەبڕن، کە دەریدەخات فرێزە ناوییەکان لە ڕستەدا بوونە بە بکەر یان بەرکار، هەروەها مۆرفیمەکانی (تر ترین) لە کۆتایی ئاوەڵناوەکاندا بەراوردەکرێن و دەردەبڕن. (Crystal,2008:315)، لێرەدا پۆلەڕەگەزە مۆرفۆسینتاکسییەکانی (کەس، ژمارە، کلتیک، پلەکانی ئاوەڵناو، بکەرنادیاری، مۆرفیمی تێپەڕاندن)، بە نموونە دەهێنینەوە چونکە ئەمانە کاریگەرییان لەسەر دروستەی ئارگۆمێنت دەبێت، بۆ نموونە پۆلەڕگەزی ژمارە لە ناودا پۆلەڕەگەزێکی مۆرفۆسینتاکسییە، هەروەها گاریگەری دەبێت لەسەر سینتاکسی ڕستە بەوەی، کە بکەرێکی تاک لەگەڵ کردرێک دەردەکەوێت، کە لە ڕووی ڕێکەوتنەوە لەگەڵ بکەردا تاک دەردەبڕێت لە ڕووی پێناسەی مۆرفۆلۆژیشەوە بە زیادکردنی نیشانەی کۆ (ان) ناو لە تاکەوە دەکرێتە کۆ، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییدا مۆرفیمی کۆ (s) بۆ ناو زیاددەکرێت بۆ ئەوەی ناوەکە بە شێوەی کۆ دەربکەوێت هەروەها مۆرفیمی تافی ڕابردوو (ed) بۆ ئەوەی تافی کردارەکە لە ڕابردوودا دەربکەوێت، لە ڕانەبردوو جیابکرێتەوە، کەواتە مۆرفیمەکانی(s) (ed) وەکو دوو نموونە هەردوکیان مۆرفیمن، بەڵام لە هەمانکاتدا واتاکەیان بە ئەو وشەیەوە بەندە، کە پێوەی دەلکێنرێت، بۆیە واتاکانیان تەنها کاتێک ڕوونە، ئەگەر لە ڕستەدا بەکاربهێنرێن(Richards,2002:212)، نموونە:

97. cat+(s) → cats

98. play+(ed) → played

مۆرفۆسینتاکس چەند (ڕێکارێکی) زمانییە بۆ نواندنی سیما سینتاکسییەکان لە ڕێگەی توخمە مۆرفۆلۆژییەکانەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی مۆرفیمە بەندەکانەوە وەکو کلیتیکەکان، یان هەر مۆرفیمێکی بەندی ترەوە ( Bussmann,1996:773)، بۆ نموونە پریدیکاتی (هاتن )کە پردیکاتێکی یەک هێزییە، واتە یەک ئارگۆمێنت داوادەکات، کاتێک لە سینتاکسدا بەکاردەهێنرێت مۆرفیمەکانی ڕێکەوتن (م،ین، یت، ن، ن) وەردەگرێت، بە هۆی ئەم مۆرفیمانەوە مەرجە ئەو ئارگۆمێنتەی، کە وەریدەگرێت لە ڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ کەس و ژمارەی ئەو مۆرفیمانەی ڕێکەوتن پەیکاڵبن، مۆرفیمەکانی کەس و ژمارە لەگەڵ پریدیکاتەکە دەردەکەون، وەک: (٩٩)

٩٩. من هاتم. ئێمە هاتین.

تۆ هاتیت. ئێوە هاتن.

ئەو هات. ئەوان هاتن.

ئەو توێژینەوانەی، کە لەسەر مۆرفۆسینتاکس کراون پرۆسەی بە کلیتیککردن لە سینتاکسدا بە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیی هەژمارکراون.[22] ، بڕوانە، (یارا قادر، ٢٠٠٨) (ئومید بەرزان،٢٠١٠) (وریا عومەر،٢٠١١)

١٩٧ ) من تۆم بانگکرد.

ب) بانگتم کرد.

پ) بانگم کردیت.

لە ڕستەی(١٩٧)دا پریدیکاتی بانگکردن) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، کە (NP من) ئەرکی ڕێزمانی بکەریی و سێتاڕۆڵی کارای وەرگرتووە، و(NP تۆ) ئەرکی ڕێزمانی بەرکاریی و سێتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، بەڵام لە (ب، پ)دا ئارگۆمێنتی من) بەکلیتیککراوە بۆ (م) و ئارگۆمێنتی تۆ بەکلیتیککراوە بۆ (ت، یت) لە هەمانکاتدا سێتاڕۆڵەکانیان لە لایەن کلیتیکەکانەوە هەڵمژێنراون.

[22] لەو توێژینەوانەدا مۆرفۆسینتاکس بە پێواژۆی بە کلتیککردن دانراوە، بەڵام مۆرفۆسینتاکس وەکو شیکردنەوەیەکی زمان هەموو ئەو مۆرفیمانە دەگرێتەوە ، لە سینتاکسدا ڕۆڵ دەبینن.

له شیکردنەوەی سینتاکسییدا (١٩٨أ) له دوو فرێز پێکهاتووه، که (NP کەپرەکە) ە (VP سوتا)یه فرێزی ناوی کەپرەکە ئەرکی ڕێزمانی بکەریی و سێتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە .

**مۆرفیمەکانی شکاندنەوه دروستەی ئارگۆمێنت له ڕستەدا دەگۆڕن ئەمانەن:**

(١) مۆرفیمی تێپەڕاندن.

(٢) مۆرفیمی نادیاری.

(٣)مۆرفیمی پلەی بەراود و باڵا.

مۆرفیمی تێپەڕاندنی (اندن)، له زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی مۆرفۆسینتاکسییە کاریگەریی دەبێت لەسەر دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستەکە دەبێت و ژمارەی ئارگۆمێنتەکانی ڕستەکە زیاددەکات، بڕوانە(٩٨):

له (٩٨ب) دا جگه له پریدیکاتەکە (سوتاندن) دوو فرێزی ناوی وەکو ئارگۆمێنت وەرگرتووە (NP پیاوەکە) ئەرکی ڕێزمانی بکەر و سێتاڕۆڵی کارای وەرگرتووە و(NP کەپرەکە) ئەرکی ڕێزمانی بەرکاریی و سێتاڕۆڵی کارتێکراوی وەرگرتووە، بەڵام له شیکردنەوەی مۆرفۆسینتاکسییدا له ڕستەی (١أ و ٢ب) بەم شێوەیە دەبێت:

٩٨أ / کەپرەکە سوتا.

٩٨ب/ پیاوەکە کەپرەکەی سوتاند.

بەڵام له شیکردنەوەی سینتاکسیدا بایەخ بەمانە دەدرێت:

(١) بایەخ بە ژمارەی فرێزەکان دەدرێت واتە ڕستەکە چەند فرێزی تێدایە.

(٢)بایەخ بە جۆری فرێزەکان(فرێزی ناوی، کاری، پێشناوی، ئاوەڵناویی.......)

(٣)بایەخ بە ئەرکە ڕێزمانییەکان دەدرێت.

له شیکردنەوی مۆرفۆسینتاکسییدا بایەخ بە مۆرفیمەکانی ڕستەکە دەدرێت، بە تایبەتی مۆرفیمەکانی شکانەوە، هەروەها پۆلەڕەگەزی وشەکانیش( ناو، ئاوەڵناو، .....) دیاریدەکرێت.

هەوەها مۆرفیمی بکەرنادیاری (ر) لە زمانی کوردیدا مۆرفیمێکی مۆرفۆسینتاکسییە کاریگەری دەبێت لەسەر دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستەکە، بڕوانە ( ٩٩أ، ٩٩ب ):

٩٩أ/ خوێندکارەکە وانەکەی نووسی.

٩٩ب/ وانەکە نوسرا.

(٩٩أ) بەپێی دروستەی ئارگۆمێنت پریدیکاتی (نووسین) دوو ئارگۆمێنتی وەرگرتووە، (NP خوێندکارەکە) و سیتارۆڵی کارای وەرگرتووە و (NP وانەکە)یە و سیتارۆڵی بابەتی وەرگرتووە، بەڵام لە (٩٩ب)دا پریدیکاتی (نووسین) دروستەی ئارگۆمێنتەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەجۆرێک ژمارەی ئارگۆمێنتەکان کەمیکردووە، بۆ یەک ئارگۆمێنت، کە (NP وانەکە)یە لە لایەن مۆرفیمی (ڕ) ی بکەرنادیار سیتارۆڵی کارا هەڵمژێنراوە.

هەروەها مۆرفیمی تێپەڕاندن (اندن)، کە فۆرم و دروستەی ئارگۆمێنتی کردار دەگۆڕێت بەجۆرێک هێزەکەی لە یەک ئارگۆمێنتی بۆ دوو ئارگۆمێنتی دەگۆڕێت، بڕوانە(٩٨)

لە( ٩٨أ)دا پریدیکاتی سوتان پریدیکاتێکی یەک ئارگۆمێنتییە، کە (NPکەپرەکە)یە، بەڵام بەهۆی مۆرفیمی تێپەڕاندنی (اندن) ەوە پریدیکاتەکە بووە بە (سوتاندن)، دروستەی ئارگۆمێنتەکەشی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بووە بە پریدیکاتێکی دوو ئارگۆمێنتی (NP پیاوە) و (NP کەپرەکە)یە.

پلەکانی ئاوەڵناو (بەراود، باڵا) لە ڕێگەی مۆرفیمەکانی (تر، ترین) دروستەی ئارگۆمێنتی پریدیکاتەکان دەگۆڕن بڕوانە(١٠٠):

١٠٠أ . کاوە زیرکە .

١٠٠ب . کاوە لە هیوا زیرەکترە

١٠٠پ . زیرەکترین خوێندکار کاوەیە.


لە ڕستەی (١٠٠)دا پریدیکاتی (زیرەک) یەک ئارگۆمێنتی دەرەکیی(کاوە)ی وەرگرتووە، بەڵام لە ڕستەی(١٠٠ب)دا بەهۆی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی ئاوەڵناوەوە(تر) دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بە جۆرێک لە یەک ئارگۆمێنتەوە بوو بە دوو ئارگۆمێنت،

فرێزی ناوی (کاوە) و فرێزی پێشناوی (لە هیوا)یە لە (١٠٠پ)دا بە هۆی کەرەستە مۆرفۆسینتاکسیەکانی ئاوەڵناو(ترین) دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بە جۆرێک هەردوو ئارگۆمێنتەکە لەجۆری(NP)ە (خوێندکار، کاوە).

## ٣/ ٦.٥) نەخشاندن لە بکەرنادیاردا

لە بەشی دووەمدا ئەوە خرایەڕوو، کە نەخشاندن بەستنەوەی نێوان ئاستی سینتاکس و سیمانتیکە لە نواندنی دروستەی ڕستەدا، بکەرنادیار وەکو دروستەیەکی سینتاکسیی ئەرکە ڕێزمانییەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها لە ڕووی سیمانتیکییەوە سێتاڕۆڵەکان لەخۆدەگرێت، لە ڕووی ئەرکە ڕێزمانییەکانەوە (بکەر) بەشێکی سەرەکییە لە ڕستەی بکەرنادیاردا، واتە دروستەی ڕستەکە لە پریدیکات و بکەر پێکدێت، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکییەوە بکەنادیار سێتاڕۆڵەکانی کەمترە بەراورد بە ڕستەی بکەردیار ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە (١) ژمارەی ئەرکە ڕێزمانییەکان لە دروستەی بکەرنادیاردا کەمترە بەراورد بە بکەردیار کە تەنها (بکەرە)

(٢) ئەو فرێزە ناوییەی لە بکەرنادیاردا ئەرکی بکەریی دەبینێت لە ڕستەی بکەردیاردا ئەرکی بەرکاریی بینیوە، واتە جگە لە بەرکارەکە فرێزی ناوی بکەریش لەخۆدەگرێت ئەمەش وایکردووە سێتاڕۆڵەکانی بکەردیار زیاتر بێت لە ڕستەی بکەرنادیاردا فرێزی ناویی بکەری هەمیشە سێتاڕۆڵەکانی (بابەت، کارتێکراو) وەردەگرێت بڕوانە بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢٥)




هێڵکاریی ژمارە(٢٥)

چونکە فریزی ناوی بکەری لە بکەرنادیاردا بەرکاری بکەردیارە هەمیشە سیتاڕۆڵەکانی (بابەت/ کارتێکراو) وەردەگریت بڕوانە (١٠١-١٠٢)

١٠١أ/کاوە وانەکەی نووسی.

١٠١ب/ وانەکە نوسرا.

١٠٢أ/ کاوە پەنچەرەکەی شکاند.

١٠٢ب/ پەنچەرەکە شکێنرا.

لە (١٠١/ ا)دا فریزی ناویی بەرکاری ڕستەکە (وانەکە) سیتاڕۆڵی بابەتی وەرگرتووە، بەڵام لە (١٠١/ ب)دا کە ڕستەیەکی بکەنادیارە فریزە ناوییەکە ئەرکەکەی گۆڕاوە بۆ بکەر، بەڵام سیتاڕۆڵەکەی هەر بە (بابەت)ی ماوەتەوە هەروەها لە (١٠٢/ ا)دا فریزی ناویی بەرکاری ڕستەکە (پەنچەرەکە) سیتاڕۆڵی (کارتێکراو)ی وەرگرتووە، بەڵام لە (١٠٢/ ب)دا کە ڕستەیەکی بکەنادیارە فریزە ناوییەکە ئەرکەکەی گۆڕاوە بۆ بکەر، بەڵام سیتاڕۆڵەکەی هەر بە (کارتێکراو)ی ماوەتەوە چونکە سیتاڕۆڵ لە دروستەی قووڵدا دەبەخشرێت، بەڵام ئەرکە ڕێزمانییەکان پەیوەستە بە دروستەی ڕووکەشەوە .

## ٣/ ٦٦) نەخشاندن لە مۆرفۆسینتاکسدا

ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیی لە دوولایەن پێکدێت، کە ئەوانیش لایەنی سینتاکسیی و سیمانتیکیین لە ڕووی سینتاکسییەوە ڕستەکە لە بنەڕەتدا لەو کەرەستانەوە دروستبووە، کە (فریزن)، واتە وەکو فریزێک سیتاڕۆڵ وەردەگرن و جێکەوتەی ئارگۆمێنت دەگرن، بڕوانە (١٠٣):

١٠٣. من تۆ دەبینم .

لە ڕستەی (١٠٣)دا NP (من) سیتاڕۆڵی (کارا)ی وەرگرتووە، هەروەها لە جێکەوتەی ئارگۆمێنتدا دەرکەوتووە، کە ئەرکی بکەری بینیوە، هەروەها (NP) (تۆ) سیتاڕۆڵی (بابەت)ی وەرگرتووە لە جێکەوتەی ئارگۆمێنتدا دەرکەوتووە ئەرکی بەرکاری بینیوە، بەڵام کاتێک فریزەناوییەکانی (من، تۆ)

بەکلیتیک دەکرێن جێکەوتەی نائارگۆمێنت دەگرن، بۆیە سێتاڕۆڵی کردار هەڵدەمژن (Aoun,1985)، بڕوانە(١٠٣)

١٠٣ب/ دەتبینم .

پەیکاڵبوونی فرێزە ناوییەکان لە (١٠٣أ)دا کلیتیکەکان لە (١٠٣ب)دا بۆ سیما هاوبەشەکانی نێوانیان دەگەڕێتەوە (بڕوانە)

| فرێزی ناویی (من) | کلیتکیی (م) |
|---|---|
| + کەسی یەکەم | + کەسی یەکەم |
| + تاک | + تاک |

| فرێزی ناویی (من) | کلیتکیی (م) |
|---|---|
| + کەسی یەکەم | + کەسی یەکەم |
| + تاک | + تاک |

لە (١٠٣ب) کلیتیکەکانی (م، ت) جێکەوتەی نارگۆمێنتیان گرتووە، هەروەها سێتاڕۆڵەکانی (کارا) لەلایەن کلیتیکی (م) هەڵمژێنراوە، سێتاڕۆڵی (بابەت)یش لە لایەن (ت) هەڵمژێنراوە.

<u>من</u> <u>تۆ</u> دەبینم    دە<u>ت</u> بین<u>م</u>.

وەکو لە (١٠٣أ، ب)دا نوێنراوە کلیتیکەکانی (ت، م) لە بنەڕەتدا لە فرێزە ناوییەکانی (من، تۆ) وەرگیراون بۆیە هەمان سێتاڕۆڵەکانی فرێزە ناوییەکانی (من، تۆ) هەڵدەمژن (م- کارا) و (ت – بابەت)ی هەڵمژیوە، هەروەها ئەرکە ڕێزمانییەکانی (من، تۆ) وەردەگرن، کە (من بکەر) و (تۆ بەرکار)ە، کەواتە لە نەخشاندا ئەو سێتاڕۆڵانەی لە لایەن کلیتیکەکانەوە هەڵدەمژێنرێت، هەمان سێتاڕۆڵن، کە بە فرێزەناوییەکان دەدرێت، تەنها جیاوازییان لەوەدایە، کە فرێزەناوییەکان لە جێکەوتەی ئارگۆمێنتدان، بەڵام کلیتیکەکان لە جێکەوتەی نائارگۆمێنتدان.

پەیوەست بەسەرەوڕیزبوونی سێتاڕۆڵ و ئەرکە ڕێزمانییەکانی مۆڕفۆسینتاکسدا، لەبەرئەوەی ڕستەی مۆڕفۆسینتاکسیی ڕستەیەکی سەرپشکییانەیە، بۆیە دەشێت سەرەوڕیزبوونی سێتاڕۆڵ ئەرکەڕێزمانییەکان لە مۆڕفۆسینتاکسدا لەگەڵ سەرەوڕیزبوونی سێتاڕۆڵ وە ئەرکە ڕێزمانییەکان لەگەڵ ڕستە بنەڕەتییەکەی پەیکاڵ نەبێت بڕوانە (١٠٤)

١٠٤أ/ ئێمە ئێوە بانگدەکەین.

١٠٤ب/ بانگتاندەکەین.

لە ڕستەی (١٠٤أ)دا سەرەوڕیزبوونی سێتاڕۆڵەکان ئەرکە ڕێزمانییەکان بەم شێوەیە:

کارا > بابەت

بکەر > بەرکار

بەڵام لە (١٠٤ب)دا سەرەوڕیزبوونەکەی پێچەوانەی ڕستە بنەڕەتییەکەیەتی، بەم شێوەیە:

بابەت > کارا

بەرکار > بکەر.

جێکەوتەی ئارگۆمێنتەکان لە دروستەی چەمکییانەوە دەستپێدەکات. ( James Huang,1997:51)سەربارەکان بەشێک نیین لە نواندنی فەرهەنگیی، هەر بۆیە دەتوانرێت لاببرێن، مۆڕفۆسینتاکس بە بوونی دروستەیەکی سینتاکسیی لە چەشنی ڕستەوە پەیوەستە، کە تێیدا هەر ئارگۆمێنتێکی سینتاکسیی بە پێی ڕۆڵەواتاییەکانیان لە جێکەوتەی سینتاکسیی خۆیاندا گۆکردنیان دەبێت.

ئەنجامەکان

١. دروستەی ئارگۆمێنت  بریتییە لە پەیوندیی نێوان پریدیکات و ئارگۆمێنتەکانی، کە بەشێکە لە نواندنی فەرهەنگیی پریدیکاتەکان، هەموو زانیارییە فەرهەنگییەکان لەخۆدەگرێت و پەیوەندییەکانی نێوان پریدیکاتەکە و ئارگۆمێنتەکانی بەکۆد دەکات، لە دروستەی ئارگۆمێنتدا هەموو زانیارییە فەرهەنگییەکانی هەر پریدیکاتێک لە فەرهەنگدا بۆ نواندنی دروستەی ڕستە بەکاردەهێنرێت.

٢. دروستەی ئارگۆمێنت بە هۆی دوو پێکهاتەوە دەستنیشانکراوە، کە واتا و فۆڕمی ئاخاوتنی پێپەسندەکرێت یەکهەمیان بریتیە لە ڕستێک  لە زنجیرەی بە فەرهەنگیی دیاریکراو(کەرەستەی فەرهەنگیی) دووهەمیش بریتییە لە ڕستێک لە یاسای پەیوەندییداری زگماکی جیهانی، کە دەستنیشانکەری ڕووکارەکانی واتای ڕستەیە، کە دەبێتە هۆی نواندنی دروستەیی لە فۆڕمدا (سینتاکس) دەنوێنرێت، ئەمەش پرۆژەی لێکسیکۆسینتاکس لە زانیارییە فەرهەنگییەکانەوە بەرهەمدێنێت، کە زانیارییە سیمانتیکییەکان لە لێکسیکۆسینتاکسدا کۆنترۆڵی زانیارییە سینتاکسییەکان دەکات.

٣. لە زمانی کوردیدا پێواژۆکانی (هەڵگواستن، تێئاخنیین) و لە کرداری کۆزەتیڤی و فرەواتاکان ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕینی دروستەی ئارگۆمێنت، ژمارە و جۆری ئارگۆمێنتەکان دەگۆڕێت، واتە دروستەی ئارگۆمێنتی ڕستە گۆڕانکاری بەسەردا دێت لە ڕووی جۆر و ژمارەی ئارگۆمێنتکانەوە.

٤. بۆ دیاریکردنی ئارگۆمێنتی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا پشت بە گریمانەی پشکنینی ئارگۆمێنت و گریمانەی ناوەندێتیی دەبەسترێت، هەروەها سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان لە زمانی کوردیدا پەیوەست بە نواندنی سینتاکسی ئارگۆمێنتەکان لە ڕستەدا پەیڕەوی سەرەوڕیزبوونی ئارگۆمێنتەکان دەکات.

٥ . لە زمانی کوردیدا پریدیکاتی یەک جێکەوتەیی پەیوەستە بە ناو و ئاوەڵناو و کردارە یەک هێزییەکان، بەڵام پریدیکاتی دوو جێکەوتەیی وسێ جێکەوتەیی پەیوەستە بە کردارەکانەوە.

٦ . لە نەخشاندندا دوو پێڕەوی نەخشاندنی جیهانی هەیە، کە ئەوانیش (پلەبەندیی جیهانی بەخشینی سێتا، پلەبەندیی هەرمی بابەتانە)یە هەردوو پێڕەوەکە لە زمانی کوردیدا جێبەجێدەکرێت، نەخشاندنی یەک ـ یەک نییە، واتە مەرج نییە هەر سێتارۆڵێک بە ئەرکێکی ڕێزمانییەوە ببسترێتەوە، چونکە ژمارەی سێتارۆڵەکان لە ئەرکە ڕێزمانییەکان زیاترە.

٧ . گۆڕاوەکـانی دروسـتەی ئارگۆمێنـت دەسـتور بەدەرنـین، بەڵکـو بەپێـی جـۆری پریـدیکاتەکان یاسابەند دەکرێن.

٨ . لە ڕوانگەی تیۆریی دروستەی ئارگۆمێنتەوە تەرزەکانی ڕستە لە زمانی کورییدا دەتوانرێت بە پێـی چـوار بنەمـا دیـاریبکرێن، کە ئەوانـیش ( ئەرکـی ڕێزمـانی، سـێتاڕۆڵ، دروسـتەی ئارگۆمێنـت، وەچەپۆلدیاریکردن)، بەپێی بنەمای سێتاڕۆڵەکان ژمارەی تەرزەکانی ڕستە لە هەموو بنەماکانی تر زیاترە بە هۆی ئەوەی ژمارەی سێتاڕۆڵەکان لە هەموو بنەماکانی تر زیاترە.

٩ . لە بەلـوتکەکردن و مۆرفۆسینتاکسـدا ژمـارە و جـۆری ئارگۆمێنتەکـان ناگۆڕێـت، بەڵکـو تەنهـا جـێکەوتەی ئارگۆمێنتەکـان دەگۆڕێـت، بەڵام لە بەبکەرنادیاریکردنـدا ژمـارەی ئارگۆمێنتەکـان کەم دەکات بەجۆرێک ئارگۆمێنتی ناوەکیی لە بکەردیار دەبێتە ئارگۆمێنتی دەرەکیی لە بکەرنادیاردا.

١٠ .هەڵمژین وەکو دیاردەیەکی ڕێزمانی سێتاڕۆڵ بەخشینە بە مۆرفیمی بەند، ئەمەش وادەکات لە پێـواژۆی هەڵمژینـدا ژمـارەی سـێتاڕۆڵەکان کەم دەکـات، واتە سـێتاڕۆڵی ئـارگۆمێنتی دەرەکیـی بە مۆرفیمە بەندەکان دەبەخشرێت.

## لیستی سەرچاوەکان:

### ا . بەزمانی کوردی:


1. ئیبراهیم،بشدارمحەمەد(٢٠١٤) واتاسازیی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. ئەحمەد،بیستون حسن (٢٠١١) کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کورییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
3. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤)چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم،چاپی یەکەم،بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
4. ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
5. برزۆ، ئومێد بەرزان (٢٠١٠) مۆرفۆسینتاکس و دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیندا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
6. حاجی مارف،ئەورحمان(١٩٧٨) وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا،چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
7. حاجی مارف، ئەورحمان (١٩٧٩) ڕێزمانی کوردی بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق
8. حسین، شیلان عومەر (٢٠٢١) زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.
9. حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٢) پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپی یەکەم،چاپخانەی کارۆ، سلێمانیی
10. حمەکریم، نریمان حسن(٢٠١٥) دروستەی سیمانتیک لە زمانی کورییدا،نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11. خوشناو، نەریمان عەبدوڵا (٢٠١٦) بکەرنادیار لێکۆڵینەوەیەکی بەرامبەرییە لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبیدا،چاپی دووەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
12. سەعید، محەمەد مجید (٢٠١٥) فەرهەنگ و پڕۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

13. سەعید، سازان زاهیر (٢٠٢٠) نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
14. قادر، تارا محسین (٢٠٠٤) جێناو:لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
15. قادر، سباح رشید (٢٠٠٩) هەندێک لایەنی ڕێزمانی دەسڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کورید، لە بڵاوکروەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەلێر.
16. قادر، کاروان عومەر (٢٠٠٨) ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.
17. قادر، ئەبوبکر عومەر (٢٠٠٣) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوری و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
18. کانبی، دلێر صادق (٢٠١٥) تیۆری بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر
19. عەلی، تالب حسین(١٩٩٨) هەندێک پەیوەندیی لە نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
20. محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٩) پەیوندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی خانی، دهوک.
21. محەمەد،بژوێن یەحیا(٢٠١٦) نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
22. محەمەد،فەریدون عەبدول (٢٠٠٨) نادیاری، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان، سلێمانی.
23. حەمەد،یارا قادر(٢٠٠٨) مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیە، نامەی ماستەر کۆلێجی زمان زانکۆی کۆیە
24. مەجید، ئارام رشید (٢٠١٦)دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
25. مەحویی، محەمەد (٢٠٠١) ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
26. مەحویی، محەمەدی (٢٠١١) بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

27. مەحویی، محەمەد(٢٠٢١) مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژی کوردیی، بەرگی یەکەم و دووەهەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
28. مەحویی،محەمەد (٢٠٢٠) باری نادیار، چاپی یەکەم، کارۆ، سلێمانی
29. مەحویی،محەمەد، قادر،کاروان عومەر و حسین،شیلان عومەر (٢٠١٠) دروستەی کردار- بنەماودیاردە، زانکۆی سلێمانی .
30. مەعروف عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠) لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.
31. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٩)دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
32. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٠) دروستەی فرێز لە زمانی کوریيدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانیی
33. لیژنەی کۆڕی زانیاری کورد(٢٠١١)ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی لەکۆڕی زانیاری کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس،هەولێر

**بە زمانی عەرەبی:**

ابن منظورالافريقى المصري (1997)قاموس لسان العرب، دارصادر ، بيروت.

**بە زمانی ئینگلیزیی:**

1. Aarts, B. (2001). English Syntax And Argumentation. 2nd. Palgrave.
2. Alec, Marantz(1984) on the nature of grammatical Relations,linguistic Inquiry monograph10,MIT, PR .
3. Alexander Williams (2014) Arguments in syntax and semantics Cambridge University press.
4. Alixader Willams(2015 ) Argument in syntax and semantics , Cambridge University press.
5. Andrew McIntyre , Handout2: theories of Argument structure سايت سال نادیارة

6. Andrew P.L.Tobing( 2017 )The role of conceptual structure in lexical semantics , pelita kebenaran press
7. Andrew Spencer(1991)Morphological theory: Blackwell publisher, oxford.A
8. Andrw Carnie(2000)Syntax, Blackwell publicher oxford.
9. Andrw P.L.Tobing(2017) semantics – the role of conceptual structure in lexical, pelta kebenaran press
10. Ann copestak& Ted Briscoe (2005) Lexical operations in a unification-based framework, Cambridge, University press
11. Aronoff, M. (1976). Word Formation in Generative Grammar. MIT Press.
12. Baker (2008) The Syntax of Agreement and concord, Cambridge University, Cambridge.
13. Baker(1988) Incorporation: A Theory of Grammatical Function Changing University of Chicago press,Chicago.
14. Baker(1989) Object Sharing and projection in serial Verb constructions
15. Baker, M. C. (1985) "Incorporation: A Theory of Grammatical Function Changing," Doctoral dissertation, MIT, Cambridge, MA.

Borer(2005)

16. Bresnan, J. and J. Kanerva (1989) "Locative Inversion in Chichewa: A Case Study of Factorization in Grammar," Linguistic Inquiry. Reprinted
17. Bresnan, J., 1995. Lexicality and Argument Structure. Stanford University, Stanford
18. Carnie, A. (2000-2001). Syntax. Blackwell Publishers
19. Carter, R. J. (1976) "Some Constraints on Possible Words," Semantikos 1,
20. Chomsky(1957) Syntactic structures. Mouton. The Hague.
21. Chomsky(1965)Aspects of the theory if syntax , cambridge : MIT Prss.
22. Chomsky(1970) Remarks on Nominalization in R.A.Jacobs and P.S. Rosenbaum.eds, Readings in English . Mass
23. Chomsky(1981) Letures on government and Binding, Dordrecht:foris
24. Chomsky(1982) Same concepts and consequeneuces of theory of government and binding . MIT Press.
25. Chomsky(1986) Barriers .cambridge, Mass:MIT,press.

26. Cook& Newson,Mark(1997) Chomskys Universal Grammar,An Introduction,Second edition, published by Blackwell Publishers Ltd.

27. Cook& Newson,Mark(2007) Chomskys Universal Grammar,An Introduction,third edition published by Blackwell Publishing Ltd.

28. Culicover,Peter W.(1997) Principles and Parameters: An introduction to syntactic theory , Oxford Univerisity press , New York.

29. Darmasetiyanwan ,I.M.S.& Ambridge ,B(2022) Syntactic Representations Contain semantic Information : Evidence from Balinese Passive. Collabra : psychology,8(1).

30. David Crystal(2003)A Dictionary of Linguistics and phonetics,5th edition ,Blacwell.

31. David Stringer(2019) Lexical semantics: Relativity and Transfer , Indian University : USA

32. Dimitra papangeli(2004)the morphosyntax of Argument Realization:Greek Argument Structure and the lexicon-syntax Interface , universiteit Utrecht.

33. Donna B. Gerdts (2017). Incorporation. In: The Handbook of Morphology Book Editor(s):Andrew Spencer, Arnold M. Zwicky. Wiley Online Library.

34. Dowty, David. (1991). Thematic Proto-roles and Argument Selection,

35. Eva van lier & Maria Messerschmidt(2022) Lexical restrictions on grammatical relations in voice and valency coustruction , De Gruyter : Mouton

36. Fillmore, Charles. (1968). Lexical Entries for Verbs, *Foundations of Language*

37. Geert Booij (2007) The grammar of words ,2nd edition , Oxford University press.

38. Geert Booij(1992) Morphology, semantics and argument structure in I.M. Roca (editor) foris Publications >

39. Geoff Poole (2011) Syntactic Theory, second edition, palagrave Macmillan,UK.

40. Givón, T. (1984a) “Direct Object and Dative Shifting: Semantic and Pragmatic Case,” in F. Plank, ed. (1984).

41. *Grimshaw, J. (1979). "Complement Selection and the Lexicon". Linguistic Inquiry*

42. Gruber, J. S. (1965) "Studies in Lexical Relations," Doctoral dissertation, MIT,

43. Hadumod Bussmann(1998) Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Routledge Publisher, New York.

44. Hagit Borer 2005. The Normal Course of Events Oxford linguistics Volume 2 of Oxford linguistics: Structuring sense Structuring sense, Oxford Press.

45. Hans C. Boas(2014) Lexical and Phrasal approaches to Argument structure: Twosides of the same coin – theoritical linguistics (40) De Gruyter mouton.

46. Jack C.Richards and Richards Schidt( ) Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics

47. Jack C.Richards&Richards Schmidt(2002/ 2010)Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics

48. Jackendoff(1997) The architecture of the language faculty, Cambridge, University press

49. Jackendoff, R. (1972). Semantic Interpretation in Generative Grammar. Cambridge, Mass. MIT press.

50. Jackendoff, R. (1991). Semantic Structures. Cambridge, Mass. MIT press

51. Jackendoff, R. S. (1975) "Morphological and Semantic Regularities in the Lexicon," Language.

52. Jackendoff,*R(1990), Semantic structure, MIT press Cambirdge, Massachusetts London, England.*

53. Jaeggli, O., and Safir, K. 1989. The null subject parameter. Dordvecht: Kluwer.

54. Jaeggli,O (1986) Passive, linguistic Inquiry17: 587-622.

55. James Huang(1997) on lexical structure and syntactic proection,chinese language and linguistics, Academia sinica.

56. James pustejovsky &Olga Batiukova(2019) the Lexicon Cambridge, University press, uk

57. James Pustejovsky and Olga Batiukova (2019) The Lexicon, Cambridge University press, New York .
58. James pustejovsky(1991) Syntax of event structure, Elsevier
59. Jane Grimshaw(1991) Argument structure, second editiin ,MIT , Massachusetts.
60. Janet H. Randall(2010)Linking:the Geometry of Argument structure
61. Jill Carrier&Janet Randall(1993) Lexical Mapping, Kluwer Academic Publisher, Dordrecht.
62. Jill Carrier&Janet Randall(1993) the Argument structure and syntactic resultatives , linguistic Inquiry, volume23,Number2, Massachusetts Institute of Technology, Massachusetts.
63. Joan Bresnan (1995) Lexicality and Argumeny Structrue
64. Joan Bresnan and Jane Grimshaw. 1978. "The Syntax of Free Relatives in English". Linguistic Inquiry IX..
65. Joan Bresnan(1995) Lexicality and Argument structure , paris Syntax and semantics conference .
66. Joan Bresnan. 2001. Lexical-Functional Syntax. Oxford: Blackwell.
67. Joseph Aoun 1985. Clitic-Doubled Arguments. Studies in Natural Language and Linguistic Theory book series (SNLT,volume 45).
68. -Julie E. Boland and Heather Boehm-Jernigan (1998)-Lexical Constraints and Prepositional Phrase Attachment،JOURNAL OF MEMORY AND LANGUAGE39, 1998
69. Julie E. Boland, Heather Boehm-Jernigan 1998. Lexical Constraints and Prepositional Phrase Attachment. Journal of Memory and Language. Volume 39, Issue 4, November 1998, Pages
70. Jurgen Handke (1995) The Structure of the lexicon , Mouton de Gruyfer : Berlin . NewYork.
71. Katamba (2006) Morphology, 2nd edition , palagrave Macmilan: New York.
72. Kate Kearn(2011) Semantics , second edition , palagrave Macmillan,UK.

73. keenan,Eduard L(1975) same universal of passive in relationa grammar, proceedings of the 11th regional meeting of the Chicago linguistics, society,340-352.
74. Keith Bron and Jim Miller(2013) The Cambridge Dictionary of linguistic , Cambridge, University press
75. Ken Hale and Jay Keyser(1988) The Basic elements of Argument Structure, MIT.
76. Ken Hale&Jay Keyser(1998) the Basic elements of Argument structure, MIT
77. Ken Hale&Jay Keyser(2002) Prolegomenon to a theory of Argument structure , MIT , Massachusetts
78. Ken Hale&keyser(1993) On Argument Structure and the lexical of syntactic relations.
79. Lapolla,Randy(1990)Grammatical, Relations in chinese:synchronic and Diachronic consideration, phd Dissertation, University of Californi at Berkeley.
80. Leonard H. Babby(2009) The Syntax of Argument Structure , Cambridge University press, New York .
81. Levin, B. and M. Rappaport (1986) “The Formation of Adjectival Passives,” Linguistic Inquiry 17.
82. Levin, Beth and Malka Rappaport-Hovath. (1995). *Unaccusativity, at the Syntax-Lexical Semantics Interface,* MIT Press, Cambridge, Massachusetts.
83. Lieber, R. 1980. The organization of Lexicon. MIT.
84. Liliane Haegeman(1994)Introdution to Government and Binding Theory, Blackwell publishing, second edition.
85. Liliane Haegman(1994 ) Introdution to Government and Binding Theory, second edition, Blackwell publishing
86. Mark C. Baker (1997) Thematic Roles and syntactic structure in:Liliane Haegeman, Elements of grammar , Kluwer international Academic Publishers, Dordrecht.
87. Mark Cleland Baker(1985) Incorporation: A theory of grammatical changing , MIT.
88. Markus Egg&Valia Kordoni(2006) Argument structure, Rijks university.

89. Martin Haspelmath&Andrea D. Sims(2010) Understanding Morphology, second edition,Hodder , Education,uk/
90. Matthews, P. H. (2007). The Concise Oxford Dictionary Of Linguistics. 2nd Edition. Oxford University Press.
91. Maya Arad(1998) VP- Structure and the Syntax-Lexicon Interface.
92. Michal Biran&Naama Friedmann(2012) the representation of lexical-syntactic in formation:impairments in aphasia, Elsevier Srl.
93. Mika Christine Hoffman(1991) The syntax of argument structure – changing morphology , MIT , Massachusetts
94. Miriam Butt, Mary Dalrymple and Anette Frank(1997) An architevture for Linking theory in LFG, san Diego publication
95. Mithun,N(1984) the Evolution of Noun Incorporation , Language ,60
96. Natasha, Tokowicz(2015) Lexical processing and Language Acquisition, Routledge, New York.
97. Neeru, Tandon(2017) predicat and Argument Struture, vidya-mitra channel in youtub , september15,2022
98. O'Grady, W. (1998) "The Syntax of Idioms," Natural Language and Linguistic Theory 16,
99. Otsuka(2000)Ergativiy in tongan, phd thesis University of oxford.
100. Ouhalla, J. 1999. Introducing transformational grammar, from principles and parameters to minimalism. New York: Oxford University press.
101. Patrlck Farrel(2005) grammatical, Relations, oxford University press.
102. Peter Grenville Taylor(2010) Argument structure of verbs www.core.ac.uk 20/ 12/ 2020
103. Peter Harder(2001) The Lexico-syntactic symbiosis in a functional Perspective.Journal of Linguistics ,24.
104. Peter Matheews(2007) The consice oxford Dictionary of linguistics
105. Prakash Mondal( ) lexicon Meaning Relations , and semantic Networks, Indian Institute of Technology , Heyderabad.
106. Pylkkänen, L. (2000) "On Stativity and Causation," in C. Tenny and J. Pustejovsky,

107. R.L.Trask(1993 )A Dictionary of grammatical terms in linguistics, Routledge publisher New York.

108. Radford(2009)A Introduction to English sentntence structure, Cambridge, University press

109. Radford,A (2006) English syntax-An Introduction, , Cambridge, University press
Ramchand, G. C. (1997) Aspect and Predication, Clarendon Press, Oxford.

110. Rappaport et al(1993)
111. Rappaport(1987)
112. Rappaport, M. Levin, B. and Laughren, M(1993) Levels of lexical representation .semantics and the lexicon in(semantics and lexicon) volume 49
113. Rochelle Lieber(2010) Introducing Morphology Cambridge, University press, uk
114. Sebastian lobner(2014) Understanding Semantics

115. Selkirk, E. (1982). The Syntax of Words. Massachusetts Institute of Technology.
116. Selkirk,E(2009) The syntax- phonology Interface , to appear in: the Handbook of phonological theary 2nd Edition, John Goldsmith, Jason Riggle and Alan YU, eds . Oxford: Blackwell publishing.

117. Sells, P. (1988) "Thematic and Grammatical Hierarchies: Albanian Reflexivization," WCCFL 7, Stanford Linguistics Association, Stanford,

118. Slama,Jakuba (2018)the prepositional phrase with the preposition, University karlova
119. Stefan Muller& Stephen Wechsler(2014) Lexical Approaches to Argument structure, Berlin.
120. Steven Pinker(1989)Learnability and cognition: the Aquisition of Argument structure, Cambridge Mass:MIT Press.
121. Steven Pinker(1996) Language Learnability and Language Development, Harvad university press.

122. Stowell, T. (1981) "Origins of Phrase Structure," Doctoral dissertation, MIT,

123. Stwol,T. (1992) the role of the lexicon in syntactic theory , Academic press.

124. Sylvia Chalker&Edmund Weiner(1994) the oxford Dictionary of English grammar ,2nd , oxford University, oxford.

125. Taylor, J. R. (1989) Linguistic Categorization, Clarendon Press, Oxford.

126. Thomas Ernst (2004) The syntax of Adjuncts , Cambridge, University press

127. Tiffany, Callyst (2017) syntactic processing, https:/ / datospdf.com , August11,2022

128. Todd, L. (1987). An Introduction To Linguistics. England. Longman York Press.

129. *Trask, L.* 1997 A Student's Dictionary of Language and Linguistics, Routledge.

130. Urpo Nikanne 1997. Conceptual semantics. In: Handbook of Pragmatics Online Volume 12 (2008),

131. Van valin , JR.Robert D.(2004) An introduction to Syntax, Cambridge University press.

132. Van Valin, R. D., Jr. and R. J. LaPolla (1997) Syntax: Structure, Meaning and Function, Cambridge University Press, Cambridge.

133. Victor Acedo matellan(2010)Argument structure and the syntax-morphology Interface, a case study in Latin and otger languages, Phd thesis University de Barcelona.

134. Williams, E. (1994). Remarks on Lexical Knowledge. Holland

135. Williams, E. 1981. Argument structure and morphology. The

136. Yule, G.(2006). The Study of Language. 3rd Edition. Cambridge University Press.

137. Zubizarreta, M. L. (1987) Levels of Representation in the Lexicon and in the Syntax, Foris, Dordrecht.

**Abstract**

This dissertation entitled 'The Lexico-Syntactic of Argument Structure in Kurdish Language'. The argument structure is a fundamental aspect of language and a crucial component of syntactic analysis. Researchers have long been interested in understanding the mechanisms behind the construction and interpretation of arguments in language. This paper presents a review of recent research on argument structure, with a focus on syntactic and semantic aspects. This dissertation aims to contribute to our understanding of the nature of argument structure and its lexico-syntactic aspect.

Firstly, this paper examines the semantic properties of argument structure, including the roles that arguments play in sentences and how these roles are expressed in different languages. The paper also considers how the meaning of a sentence can be affected by the number and type of arguments it contains.

Secondly, this paper discusses the syntactic properties of argument structure, such as the hierarchical relationship between arguments and the ways in which arguments are introduced in sentences. Additionally, the paper explores how the order of arguments can affect the interpretation of the sentence, and how this can vary across languages.

Finally, this paper highlights recent advances in the study of argument structure, such as the use of experimental methods to investigate the processing of argument structures.

Overall, this paper demonstrates the importance of the argument structure in language and the ongoing research efforts to deepen our understanding of its syntactic and semantic properties.

**ملخص البحث**

عنوان هذه الأطروحة (المعجمية-النحوية للبنية الموضوعاتية في اللغة الكوردية). يعتبر البنية الموضوعاتية أحد الجوانب الاساسية في اللغة، لأن أي بنية نحوية للجملة في اللغة تتم أنشائها و توليدها من البنية الموضوعاتية للمحمول الموجود في الجملة. تتكون البنية الموضوعاتية للمحمول من المعلومات المخزونة للمدخلات المعجمية للمحمول وخاصة المدخل الدلالي والمدخل النحوي، فتستند الأطروحة على المعلومات المعجمية للمحمول لمعرفة البنية النحوية للبنية الموضوعاتية لجملة ما. تسعى الأطروحة لأيجاد الأجابة عن السؤال: ما هي العلاقة بين المحمول ومواضيعه في بنية الجملة، وعن كيفية أستخدام المعلومات المعجمية للمحمول لتركيب البنية النحوية للجملة في اللغة الكوردية؟ وللأجابة عن ذلك السؤال، أستندنا في الأطروحة على المنهج المعجمي للبنية الموضوعاتية، وحسب المنهج المعجمي فأن لكل محمول في المعجم الصيغة الأساسية لبنيته الموضوعاتية التي ستتبلور وتظهر في صيغتها النهائية في البنية النحوية، وعن كيفية صياغة البنية الموضوعاتية للمحمول، أستندنا على المعلومات الدلالية و النحوية للمحمول في المعجم.